بەشێک لە پەیامەکانی نوور

نوورەکانی حەقیقەت

چەند باسێکە لە تەسەووف و سلووکدا

بەدیعوززەمان
سەعیدی نوورسی
دایناوە

فارووق ڕەسوول یەحیا
کردوویە بە کوردی

بسم الله الرحمن الرحیم

نووره‌کانی حه‌قیقه‌ت

گوڵبژێرێك لە پەیامەكانی نوور

نوورەكانی حەقیقەت

چەند باسێكە لە "تەسەووف" و "سلووك"دا

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

كردوویە بە كوردی

تێبینی‌یەك:

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتی خوێنـەری بەڕێز، لە چەند نامیلکە و وردە باسێکی "پەیامـەکانی نـوور" پێکـهاتووە، کـە سـەرجەمیان لـە نـاوەڕۆکی بابەتـەکانی "تەزکیـە" و "تەسـەووف" و "سـەیر و سلووك"دەدوێن و، مامۆستا نوورسی بۆ خۆی لەو پەیامانە هەڵی بژاردوون و، بەم شێوەیە بڵاوی کردوونەتەوە. (وەرگێڕ)

بنچینەی چوارەمی وتەی دوازدەھەم:

بەرزیی قورئان

ئەگەر دەتەوێت تێبگەیت لـەوەی کـە چـۆن قورئـانی پـیرۆز بەسەر ھەموو وتە و فەرمایشتەکانی تری خـوای گـەورە و ھـەموو گوفتارێکدا بلّندترە و، دەتەوێت بزانیت چۆن لـە ھــەموو وتەیـەك بەرزترە، ئەوا بە وردی سەرنجی ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە بدە:

❑ **نموونەی یەکەم:**

پادشا دوو جۆر گوفتار و فەرمایشتی ھەیە:

یەکـەمیان: گوفتـارێکی تایبەتی‌یـە، کـە بـەھۆی تەلـەفۆنێکی تایبەتی‌یـەوە لەگەڵ یەکێك لە ھاوولاّتییـاندا سـەبارەت بـە کـارێکی ھـەندەکی و ئیشـێکی تایبەتیی خۆیەوە، دەیکات.

ئـەوی تریـان: قسەکردنە بـە نـاوی پادشـایەتیی پـڕ شـکۆی خـۆی و بـە ناونیشانی خەلافەتی گەورە و بە چۆنێتیی فەرمانڕەوایی گشـتی و بـە مەبەسـتی بلاّو کردنەوەی فەرمانە پادشاییەکانی لـە ھـەموو لایـەکدا. واتـە ئـەم یەکـەیان گوفتارێکە لەگەڵ کەسێك لـە نێرراوانی خۆی، یـان یـەکێك لـە فەرمانبـەرە گــەورەکانیدا. کەواتـە ئـەم گوفتـارە سـەبارەت بـە شــتێکی گەورەیــە و، پەیوەندیشی بە ھەموانەوەیە.

❑ **نموونەی دووھەم:**

پیـاوێك ئاوێنەیـەکی بــە دەسـتەوەیە و ڕووەو "خـۆر" ڕایگرتـووە. دیـارە ئاوێنەکە بە ئەندازەی گـەورە و بچووکیـی خۆی ڕووناکی‌یـەك وەردەگرێـت کە ھەر حەوت ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆری تێدایە. کەواتـە ئـەم پیـاوە بـەپێی

ئەندازەی ئەو ئاوێنەیە سوود لە خۆر وەردەگرێت، وەك ئەوەی ڕووناکیی ئاوێنەکەی ئاراستەی ژووورە تاریکەکەی یاخود "شەتلگا" تایبەتی و بچووکە سەرگیراوەکەی خۆی بکات. ئەوەندە هەیە ئەو سوودەی کە لە خۆرەوە وەری دەگرێت سوودێکی کەمە، چونکە تەنها بەپێی توانای ئاوێنەکەی سوود لە ڕووناکیی خۆر وەردەگرێت، نەك بە ئەندازەی گەورەیی خۆر.

لە هەمان کاتدا پیاوێکی تر واز لە ئاوێنە دەهێنێت و، ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە خۆر و سەیری شێوە و گەورەیی خۆر دەکات، ئنجا دەڕواتە سەر چیایەکی بەرز و بڵند و سەیری درەوشانەوەی دەستەڵاتداریی فراوان و شکۆمەندیی خۆر دەکات و، بێ پەردە ڕوو بە ڕووی ڕادەوەستێت. پاشان دەگەڕێتەوە لە خانووە بچووك و "شەتلگا" سەرگیراوە تایبەتیيەکەی خۆیدا چەند کلاوڕۆژنەیەکی فراوان ڕووەو خۆر دەکاتەوە و، بەم پێیە ڕێگایەك دەدۆزێتەوە بۆ سوودوەرگرتن لەو خۆرەی کە لەو جێگا بەرز و بڵندەی ئاسماندایە. ئنجا ئەم پیاوە لەگەڵ خۆر و ڕووناکیيەکەیدا – بە زمانی حاڵ – ئەم وتووێژە سوپاسگوزاریيانەیە دەکات:

(ئەی ئەو خۆرەی کە لەسەر تەختی جوانیی جیهاندا دانیشتوویت! ئەی گوڵی گەشاوەی ڕووی ئاسمان! ئەی ئەو خۆرەی کە جوانی و ڕووناکیت بە زەوی و، خەندە و شادیت بە گوڵان بەخشیوە! هەروەك گەرمی و ڕووناکیت بە گشت لایەکی جیهاندا بڵاو کردووەتەوە، ماڵ و شەتلگا بچووکەکەی منیشت بەسەر کردووە و لە گەرمی و ڕووناکیی خۆت پێ بەخشیون).

ئەم پیاوە دەتوانێت، بە زمانی حاڵ، ئەم چەشنە گفتوگۆیە لەگەڵ خۆردا بکات. بەڵام خاوەنی ئاوێنەکە ناتوانێت بەم شێوازە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا بکات، چونکە شوێنەواری ڕووناکیی خۆر بەپێی سنووری ئاوێنەکەی دەبێت و بە ئەندازەی توانای ئەو ئاوێنەیە ڕووناکیی دەست دەکەوێت.

ئنجا – دوای ئەمە – وەرە لە ڕوانگەی ئەم دوو نموونەیەوە تەماشای قورئانی پیرۆز بکە، با هەست بە ئیعجازە بلند و پایەدارەکەی بکەیت.

بەڵێ، قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

﴿وَلَوْ أَنَّ ما فِي الأَرضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقلامٌ والْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ ما نَفِدَتْ كلِماتُ اللهِ إِنَّ اللهَ عزيزٌ حَكيمٌ﴾ (لقمان:٢٧).

بەخشینی پلەی هەرە بەرز بە قورئانی پیرۆز لە نێوان هەموو وتە لە سنوور بەدەرەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قورئانی پیرۆز لە عەرشی ئەعزەم و، لە ئیسمی ئەعزەم و، لە پلەی هەرە گەورەی هەموو یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەوە، نازڵ بووە.

کەواتە قورئانی پیرۆز بریتی‌یە لە:

"فەرمانی خوای گەورە" بەو سیفەتەی کە خوای گەورە "خوای هەموو بوونەوەرانە"و..

"فەرمایشتی ئەو" بەو سیفەتەی کە "بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکانە" و..

"فەرموودەی بەرزی ئەو" بەو سیفەتەی کە پەروەردگاری ڕەهایە لە بوونەوەردا و..

"فەرمایشتی ئەزەلیی ئەو" کە بە ناوی پادشایەتی و دەستەڵاتداریی هەمەلایەنە و مەزنەوە فەرموویەتی و..

"تۆماری ڕێزلێنانی خواوەندی میهرەبان"ە کە لەو بەزەییە فراوانەوە هەڵقوڵاوە کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە و..

"کۆمەڵە نامەیەکی پەروەردگارییانە"ی ئەوتۆیە کە مەزنیی خوایەتیی ئەو ڕوون دەکەنەوە، چونکە لە سەرەتای هەندێ لەم نامانەدا چەند هێما و پەرلە(شفرة)یەك بەکار هێنراوە کە ئەمە دەگەیەنن و..

هه‌روه‌ها ئه‌و كتێبه پیرۆزه‌یه كه دانایی لێ ده‌بارێت.

له‌به‌ر ئه‌م هه‌موو نهێنییانه‌یه كه ناوێكی شایانی خۆی لێ نراوه، ئه‌وه‌تا پێی ده‌وترێت: "كلام الله" واته: گوفتار و فه‌رمایشتی خوا!

به‌ڵام فه‌رمووده‌كانی تری خواوه‌ند به‌شێكیان به بایه‌خ پێدانێكی تایبه‌تی و، به ناونیشانێكی هه‌نده‌كی و، دره‌وشانه‌وه‌یه‌كی هه‌نده‌كیی ناوێكی تایبه‌تی و، په‌روه‌ردگارێتی‌یه‌كی تایبه‌تی و، ده‌سته‌ڵاتێكی تایبه‌تی و میهره‌بانی‌یه‌كی تایبه‌تی‌یه‌وه، هه‌ڵقوڵاون.

كه‌واته به‌پێی "تایبه‌تی" و "هه‌نده‌كێتی"ی ئه‌م فه‌رموودانه، پله‌كانیان جیاواز ده‌بن. زۆربه‌ی ئیلهامه‌كان له‌م به‌شه‌ن، به‌ڵام له نێوان خۆیاندا پله‌كانیان تابڵێی جیاجیایه.

بۆ نموونه:

ئاسایی‌ترین و هه‌نده‌كی‌ترینی ئیلهامه‌كان هی ئاژه‌ڵ و زینده‌وه‌رانه، پاشان هی خه‌ڵكی عه‌وام، ئنجا هی زۆربه‌ی مه‌لائیكه‌ته‌كان، ئنجا ئیلهامی ئه‌ولیاكان، پاشان ئیلهامی گه‌وره مه‌لائیكه‌تانی خواوه‌نده.

له‌م نهێنی‌یه‌وه‌یه كه هه‌ندێ جار له وه‌لی‌یه‌ك ده‌بیستیت ده‌ڵێت: "حدثني قلبي عن ربي". واته: (دڵم له خوای په‌روه‌ردگارمه‌وه بۆی گێڕامه‌وه) واته به‌و ته‌له‌فۆنه‌ی كه له دڵیدا هه‌یه، به بێ بوونی هیچ هۆكارێك له مه‌لائیكه‌تان. كه‌چی لێی نابیستیت بڵێت: "په‌روه‌ردگاری جیهانیان بۆی گێڕامه‌وه". یان ده‌ڵێت: "دڵم عه‌رش و ئاوێنه‌یه‌كه بۆ دره‌وشانه‌وه‌كانی په‌روه‌ردگارم"، كه‌چی ناڵێت: "عه‌رشی په‌روه‌ردگاری جیهانیان". چونكه به‌پێی لێهاتوویی و توانای خۆی و به هه‌ڵدانه‌وه‌ی نزیكه‌ی حه‌فتا هه‌زار په‌رده، ده‌توانێت به‌شێكی له گوفتارێكی په‌روه‌ردگاری خۆی ده‌ست بكه‌وێت.

بـەڵێ، بـە ئـەندازەی بـەرزیی گوفتـارێکی پادشـا کـە لـە ڕوانگـەی پادشـایەتی‌یەکەیەوە کردبێتی، بەسـەر گوفتـارێکی تـری خـۆی کـە لەگـەڵ یەکێك لە هاووڵاتییانیدا دەیکات و.. بـە گوێـرەی زۆریـی ئـەو سوودەی کـە ڕاستەوخۆ لە ڕووناکیی خۆری ناوجەرگـەی ئاسمان وەردەگیرێت، لـە چاو ئەو ڕووناکی‌یـەی کـە لـە ئاوێنەکـەدا درەوشایەوە.. بـەم ئەندازەیـە، دەتوانـین تێبگـەین لـە: بـەرزیی قورئـان بەسـەر هـەموو گوفتـار و فـەرموودەکانی تـری خواوەند و کتێبە ئاسمانی‌یەکانی تردا.

کەواتە هەموو کتێب و صوحوفە ئاسمانی‌یەکان لە دوای قورئانەوە دێـن و، لـە پلـەی دووهـەمدان و، هەریەکـەیان پلــە و پایـەی بلنـدی خـۆی هەیـە و، بەشێکی لەو نهێنی و بەرزی‌یە تێدایە.

خۆ ئەگەر هـەرچی وتـەی ڕێکوپێـك و جوانـی بـەرەی جیننـی و ئـادەمیزاد هەن - کە لە قورئان وەرنەگیرابن - کۆ ببنەوە ، ئەوا هـەرگیز نـاتوانن نزیکـی ئەو پلەیە ببنەوە و بگەنە ئەو ئاستەی کە ببن بە هاوچەشنی قورئانی پیرۆز.

جا ئەگەر دەتەوێت شتێك تێبگەیت لەوەی کە قورئانی پیرۆز لـە "ئیسـمی ئەعزەم" و لە پلەی هەرە گەورەی هەموو یـەکێك لـە نـاوە جوانـەکانی خـوای گەورەوە نازڵ بووە، ئەوا سەرنجی "آیــة الکرســي" و ئـەم ئایەتـە پیرۆزانـەی خوارەوە بدە و، بە وردی بیر لە واتا گشتی و بەرزەکانیان بکەرەوە:

﴿وعِنْدَهُ مَفاتِحُ الغَيب﴾ (الأنعام:٥٩).

﴿قُلِ اللّهُمَّ مالِكَ المُلْكِ﴾ (آل عمران:٢٦).

﴿يُغْشي اللَّيْلَ النَّهارَ يَطْلُبُهُ حثيثاً والشمسَ والقَمَرَ والنُّجُـومَ مســخَّراتٍ بِأَمْرِهِ﴾(الأعراف:٥٤).

﴿يا أرضُ ابلعي ماءَكِ ويا سماءُ أقلعي﴾ (هود:٤٤).
﴿تُسَبِّحُ له السموات السَّبْعُ والأرضُ ومَن فيهن﴾ (الإسراء:٤٤).
﴿ما خَلْقُكُمْ ولا بَعْثُكُمْ إلاّ كَنَفْسٍ واحدة﴾ (لقمان:٢٨).
﴿إنّا عَرَضْنا الأمانةَ على السَّموات والأرضِ والجبال﴾ (الأحزاب:٧٢).
﴿يومَ نطوي السَّماءَ كَطَيِّ السِّجلِّ للكُتُبِ﴾ (الأنبياء:١٠٤).
﴿وما قدروا الله حق قدره والأرضُ جـــميعاً قبضَتُهُ يومَ القيامة﴾ (الزمر:٦٧).
﴿لو أنْزَلْنا هذا القرآنَ على جبلٍ لرأيتَهُ...﴾ (الحشر:٢١).
هه‌روه‌ها ئایه‌ته‌كانی تری هاوچه‌شنیان.

پاشان به‌ وردی سه‌رنج له‌و سووره‌تانه‌ بده‌ كه‌ به‌: ﴿الحمـــد لله﴾ و ﴿تسبح ...﴾ ده‌ست پێ ده‌كه‌ن، تاكو تیشكی ئه‌م نهێنی‌یه‌ گه‌وره‌یه‌ ببینیت. پاشان سه‌یری ئه‌و سووره‌تانه‌ بكه‌ كه‌ به‌: ﴿الم﴾ و ﴿الر﴾ و ﴿حـم﴾ ده‌ست پێ ده‌كه‌ن، تاكو تێبگه‌یت له‌ ڕاده‌ی گرنكیی قورئان له‌ لای خوای گه‌وره‌ی په‌روه‌ردگاری جیهانیان.

جا ئه‌گه‌ر له‌م نهێنی‌یه‌ ورده‌ی ئه‌م بنچینه‌ی چواره‌مه‌ تێگه‌یشتیت، ئه‌وا ده‌توانیت له‌و نهێنی‌یه‌ش تێبگه‌یت كه‌ زۆربه‌ی ئه‌و "وه‌حی"یانه‌ی بۆ پێغه‌مبه‌ران - درووودیان له‌سه‌ر بێت - نازڵ بوون، به‌هۆی مه‌لائیكه‌ته‌وه‌ بووه‌، به‌ڵام "ئیلهام" به‌ بێ هیچ هۆكارێك ڕوو ده‌دات..

هه‌روه‌ها له‌ نهێنیی ئه‌وه‌ش تێده‌گه‌یت كه‌ گه‌وره‌ترین "وه‌لی" ناگاته‌ ئاستی هیچ كام له‌ "پێغه‌مبه‌ران" درووودیان له‌سه‌ر بێت..

هه‌روه‌ها له‌ مه‌زنی و پیرۆزیی قورئان و پایه‌داریی ئیعجازه‌كه‌ی تێده‌گه‌یت..

هەروەها تێدەگەیت لە نهێنی و حیکمەتی پێویستیی "میعراج". واتە: تێدەگەیت لە نهێنیی ڕۆشتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئاسمانە بەرزەکان و "سدرة المنتهی" و، "قاب قوسین أو أدنی" و، گفتوگۆ کردنی لەگەڵ خواوەنددا، هەرچەندەش خوای گەورە لە ڕەگی لامل لێیەوە نزیکترە و، پاشان گەڕانەوەی بۆ جێی خۆی لە ماوەی چاوتروکاندنێکدا.

بەڵێ، هەروەك "لەتکردنی مانگ" موعجیزەیەکە بۆ چەسپاندن و ڕوونکردنەوەی پێغەمبەرێتیی ئەو پێغەمبەرە ﷺ بۆ گرۆی جینني و ئادەمیزاد.. "میعراج"یش موعجیزەی بەندایەتیی پێغەمبەرە ﷺ بۆ خواوەند و، خۆشەویستیی ئەوی لای خوای گەورە بۆ ڕۆحانییات و مەلائیکەتان دەرخست.

اللهم صل وسلم عليه وعلى آله كما يليق برحمتك وبحرمته. آمين.

بریسکەی سێهەم:

یا باقي أنت الباقي

شتێك لە: "چێژ و هەست و نەستەکان" ئاوێتەی ئەم بریسکەیە بووە. بۆیە تکام وایە بە پێوەرەکانی زانستی "مەنتیق" هەڵنەسەنگێنرێت، چونکە جۆش و خرۆشی هەست و نەستەکان ئاورِ لە تەرازووەکانی "بیر" نادەنەوە و، زۆر گوێش بە دەستوورەکانی "ژیری" نادەن!

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿كُلُّ شيءٍ هالِكٌ إلاّ وجْهَهُ لهُ الْحُكْمُ وإليهِ تُرجَعُونَ﴾ (القصص:٨٨)

دوو ڕستە هەن کە دوو حەقیقەتی گرنگ دەردەبڕن و تەفسیری ئەم ئایەتە مەزنە دەکەن، بە ڕادەیەك کە هەندێ لە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی کردوویانن بە پوختەی ویردەکانیان و خەتمەی تایبەتیی خۆیانی پێ ئەنجام دەدەن. ئەو دوو ڕستەیەش بریتین لە:

"یا باقي أنت الباقي.. یا باقي أنت الباقي"!

جا لەبەر ئەوەی ئەم دوو ڕستەیە گەلێ واتای مەزنی ئەم ئایەتەیان تێدایە، ئەوا چەند سەرنجێك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دوو حەقیقەتە باس دەکەین کە ئەم دوو ڕستەیە دەریاندەبڕن.

✿ **سەرنجی یەکەم:**

وتنی یەکەم جاری: "یا باقي أنت الباقي" دڵی مرۆڤ لە غەیری خوای گەورە دادەبڕێت و، جۆرە نەشتەرگەرییەك لە دڵدا ئەنجام دەدات و، لە غەیری خوا دایدەماڵێت.

ڕوونكردنەوەی ئەمەش بەم جۆرەیە:

لەبەر ئەوەی مرۆڤ چی‌یەتی(ماهیة)یەكی گشتیی تێدا دانراوە، ئەوا لە چەندین ڕێگاوە و بە چەندەها جۆر پەیوەندیی لەگەڵ زۆربەی بوونەوەراندا هەیە. جا ئەو چی‌یەتی‌یە گشتی‌یەی مرۆڤ هێندە توانا و لێهاتنی خۆشەویستیی تێدایە كە لە ناخەوە سەرانسەری بوونەوەرانی بە گەرمی و توندوتیژی خۆش بوێت! ئەوەتا هەروەك خانە و لانەكەی خۆی خۆش دەوێت، ئەم دنیا مەزنەشی خۆش دەوێت.. هەروەها وەك دڵی بە باخچەكەی خۆی خۆشە، بە هەمان جۆر دڵی بە "بەهەشتی بەرین"یش دەكرێتەوە و لە ناخەوە ئارەزوومەندیەتی..

بەڵام خۆ ئەو بوونەوەرانەی كە مرۆڤ لەم دنیایەدا خۆشەویستیی خۆی بۆ ئاراستە كردوون هیچیان نامێننەوە، بەڵكو تێكڕا لەسەر ڕێی گەشتی نەماندا بە خێرایی و بەردەوامی دەڕۆن و هەنگاو دەنێن! بۆیە مرۆڤ هەمیشە ئازاری جودایی دەچێژێت و، خۆشەویستی‌یە لەبن نەهاتووەكەشی بۆ دەبێت بە مایەی ئازارێكی مەعنەویی بێ كۆتایی، لە ئەنجامی قوسوور و كەمتەرخەمی‌یەوە بەرامبەر بەو خۆشەویستی‌یە نەبڕاوەیەی كە لە ناخیدا دانراوە.

كەواتە ئەو ئازارانەی كە بەدەست ئەو خۆشەویستی‌یەوە دەیانچێژێت هی كەمتەرخەمی كردنی خۆیەتی لە بەجێهێنانی ئەركەكانی ئەو خۆشەویستی‌یەدا. چونكە توانا و لێهاتنی خۆشەویستیی بۆ ئەوە دراوەتێ ئاراستەی ئەو كەسەیان بكات كە خاوەنی جوانیی هەتاهەتایی و ڕەهایە. كەچی مرۆڤ بە باشی و لە جێی شیاوی خۆیدا بەكاری نەهێنا و بەرەو بوونەوەرە فانی و لەناوچووەكان ئاراستەی كرد، بۆیە بە ئازاری جودایی و لێكدابڕانی لەو خۆشەویستە فانییانەی گیرۆدە دەكرێت و سزا دەدرێت!

جا کاتێ کە مرۆڤ "یا باقي أنت الباقي" دەڵێتەوە، بۆ ئەوەیە کە بە تەواوی لەو کەمتەرخەمییانە دەستبەردار بێت و بە یەکجارەکی پەیوەندی‌یەکانی بەو خۆشەویستە فانییانەوە بپچڕێت، پێش ئەوەی کە ئەوان دەست لەم دابشۆن و پشتی لێ هەڵبکەن!

پاشان دووپات کردنەوەی ئەم ڕستەیە بۆ ئاراستە کردنی بیر و ڕوانینی مرۆڤە تەنها ڕووەو خۆشەویستی باقی و هەمیشەیی کە خوای گەورەیە.

واتە مرۆڤ لە ڕێی دووپات کردنەوەی ئەم ڕستەیەوە، دەڵێ:

(ئەی خوای گەورەم! جگە لە تۆ کەسی تر بە ڕاستی و دروستی نامێنێتەوە. هەرچی شتی تری غەیری تۆ هەیە هەر هەموویان فانی و لەناوچوون. خۆ ئاشکراشە کە شتی فانی و لەناوچوو شایانی خۆشویستنی بەردەوام و عیشقی هەمیشەیی نی‌یە و، هێندە ناهێنێت ئەو دڵەی پێوە پەیوەست بکرێت کە هەر لە سەرەتاوە بۆ هەمیشەیی و مانەوە و نەمری بەدی هێنراوە. جا مادەم بوونەوەرە فانی‌یەکان من بەجێ دەهێڵن و بە ڕێی خۆیاندا دەڕۆن، ئەوا پێش ئەوەی بەجێم بهێڵن من دەست لەوان بەردەدەم و وازیان لێ دەهێنم و، دەڵێم: "یا باقي أنت الباقي"..

واتە بەوپەڕی دڵنیاییەوە لەو باوەڕ و یەقینەدام کە جگە لە تۆ - ئەی خوای گەورەم! - کەسی تر "باقی" نی‌یە و، هەر شتێکیش لە بوونەوەراندا دارای "مانەوە" بێت هەرتۆ مانەوەت پێ بەخشیوە و هێشتووتەتەوە. کەواتە دەبێ مرۆڤ تەنها لە ناوەندی خۆشویستنی تۆ و لە بازنەی ڕەزامەندیی تۆدا ئەوانەی خۆش بوێت، دەنا هیچیان شایستەی ئەوە نین کە دڵیان پێوە پەیوەست بکرێت)!

ئەم چەشنە حاڵەتە، کارێك دەکات کە "دڵ"ی مرۆڤ واز لەو خۆشەویستانەی بهێنێت کە لەوەوپێش بە جۆرێکی بێ سنوور خۆشی

دەویستن. چونکـە لـەم جۆرە حاڵەتانـەدا مـرۆڤ مۆری فەنا و نـەمان بەسـەر ڕووی هەموو ئەو شتانەوە دەبینێت کە زووتر جوانیی تێـدا دەبینـین و، هـەموو ئـەو پەیوەندییانـەش دەبچڕێـن کـە لـەوەوپێش مرۆڤیـان پابـەندی بوونـەوەران کردبوو. دەنا گـەر دڵـی مـرۆڤ واز لـەو خۆشەویسـتانەی نـەهێنێت، ئـەوا بـە ئەندازەی ئەوان زام و ئازاری خەم و حەسرەت لـە نـاخی دڵیـدا پـەیدا دەبـن و سەرهەڵدەدەن!

ڕستەی دووهەمی: "یا باقی أنت الباقی"ش وەك مەڵهەمێكی شیفابەخش و سارێژکار وایە بەسـەر زامـی ئـەو نەشتـەرگەرییەدا دەهێـنرێت کـە ڕسـتەی یەکەم لە "دڵ" و پەیوەندییەکانیدا کردی. چونکە ئەم ڕستەی دووهەمە ئـەوە دەگەیەنێت کە:

(ئەی خوای گەورە! هەر تۆم بەسە باقی بێت، چونکە مانەوەی تۆ لە بریـی مانەوەی هەموو شتێكی ترە.. مادەم تۆ هەیت، ئەوا هەموو شتێكی ترم هەیە)!

بـەڵێ، هـەرچی "جوانـی و چاکـە و کـەماڵ" بەسـەر ڕوخسـاری بوونەوەرانەوە دەبینرێن و مایەی خۆشویستنی ئەو بوونەوەرانەن، لـە ڕاستیدا، چـەند ئاماژەیـەکن بۆ "جوانـی و، چاکـە و، کـەماڵ"ی خواوەنـد کـە بـاقیی ڕاستەقینەیە و، تێکڕا چەند سێبەرێكی کـزی ئـەو جوانـی و چاکـە و کەماڵـەن کە لە پشتی چەندەها پەردەی زۆر و زەبەندەوە دەرکـەوتوون، تەنانـەت چـەند سـایە و سێبەرێکن بۆ سێبەرەکانی درەوشـانەوەی نـاوە جوانـەکانی خـوای گەورە!

✿ سەرنجی دووهەم:

عیشقێكی توندوتیژ بۆ "مانەوە" لە سروشـتی مرۆڤـدا هەیـە. تەنانـەت - بـە گومـانی خـۆی - جـۆرە مانەوەیـەك لـە هـەموو خۆشەویستەکانیدا دەبینێـت. بگرە هیچ شتێكی خۆش نـاوێت گـەر - بـە وەهمـی خـۆی - "مانـەوە"ی تێـدا

نه‌بینێت! به‌ڵام هه‌ر كه‌ بیر له‌ نه‌مانی ئه‌و شتانه‌ ده‌كاته‌وه‌ و فه‌نا و تیاچوونیان ده‌بینێت، له‌ قوڵایی ناخی خۆیه‌وه‌ گرفتاری خه‌م و په‌ژاره‌ ده‌بێت و ئاخ و حه‌سره‌تی گه‌رمیان بۆ هه‌ڵده‌ڕێژێت!

به‌ڵێ، هه‌رچی ئاخ و حه‌سره‌ت و په‌ژاره‌ی جۆره‌كانی "جودایی" هه‌ن، هه‌ر هه‌موویان چه‌ند ده‌سته‌واژه‌ و داخ هه‌ڵڕشتنێكی خه‌مناكن كه‌ له‌ "عیشقی مانه‌وه‌"ی ناو ناخی مرۆڤه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرن. چونكه‌ گه‌ر وه‌همی مانه‌وه‌ نه‌بوایه‌ هه‌رگیز مرۆڤ هیچ شتێكی نه‌ده‌ویست. ته‌نانه‌ت ده‌توانرێت بوترێ كه‌:

یه‌كێك له‌ هۆكاره‌كانی بوونی "جیهانی مانه‌وه‌ و به‌هه‌شتی هه‌میشه‌یی" ئه‌و ئاره‌زووه‌ به‌تینه‌ ڕه‌گداكوتاوه‌ی ناو ناخی سروشتی مرۆڤه‌ بۆ "مانه‌وه‌"و "هه‌تاهه‌تایی" و، ئه‌و نزا و لاڵانه‌وه‌ گشتی و هه‌مه‌ لایه‌نه‌شیه‌تی كه‌ به‌ كه‌فوكوڵ و گه‌رموگوڕی بۆ "مانه‌وه‌" ده‌یكات! بۆیه‌ خواوه‌ندی شكۆمه‌ندی "باقی" به‌ده‌م ئه‌و ئاره‌زووه‌ توندوتیژه‌ی مرۆڤه‌وه‌ ڕۆشت و دوعا و نزای كاریگه‌ر و به‌كوڵی لێ گیرا كرد و، جیهانێكی "باقی"ی بۆ ئه‌م مرۆڤه‌ "فانی"یه‌ به‌دی هێنا. چونكه‌ ئایا ده‌گونجێ به‌دیهێنه‌ری به‌خشنده‌ و میهره‌بان ئه‌و دوعا و نزا گشتی و به‌رده‌وام و ڕه‌وا و خاوێنه‌ گیرا نه‌كات كه‌ گرۆی مرۆڤ - به‌ زمانی حاڵ و گوفتار - له‌ ناخی پێویستیی سروشتیی خۆی و له‌ قوڵایی حه‌ز و ئاره‌زووه‌ به‌تینه‌كانیه‌وه‌ ده‌یكات، له‌ كاتێكدا كه‌ هه‌ر ئه‌و خواوه‌نده‌ به‌خشنده‌ و میهره‌بانه‌ دوعای زمانی حاڵی گه‌ده‌(معدة)ی بچووكی مرۆڤ گیرا ده‌كات و چه‌نده‌ها جۆر خوارده‌مه‌نیی به‌تام و له‌زه‌تی بۆ به‌دی ده‌هێنێت و ئاره‌زووی جوزئیی مرۆڤ بۆ "مانه‌وه‌"ی كاتی ده‌لاوێنێ؟!

دیاره‌ نه‌خێر.. هه‌زار هه‌زار جار نه‌خێر! گه‌لێ مه‌حاڵه‌ ده‌ست به‌ ڕووی ئه‌م نزا و لاڵانه‌وه‌یه‌ی مرۆڤه‌وه‌ بنێت كه‌ داوای "مانه‌وه‌"ی پێ ده‌كات.

چونکە گیرا نەکردنی نزا و لالانەوەی ئاوا، پێچەوانەی دانستی هەمیشەیی و، دادگەریی کامڵ و، میهرەبانیی فراوان و، توانستی ڕەهای خوای گەورەیە!

جا مادەم مرۆڤ شەیدا و تاسەمەندی "مانەوە"یە، ئەوا سەرجەم چێژ و کەمالاتیشی - بە هەمان جۆر - شوێنکەوتەی "مانەوە"ن..

ئنجا مادەم "مانەوە"ش سیفەتێکی تایبەتە بە خواوەندی "باقی"ی شکۆمەند و..

مادەم ناوە جوانەکانی ئەو خوایەش تێکرا "باقی"ن و دارای مانەوەن و، ئاوێنە دەرخەرەکانی درەوشانەوەکانی ئەو ناوانەش ڕەنگی درەوشانەوەی ناوەکان دەگرن و لە حوکمی ئەودا دەبن، واتە جۆرە "مانەوە"یەك بەدەست دەهێنن..

ئەوا پێویستترین و مەزنترین ئەرکێك کە دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ، بریتی‌یە لەوەی کە:

پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ ئەو "باقی"یە شکۆمەندەدا پتەو بکات و، بە تەواوەتی دەست بە ناوە جوانەکانیەوە بگرێت. چونکە هەر شتێك لە پێناوی ئەو "باقی"یەدا بەخت بکرێت، جۆرێك لە جۆرەکانی "مانەوە"ی دەست دەکەوێت!

جا ئەم حەقیقەتە ڕستەی دووهەمی "يا باقي أنت الباقي" دەری دەبڕێت و، زامە مەعنەوی‌یە قوولەکانی مرۆڤ سارێژ دەکات. هەروەك دڵنیاییش بەو حەز و ئارەزووە بەتینەی "مانەوە"ی ناو ناخی سروشتی دەبەخشێت!

✿ سەرنجی سێهەم:

لەم دنیایەدا کاریگەریی "کات" بۆ لەناوبردنی شتان جیاوازە و، لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر دەگۆڕێت. چونکە هەرچەندە بوونەوەران بە چەشنی

بازنــه هاوچه‌قــه‌كان لــه‌ناو یــه‌كتریدان، كــه‌چی لــه ڕووی نــه‌مان و له‌ناوچوونیانه‌وه حوكمیان جیاوازه..

ئه‌وه‌تا هه‌روه‌ك بازنه‌ی جووله‌ی میله‌كانی: چركه ژمێر و خولـه‌ك ژمێر و كاتژمێری هه‌ر سه‌عاتێك - له ڕووی خێراییه‌وه - لـه یه‌كتر جیـاوازن، بـا لـه ڕواله‌تیشدا له یه‌ك بچـن.. مرۆڤیـش به هـه‌مان جـۆره؛ حوكمـی "زه‌مـان" بۆ هه‌ریه‌كه لـه بازنـه‌كانی: جه‌سته و، ده‌روون و، دڵ و، ڕۆحـی ئـه‌و جیـاوازه. چونكه له كاتێكدا كه ده‌بینیت ژیان و مانه‌وه‌ی "جه‌سـته"ی مـرۆڤ پابـه‌ندی مانه‌وه‌ی ئه‌و ڕۆژه یان ئه‌و سه‌عاته‌یه كـه تیـایدا ده‌ژی و، ڕابـوردوو و ئاینده‌ی نی‌یه.. كه‌چی ده‌بینیت بازنه و مـه‌یدانی بـوون و ژیـانی "دڵ"ی هێنـده فراوانـه كه چه‌نده‌ها ڕۆژی پێش ئێسـتا و دوای ئێسـتاش ده‌گرێتـه‌وه! ته‌نانـه‌ت بازنـه و مـه‌یدانی ژیـانی "ڕۆح"ی مـرۆڤ لـه‌وه‌ش گه‌لـێ گـه‌وره و مـه‌زنتره، چونكـه چـه‌نده‌ها سـاڵی پێـش ئـه‌مڕۆ و چـه‌نده‌ها سـاڵی دوای ئـه‌مڕۆش لـه خـۆی ده‌گرێت.

جا لـه‌سه‌ر بناغه‌ی ئـه‌م توانـا و لێهاتنـه: گـه‌ر "دڵ" و "ڕۆح"ی مـرۆڤ بـه: ناسین و په‌رستنی خوای گه‌وره و، خۆشویستنی پـه‌روه‌ردگار و بـه‌ده‌ستهێنانی ڕه‌زامه‌ندی‌یه‌كانی، ژیانیان به‌ده‌ست هێنابێت، ئـه‌وا - لـه‌م ڕێیـه‌وه - ته‌مه‌نـه فانی‌یه‌كـه‌ی "جه‌سـته" ته‌مـه‌نێكی هه‌میشـه‌یی لـه ئامێز ده‌گرێـت، ته‌نانـه‌ت لـه خانـه‌ی نـه‌مری و هه‌میشـه‌ییدا ئـه‌م ته‌مه‌نـه "بـاقی" و نه‌بڕاوه‌یـه‌ی بـۆ به‌رهـه‌م ده‌هێنێت. كه‌واته ئه‌م ته‌مه‌نه "فانی"یه وه‌ك ته‌مه‌نێكی "باقی" و هه‌میشـه‌یی لـێ دێت!

به‌ڵێ، به‌سه‌ربردنی ته‌نها یـه‌ك چركـه لـه پێنـاوی: خواوه‌نـدی حـه‌ق و "باقی"دا و، بۆ خۆشویستنی و، پله به‌رزبوونـه‌وه‌ی مـرۆڤ لـه ناسینیدا و، لـه

ڕێی ڕەزامەندی‌یەکانی ئەودا، بە ساڵێکی تەواو دادەنرێت. بەڵکو ئەو چرکەیە ژیانێکی باقی و هەمیشەییە و هەرگیز "نەمان" بە خۆیەوە نابینێت. بەڵام گەر ساڵێکی تەمەن - کە بێ گومان تەواو دەبێت و نامێنێت - لە پێناوی خوای گەورەدا بەسەر نەبرێت، ئەوا وەك چرکەیەکی کتوپڕی وایە. کەواتە ژیانی بێ ئاگایان هەرچەندەش درێژ بێت هێشتا وەك چەند دەم و ساتێکی کەمخایەن وایە، کە تەنها چرکەیەکیش تێپەڕ ناکات!

ئەم وتە بەناوبانگەی خوارەوە دەبێت بە بەڵگەی ئەم ڕاستی‌یە، ئەوەتا دەڵێت:

"سِنَةُ الفِراقِ سَنةٌ، وَسَنَةُ الوِصالِ سِنَةٌ"!

واتە: تەنها یەك چرکەی ماوەی جودایی و لێکدابڕان هێندە بە لای مرۆڤەوە درێژ خایەنە کە دەڵێی ساڵێکی تەواوە، کەچی ماوەی یەك ساڵی ڕەبەقی بە یەك شادبوون هێندە کورت و کەمخایەنە کە وەك ماوەی یەك چرکە وایە!

بەڵام من بە پێچەوانەی ئەم وتە بەناوبانگەوە دەڵێم:

یەك چرکەی تەمەن کە مرۆڤ لە بازنەی ڕەزامەندی‌یەکانی خوای گەورە و لە پێناوی خواوەندی "باقی" و شکۆمەندا بەسەری ببات، واتە یەك چرکەی ئەم بە یەك شادبوونە، نەك هەر تەنها وەك ساڵێك وایە، بەڵکو بە وێنەی پەنجەرەیەکی ئەوتۆیە کە بەسەر ژیانی باقی و هەمیشەییدا بڕوانێت!

هەروەها ئەو جودایی و لێکدابڕانەش کە لە نیگای ڕوانینی بێ ئاگایی و گومڕاییەوە بە جودایی و لێکبڕان دەردەکەوێت، نەك هەر ساڵێکی ڕەبەق وەك چرکەیەك لێ دەکات، بەڵکو هەزاران ساڵ دەکات بە ماوەی تەنها یەك چرکە لە پێش چاوی مرۆڤدا!

پەندێکی تر هەیە لەوەی پێشوو بەناوبانگترە و پشتی ئەم بۆچوونەی ئێمە دەگرێت، دەڵێت:

أرضُ الفلاةِ معَ الأعداءِ فنجانٌ   سَمُّ الخِياطِ مع الأحبابِ ميدانُ(١)!

خۆ ئەگەر بمانەوێت ڕوویەکی "ڕاست"ی ئەو وتەیەی پێشوو دەربخەین، ئەوا بەم جۆرە دەبێ کە:

ماوەی بە یەك شادبوونی بوونەوەرانی "فانی" ماوەیەکی گەلێ کورتە، ئەوەتا ماوەیەکی فانی‌یە و لەناودەچێت و نامێنێت. خۆ هەرچەندەش درێژە بکێشێت هەر هێشتا بە کەم دادەنرێت، چونکە بە ماوەی چاوترووکاندنێك بەسەردەچێت و دەبێت بە خەون و خەیاڵێکی کاتی و ڕێبوارانەی ئەوتۆ کە دوای نەمانی خۆی خەم و پەژارە لە دڵدا بەجێ دەهێڵێت. کەواتە "دڵی مرۆڤ" کە تامەزرۆ و تاسەمەندی "مانەوە"یە لە ساڵێکی تەواوی ئەم چەشنە بە یەك شادبوونانە، مەگەر تەنها بە ئەندازەی ماوەی یەك چرکە، دەنا هیچ تام و لەزەتێکی لێ ناچێژێت..

بەڵام جودایی هێندە درێژخایەنە و مەودا و مەیدانەکەشی ئەوەندە فراوانە کە تەنها ماوەی یەك چرکە، بە قەدەر ساڵێکی ڕەبەق، بەڵکو بە ئەندازەی چەندەها ساڵی زۆر، جودایی تێدا کۆ دەبێتەوە. چونکە "دڵ"ی مرۆڤ کە موشتاقی مانەوە و تاسەمەندی نەمری‌یە، هێندە خەم بە جودایی دەخوات کە تەنانەت جودایی ماوەی یەك دانە چرکەش ئازاری دەرخوارد دەدات و بە چەشنێك پێوەی دەتلێتەوە کە دەڵێی کەوتووەتە ژێر باری ئازاری قورسی

---

(١) واتە: دەشتایی فراوان و بەرین هێندەی فنجانێك بچووکە ئەگەر تیایدا لەگەڵ دوژمناندا بژیت، کونیلەی دەرزیش وەکو گۆڕەپانێکی گەورە وایە، ئەگەر تیایدا لەگەڵ دۆست و هاودەماندا بیت. (وەرگێڕ)

چەندین ساڵی جوداییەوە! چونکە جودایی ماوەی ئەو یەك چرکەیە چەندەها جۆری لەژمارەبەدەری جودایی تری یاد دەخاتەوە!

بەم جۆرە، دەرکەوت کە "ڕابوردوو" و "ئایندە"ی هەموو جۆرە خۆشەویستی‌یە نزمە ماددی‌یەکان، پڕن لە چەندەها جۆری لێکدابڕان و جودایی.

ئێمەش بەو بۆنەیەوە دەڵێین:

خەڵکینە!

ئایا دەتانەوێت تەمەنی کەم و فانیی خۆتان بگۆڕن بە تەمەنێکی باقی و درێژخایەن؟ تەنانەت بە تەمەنێك کە بەروبوومی سوود و قازانجتان بۆ بگرێت؟

مادەم وەڵامتان "بەڵێ"یە، کە وەڵامێکە مرۆڤێتیی مرۆڤ داخوازیەتی، ئەوا تەمەنتان لە پێناوی خواوەندی "باقی"دا بەسەر ببەن، چونکە هەر شتێك ڕوو لە "باقی" بکات، یەکێك لە درەوشانەوە باقی‌یەکانی ئەوی دەست دەکەوێت!

جا مادەم مرۆڤ زۆر بە توندوتیژی داوای تەمەنێکی درێژ دەکات و ئارەزوومەندی مانەوەیە و، "هۆکار"ێکیشی لە بەردەمدایە کە ئەم تەمەنە فانی‌یەی بۆ بگۆڕێت بە تەمەنێکی ئەوتۆ کە لەناوەڕۆکدا درێژ بێت..

ئەوا بێ هیچ گومانێك، گەر مرۆڤ مرۆڤێتیی خۆی لەدەست نەدابێت، زۆر بە گەرمی و پەرۆشەوە بە دوای ئەو "هۆکار"ەدا دەگەڕێت و، هەموو شوێنێکی بۆ دەپشکنێت و، تێدەکۆشێت کە ئەو شتە گونجاوە بکات بە کردارێکی بەرجەستە و لەبەرچاو. بێ هیچ گومانێکیش بە هەموو هەڵسوکەوت و جموجوولەکانیەوە بەرەو ئەو ئەنجامە دەکەوێتە ڕێ.

ئه‌و هۆكاره‌ش ئه‌مه‌یه كه:

بۆ خوا كار بكه‌ن.. له‌به‌ر خوا به‌یه‌ك بگه‌ن.. له‌ پێناوی خوادا تێبكۆشن.. با هه‌موو جموجووڵ و ڕه‌فتاریكتان له‌ چوارچێوه‌ی ڕه‌زامه‌ندیی خوا (واته: بۆ خوا.. له‌به‌ر خوا.. له‌ پێناوی خوا)دا بێت.. ئه‌و كاته‌ ده‌بینن كه‌ هه‌موو خوله‌كه‌كانی ئه‌م ته‌مه‌نه‌ كورته‌تان بووه‌ به‌ چه‌نده‌ها ساڵی زۆری درێژخایه‌ن.

"شه‌وی قه‌در" ئاماژه‌ بۆ ئه‌م ڕاستی‌یه‌ ده‌كات؛ چونكه‌ هه‌رچه‌نده‌ له‌ خۆیدا یه‌ك تاقه‌ شه‌وه‌، كه‌چی - به‌ ده‌قی قورئانی پیرۆز - له‌ هه‌زار مانگ باشتره‌. واته‌ له‌ حوكمی هه‌شتا و ئه‌وه‌نده‌ ساڵدایه‌!

ئاماژه‌یه‌كی تریش بۆ ئه‌م ڕاستی‌یه‌ هه‌یه‌، كه‌ بریتی‌یه‌ له‌و قاعیده‌یه‌ی له‌ لایه‌ن ئه‌هلی ویلایه‌ت و حه‌قیقه‌ته‌وه‌ سه‌لماوه‌ و پێی ده‌وترێ: "فراوان بوونی كات"(بسط الزمان) و، میعراجی پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌ كرده‌وه‌ ده‌یچه‌سپێنێت و ده‌ری ده‌خات. ئه‌وه‌بوو چه‌ند خوله‌كێكی كه‌م له‌و میعراجه‌دا هێنده‌ی ماوه‌ی چه‌نده‌ها ساڵ فراوان بوون و، ساته‌كانی میعراج به‌ ئه‌ندازه‌ی هه‌زاران ساڵ فراوانی و هه‌مه‌لایه‌نگیری و درێژییان به‌ده‌ست هێنا. چونكه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌ ڕێی میعراجه‌وه‌ ڕۆشته‌ ناو جیهانی به‌قاء(مانه‌وه‌)ه‌وه‌. خۆ ئاشكرایه‌ كه‌ چه‌ند خوله‌كێكی كه‌می جیهانی "باقی" جێی هه‌زاران ساڵی جیهانی "فانی"ی تێدا ده‌بێته‌وه‌.

هه‌روه‌ها - جگه‌ له‌ میعراج - ئه‌و ڕووداوه‌ زۆرانه‌ش كه‌ به‌سه‌ر ئه‌ولیا و پیاوچاكاندا هاتوون، ڕاستیی: (بسط الزمان) ده‌چه‌سپێنن. چونكه‌ هه‌ندێك له‌و ئه‌ولیایانه‌ له‌ ماوه‌ی یه‌ك خوله‌كدا ئه‌وه‌نده‌ كاروباریان ئه‌نجام داوه‌ كه‌ خه‌ڵكی تر مه‌گه‌ر له‌ ماوه‌ی یه‌ك ڕۆژدا ئه‌نجامی بده‌ن.. هه‌ندێكی تریان له‌ ماوه‌ی یه‌ك سه‌عاتدا هێنده‌ كاری گرنگی ڕایی كردووه‌ كه‌ به‌لای خه‌ڵكه‌وه‌

بە ماوەی سالێك ئنجا ڕایی دەکرێن.. هەندێکی تریشیان لە ماوەی یەك خولەکدا هەموو قورئانی پیرۆزی خەتم کردووە!

جا ئەم چەشنە ڕیوایەتانەی کە لەوانە دەگێڕێنەوە هەرگیز گومان توخنیان ناکەوێت، چونکە ڕاوی‌یەکان هەموویان پیاوچاك و ڕاستگۆن و، خۆیان زۆر بەرزتر ڕاگرتووە لەوەی کە دابەزنە ئاستی قسەی دەمهەڵبەست و درۆ ڕێکخستن. چ جای ئەوەی کە ڕووداوەکانیش گەلێ زۆر و موتەواتیرن و لە ئەنجامی بینین و چاوپێکەوتنەوە ڕاوی‌یەکان دەیانگێڕنەوە.. کەواتە هەرگیز گومانیان تێدا نی‌یە و، "فراوانبوونی کات" ڕاستی‌یەکی چەسپاوە[1].

جۆرێکیشی هەیە کە هەموو کەسێك باوەڕی پێ‌یەتی و تەسدیقی دەکات، کە بریتی‌یە لەو خەونانەی مرۆڤ دەیانبینێت و، هێندە حاڵ و بارودۆخی تێدا بەسەر دێت و ئەوەندەش قسەی تێدا دەکات و لەزەت و ئازاری تێدا دەچێژێت کە لە جیهانی بێداریدا پێویستیان بە ڕۆژێکی تەواو، تەنانەت لەوانەیە بە چەندەها ڕۆژ ببێت!

پوختەی ئەمانەی کە باس کران:

هەرچەندە مرۆڤ بەدیهاتوویەکی "فانی"یە، کەچی بۆ "مانەوە" بەدی هێنراوە، چونکە بەدیهێنەرەکەی بە وێنەی ئاوێنەیەکی وێنە دەرەوەی درەوشانەوە باقی‌یەکانی خۆی بەدیی هێناوە و.. چەند ئەرکێکی ئەوتۆشی

---

(١) خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿قالَ قائِلٌ منهم كَمْ لَبِثْتُمْ قالُوا لَبِثْنَا يوماً او بعضَ يومٍ﴾ (الكهف:١٩)، ﴿وَلَبِثُوا في كَهْفِهِم ثلاثَ مِائَةٍ سِنِينَ وَازْدَادُوا تِسْعاً﴾ (الكهف:٢٥).
ئەم دوو ئایەتەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر: کورتبوونەوەی کات(طي الزمان) هەروەك ئەم ئایەتەی خوارەوەش بەڵگەیە لەسەر فراوانبوونی کات(بسط الزمان):
﴿وإِنَّ يَوْماً عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ﴾ (الحج:٤٧). (دانەر)

خستووه‌ته ئه‌ستۆی كه‌ به‌رهه‌مى "باقی" ده‌به‌خشن و.. به‌ شێوه‌یه‌كی هێنده‌ جوانیش ڕوخساری ئه‌وی كێشاوه‌ كه‌ كردوویه‌تی به‌ خولگه‌ی نه‌خش و نیگاری دره‌وشانه‌وه‌ی ناوه‌ جوانه‌كانی.

له‌به‌ر ئه‌وه‌، به‌خته‌وه‌ری و كارمه‌ندیی بنه‌ڕه‌تیی ئه‌م مرۆڤه‌ له‌وه‌دایه‌ كه‌:

به‌ هه‌موو هێز و ئه‌ندام و هه‌ستێكی و به‌ سه‌رجه‌م توانا و لێهاتنه‌ سروشتی‌یه‌كانیه‌وه‌ ڕوو بكاته‌ ئه‌و "باقی"یه‌ و.. له‌ پێناوی ڕه‌زامه‌ندیی ئه‌ودا هه‌نگاو بنێت و.. ده‌ست به‌ ناوه‌ جوانه‌كانیه‌وه‌ بگرێت و.. به‌ وێنه‌ی دووپات كردنه‌وه‌ی "زمان"ی، به‌ سه‌رجه‌م لایه‌نه‌ ناسكه‌كانی چه‌شنی "دڵ" و "ڕۆح" و "ژیری"یشی، هه‌میشه‌: "یا باقي أنت الباقي" دووپات بكاته‌وه‌!

هو الباقي، هو الأزلي الأبدي، هو السرمدي، هو الدائم، هو المطلوب، هو المحبوب، هو المقصود، هو المعبود.

﴿سُبْحانَكَ لا عِلْمَ لَنا إلاّ ما عَلَّمْتَنا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾.

﴿رَبَّنا لا تُؤاخِذْنا إِنْ نَسِينا أَوْ أَخْطَأْنا﴾.

بریسکەی چوارەم:

میهرەبانیی پێغەمبەر ﷺ

بسم الله الرّحمن الرّحيم

﴿لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ ما عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ ۞ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللهُ لا إلَهَ الاّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ (التوبة:١٢٨-١٢٩).

﴿قُلْ لا أَسْئَلُكُم عَلَيْهِ أَجْراً إِلاّ الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى﴾ (الشورى: ٢٣).

وا لە نێوان "دوو مەقام"دا ئاماژە بۆ کۆمەڵە ڕاستییەکی مەزن دەکەین کە لە دەریای ئەم ئایەتە مەزنانەدا شەپۆل دەدەن:

مەقامی یەکەم

"لە چوار سەرنج پێکهاتووە"

❑ سەرنجی یەکەم:

ئەم سەرنجە، کەماڵی میهرەبانی و بەزەیی نەبڕاوەی پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەردەخات:

بەڵێ، چەندین ڕیوایەتی صەحیح هەن مەودای میهرەبانیی کامڵ و شەفەقەتی تەواوی پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە نەتەوەکەی دەردەخەن، وەك ئەو ڕیوایەتەی کە ڕوونی دەکاتەوە:

له‌ ڕۆژی حه‌شری مه‌زن و له‌و ده‌مه‌دا كه‌ هه‌موو كه‌سێك ته‌نانه‌ت پێغه‌مبه‌رانیش - درووديان له‌سه‌ر بێت - له‌تاو سام و شكۆ و هه‌یبه‌تی ئه‌و ڕۆژه‌دا ده‌ڵێن: "نفسي.. نفسي"، پێغه‌مبه‌ری ئازیز ﷺ له‌و ڕۆژه‌دا ده‌فه‌رموێ: "أُمّتي.. أُمّتي"(١)..

جا هه‌روه‌ك ئه‌م ڕیوایه‌تانه‌ی كه‌ شه‌فه‌قه‌تی مه‌زنی پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌رامبه‌ر نه‌ته‌وه‌كه‌ی ڕوون ده‌كه‌نه‌وه‌ ئه‌مه‌یان گه‌یاند، له‌ كاتی له‌دایكبوونیشیدا دایكی به‌ڕێزی گوێی لێ بووه‌ كه‌ به‌و ساواییه‌شی هه‌ر به‌ نزای: "أُمّتي.. أُمّتي" لاڵاوه‌ته‌وه‌، هه‌روه‌ك لای ئه‌هلی كه‌شفی ئه‌ولیا و پیاوچاكانه‌وه‌ پشت ڕاست كراوه‌ته‌وه‌.

جگه‌ له‌مانه‌، سه‌رجه‌می ژیانی به‌پیت و پیرۆزی و، ئه‌و ڕه‌وشته‌ ڕه‌نگین و به‌رز و به‌سۆز و میهره‌بانییانه‌ش كه‌ له‌ سه‌رانسه‌ری ئاسۆكانی جیهاندا بڵاوی كردنه‌وه‌، كه‌ماڵی سۆز و به‌زه‌یی و شه‌فه‌قه‌تی ئه‌و ده‌رده‌خه‌ن.

هه‌روه‌ك - له‌ ڕوویه‌كی تره‌وه‌ - پێغه‌مبه‌ر ﷺ خۆیشی شه‌فه‌قه‌ته‌ مه‌زنه‌كه‌ی به‌رامبه‌ر نه‌ته‌وه‌كه‌ی به‌ پێویستیی بێ سنووری خۆی ده‌رخستووه‌ به‌و سڵاواتانه‌ی كه‌ نه‌ته‌وه‌كه‌ی پێشكه‌شی ده‌كه‌ن. ئه‌مه‌ش مه‌ودای په‌یوه‌ندی‌یه‌ میهره‌بانه‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌ سه‌رجه‌می به‌خته‌وه‌ری‌یه‌كانی نه‌ته‌وه‌كه‌یه‌وه‌، ده‌رده‌خات.

له‌ ڕووناكیی ئه‌م میهره‌بانی‌یه‌ گشتی و سۆز و به‌زه‌ییه‌ فراوانه‌ی ئه‌م ڕابه‌ره‌ میهره‌بانه‌دا ﷺ ده‌رده‌كه‌وێت كه‌: پشت هه‌ڵكردن له‌ سوننه‌تی پیرۆز و

---

(١) جزء من حديث الشفاعة الطويل، والحديث بطوله أخرجه البخاري برقم: ٣٣٤٠ و ٣٣٦١ و ٤٧١٢ ومسلم برقم: ١٩٤ والترمذي برقم: ٤٥٥١ "تحفة" كلهم من حديث أبي هريرة رضي الله عنه، باختلاف في السياق. (وه‌رگێڕ - له‌ چاپه‌ عه‌ره‌بی‌یه‌كه‌ی "اللمعات"ه‌وه‌)

خاوێنی، لە ڕاستیدا ناشکوری و پێ نەزانینێکی گەلێ گەورەیە، تەنانەت بە مردنی ویژدانیش لە قەڵەم دەدرێت.

بەڵێ، لەم دەرەنجامە تێبگە و بۆ خۆت لێکی بدەرەوە.

□ سەرنجی دووهەم:

پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە ناوەندی ئەرکی گەورە و گشتیی "پێغەمبەرایەتی‌یەکەی"دا، میهرەبانی‌یە مەزنەکەی خۆی بەرامبەر چەند کاروبارێکی جوزئی و تایبەتی دەرخستووە..

جا بەکارهێنانی ئەو شەفەقەتە مەزن و میهرەبانی‌یە فراوانە بۆ ئەو بابەت و کاروبارە جوزئییانە بە پێی "ڕواڵەت" لەگەڵ گەورەیی ئەرکی پێغەمبەرێتیدا ناگونجێ. بەڵام بە پێی "ڕاستی و واقیع" ئەو بابەتە جوزئی و کارە تایبەتییانە، نوێنەر و پێشەنگی سەرەتای زنجیرەیەکن کە لە داهاتوودا ئەرکی گشتیی پێغەمبەرایەتی‌یەکەی دەگرنە ئەستۆ، بۆیە ئەو بایەخە زۆرەی بە نوێنەری ئەو زنجیرەیە داوە.

بۆ نموونە:

ئەو شەفەقەتە زۆر و گرنگی‌یە لەڕادەبەدەرەی کە پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر حەزرەتی حەسەن و حسەین - لە تافی منداڵییاندا - نواندی، تەنها خۆشەویستی و شەفەقەتێکی سروشتی و هەڵقوڵاوی هەستی پەیوەندیی خزمایەتی نی‌یە، بەڵکو جگە لەمەش، لە سەرچاوەی ئەو بەسیرەتەوە هەڵقوڵاوە کە دەبینێت ئەم دوانە سەرەتای زنجیرەیەکی نوورانیی ئەوتۆن لە داهاتوودا ئەرکێکی گرنگی "پێغەمبەرایەتیی مەزن"ی ئەو ڕادەپەڕێنن و، هەریەکەیان سەرچاوە و نوێنەر و پێشەوای کۆمەڵێکی گەورەی میراتگری پێغەمبەر ﷺ دەبن.

به‌ڵێ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌به‌ر گه‌ڵێ كه‌سی میراتگری ئه‌ركی پێغه‌مبه‌رێتی‌یه‌كه‌ی، له‌وانه‌ی كه‌ وه‌ك "مه‌هدی" وان و هه‌ڵگری شه‌ریعه‌ته‌ بێگه‌رده‌كه‌ین و له‌ نه‌وه‌ و وه‌چه‌ی نوورانی و پیرۆزی حه‌زره‌تی حه‌سه‌نن وه‌ك شێخی گه‌یلانی[1]، حه‌زره‌تی حه‌سه‌نی له‌ ئامێز گرتووه‌ و به‌كه‌ماڵی سۆز و شه‌فه‌قه‌ت و میهره‌بانی‌یه‌وه‌ سه‌ری ماچ كردووه‌. چونكه‌ پێغه‌مبه‌ری ئازیز ﷺ له‌ ڕێی بینایی و به‌سیره‌تی پێغه‌مبه‌رێتی‌یه‌وه‌ ئه‌و ئه‌ركه‌ خاوێن و مه‌زنانه‌ی بینیوه‌ كه‌ ئه‌و به‌ڕێزانه‌ له‌ داهاتوودا ده‌یانگرنه‌ ئه‌ستۆ. بۆیه‌ پێشه‌كی ڕێزی له‌ كار و خزمه‌تگوزاری‌یه‌كانیان ناوه‌ و، له‌ بریی هه‌موویان، وه‌ك نیشانه‌یه‌كی ڕێز و پێزانین و هاندان، سه‌ری حه‌زره‌تی حه‌سه‌نی ماچ كردووه‌!

پاشان ئه‌و بایه‌خه‌ مه‌زنه‌ی كه‌ پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویست ﷺ به‌ حه‌زره‌تی حسه‌ینی داوه‌ و سۆزی گه‌رم و به‌تینیشی به‌رامبه‌ری ده‌ربڕیوه‌، له‌به‌ر ئه‌و پێشه‌وا و مه‌رده‌ مه‌زنانه‌یه‌ كه‌ میراتگری ڕاسته‌قینه‌ی پێغه‌مبه‌رێتی‌یه‌كه‌ین و

---

(١) شێخ عه‌بدولقادری گه‌یلانی له‌ ساڵی ٤٧٠ی كۆچی له‌ گه‌یلان هاتووه‌ته‌ دنیا و، له‌ نه‌وه‌ی حه‌زره‌تی حه‌سه‌نه‌. بۆ خوێندن ڕۆیشتووه‌ بۆ به‌غدا و سه‌رجه‌می زانسته‌ ئیسلامی‌یه‌كانی ئه‌و ڕۆژگاره‌ی لای زانایانی پایه‌ به‌رزی به‌غدا خوێندووه‌. یه‌كێكه‌ له‌ گه‌وره‌ خزمه‌تگوزارانی ئایینی ئیسلام و، چه‌نده‌ها كه‌س له‌ گاور و جووله‌كه‌كان له‌ خزمه‌تیدا موسڵمان بوون و هه‌زاران موسڵمانیش له‌سه‌ر ده‌ستیدا تۆبه‌یان كردووه‌ و ده‌ستبه‌رداری كرده‌وه‌ خراپه‌كان بوون. چه‌ند كتێبێكی له‌ دوای خۆی به‌جێ هێشتووه‌ وه‌ك (الغنية) و (فتوح الغيب) و (الفتح الرباني). له‌ ساڵی ٥٦١ك له‌ ته‌مه‌نی نه‌وه‌د ساڵیدا كۆچی دوایی كردووه‌ و له‌ قوتابخانه‌كه‌ی خۆی له‌ به‌غدا نێژراوه‌. بۆ مه‌به‌ستی ناسینی پایه‌به‌رزیی ئه‌م مه‌رده‌ مه‌زنه‌ و ئاشنا بوون به‌ ڕۆڵی كاریگه‌ری له‌ مێژووی ئیسلامدا، خوێنه‌ری به‌ڕێز ڕه‌وانه‌ی ئه‌و فه‌سڵانه‌ ده‌كه‌ین كه‌ مامۆستای مێژوونووسی هاوچه‌رخ (أبو الحسن الندوي) خوا لێی خۆش بێت، له‌ به‌رگی یه‌كه‌می (رجال الفكر والدعوة في الإسلام)دا تۆماری كردوون، هه‌روه‌ها كتێبی: (هكذا ظهر جيل صلاح الدين وهكذا عادت القدس) نووسینی: (د. ماجد عرسان الكيلاني) به‌ تایبه‌ت (الفصل الحادي عشر: مدارس الإصلاح والتجديد، المدرسة القادرية). (وه‌رگێر)

چەشنی "مـەهدی" وان و لـە نـەوەی نوورانیـی حـەزرەتی حسـەینن، وەك: حـەزرەتی "زەینولعـابیدین"[١] و "جەعفـەری صـادق"[٢]. بـەڵێ، پێغەمبــەر ﷺ لەبەر هـەموو ئـەو گـەورە مەردانـەی کـە لـە داهـاتوودا سـەری ئیسـلام بـەرز دەکەنەوە و لە دوای خۆی ئەرکی پێغەمبەرایەتی‌یەکەی ڕادەپەڕێنن، گـەردنی حـەزرەتی حسـەینی مـاچ کـرد و شـەفەقەتی لـە ڕادە بـەدەر و کـەماڵی بایـەخ پێدانی لە ئاستدا دەربڕی!

بەڵێ، ڕوانینی ئەو پێغەمبەرەی ﷺ کە هێشتا لە دنیـادا بـووە و لـە باشـترین سـەدەی بەختـەوەریدا ژیـاوە بە "دڵــی هــاوڕاز و ڕاهــاتووی لەگـەڵ غـەیبی پەنهان"دا مەیدانی حەشری بەرینی ناو جیهانی ئەودنیای هەتاهـەتایی بینیـوە.. ئەو ڕوانینەی کە هەر لەسەر زەوی‌یـەوە بەهەشتی نـاو ئاسمانـە بـەرزەکانی پێ دیوە و سەیری مەلائیکـەتی پێ کـردووە.. کـە ڕووداوە شـارراوەکانی پشـتی پـەردەی تـاریك و دێرینـی (هـەر لـە سـەردەمی حـەزرەتی ئادەمــەوە، دروودی لـەسـەر بێـت) چـاو لــێ بـووە، تـەنـانـەت بـە بینینـی خـواوەندی مــەزنیش شـەرەفمەند و بەختـەوەر بـووە.. بێ هیـچ گومـانێك ئـەم ڕوانینــە نوورانــی و

---

(١) زەینولعابیدین: (٣٦-٩٤ کۆچی) ناوی عەلی و کوڕی حەزرەتی حسەینی کوڕی حەزرەتی عەلی‌یە، خوا لـە هـەموویان ڕازی بێـت. هێنـدە سـەرقاڵی خواپەرسـتی بـووە کـە بـە نازنـاوی "زەینولعابیدین" و "سـەججاد" ناوبـانگی دەرکـردووە. باپیری سەرجەم ساداتی حسەینی‌یە. لـە لایەن خەڵکی ڕۆژگاری خۆی بە: (زانسـت و تـەقوا و تـەوازوع و ئـارام و پێشـەوای شـارەزای ڕازەکانی قورئان و سوننەت و ئیمانی دامەزراو) ناسراو بووە. کۆمەڵێ ئامۆژگـاری و گوفتـاری پڕ لە پەند و دانستی دوای خۆی بەجێ هێشتووە. (وەرگێر)

(٢) ئیمام جەعفەری صـادق (٨٠-١٤٨ك/٦٩٩-٧٦٥ز) کـوڕی ئیمـام محەممەد بـاقری کـوڕی ئیمام عەلی زەینولعابیدینی کوڕی حەزرەتی حسەینە، خوا لـە هـەموویان ڕازی بێـت. یەکێکە لـە گەورە مەردانی تابیعین و پلەیەکی بڵنـدی لـە زانسـتدا بـووە و چـەند کەسێکی پایە بـەرزی وەك ئیمـامی ئەبوو حەنیفە و ئیمـامی مـالیك دەرسیان لـە لا خوێنـدووە. لـە دایـك بـوون و کۆچـی دواییشی لە شاری مەدینەدا بووە. (وەرگێر)

بەسیرەتە داهـاتوو بینـە، قوتبـە گـەورەکان و پێشـەوایانی مـیراتگری ئـەرکی پێغەمبەرایەتی و مـەهدییانی داهـاتووی نـەوەی حـەزرەتی حەسـەن و حسـەینی دیوە و، لە بریی هەموو ئەوانە، سەری ئەمانی ماچ کردووە!

بەڵێ، ماچکردنی سەری حەزرەتی حەسەن - خوای لـێ ڕازی بێت - لـە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ بەشێکی گەورەی شێخی گەیلانیی تێدایە!

❑ سەرنجی سێهەم:

واتای ئایەتی: ﴿إِلاَّ الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَـى﴾ - بە پێی تەفسیر و بۆچوونێـك - ئەوەیە کە:

پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە کاتی ئەنجامدانی کـاری پێغەمبەرێتی‌یەکەیدا جگـە لە خۆشویستنی ئالی بەیتەکەی هیچ پاداشتێکی تری لە کەس ناوێت.

ئەگەر بوترێت:

کەواتە بەپێی ئەم واتایە پاداشتێك لـە ڕووی خزمایەتی‌یـەوە ڕەچاو کراوە، کەچی ئایەتی پیرۆزی: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أَتْقَاكُمْ﴾ (الحجرات:١٣) بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەرکی پێغەمبەرایەتی‌یەکـەی لـە ڕووی: (خـۆ نزیـك کردنەوەی مرۆڤەوە لە خـوای گـەورە، بـە تـەقوا) بـەردەوام دەبێـت.. نـەك لـە ڕووی (خزمایەتی‌یەوە)!

لە وەلامدا دەڵێین:

پێغەمبەر ﷺ بەو ڕوانینە هاوڕاز و ئاشنا لەگەڵ غەیبەی کـە خـوای گـەورە پێی بەخشیبوو، بینیبووی کە: لە داهاتوودا ئالی بەیتی وەك درەختێکی مەزن و نوورانییان لـێ دێـت؛ لـق و پـەل بـۆ سـەرجەمی جیـهانی ئیسـلام دەهـاون و.. زۆربـەی ڕەهـا و گشـتیی ئـەو کەسـانەش کـە چینـە جیاجیاکـانی جیـهانی ئیسلامی بەرەو خێر و ڕاستە شـەقامی هیدایـەت ڕێنمـایی دەکـەن و، نموونـەی بەرجەستەی هەموو کەمالاتی مرۆڤن، لەناو ئالی بەیتدا سەر هەڵدەدەن.

هەروەها پەردەی لە ڕووی ئەوەش لاداوە کە دوعای نەتەوەکەی لە تەحیاتی نوێژدا سەبارەت بە "ئالی بەیت" لای خوای گەورە گیرا بووە، کە بریتی‌یە لە:

"اللهم صل على محمدٍ وعلى آل محمد، كما صليت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم في العالمين، انك حميد مجيد".

واتە: هەروەك زۆربەی ڕابەرانی نوورانی و هیدایەتدەرانی نەتەوەی حەزرەتی ئیبراهیم - دروودی لەسەر بێت - پێغەمبەرن و لە نەوە و ئالی ئەون.. بە هەمان جۆر، پێغەمبەر ﷺ بینیویەتی کە قوتبەکانی ئالی بەیت لە داهاتووی نەتەوەی حەزرەتی موحەممەددا ﷺ بە چەشنی پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل ئەرکی مەزنی خزمەتگوزاریی هەمەلایەنە و جۆراوجۆری ئایینی ئیسلام دەگرنە ئەستۆ و ڕایدەپەڕێنن..

لەبەر ئەمەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ دراوە کە بڵێت: ﴿قُلْ لا أَسْئَلُكُم عَلَيْهِ أَجْراً إِلاّ الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى﴾ و، داوای خۆشویستنی ئالی بەیتی لە نەتەوەکەی کردووە.

ئەو بەڵگەیەش کە پشتی ئەم ڕاستی‌یە دەگرێت ئەوەیە کە لە ڕیوایەتی تردا هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "يا أيها الناس إني قد تركت فيكم ما إن أخذتم به لن تضلّوا: كتاب الله وعترتي أهل بيتي"(١). چونکە ئالی بەیت سەرچاوە و پارێزگارانی سوننەتی خاوێنی پێغەمبەرن ﷺ و، یەکەم کۆمەڵن شوێن پێ هەڵگرتنی سوننەتیان لە ئەستۆ نراوە.

---

(١) حديث صحيح، أخرجه الترمذي برقم: ٣٧٨٦ والطبراني في الكبير: ٢٦٨٠ وللحديث شواهد كثيرة. أنظر الأحاديث الصحيحة رقم: ١٧٦١. (وەرگێڕ - لەچاپە عەرەبی‌یەکەی "اللمعات"ەوە)

به‌م جۆره‌ و به‌م واتا و ناوه‌رۆكانه‌ی ئێستا لێره‌دا باس كـران، ڕاستیی ئـه‌م فه‌رمووده‌یه‌ ڕوون ده‌بێته‌وه‌. واته‌ به‌ شوێنكه‌وتنی ته‌واوه‌تیی قورئان و سـوننه‌تی پیرۆز..

به‌ واتایه‌كی تر:

مه‌به‌ست لـه‌ ئالی بـه‌یت لـه‌ ڕووی ئـه‌ركی پێغه‌مبه‌رایه‌تی‌یـه‌وه‌ شـوێن پـێ هه‌ڵگرتنی سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ره‌ ﷺ. چونكه‌ ئه‌و كه‌سه‌ی واز له‌ سـوننه‌تی پیرۆز ده‌هێنێت - لـه‌ ڕاستیدا - لــه‌ ئـالی بـه‌یت نـاژمێررێت و، هـه‌رگیز نـاكرێ لایه‌نگری ڕاسته‌قینه‌ی ئالی به‌یت بێت.

پاشـان حیكمـه‌تی ویستی پێغه‌مبـه‌ر ﷺ لـه‌ كۆكردنـه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌كـه‌ی لــه‌ ده‌وری ئالی به‌یتدا ئه‌وه‌یه‌ كه‌:

پێغه‌مبه‌ری ئـازیز ﷺ به‌ ڕوخسـه‌تێكی خوایی، زانیبووی: به‌ تێپـه‌ڕبوونی كات وه‌چه‌ی ئالی به‌یت زیاد ده‌بن و ئایینی ئیسلامیش لـه‌ ژیـانی موسـڵمانانـدا بـه‌ره‌و لاوازی ده‌ڕوات، جـا لـه‌ كـاتێكی ئـاوادا كۆمـه‌ڵێكی هاوپــه‌یوه‌ندی و یه‌كگرتووی له‌وپه‌ڕی هێز و زۆریـدا بۆ موسـڵمانان به‌ پێویسـت داده‌نرێـت، تاكو ببێت به‌ مه‌ڵبه‌ند و ته‌وه‌ره‌یه‌ك بۆ بـه‌ره‌و پێـش چوونـی جیـهانی مه‌عنـه‌ویی ئیسـلام. پێغه‌مبـه‌ر ﷺ ئه‌مـه‌ی بـه‌ "ڕوخســه‌تی خـوای گــه‌وره‌" زانیــوه‌ و، ویستوویه‌تی نه‌ته‌وه‌كه‌ی خـۆی لـه‌و ڕۆژگارانـه‌دا لـه‌ ده‌وری ئالی بـه‌یتی جـه‌م بكات.

بـه‌ڵێ، هه‌رچـه‌ند لـه‌ ئیمـان و بیر و بـاوه‌ڕدا ئـالی بـه‌یت پێشـكه‌وتووتر نـین به‌سه‌ر كه‌سانی تردا، به‌ڵام له‌ ملكه‌چبوون و لایه‌نگرتن و "وه‌لاء"دا بۆ ئیسلام گه‌لـێ پێشیان ده‌كـه‌ون، چونكـه‌ ئـه‌وان بـه‌ فیطـــره‌ت و وه‌چـه‌ و سروشـت وه‌لائیـان بـۆ ئیسـلامه‌، وه‌ك ئاشـكراشـه‌ لایـه‌نگیری و وه‌لائـی سروشـتی، بـا

لاواز و نادیار و تەنانەت لەسەر ناحەقیش بێت، لە لایەن خاوەنەکەیەوە وازی لێ ناهێنرێت، چ جای وەلاء و لایەنگیری بۆ ڕاستییەك كە زنجیرەی باپیرانی پەیوەستی بوون و گیانیان لە پێناودا بەخت كردووە و شەرەفمەندی و سەربەرزییان پێ بەدەست هێناوە. دیارە ڕاستیی ئاوا، لەوپەڕی هێز و لە چلەپۆپەی شەرەفمەندیدایە و، لەسەر ڕێی "ڕاست"ی ڕوون و ئاشكرایە.

ئایا كەسێك بە ڕوونی لە ناخی خۆیدا هەست بە مەودای ڕەسەنایەتیی ئەم وەلاء و لایەنگیرییە سروشتییە بۆ ئیسلام بكات، دەتوانێت دەستبەرداری بێت و وازی لێ بهێنێت؟

جا ئالی بەیت بەم دەست پێوەگرتنە توند و گەرمەیان بە ئیسلامەوە - كە ئیلتیزام و دەست پێوەگرتنێكی سروشتییە - "نیشانەی ئاسایی" لەسەر ڕاستیی ئایینی ئیسلام وەك "بەڵگەی بەهێز" وایە لە لایان، چونكە ئەوان بە سروشت لایەنگری ئیسلامن. بەڵام كەسانی تر دوای قەناعەت كردنیان نەبێ لە ڕێی "بەڵگەی بەهێز"ەوە، ئیلتیزام بە ئیسلامەوە ناكەن!

مەکتووبی هەشتەم:

شەفەقەت لە خۆشەویستی بلّندترە

باسمە سبحانە

﴿وَإِنْ مِنْ شَيءٍ إلاّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

گەلێ دانستی زۆر لەوەدا هەیە کە هەردوو ناوی: "الرحمن الرحیم" ڕۆشتوونەتە ناو "بەسمەلە"وە و، لە سەرەتای هەموو کارێکی گرنگیشەوە دەوترێن..

پشت بە خوا ڕوونکردنەوەی ئەو دانستانە بۆ کاتێکی تر هەڵدەگرین. بەڵام لێرەدا لە هەست و نەستێکی تایبەت بە خۆم دەدوێم.

برام! من دەبینم دوو ناوی "الرحمن الرحیم" نوور و ڕووناکی‌یەکی ئەوتۆیان هەیە کە دەوراندەوری سەرانسەری گەردوونی داوە و، هێندەش هێز و درەخشانییان بۆ هەموو ڕۆحێك تێدا دەبینم کە سەرجەمی پێداویستی‌یە هەمیشەییەکانیان نەهێڵێت و لە دوژمنە زۆر و لەژمارە بەدەرەکانیشیان ڕزگاریان بکات..

چونکە بۆم دەرکەوت کە گرنگترین هۆکار و ڕێی گەیشتن بەم دوو نوورە مەزنە بریتی‌یە لە: "هەژاری لەگەڵ شوکرانەبژێری" و "کۆڵەواری لەگەڵ شەفەقەت"دا..

بە واتایەکی تر بریتی‌یە لە: "بەندایەتی" و "هەژاری".

جا بە بۆنەی ئەم مەسەلەیەوە، من بە پێچەوانەی ڕای زانا لێکۆڵەرەکان، تەنانەت بە پێچەوانەی ڕای مامۆستاکەشم کە ئیمامی ڕەبیانی‌یە، دەڵێم:

ئەو هەست و سۆزە توندوتیژ و درەخشانەی کە حەزرەتی یەعقووب بەرامبەر بە حەزرەتی یووسف - درووودیان لەسەر بێت - دەری بڕیوە، هەڵقوڵاوی "عیشق" و "مەحەبەت" نین، بەڵکو لە کانیاوی شەفەقەتەوە هەڵقوڵاون. چونکە شەفەقەت لە عیشق و مەحەبەت کاریگەرترە و لە هەردوو کیشیان درەخشانتر و بەرزتر و خاوێنترە. کەواتە شەفەقەت شایانترە بۆ پلە و پایەی "نبووەت".

بەڵام "مەحەببەت" و "عیشق" شایانی پلە و پایەی نبووەت نین، گەر بە توندی ئاراستەی خۆشەویستانی مەجازی و بەدیهاتووان بکرێن.

واتە ئەو هەست و سۆزانەی حەزرەتی یەعقووب بەرامبەر بە حەزرەتی یووسف - درووودیان لەسەر بێت - کە قورئانی پیرۆز لە درەخشانترین شێوە و بریسکاوەترین ئیعجازدا باسی کردووە و هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ناوی "الرحیم"ی خوای گەورە، بریتی‌یە لە پلەیەکی یەکجار بەرز و بڵندی "شەفەقەت".

بەڵام "عیشق" کە هۆی گەیشتنە بە ناوی "الودود"ی خوای گەورە، لە خۆشەویستیی "زولەیخا"ی خێزانی عەزیزدا بۆ حەزرەتی یووسف - درووودی لەسەر بێت - دەبینرێت.

کەواتە قورئانی پیرۆز لە چ مەودایەکی بڵند و باڵادا بەرزیی هەست و سۆزەکانی حەزرەتی یەعقووب بەسەر هەست و سۆزەکانی زولەیخادا ڕوون دەکاتەوە، لە هەمان مەوداشدا بەرزیی "شەفەقەت" لە چاو "مەحەبەت"دا دەخاتە ڕوو!

مامۆستاكه‌م (ئیمامی ڕه‌ببانی)(١) فه‌رموویه‌تی:

"جوانیی حه‌زره‌تی یووسف له‌ جۆری جوانی‌یه‌كانی دواڕۆژ بووه. كه‌واته ئاراسته‌ كردنی مه‌حه‌ببه‌ت به‌رامبه‌ر به‌و جوانی‌یه له‌ جۆری مه‌حه‌ببه‌ته مه‌جازی‌یه‌كان نی‌یه، هه‌تا قسوور و ناته‌واویی بدرێته‌ پاڵ"(٢)..

---

(١) "ئیمامی ڕه‌ببانی" (٩٧١-١٠٣٤ ك) ناوی (ئه‌حمه‌دی كوڕی عه‌بدولئه‌حه‌د)ه و خه‌ڵكی (سه‌رهه‌ند)ی هیندستانه و نازناوی به "فاررووقی" بڵاوبووه‌ته‌وه چونكه له‌ نه‌وه‌ی حه‌زره‌تی عومه‌ری كوڕی خه‌تتابه، خوای لێ ڕازی بێت. نوێكاری ئایین(مجدد) بووه له سه‌ره‌تای هه‌زاره‌ی دووهه‌می كۆچیدا و به ڕاستیش ئه‌ركی تازه‌كردنه‌وه‌ی به‌جێ هێناوه. له زانسته‌كانی سه‌رده‌می خۆیدا ده‌ستێكی تابلێی باڵای بووه، جگه له‌وه‌ی كه خاوه‌نی ده‌روونێكی پاك و ئیخلاسێكی كه‌م وێنه و ڕۆحێكی په‌روه‌رده‌كراو بووه له به‌ندایه‌تییدا بۆ خوای گه‌وره و، دڵێكی هه‌میشه بێداری بووه. چه‌ندین جار پله‌وپایه‌ی به‌رزی دراوه‌تێ هیچیانی وه‌رنه‌گرتووه. ئه‌و ئاشووبه‌ی (ئه‌كبه‌رشا)ی هیند بۆ له‌ناوبردنی ئیسلام هه‌ڵی گیرساند، ئه‌م زاته توانیی به‌ره‌نگاری ببێته‌وه و ڕووبه‌ڕووی ڕابووه‌ستێت و ده‌وڵه‌تی مه‌غۆل له هیندستاندا له "ئیلحاد" و "بێ بڕوایی" و "به‌رهه‌می"یه‌وه بگێڕێته‌وه بۆ باوه‌شی ئیسلام له ڕێی بڵاوكردنه‌وه‌ی په‌یڕه‌وی به‌یعه‌ت و برایه‌تی و ڕێنمایی خه‌ڵكی‌یه‌وه و، توانیی (ته‌صه‌ووف) له‌و شتانه‌ی تێكه‌ڵی بووبوون و لێیان كردبوو، پاك بكاته‌وه. به‌م پێیه ئیمامی ڕه‌ببانی به خۆری تیشكداری قوتابخانه‌ی نه‌قشبه‌ندی ده‌ژمێررێت له ته‌صه‌ووفدا. بانگه‌وازه‌كه‌ی به شێوه‌یه‌كی به‌ربڵاو له نیوه دوورگه‌ی هینددا بڵاو بووه‌وه و، یه‌كێك له به‌روبوومه‌كانی (ئۆرنگ زیب)شای خواناس بوو كه له سه‌رده‌می فه‌رمانڕه‌وایی ئه‌ودا سه‌ری ئیسلام و موسڵمانان به‌رز بووه‌وه و كافرانیش سه‌رشۆڕ كران. ته‌ریقه‌ته‌كه‌ی به‌هۆی گه‌وره زانا و كه‌سایه‌تیی به‌ناوبانگی كورد: "مه‌ولانا خالیدی نه‌قشبه‌ندی"یه‌وه (١١٩٢-١٢٤٢ ك) له هه‌موو جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبووه‌ته‌وه.. چه‌ند به‌رهه‌مێكی دوای خۆی به‌جێ هێشتووه، به‌ناوبانگه‌كه‌یان "مه‌كتووبات"ه كه "محه‌مه‌د موراد مه‌نزیله‌وی" كردوویه‌تی به عه‌ره‌بی. هه‌روه‌ك له‌م ساڵانه‌ی دواییدا (ساڵی ١٤٢٥ كۆچی) مامۆستا محه‌مه‌د ئه‌یووبی گه‌نجی له سنه لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی ڕێكوپێكی له ده‌قه فارسی‌یه‌كه‌ی مه‌كتووباتدا به ئه‌نجام گه‌یاندووه و، له لایه‌ن ئینتیشاراتی صدیقی له زاهیدان به چاپێكی قه‌شه‌نگ و به‌رگێكی جوان بڵاو كراوه‌ته‌وه. خوا پاداشتی خێریان بداته‌وه. (وه‌رگێڕ)

(٢) بڕوانه: (مكتوبات الإمام الرباني) ج٣/ص١٣٤ مه‌كتووبی سه‌دهه‌م. (وه‌رگێڕ)

چونکە ئیمامی ڕەببانی پێی وایە عیشقی مەجازی بە تەواوی شایانی مەقامی "پێغەمبەرایەتی" نییە.

بەلاّم من دەلّێم:

ئەی مامۆستای بەڕێزم!

ئەمە تەئویلێکی دژوارە! دەبێ حەقیقەت بەم جۆرە بێت:

ئەو هەست و سۆزانە، هەست و سۆزی "مەحەببەت" نین، بەلّکو پلەیەکی "شەفەقەت"ن کە سەد هێندەی مەحەببەت درەخشانتر و فراوانتر و بەرز و بلّندترە.

بەلّێ، هەموو جۆرەکانی "شەفەقەت" ناسك و خاوێنن.. بەلاّم زۆر جۆری "عیشق" و "مەحەببەت" هەن کە تەنازولیان بۆ ناکرێت!

پاشان ئەوەش هەیە کە "شەفەقەت" فراوانە، چونکە ئەو باوکەی کە شەفەقەتی بۆ منالّەکانی خۆی هەیە، بەرامبەر هەموو منالّێکی بچووك تەنانەت بەرامبەر گیانلەبەرانیش خاوەنی شەفەقەت و بەزەییە و، بەم کارەش یەکێك لە نوورەکانی ناوی "الرحیم"ی خوای گەورە دەردەخات کە دەورانـدەوری هەموو شتێکی داوە. بەلاّم "عیشق" خۆشەویستیی مرۆڤ تایبەت دەکات تەنها بە خۆشەویستەکەی خۆی، بە ڕادەیەك کە لەو پێناوەدا واز لە هەموو شتێکی تر دەهێنێت، یان بە شێوەیەکی ناوەکی(ضمني) زەمی ئەوانی تر دەکات و، لە شان و شکۆیان دادەبەزێنێت، تاکو ڕێز و بایەخی خۆشەویستەکەی بەرز ڕابگرێت!

بۆ نموونە یەکێك لە عاشقان وتوویەتی:

(خۆر کاتێ جوانیی خۆشەویستەکەم دەبینێت شەرم دەیگرێت و لە پشت پەردەی هەورەوە خۆی دەشارێتەوە، تاکو نەیبینێت)!

ئه‌ی عاشقی شه‌یدا! به‌ چ مافێك "خۆر" شه‌رمه‌زار ده‌كه‌یت، كه‌ لاپه‌ڕه‌یه‌كی هێنده‌ نوورانی‌یه‌ هه‌شت ناوی مه‌زنی خوای گه‌وره‌ ده‌رده‌خات؟!

پاشان ئه‌وه‌ش هه‌یه‌ كه‌ "شه‌فه‌قه‌ت" بێگه‌رده‌ و هیچ خواستێكی له‌ شه‌فه‌قه‌ت پێدا هاتووه‌كه‌ ناوێت! كه‌واته‌ خاوێنه‌ و داوای پاداشت ناكات. به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئه‌مه‌: شه‌فه‌قه‌تی دایكانی گیانله‌به‌رانه‌ كه‌ ئاوێته‌ی خۆبه‌خت كردنه‌ و له‌ نزمترین پله‌ی شه‌فه‌قه‌تدایه‌، چونكه‌ هیچ شتێكی له‌ به‌رامبه‌ر شه‌فه‌قه‌ته‌كه‌یه‌وه‌ ناوێت..

كه‌چی "عیشق" پاداشتی ده‌وێ.. گریه‌ و زاریی عاشقان جۆرێكه‌ له‌و داواكاریی حه‌ق و پاداشته‌!

كه‌واته‌ شه‌فه‌قه‌تی حه‌زره‌تی یه‌عقووب - دروودی له‌سه‌ر بێت - كه‌ دره‌خشانترین نووره‌ له‌ دره‌خشانترین سووره‌تی قورئان (سووره‌تی یووسف)دا، هه‌ردوو ناوی جوانی: "الرحمن الرحیم" ده‌رده‌خات و ڕایده‌گه‌یه‌نێت كه‌:

"شه‌فه‌قه‌ت" ڕێگای به‌زه‌یی و میهره‌بانی‌یه‌.

ئنجا چاره‌سه‌ری ئازاری ئه‌و شه‌فه‌قه‌ته‌ش بریتی‌یه‌ له‌:

﴿فالله خيرٌ حافظاً وهو أرحمُ الراحمين﴾! (یوسف:٦٤).

الباقي هو الباقي

سه‌عیدی نوورسی

مزگێنییەكانی تەوحید

باسمه سبحانه

﴿وَإِنْ مِنْ شَيءٍ إلاّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

(لا إله إلا الله، وحده، لا شريك له، له الملك، وله الحمد، يحيي، ويميت، وهو حي لا يموت، بيده الخير، وهو على كل شيء قدير، وإليه المصير)[1].

(ئەم ڕستەیە كە پوختەی تەوحیدە، بریتییە لە یازدە وشە و، خوێندنی لە پاش نوێژی بەیانی و شێوان گەلێ بەهرە و سوودی زۆری تێدایە، بە ڕادەیەك كە ڕیوایەتێكی صەحیح ئەم ڕستەیەی لە پلەی "ئیسمی ئەعزەم"دا داناوە. كەواتە بەلاتەوە سەیر نەبێت كە هەموو وشەیەكی ئەم ڕستەیە ئومێدێكی شیفابەخش و مزگێنییەكی دڵخۆشكەری لێ بچۆڕێت و، دارای پلەیەكی مەزن بێت لە پلەكانی "تەوحیدی پەروەردگاری" و، لە گۆشەی "ئیسمی ئەعزەم"یشەوە: مەزنیی یەكتایی و.. تەواوەتیی تەوحید، ڕوون بكاتەوە.

جا لەبەر ئەوەی ئەم ڕاستییە فراوان و بەرزانە بە تەواوی لە "وتەكان"دا ڕوون كراونەتەوە، ئەوا خوێنەری بەڕێز ڕەوانەی ئەوێ دەكەین. بەڵام لێرەدا، لەبەر بەڵێنێكی پێشینە، لە شێوەی پوختەیەكی زۆر كورتدا و، بە پێشەكییەك و دوو مەقام، پێڕستێك بۆ ئەم ڕستەیە دادەنێین).

---

(١) صحيح، رواه البخاري ومسلم وأبو داود والنسائي وأحمد والطبراني وابن خزيمة.

پێشەكی

بەوپەڕی دڵنیاییەوە بزانە كە: بەرزترین ئامانجی بەدیهاتن و، مەزنترین ئەنجامی "سروشت"ی مرۆڤایەتی: "باوەڕبوونە بە خوای گەورە".. هەروەها بزانە كە: بڵندترین پلەی مرۆڤایەتی و، باشترین پایەی ئادەمیزاد: "ناسینی خوا"یە كە لەو باوەڕبوونەدایە.. بیشزانە كە: خۆشترین و جوانترین بەختەوەری و، شیرینترین نیعمەتی ئادەمیزاد: "خۆشویستنی خوایە" كە هەڵقوڵاوی ناسینی ئەوە .. ئەوەش بزانە كە: پوختترین شادمانی بۆ گیانی مرۆڤ و، خاوێنترین كامەرانی بۆ دڵی، بریتییە لەو "تام و چێژە ڕۆحی"یەی كە لەو خۆشویستنەوە نم نم دادەچۆڕێت.

بەڵێ، هەموو جۆرەكانی بەختەوەریی ڕاستەقینە و، دڵخۆشیی بێگەرد و، نیعمەتی تەواوەتی، لە: "ناسین" و "خۆشویستنی خوای گەورەدایە". چونكە هیچ بەختەوەری و دڵخۆشی و نیعمەتێكی ڕاستەقینە، بێ ئەو ناسین و خۆشویستنەی خوای گەورە، لەكایەدا نییە.

جا هەركەس بە ڕاستی خوا بناسێت و دڵی لە نووری خۆشویستنی ئەو خوایە پڕ بووبێت، شایانی بەختەوەرییەكی بێ كۆتایی و نیعمەتێكی نەبڕاوە و چەندەها نوور و نهێنیی لە بن نەهاتوو دەبێت. ئنجا هەروەك شایانیانە، لە پاشانیشدا هەموو ئەمانەی، چ لە ڕاستی و واقیعدا، چ لە توانا و لێهاتنی خۆیدا، دەستگیر دەبێت و بۆی دێنەدی. بەڵام ئەو كەسەی كە بەدیهێنەری خۆی بە ڕاستی ناناسێت و، دڵیشی بێ بەهرەیە لەو خۆشویستنەی كە خوای گەورە شایانیەتی، ئەو كەسە، گرفتاری بەدبەختییەكی ماددی و مەعنەویی هەمیشەیی و، دووچاری چەندین ئازار و وەهمی لەژمارەبەدەر دەبێت.

بەڵێ، ئەم مرۆڤە نەگبەتەی کە لە ئەنجامی لەدەستچوونی پارێزگار و خاوەنەکەی، بە ئازارەوە دەتلێتەوە و، لەتاو بێ مەبەستی و بێ نرخیی ژیانی لە نیگەرانیدایە و، لە نێوان چەند کۆمەڵە مرۆڤێکی بێ دەستەڵات و کلۆڵدا، لاواز و دەستەوسانە.. ئەو کەسە، گەر پادشای هەموو دنیاش بێت، چ سوودێکی پێ دەگات و، لە دەست ئەو دەردەی کە گیرۆدەی بووە چی رزگاری دەکات؟!

ئەم مرۆڤە نیگەرانەی کە لە گێژاوی ئەم ژیانە فانی و تیاچووەدا و، لە نێوان چەندین کۆمەڵە مرۆڤی بەرباد و بێ خاوەندا، گرفتاری شڵەژاوی و دڵە تەپێ بووە.. گەر پەروەردگار و خاوەنی راستەقینەی خۆی نەدۆزێتەوە و بە راستی نەیناسێت، چەندە مرۆڤێکی بەدبەختە! بەڵام گەر پەروەردگار و خاوەنی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوا هانا بۆ سایەی میهرەبانیی فراوانی ئەو دەبات و پاڵ بە شکۆمەندیی دەستەڵاتی رەهای ئەو خوایە دەداتەوە. ئیتر ئەم دنیا سامناکەی بۆ دەبێت بە باخچەیەکی دڵگیری دڵرفێن و، بازارێك بۆ بازرگانییەکی بەکەڵکی سوودبەخش.

مەقامی یەکەم

هەموو وشەیەك لە وشەکانی ئەم گوفتارە تەوحیدییە رەنگینە، مزگێنییەکی دڵخۆشکەر و هیوا و ئومێدێکی گەرموگوڕ دەبەخشن و، هەموو مزگێنی و مژدەیەکیش شیفا و چارەسەرن و، هەموو یەکێك لەو شیفایانەش دارای چێژ و لەزەتێکی مەعنەوی و حەوانەوەی رۆحین.

◆ **وشەی یەکەم:** "لا إله إلا الله".

ئەم وشەیە مژدەیەکی گەورە و هیوایەکی دڵخۆشکەری وەك ئەمەی خوارەوەی لێ دەچۆڕێت:

"گیان"ی مرۆڤ كه‌ تامه‌زرۆ و ئاره‌زوومه‌ندی چه‌ندین پێداویستیی بێ سنووره‌ و، له‌ هه‌مان كاتیشدا گیرۆده‌ی داوی چه‌نده‌ها دوژمنی له‌ژماره‌ به‌ده‌ره‌. ئه‌م گیانه‌ی كه‌ ئاوا گرفتاری نێوان چه‌ندین پێویستیی بێ سنوور و دوژمنی له‌راده‌به‌ده‌ره‌.. له‌م وشه‌یه‌دا سه‌رچاوه‌یه‌كی پڕ و به‌پیتی یارمه‌تیدانی ده‌ستگیر ده‌بێت. چونكه‌ ئه‌م وشه‌یه‌ ده‌رگای چه‌نده‌ها گه‌نجینه‌ی میهره‌بانیی فراوان له‌ به‌رده‌م گیانی مرۆڤدا ده‌كاته‌وه‌ كه‌ گشت پێویستی‌یه‌كانی ئه‌و دابین ده‌كه‌ن..

هه‌روه‌ها ئه‌م وشه‌یه‌ پاڵپشت و پشتگیرێكی وا توندتۆڵ و مه‌حكه‌می بۆ گیانی مرۆڤ تێدایه‌ كه‌ هه‌رچی شه‌ڕ و خراپه‌ و زیان هه‌ن، دووریان ده‌خاته‌وه‌ له‌و گیانه‌. چونكه‌ هێزی خاوه‌نه‌ ڕاسته‌قینه‌كه‌ی خۆی پیشان ده‌دات و، بۆ لای خاوه‌ن و به‌دیهێنه‌ر و به‌توانست و په‌رستراوی خۆی ڕێنمایی ده‌كات..

كه‌واته‌ ئه‌م وشه‌یه‌ به‌م بینینه‌ ڕاست و ئاشنا كردنه‌ی مرۆڤ به‌ خواوه‌ندی تاك و ته‌نیای خۆی، "دڵ"ی مرۆڤ له‌ تاریكیی بێ هاوده‌می و وه‌هم و گومان ده‌رباز ده‌كات و "گیان"یشی له‌ ئازاری خه‌م و په‌ژاره‌ ده‌پارێزێت و، دڵخۆشی‌یه‌كی هه‌میشه‌یی بۆ ده‌سته‌به‌ر ده‌كات.

◆ **وشه‌ی دووهه‌م: "وَحْدَهُ".**

ئاسۆی ئه‌م وشه‌یه‌، تریفه‌ی هیوایه‌كی دره‌خشانی لێ هه‌ڵهاتووه‌ و، مژده‌یه‌كی دڵخۆشكه‌ری به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌ی له‌گه‌ڵ خۆدا هێناوه‌:

"گیان" و "دڵ"ی مرۆڤ، كه‌ له‌ ژێر پاڵه‌په‌ستۆی چه‌ندین په‌یوه‌ندیی به‌تینیان به‌ زۆربه‌ی بوونه‌وه‌رانه‌وه‌، ماندوویی زۆری بۆ هێناون، به‌ڵكو تا ڕاده‌ی خنكانیش گرفتاری ته‌نگه‌نه‌فه‌سی بوون.. گیان و دڵی مرۆڤ كه‌

گیرۆدەی ئەم بارە پەشێوەن، لەم وشەیەدا دالدەیەکی "بێ وەی"یان دەستگیر دەبێت کە لەو مەترسی و گێژاوانە ڕزگاریان دەکات.

واتە وشەی: "وحده" لە واتا و ناوەرۆکیدا دەڵێت:

خوای گەورە تاك و تەنیایە. کەواتە کاکی مرۆڤ! خۆت بەوە ماندوو نەکەیت کە زەلیلی لە ڕووی غەیری ئەودا بنوێنیت و لە ژێر ئەرکی منەت و ئازاریاندا بناڵێنیت!

نەخێر.. سەریان بۆ دامەنەوێنە و مەراییان لە ڕوودا مەنوێنە و.. بە هەناسەبڕکێ بە دوایاندا خۆت ماندوو مەکە.. لێیان مەترسە و لە بەردەمیاندا مەلەرزێ. چونکە پادشای هەموو گەردوون هەر یەکێکە و کلیلی هەموو شتێك تەنها لای ئەوە و جڵەوی هەموو شتێکی بەدەستە و، گشت گرێ کوێرە و تەنگانە و گیروگرفتێك بە فەرمان و ڕوخسەتی ئەو دەکرێنەوە و چارەسەر دەبن..

جا ئەگەر ئەوت دەست کەوت، ئەوا هەموو شتێکت دەست کەوتووە و داواکارییەکانت هاتوونەتەدی و، لە کۆڵە قورسەکانی منەت و ئازار و لە دەست دیلیی خەم و پەژارە و گومان، ڕزگار دەبیت.

◆ وشەی سێهەم: "لا شريكَ لَهُ".

واتە: هەروەك خوای گەورە یەکێکە و لە "خوایەتی"یەکەیدا هیچ دژ و نەیارێکی نییە، بە هەمان جۆر لە "پەروەردگاریتی" و کاروبارەکانی و بەدیهێنانیدا بۆ هەموو شتێك، خاوێن و بێ هاوبەشە. بە پێچەوانەی پادشایانی سەر زەوی، چونکە هەندێ جار ڕێ دەکەوێت کەسێکی پادشا لە "پادشایی"دا تەنیایە و کەس هاوبەشی نییە، کەچی لە "کاروبارەکانی"دا تەنیا نییە و خزمەتگوزار و کارمەندەکانی لە بەجێهێنان و ڕاپەڕاندنی

كاروباردا هاوبەشی ئەون و، دەتوانن نەیەڵن هەموان ملكەچی ئەو پادشایە بن و، كارێك بكەن خەڵكی لە پێشدا سەر لەوان بدەن و لە ڕێی ئەوانەوە كەسانی تر بە پادشا بگەن!

بەڵام خواوەندی حەق، كە پادشای ئەزەل و ئەبەدە، بەو جۆرە نییە. چونكە هەروەك لە پادشاییەكەیدا تاك و تەنیا و بێ هاوبەشە، بە هەمان جۆر لە پەروەردگارێتیشیدا هەرگیز پێویستی بە هاوبەش و یارمەتیدەر نییە بۆ جێبەجێ كردنی كارەكانی. چونكە گەر بە فەرمان و توانا و هێزی ئەو نەبێت، هیچ شتێك كار ناكاتە سەر شتێكی تر. ئەوەتا لەبەر ئەوەی بێ هاوبەش و یاریدەدەرە، ئەوا هەموان دەتوانن، بێ بوونی هیچ هۆكارێك، ڕاستەوخۆ بڕۆنە خزمەتی. ئنجا ئەو كەسەش كە دەڕواتە خزمەتی، هەرگیز پێی ناوترێت: نابێ بڕۆیتە خزمەت خوای گەورەت.

بەم جۆرە، دەركەوت كە ئەم وشەیە خەندەی هیوای لەسەر لێوە و، مژدەی كامەرانیی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە و، دەڵێت:

ئەو مرۆڤەی كە "گیان"ی بە نووری "ئیمان" ڕووناك بووەتەوە، لە هەر جێیەك بێت و بۆ هەر شوێنێك بڕوات، دەتوانێت – بە بێ هیچ پەردە و ڕێگرێك – لە بەردەم ئەو خواوەندە جوان و شكۆمەندە بەتوانا و خاوەن كەماڵەدا هەموو پێداویستییەكانی بدركێنێت و داوای هەموو ئەو شتانەش بكات كە سەرجەمی ئارەزووەكانی ئەوی پێ دڵنیا دەبن..

بەم جۆرە، تێكڕای داواكاری و پێویستییەكانی لە بەردەم ئەو میهرەبانییەدا دەردەخات كە خاوەنی گەنجینەكانی میهرەبانیی فراوانە و، تەنها بە هێزی ڕەهای ئەو پشت دەبەستێت، ئیتر ئەو كاتە دڵی ئەو مرۆڤە لە شادی و كامەرانی و خۆشی پڕ دەبێت.

◆ وشەی چوارەم: "لَهُ المُلكُ".

واتە: هەموو موڵکێك - بێ جیاوازی - هی ئەوە. تەنانەت تۆیش موڵکی ئەویت! هەروەك بەندەی ئەویت و کرێکارێکیت لە موڵکی ئەودا کار دەکەیت.

ئەم وشەیە، بۆنی هیوای لێ دێت و، مژدەیەکی شیفابەخشی لێ دەچۆڕێت و، دەڵێت:

کاکی مرۆڤ! تۆ خۆت بە خاوەنی خۆت مەزانە. نەخێر.. ئەوەتا ناتوانیت کاروبارەکانی خۆیشت بەڕێ بکەیت و لێت بوون بە بارێکی گران و کۆڵێکی وا قورس کە ناتوانیت لە بەڵا و گیروگرفت بیانپارێزیت و پێداویستییەکانی ژیانت ئامادە و مسۆگەر بکەیت. کەواتە بە خۆڕایی ئازار دەرخواردی خۆت مەدە و خۆت مەخەرە باوەشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بێ سوودەوە، چونکە موڵك هی تۆ نییە و هی یەکێکی ترە. ئەو خاوەن موڵکەش هەروەك بەتوانایە، میهرەبانیشە. کەواتە پاڵ بە توانستی ئەو میهرەبانە بەتوانایەوە بدە و.. میهرەبانییەکەی تۆمەتبار مەکە و.. توخنی شتی ئێڵ مەکەوە و.. شتانی ڕوون و خاوێن هەڵبگرە و.. دەست لەو کارە سەخت و دەردیسەرییانە دابشۆ و.. هەوای ئاسوودەیی و سەرفرازی هەڵبمژە و.. کامەرانی و بەختەوەری دەستی خۆت بخە.

هەروەها - ئەم وشەیە - بە مرۆڤ دەڵێت:

ئەم "بوون"ەی کە لە ناخەوە شەیدای بوویت و دڵی تۆی پێوە بەندە و، بۆ بەدبەختی و شڵەژاویی ئەو ئازار دەچێژیت و هەست بە دەستەوسانی و کۆڵەواریی خۆیشت لە چاککردنیدا دەکەیت.. ئەم "بوون"ە، هەر هەمووی موڵکی بەتوانایەکی میهرەبانە. کەواتە بە خاوەنەکەی خۆی بسپێرە. ئەو خۆی سەرپەرشتیی دەکات.. تۆ بە کامەرانی و خۆشییەکانی ژیان خۆت

به‌خته‌وه‌ر بكه‌ و، هه‌رگیز ئه‌شكه‌نجه‌ و گیروگرفته‌كانی دنیا ژیانت لێ تاڵ و لیڵ نه‌كه‌ن. چونكه‌ خواوه‌ند دانا و میهره‌بانه‌، به‌پێی دانایی و میهره‌بانیی خۆی له‌ موڵكی خۆیدا كاره‌كانی ڕایی ده‌كات.

خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ر كات سه‌رسامی و سه‌رسوورمان تینی بۆ هێنایت، ئه‌وا ته‌نها له‌ په‌نجه‌ره‌كانه‌وه‌ بڕوانه‌ و مه‌یانكه‌ره‌وه‌، به‌ڵكو تۆش وه‌ك "ئیبراهیم حه‌ققی"ی شاعیر[1] بڵێ:

ئاخۆ چ كارێك بكات ئه‌و یاره   هه‌رچی ئه‌و ده‌یكات جوانترین كاره

◆ وشه‌ی پێنجه‌م: "لَهُ الحَمْدُ".

واته‌: حه‌مد و سه‌نا و مه‌دح و ستایش و منه‌ت، ته‌نها هی ئه‌وه‌ و شایانی ئه‌وه‌، چونكه‌ هه‌موو نیعمه‌ت و به‌خششه‌كان ته‌نها له‌ لایه‌نی ئه‌وه‌وه‌ هاتوون و ڕێژنه‌ی گه‌نجینه‌ فراوان و هه‌میشه‌یی و له‌بن نه‌هاتووه‌كانی ئه‌ون.

به‌م جۆره‌، ئه‌م وشه‌یه‌ مژده‌یه‌كی جوان و ناسك به‌ مرۆڤ ده‌دات و ده‌ڵێت:

كاكی مرۆڤ!

ئازاری نه‌مانی نیعمه‌ت ده‌رخواردی خۆت مه‌ده‌، چونكه‌ گه‌نجینه‌كانی میهره‌بانی هه‌رگیز كۆتاییان پێ نایه‌ت.. له‌تاو نه‌مانی له‌زه‌ت هاوار مه‌كه‌، چونكه‌ ئه‌و نیعمه‌ته‌ ته‌نها یه‌ك دانه‌ به‌ری میهره‌بانی‌یه‌كی فراوانه‌ و، مادام دره‌خته‌كه‌ مابێت، به‌ره‌كانیشی یه‌ك له‌ دوای یه‌ك پێشكه‌ش ده‌كرێن.

---

(١) شاعیر و زانا و گه‌شتیار و زاهیدێكی مه‌زن و به‌ڕێزه‌ و خه‌ڵكی یه‌كێك له‌ گونده‌كانی سه‌ر به‌ شاری ئه‌رزرۆمه‌. له‌ نێوان ساڵه‌كانی (١٧٠٣-١٧٨٠ز)دا ژیاوه‌. لای زانایانی سه‌رده‌می خۆی وانه‌كانی خوێندووه‌، به‌ تایبه‌ت له‌ شارۆچكه‌ی "تیللۆ"ی سه‌ر به‌ پارێزگه‌ی "سیعرد". به‌ناوبانگترین به‌رهه‌مه‌كانی ناوی: "مه‌عریفه‌تنامه‌" و "گوڵده‌سته‌"یه‌. ئارامگاكه‌ی له‌ شاری "سیعرد"ه‌ كه‌ ئێستا پێی ده‌ڵێن: "سیرت". (وه‌رگێڕ)

هەروەها بیشزانە کە: لەزەتی نیعمەت خۆی لە خۆیدا چەندەیە، تۆی مرۆڤ دەتوانیت سەد ئەوەندە مەزن و خۆشتری بکەیت، ئەمەش بەوەی کە لەو نیعمەتەدا ئاوڕدانەوەی "میهرەبانی" ببینیت کە بەو نیعمەتە ڕێزی لێ ناویت. بینینی ئەم ئاوڕ لێدانەوەیەش بە شوکرانەبژێری و سوپاسگوزاریی ئەو میهرەبانی‌یە دەبێت. چونکە هەروەك ئەوەی گەر پادشایەکی مەزن - بۆ نموونە - سێوێکی بە دیاری بۆ ناردیت، ئەوا خودی دیاری ناردنەکە لەزەتێکی وای تێدایە کە گەلێ لە تامی ماددیی سێوەکە زیاترە، ئەویش لەزەتی ئاوڕ لێدانەوە و چاکەکاریی تایبەتیی پادشایە بەرامبەرت..

جا هەروەك ئەمە لەم نموونەیەدا وایە، وشەی: "الحمد لله"یش دەرگایەکی فراوانت لە بەردەمدا دەکاتەوە و، لەم دەرگایەوە تام و لەزەتێکی بێگەردی مەعنەوی دێتە ژوورەوە کە هەزار و یەك جار لە تام و چێژی خودی نیعمەتەکە بەتام و لەزەتترە. ئەمەش بە شوکرانەبژێری و سوپاسگوزاریی خوای گەورە دەست دەکەوێت، بەوەی کە لە ڕێی "نیعمەت"ەوە هەست بە "نیعمەت بەخشین" بکرێت. واتە: بەهۆی بیرکردنەوە لە نیعمەت بەخشین، نیعمەتبەخش بناسرێت. بە واتایەکی تر: بە بیرکردنەوە و بینینی ئاوڕدانەوەی "میهرەبانی" بۆ لات و شەفەقەت و سۆزی بۆت و بەردەوامیی بەخشینی نیعمەتەکانی پێت.

◆ وشەی شەشەم: "يُحْيِي".

واتە: هەر تەنها ئەوە کە ژیان دەبەخشێت و، هەر ئەوە کە بە ڕۆژیدان درێژەی پێ دەدات و، هەر ئەویشە کە هەرچی پێداویستی و پایەی ڕاگیرکەری ژیان هەن تێکڕا هەموویانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە و ئامادەیان دەکات. چونکە هەموو ئامانجە بەرزەکانی ژیان هی ئەون و گشت

ئه‌نجامه گرنگه‌كانیشی ڕوویان له‌وه. كه‌واته له سه‌دا نه‌وه‌د و نۆی ئه‌نجام و به‌روبوومه‌كانی ژیان بۆ ئه‌و خواوه‌نده مه‌زنه ده‌گه‌ڕێنه‌وه.

به‌م جۆره، ئه‌م وشه‌یه بانگ له‌م مرۆڤه ده‌سته‌وسان و فانی‌یه ده‌كات و، مژده‌ی ده‌داتێ و، گیانی هیوای تێدا ده‌بووژێنێته‌وه و، پێی ده‌ڵێت:

كاكی مرۆڤ! ده‌روونی خۆت ماندوو مه‌كه و، كۆڵه قورسه‌كانی ژیان مه‌خه‌ره ئه‌ستۆی لاوازی خۆته‌وه و، به خه‌م و په‌ژاره‌ی ته‌واوبوون و نه‌مانی ژیان خۆت مه‌توێنه‌ره‌وه.. هه‌ر كاتێ نه‌مانی نیعمه‌ته‌كانی ژیان و بێ نرخیی به‌روبوومه‌كانی ده‌بینیت، له تاو هاتنت بۆ ئه‌م ژیانه، بێزاری و په‌شیمانی ده‌رمه‌بڕه! بزانه "ژیان"ت كه "بوون"ی تۆی ئاوه‌دان كردووه‌ته‌وه، ته‌نها هی خواوه‌ندی "حيّ" و "قيّـــوم"ه. جا چونكه هی ئه‌وه، هه‌ر ئه‌ویش هه‌موو پێداویستی‌یه‌كانی ئه‌م ژیانه‌تی له ئه‌ستۆ گرتووه و هه‌ر ئه‌ویش دابینیان ده‌كات. ئه‌م ژیانه، به هه‌موو ئامانج و ئه‌نجامه زۆره‌كانیه‌وه، تێكرا هی ئه‌و خواوه‌ندەیه. تۆیش ته‌نها كرێكارێكی ئاساییت له كه‌شتیی "ژیان"دا كار ده‌كه‌یت. كه‌واته كاره‌كانت به باشی ڕاپه‌ڕێنه و، پاداشته‌كه‌ی وه‌ربگره و، له‌زه‌ته‌كه‌ی بچێژه.

ئنجا هه‌رگیز:

مه‌ودای مه‌زنیی ئه‌م ژیانه‌ی كه كه‌شتیی ده‌ریای "بوون"ه و..

مه‌ودای گه‌وره‌یی و مه‌زنیی سوود و به‌روبوومه‌كانی و..

مه‌ودای ده‌ست ڕه‌نگینی و فراوانیی میهره‌بانیی خاوه‌نه‌كه‌ی..

له یاد مه‌كه!

بیر له‌مانه بكه‌ره‌وه و، ئنجا له‌ناو ده‌ریای دڵخۆشیدا مه‌له بكه و، گه‌شبین به و، به‌رامبه‌ر به خاوه‌نه‌كه‌ت شوكرانه‌ی ئه‌و نیعمه‌تانه به‌جێ بهێنه كه به تۆی به‌خشیون.

هەروەها بزانە کە ئەگەر بە ڕێك و ڕاستی کارەکانی خۆتت ڕاپەڕاند، ئەوا ئاکامەکانی ئەم کەشتیی ژیانە لە پێش هەموو شتێکدا لە لاپەڕەی کردەوەکانی تۆدا تۆمار دەکرێن و، بەمەش ژیانێکی هەمیشەییت پێ دەبەخشرێت و، هەتاهەتایە بۆ خۆت دەژیت و دەمێنیت.

◆ وشەی حەوتەم: "وَيُمِيت".

واتە: هەر تەنها ئەوە کە مردن دەبەخشێت!

واتە هەر ئەوە کە لە دەست ئەرکی کارمەندیی ژیان دەتحەوێنێتەوە و، ئەم جێیەی دنیای فانیت دەگۆڕێت و، ئەرکی خزمەتگوزاریت لە کۆڵ دەکاتەوە و، لە بەرپرسیاریی فەرمانبەرداری ڕزگارت دەکات. بە واتایەکی تر: لەم ژیانە فانییەوە بۆ ژیانی هەمیشەیی دەتبات.

بەم جۆرە، ئەم وشەیە بە دەنگی بەرز و ئاوازی زولاڵ مزگێنی بە گوێی جینی و مرۆڤی فانیدا دەدات و، پێیان دەڵێت:

مژدە بێت! مردن: ئیعدام و.. بێ مەبەستی و.. هەڕەمەکی و.. قڕان و.. کوژانەوە و.. جودایی هەمیشەیی نییە. نەخێر بە هەڵەدا مەچن! مردن: نەمان و.. ڕێکەوت و.. تیاچوونی خۆیی بێ بکەر نییە. بەڵکو مردن: حەوانەوە و.. دەست پێ هەڵگرتنە لە کار لە لایەن خواوەندێکی کارا و دانا و میهرەبانەوە ئەنجام دەدرێت و.. گۆڕینی جێ و ڕێ و پایە و.. پێش خۆدان(سَوْق)ی مرۆڤە بەرەو بەختەوەریی هەمیشەیی کە نیشتمانی ڕاستەقینەیە. واتە: مردن دەرگای بە یەك شادبوونە لەگەڵ جیهانی بەرزەخدا، ئەو جیهانەی کە لە سەدا نەوەد و نۆی خۆشەویستانی تێدا کۆبوونەتەوە!

◆ وشەی هەشتەم: "وَهُوَ حَيٌّ لا يَمُوت".

واتە: ئەو کەماڵ و، جوانی و، چاکەکارییانەی کە بە ئاشکرا وان بەسەر ڕوخساری بوونەوەرانەوە و هۆی خۆشەویستین، هەموو ئەوانە (بە چەشنێکی

بێ سنوور و به‌ ڕاده‌یه‌ك وه‌سف كردنیان له‌تواناد‌ا نی‌یه‌ و به‌ ئه‌ندازه‌یه‌ك كه‌ له‌ سه‌رووی هه‌موو پله‌ به‌رزه‌كانه‌وه‌یه‌) له‌ خاوه‌نی جوانی و كه‌ماڵ و چاكه‌كاری‌یه‌وه‌ ده‌رده‌كه‌ون و ده‌دره‌وشێنه‌وه‌. چونكه‌ ته‌نها پرشنگێكی دره‌وشانه‌وه‌ی جوانیی ئه‌و خاوه‌ن جوانی‌یه‌ مه‌زنه‌، هه‌موو خۆشویستراوه‌كانی دنیا ده‌هێنێت..

جا ئه‌م خواوه‌نده‌ خۆشویستراوه‌، په‌رستراوه‌، خاوه‌نی ژیانێكی هه‌میشه‌یی و دوور له‌ هه‌موو ئاوێته‌یه‌كی نه‌مان و سێبه‌رێكی فه‌نایه‌ و، هیچ ناته‌واوی‌یه‌كی نایه‌ته‌ ڕێ.

كه‌واته‌ ئه‌م وشه‌یه‌، بۆ سه‌رجه‌می جیننی و ئاده‌میزاد و، تێكڕای كه‌سانی خاوه‌ن هه‌ست و ژیری و زیره‌كی و، گشت ئه‌هلی عیشق و خۆشه‌ویستی، ئه‌م مزگێنی‌یه‌ی خواره‌وه‌ ڕاده‌گه‌یه‌نێت و، ده‌ڵێت:

مژده‌ بێت! وا شنه‌ی هیوا و سروه‌ی خێر و خۆشی هه‌ڵی كرد!

چونكه‌ خۆشویستراوێكی ئه‌زه‌لی و هه‌تاهه‌تایی واتان هه‌یه‌ تیماری سه‌رجه‌می ئه‌و زامانه‌تان ده‌كات كه‌ له‌ ئه‌نجامی په‌ژاره‌ و جودایی هه‌میشه‌یی و به‌سۆی خۆشه‌ویسته‌ دنیاییه‌كانتانه‌وه‌ گرفتاریان بوون.. به‌ مه‌ڵهه‌می میهره‌بانیی خۆی ده‌ستی شیفابه‌خشیان به‌سه‌ردا ده‌هێنێت و تیماریان ده‌كات. چونكه‌ مادام ئه‌و هه‌یه‌ و ده‌مێنێته‌وه‌ و هه‌میشه‌ییه‌، ئه‌وا ئیتر هه‌موو شتێك ئاسانه‌. كه‌واته‌ خه‌م مه‌خۆن و دڵگران مه‌بن، ئه‌وه‌تا ئه‌و جوانی و چاكه‌ و كه‌ماڵه‌ی وای لێ كردوون شه‌یدای ئه‌و خۆشه‌ویستانه‌تان بن، ته‌نها تریفه‌یه‌كی یه‌ك سێبه‌ری لاواز بوو كه‌ له‌ درزی چه‌ندین په‌رده‌ی زۆره‌وه‌ لێتان ده‌ركه‌وت، ئه‌و سێبه‌ره‌ش هی ته‌نها یه‌ك ده‌ركه‌وتن و دره‌وشانه‌وه‌ی نێوان دره‌وشانه‌وه‌ زۆر و بێ سنووره‌كانی "جوانی"ی ئه‌و خۆشویستراوه‌ هه‌میشه‌ییه‌ بوو..

کەواتە نەمان و جودایی ئەوان ئازارتان نەدات، چونکە هەموو ئەوانە لە جۆرە ئاوێنەیەکی وێنەدەرەوە زیاتر هیچی تر نین. خۆ گۆڕینی ئاوێنەکانیش تیشکدانەوە و پرشنگە ڕەنگینەکانی ئەو جوانییە هەردەم نوێ دەکەنەوە و پتر جوانیی پێ دەبەخشن. جا مادەم ئەو هەیە و دەمێنێتەوە، ئەوا هەموو شتێکی تریش هەیە.

◆ **وشەی نۆهەم:** "بيدِهِ الخَيْرُ".

واتە: هەرچی خێرە تەنها بە دەستی ئەوە.. هەموو کارە چاکەکانتان لە تۆمارگای لای ئەو تۆمار دەکرێن و، هەموو کردەوە باشەکانیشتان لای ئەو دەنووسرێن.

ئەم وشەیە، بانگ لە جینێی و ئادەمیزاد دەکات و، مژدەیان دەداتێ و، هیوا و تاسەیان پێ دەبەخشێت و، دەڵێت:

هەژارینە!

کاتێ دنیا بەجێ دەهێڵن و ڕووەو گۆڕستان دەڕۆن، خەم مەخۆن و مەڵێن: "ئاخ و.. داخ و.. هاوار.. وا هەرچی سامانمان هەیە لە دەستمان چوو.. هەوڵ و تەقالامان بە خۆڕایی ڕۆشت.. لە دنیای فراوانەوە ڕۆشتینە ناو گۆڕی تەنگ و تار"!

نەخێر.. وا مەڵێن و نائومێد مەبن. چونکە هەرچییەکتان هەیە لای خوای گەورە پارێزراوە، هەر کردەوەیەکی باشتان بۆ خۆتان پێشخستووە لای ئەو تۆمار کراوە و نووسراوە، هیچ شتێك بە زایە ناڕوات و هیچ هەوڵێکیش لە بیر ناچێت. چونکە ئەو خواوەندە شکۆمەندەی کە "هەموو خێرێکی بە دەستە"، دوای ئەوەی کە لە خانەی کاتیی گۆڕدا دایانان، هێندەی پێ ناچێت بۆ لای خۆیتان بانگ دەکات و پاداشتی کردەوە چاکەکانتان دەداتەوە..

كه‌واته ئێوه گه‌لێ به‌خته‌وه‌رن كه كاره‌كانی خۆتان ته‌واو كردووه و، هیچ ئه‌ركێكتان له ئه‌ستۆدا نه‌ماوه و، ڕۆژگارانی ماندوویی و كاری قورستان كۆتایی پێ هات! ئه‌وه‌تا ئێستا بۆ وه‌رگرتنی پاداشت و كرێ و قازانجی كاره‌كانتان ده‌ڕۆن!

به‌ڵێ، ئه‌و خواوه‌نده شكۆمه‌نده‌ی پارێزگاریی تۆو و ناوكه‌كان ده‌كات، كه: لاپه‌ڕه‌ی كرده‌وه‌كان و.. ده‌فته‌ری خزمه‌تگوزاری و.. خانه و ژووره‌كانی كار و فرمانه‌كانی به‌هاری پێشوون و له‌م به‌هاره قه‌شه‌نگه‌دا به جوانترین كاڵا و له‌وپه‌ڕی دره‌خشانیدا و، به پیت و به‌ره‌كه‌تێكی تابڵێی زۆر و له ڕه‌نگینترین شێوه‌دا ده‌یانخاته ڕوو.. بێ گومان ئه‌م خواوه‌نده به‌توانایه، پاشه ڕۆژی ژیان و ئه‌نجامی كاره‌كانی ئێوه‌ش ده‌پارێزێت و، باشترین و زۆرترین پاداشتیشتان ده‌داته‌وه.

◆ وشه‌ی ده‌هه‌م: "وهوعلى كلّ شيءٍ قدير".

واته: ئه‌و خوایه تاك و ته‌نیایه.. توانای هه‌موو شتێكی هه‌یه.. هیچ شتێكی پێ گران و هیچ كارێكیشی به‌لاوه قورس نی‌یه. بۆ نموونه: به‌دیهێنانی به‌هارێك وه‌ك به‌دیهێنانی یه‌ك تاقه گوڵ و..دروستكردنی به‌هه‌شتیش به چه‌شنی دروستكردنی به‌هار لای توانستی ئه‌و ئاسانه. ئه‌وه‌تا گشت ئه‌و بوونه‌وه‌ره له ژماره به‌ده‌رانه‌ی كه هه‌موو ڕۆژێك.. هه‌موو ساڵێك.. هه‌موو چه‌رخێك به‌دییان ده‌هێنێت، به چه‌ندین زمانی له‌ژماره به‌ده‌ر شایه‌تی له‌سه‌ر توانستی بێ سنووری ئه‌و ده‌ده‌ن.

ئه‌م وشه‌یه، جگه له‌مه، مزگێنیش به مرۆڤ ده‌دات و، هیوای پێ ده‌به‌خشێت و ده‌ڵێت:

كاكی مرۆڤ! كاره‌كانت كه ڕاتپه‌ڕاندوون و، په‌رستشه‌كانت كه جێبه‌جێت كردوون، بێ ئه‌نجام نین و له ده‌ست ده‌رناچن. چونكه خانه‌یه‌كی

پاداشتدانەوەی هەمیشەیی و پلەیەکی بەختەوەریی شادمانت بۆ ئامادە کراوە. ئەوەتا بەهەشتێکی هەتاهەتاییت لە پێشدایە و بە تاسەمەندییەوە چاوەڕوانی گەیشتنی تۆیە تاکو بە دیدارت شاد ببێت. تۆیش لە بەڵێنی ئەو بەدیهێنەرە شکۆمەندەت دڵنیابە کە دەیپەرستیت و سوژدەی بۆ دەبەیت. مەحاڵە بەڵێنی خۆی نەباتەسەر. کەواتە پشت بەو بەڵێنەی ببەستە، چونکە توانستی ئەو هیچ لێڵی و ناتەواوییەك ڕووی تێناکات و، کۆڵەواری و لاوازییش ئاوێتەی کارەکانی نابێت. هەروەك باخچەیەکی بچووکی بۆ دروست کردوویت و ژیانیشی بەو باخچەیە بەخشیوە، دەشتوانێت بەهەشتێکی فراوانت بۆ بەدی بهێنێت. بەڵکو لە ڕاستیشدا بۆی بەدیهێناویت و بەڵێنی پێ داویت. خۆ مادەم بەڵێنی داوە، ئەوا دڵنیابە کە بەڵێنەکەی دەباتەسەر و بۆ ئەو بەهەشتەت دەبات.

هەروەها مادەم بە چاوی خۆمان دەبینین کە ئەم خواوەندە خاوەن توانستە ڕەهایە لە هەموو ساڵێکدا پتر لە سێ سەد هەزار جۆری ڕووەك و زیندەوەران، بە ڕێکوپێکیی تەواوەتی و، تەرازووی وردی سەرنەکەر و، بەوپەڕی خێرایی و ئاسانی، زیندوو دەکاتەوە.. هەر ئەم بەتوانا شکۆمەندە، دەتوانێت بەڵێنەکەی بباتەسەر.

هەروەها مادەم ئەم خوایەی کە دارای توانستی ڕەهایە، لە هەموو ساڵێکدا هەزاران نموونەی حەشر و بەهەشت، بە چەندین شکڵ و شێوەی جیا جیا، بەدی دەهێنێت.. مادەم لە هەموو فەرمانە ئاسمانییەکانیدا مژدە و بەڵێنی بەهەشت و بەختەوەریی هەمیشەیی ڕادەگەیەنێت.. مادەم هەموو کارەکانی تێکڕا حەق و ڕاستی و ڕاست و دروستن.. مادەم گشت ئاسەوارەکانی شایەتن لەسەر ئەوەی کە گشت کەماڵاتەکانی بەڵگەی خاوێنی و دووریی ئەون لە هەموو ناتەواوییەك.. مادەم پەیمان شکاندن و

به‌ڵێنی ساخته و درۆ و ده‌ستخه‌ڕۆ كردن و له‌خشته‌بردن، چه‌په‌ڵترین ڕه‌فتارن، سه‌رباری ئه‌وه‌ی كه به ناته‌واوی داده‌نرێن..

مادەم هەموو ئەمانە وان، ئەوا خواوەندی بەتوانا و شكۆمەند و دانا و میهرەبان و خاوەن كەماڵ و جوانی - بە دڵنیایی - بەڵێنەكەی دەباتەسەر و دەرگای بەختەوەریی هەمیشەیی دەخاتە سەرپشت و، ئێوەی ئیمانداریش دەباتە ناو بەهەشتی نیشتمانی باوكە ئادەمتانەوە، دروودی لەسەر بێت.

◆ وشەی یازدەهەم: "وإليه المصير".

واتە: ئەوانەی بۆ مەبەستی بازرگانی و كارئەنجامدان دەنێررێنە دنیا، كە خانەی تاقیكردنەوەیە، پاش ئەوەی كارەكانیان ئەنجام دا و بازرگانییەكانیان تەواو كرد و خزمەتەكانیان كۆتایی پێ هێنا، جارێكی تر بۆ لای بەدیهێنەری شكۆمەندیان دەبرێنەوە و بە خزمەتی خاوەنە سەخاوەتمەندەكەیان - كە بۆ دنیای ناردبوون - شاد دەبنەوە..

واتە دوای ئەوەی كە لە ژانی "هۆكارەكان" و "تاریكیی پەردەكان" ڕزگاریان بوو، بێ هیچ پەردەیەك لە نێوان خواوەند و ئەواندا، تێكرا لە نشینگەی ڕاستی (مقعد صدق) و لە بەردەم پادشای دەسەڵاتدار و پەروەردگاری خۆیاندا، شاد و شەرەفمەندی ئامادەبوون دەبن.. لەوێ هەریەك لەو ئیماندارانە بە ناسینێكی تەواوەتی و بێگەرد، بەدیهێنەر و پەروەردگار و گەورە و پادشای خۆی دەناسێت.

كەواتە ئەم وشەیە، هیوا و مژدەیەكی ئەوتۆی لێ دەدرەوشێتەوە كە گەلێ لەو هیوا و مژدە بەلەزەتانەی تر بەرزترن، چونكە دەڵێت:

كاكی مرۆڤ!

ئایا دەزانیت تۆ بۆ كوێ دەڕۆیت و دەبرێیت؟

ئەوەتا لە كۆتایی وتەی سی و دووهەمدا وتراوە كە:

ئەگەر مرۆڤ هەزار ساڵ تەمەن بە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بباتە سەر، هێشتا بەرامبەر یەك سەعاتی ژیانی بەهەشت نییە!

هەروەها بەسەربردنی هەزار و یەك ساڵی پڕ لە ژیانی خۆشی و کامەرانیی تەواوی ناو ناز و نیعمەتی بەهەشت، هێشتا بەرامبەر یەك سەعاتی خۆشیی بە دیدار شادبوونی خوای گەورەی خاوەنی جوانی نییە!

کەواتە تۆ - ئەی کاکی مرۆڤ! - بۆ مەیدانی میهرەبانیی ئەو دەگەڕێیتەوە، دەڕۆیتە بەردەم دەرگای دیوانی ئەو خواوەندە جوانەی خۆت..

هەرچی ئەو جوانییانەی لە خۆشەویستە مەجازییەکانتدا دەیانبینیت و لەو ڕێیەوە تاسەمەند و شەیدایان بوویت، تەنانەت هەرچی جوانیی ناو بوونەوەرانی دنیا هەن، تەنها جۆرە سێبەرێکی درەوشانەوەی جوانیی خوای گەورە و جوانیی ناوە جوانەکانی ئەون..

بەهەشت، بە هەموو لایەنە ناسك و نیان و جوان و بەلەزەتەکانی و بە گشت حۆری و کۆشکەکانیەوە، تەنها یەکێکن لە درەوشانەوەکانی میهرەبانیی ئەو.. هەرچی جۆری شەوق و تاسە و خۆشەویستی و ڕاکێشان و بکێشەکان هەن، کە دڵی مرۆڤ بۆ لای "خۆشەویستی" کەمەندکێش دەکەن، تێکڕا پرشنگێکن لە خۆشویستنی خواوەندی پەرستراوی هەمیشەیی و خۆشەویستی ڕاگیرکەری گەردوون.

جا ئێوە بۆ ناو بازنەی ڕێزلێنانی شادبوونەوەتان بەو خواوەندە و، پلەی مەزنی ئامادەبوونتان لە حوزووری ئەودا، دەڕۆن و کۆچ دەکەن! کەواتە ئێوە بۆ: "خانەی میوانداریی هەمیشەیی ئەو".. بۆ: "بەهەشتی بەرینی هەتاهەتایی" بانگهێشت کراون.

ده‌سا ئێوه‌ش كاتێ كه‌ ده‌ڕۆنه‌ ناو گۆڕه‌كانتان، خه‌م مه‌خۆن و مه‌گرین! به‌ڵكو به‌ مزگێنیی خێر و خۆشیی بزانن و، به‌ ڕووی گه‌شی ده‌م به‌خه‌نده‌ و دڵی شاده‌وه‌ پێشوازیی لێ بكه‌ن!

هه‌روه‌ها ئه‌م وشه‌یه‌، له‌م ئه‌ركه‌ی سه‌رشانی - كه‌ به‌خشینی نوور و هیوا و مژده‌دانه‌ - به‌رده‌وامه‌ و، ده‌ڵێت:

كاكی مرۆڤ!

وا گومان نه‌به‌یت كه‌ تۆ به‌ره‌و: نه‌مان و، نه‌بوون و، گاڵته‌جاڕی و، تاریكی و، له‌بیرچوون و، هه‌ڵوه‌شان و، شكان و، داڕزان و، نوقم بوون له‌ناو زۆریدا، ده‌ڕۆیت..

نه‌خێر! وا گومان مه‌به‌..

به‌ڵكو تۆ بۆ "مانه‌وه‌" ده‌ڕۆیت نه‌ك نه‌مان.. به‌ره‌و "بوون" ده‌برێیت نه‌ك نه‌بوون.. ڕوه‌و جیهانی "ڕووناكی" هه‌نگاو ده‌نێیت نه‌ك تاریكی.. بۆ لای خاوه‌نی ڕاسته‌قینه‌ی خۆت و به‌ره‌و باره‌گای پادشای بوون و گه‌ردوون ده‌گه‌ڕێیته‌وه‌.. ئنجا له‌وێ ده‌حه‌سێیته‌وه‌ و له‌ مه‌یدانی "ته‌وحید"دا دڵت ده‌كرێته‌وه‌ و شادمان ده‌بیت، نه‌ك ئه‌وه‌ی له‌ناو زۆریدا نوقم ببیت..

كه‌واته‌ تۆ - به‌م گه‌شته‌ت - به‌ره‌و "مانه‌وه‌" و "به‌یه‌ك گه‌یشتنه‌وه‌"یه‌ك ده‌ڕۆیت كه‌ هه‌رگیز دووری و لێك جیابوونه‌وه‌ی به‌ دوادا نایه‌ت!

مەکتووبی پێنجەم:

ئیمان لە پێشترە

باسمه سبحانه

﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

ئیمامی ڕەببانی - خوای لێ ڕازی بێت - کە خۆری تیشك بەخشی زنجیرەی نەقشبەندی‌یە، لە مەکتووباتەکەیدا دەفەرموێت:

(ڕوون بوونەوەی ڕاستی‌یەکانی ئیمانم لە هەزاران چێژ و کەرامەت پێ باشترە)[1]!

هەروەها فەرموویەتی:

(ئەنجام و ئامانجی سەرجەمی تەریقەتە سۆفی‌یەکان بریتی‌یە لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ڕاستی‌یەکانی ئیمان)[2].

هەروەها فەرموویەتی:

(ویلایەت سێ بەشە. یەکەم:

ویلایەتی "صوغرا"یە، کە بریتی‌یە لەو ویلایەتەی لای خەڵکی ناوبانگی هەیە. دووهەم: ویلایەتی "وسطا - مامناوەندی"یە. بەشی سێهەم: ویلایەتی "کوبرا"یە. ئەم بەشەیان بریتی‌یە لە کردنەوەی ڕێیەکی ڕاستەوخۆ بەرەو

(١) ئەمە پوختەی وتەیەکی ئیمامی ڕەببانی‌یە لە مەکتووبی دووسەد و دەهەمی مەکتووباتەکەیدا. بڕوانە: (مكتوبات الإمام الرباني) ج١/ص١٨٢. (وەرگێڕ)

(٢) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە. مامۆستا نوورسی لێرەدا پوختەی قسەکەی ئیمامی ڕەببانیی هێناوە. (وەرگێڕ)

حه‌قیقه‌ت بیّ ئه‌وه‌ی مرۆڤ به‌ناو به‌رزه‌خی ته‌ریقه‌تدا تیّپه‌ڕ ببیّت، كه ئه‌مه‌ش به‌هۆی "میراتگریی پیّغه‌مبه‌ره‌وه ﷺ ده‌ست ده‌كه‌ویّت)[1].

هه‌روه‌ها فه‌رموویه‌تی:

(له ته‌ریقه‌تی نه‌قشبه‌ندیدا به دوو باڵ سلووك ده‌كریّت: باوه‌ڕی ڕاست و دامه‌زراو به ڕاستی‌یه‌كانی ئیمان، له‌گه‌ڵ ئه‌نجامدانی ته‌واوه‌تیی فه‌رزه‌كان. خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ر كه‌موكووڕی و ناته‌واوی‌یه‌ك له هه‌ر كامی ئه‌م دوانه‌دا ببیّت، ئه‌وا گه‌لیّ دژواره كه بتوانریّت ئه‌م ته‌ریقه‌ته بگیریّته‌به‌ر)[2].

به‌و واتایه‌ی كه: ته‌ریقه‌تی نه‌قشبه‌ندی سیّ دیمه‌نی هه‌یه.

یه‌كه‌میان:

كه مه‌زنترینیانه و له هه‌موویان له پیّشتره، بریتی‌یه له: خزمه‌تكردنی ڕاسته‌وخۆی "ڕاستی‌یه‌كانی ئیمان"، ئه‌و خزمه‌ته‌ی كه ئیمامی ڕه‌ببانی خۆی له دوارۆژه‌كانی ژیانیدا گرتیه‌به‌ر.

دووهه‌م:

خزمه‌تكردنی فه‌رزه‌كانی ئایین و سوننه‌ته‌كانی پیّغه‌مبه‌ره ﷺ له ژیّر سایه و په‌رده‌ی ته‌ریقه‌تدا.

سیّهه‌م:

هه‌وڵدانه بۆ نه‌هیّشتنی نه‌خۆشی‌یه‌كانی دڵ و ده‌روون له ڕیّی ته‌سه‌ووف و سه‌یر و سلووك و هه‌نگاونانی دڵی مرۆڤه‌وه.

یه‌كه‌میان له حوكمی "فه‌رز"دا و.. دووهه‌م له حوكمی "واجب"دا و.. سیّهه‌میش له حوكمی "سوننه‌ت"دایه!

---

(١) پوخته‌ی مه‌كتووبی دووسه‌د و شه‌سته‌مه. هه‌مان سه‌رچاوه: ج١/ص٢٤٠. (وه‌رگیّڕ)

(٢) بڕوانه هه‌مان سه‌رچاوه: مه‌كتووبی حه‌فتا و پیّنجه‌م (ج١/ص٨٧) مه‌كتووبی نه‌وه‌د و یه‌كه‌م (ج١/ص٩٩) مه‌كتووبی نه‌وه‌د و چواره‌م (ج١/ص٩٩-١٠٠). (وه‌رگیّڕ)

جا مادەم حەقیقەت وایە، ئەوا من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر "شێخ عەبدولقادری گەیلانی" و "شاهی نەقشبەند"[1] و "ئیمامی ڕەببانی" و هاوچەشنیان لە قوتبەکانی ئیمان - خوا لە هەموویان ڕازی بێت - لەم سەردەم و چەرخەی ئێمەدا بوونایە، هەموو توانایەکی خۆیان بۆ بەهێزکردنی "ڕاستییەکانی ئیمان" و "عەقیدەی ئیسلام" بەکاریان دەهێنا. چونکە بەختەوەریی هەمیشەیی لەم دوانەوە پەیدا دەبێت و، هەر کەمتەرخەمی کردنێك تیایاندا ئەنجامەکەی بەدبەختیی هەمیشەیی دەبێت. ئەوەتا هەرگیز ناگونجێ بە بێ ئیمان کەس بچێتە بەهەشتەوە، بەڵام زۆر کەس هەن کە بێ تەسەووف بەهەشتیان دەستگیر دەبێت و دەڕۆنە ناوی. مرۆڤ بێ "نان" ناژی، بەڵام دەتوانێت بە بێ "میوە" ژیان بباتەسەر! کەواتە تەسەووف میوەیە و ڕاستییەکانی ئیسلامیش نانن!

جاران سەرکەوتن و بەرزبوونەوە لە ڕێی "سەیر و سلووك"ەوە بۆ هەندێ لە "ڕاستییەکانی ئیمان" چل ڕۆژ تا چل ساڵی دەخایاند. ئەگەر لەم سەردەمەدا میهرەبانیی خواوەند ڕێیەك ئامادە بکات کە لە ماوەی چل

---

(١) شاهی نەقشبەند ناوی (محەممەدی کوڕی محەممەد)ە و ناسراوە بە (خواجە محەممەد بەهائەددین). دامەزرێنەری (تەریقەتی نەقشبەندی)یە. لە مانگی موحەڕڕەمی ساڵی ٧١٧ك لە گوندی (قەصری عاریفان)ی نزیکی (بوخارا) کە پێشی دەوترێت: (قەصری هیندوان) لە دایك بووە. لە (سەمەرقەند) خوێندوویەتی و، چەندین شوێنی تر گەڕاوە و، بەهرەمەندی دەرس و پەروەردەی گەلێ زانا و پیاوباشی سەردەمی خۆی بووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بوخارا و، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ژنی هێناوە. دوو جاریش حەجی کردووە. تا کۆتایی ژیانی لە بوخارادا ماوەتەوە و، هەر لەوێش (تەریقەتی نەقشبەندی)ی دامەزراندووە. لە بەرواری (شەوی دووشەممە ٣/ڕەبیعی یەکەم/٧٩١ك) و لە سەرەتای تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گوندەکەی خۆی (قەصری عاریفان) ئەسپاردەی خاك کراوە. چەند بەرهەمێکی دوای خۆی بەجێ هێشتووە، وەك: (رسالة الواردات)، (الأوراد البهائية)، (حیاتنامە)، (دليل العاشقين). (وەرگێڕ)

ده‌قیقه‌دا مرۆڤ به‌و ڕاستییانه بگه‌یه‌نێت، كارێكی ژیرانه نی‌یه وازی لـێ بهێنرێت و نه‌گیرێته‌به‌ر!

به‌ڵێ، ئه‌و كه‌سانه‌ی كه سی و سێ وته‌ی كتێبی **"وته‌كان"**[1] به وردی و سه‌رنجدانه‌وه ده‌خوێننه‌وه، دان به‌وه‌دا ده‌نێن كه ئه‌و وتانه ڕێ‌یه‌كی قورئانیی وه‌ك ئه‌مه‌یان له‌ به‌رده‌مدا بۆ كردوونه‌ته‌وه!

جا مادەم ڕاستی ئه‌مه‌یه، ئه‌وا كتێبی "وته‌كان" كه نهێنی‌یه‌كانی قورئانی پیرۆز به ڕوونی لێك ده‌داته‌وه:

كاریگه‌رترین ده‌رمان و باشترین هۆكاری سارێژكردنی زامه‌كانی ئه‌م چه‌رخه‌یه و.. سوودمه‌ندترین ڕووناكی‌یه بۆ كۆمه‌ڵگای ئیسلامی كه دووچاری هێرشه‌كانی سوپای تاریكی بووه.. ته‌نانه‌ت ڕاسترین ڕابه‌ره بۆ ئه‌وانه‌ی كه سه‌رگه‌ردانی ناو شیو و دۆڵی گومڕایی بوون.

ده‌سا براكه‌م!

تۆ باش ده‌زانیت كه ئه‌گه‌ر "گومڕایی" له "نه‌زانی"یه‌وه سه‌ری هه‌ڵدابێت، نه‌هێشتن و لابردنی كارێكی ئاسان ده‌بێت. به‌ڵام گه‌ر له "زانین"ه‌وه بێت، ئه‌وا گه‌لێ دژواره لاببرێت!

جاران ئه‌م به‌شه‌ی دوایی زۆر ده‌گمه‌ن بوو، له هه‌زار كه‌سدا مه‌گه‌ر یه‌كێك به ناوی "زانست"ه‌وه له ڕێ بترازایه.

جا ئه‌گه‌ر گومڕایانی له‌م جۆره سه‌ر هه‌ڵبده‌ن، ئه‌وا له هه‌زاران كه‌سدا مه‌گه‌ر ته‌نها یه‌ك دانه‌یان بگه‌ڕێته‌وه و ڕێی ڕاست بدۆزێته‌وه. چونكه ئه‌و

---

(١) (وته‌كان) له لایه‌كه‌وه ناوه بۆ یه‌كه‌مین به‌رگی كۆمه‌ڵه په‌یامه‌كانی نوور، كه مامۆستا نوورسی دایناون و بریتین له سی و سێ وته(په‌یام)، له لایه‌كی تریشه‌وه ناوه بۆ سه‌رجه‌می په‌یامه‌كانی نوور. (وه‌رگێڕ)

جۆرە کەسانە لە خۆیان ڕازین و، لەو کاتەدا کە تەزان و نەشارەزان، پێیان وایە زانا و ئاگادارن!

من لەو باوەڕەدام کە خوای گەورە تایبەتکاریی چارەسەری شیفابەخش و دەرمانی دژ بە ژەهرەکانی کوفری "ئەم گومڕایی"یەی سەردەمی بە: "وتەکان" بەخشیوە، کە لە ڕاستیدا بریتین لە چەند بریسکەیەکی مەعنەویی ئیعجازی قورئان.

الباقي هو الباقي

سەعیدی نوورسی

* * *

(بزانە کە): مرۆڤی بەختەوەری پشتگیراو لە لایەن خوای گەورەوە دەگونجێ لە زاهیرەوە بگات بە حەقیقەت، بە بێ ئەوەی بە نێو بەرزەخی تەریقەتدا تێپەڕ ببێت! من بۆ خۆم هەر لە قورئانی پیرۆزەوە ڕێیەکم دی بەرەو حەقیقەت، بە بێ گرتنەبەری تەریقەت (واتە ئەوەی کە مەشهوورە). هەروەها ڕێیەکم تێدا دۆزیەوە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو زانستانەی کە ئامانج و مەبەستن، بە بێ تێپەڕ بوون بەناو بەرزەخی زانستە ئالیەکاندا!

لە کتێبی:

(مەسنەویی نووری)

مەكتووبی بیست و نۆهەم - بەشی نۆهەم:

نۆ ئاماژەكان

بسم الله الرّحمن الرّحيم

﴿أَلا إِنَّ أَوْلِياءَ اللهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ (يونس:٦٢)

ئەم بەشە تايبەتە بە ڕێگاكانی ویلایەتەوە و بریتی‌یە لە نۆ "تەلویح"[1].

✿ تەلویحی یەكەم:

"تەریقەت و تەسەووف چی‌یە"؟

ڕاستی‌یەكی ڕۆحانی و نوورانی و خاوێن لە ژێر ناونیشانەكانی: "تەسەووف" و "تەریقەت" و "ویلایەت" و "سەیر و سلووك"دا هەیە كە گەلێ كەس لە زانایانی ئەهلی كەشف و خاوەن چێژی ئەم بوارە ڕایانگەیاندووە و، بە لێكۆڵینەوە و تەتەڵەكردن و پێناساندنەوە تاوتوێیان كردووە و، هەزاران بەرگی كتێبیان لەبارەوە نووسیوە و، هەواڵی ئەم حەقیقەتەشیان بە ئێمە و سەرجەمی نەتەوەی ئیسلام ڕاگەیاندووە، خوا پاداشتی خێریان بداتەوە.

وا ئێمەش لێرەدا و لە ڕووناكیی ئەو بوارەی كە كاتی ئێستامان بۆمان دەڕەخسێنێت، چەند نمێك ڕوون دەكەینەوە كە وەك چەند دڵۆپێك وان لە دەریای فراوانی ئەو حەقیقەتە.

---

(١) تەلویح: واتە ئاماژە. بەڵام بە واتایەكی تر: چەند زیادە شەرح و لێكدانەوەیەكە لە كەنار و پەراوێزی كتێبدا. (وەرگێڕ)

پرسیار: تەریقەت چیيە؟

وەڵام:

ئامانجی "تەریقەت": ناسین و بەدەستهێنانی ڕاستیيەکانی ئیمان و قورئانە لە ڕێی سەیر و سلووکی ڕۆحانی و لە ژێر ئالآ و سایەی "میعراجی ئەحمەدی"دا بە هەنگاوانی دڵ، هەتا گەیشتن بە حاڵەتێکی ویجدانی و زەوقیی ئەوتۆ کە وەك "شهوود" وابێت. کەواتە تەریقەت و تەسەووف نهێنیيەکی بەرزی ئادەمیزاد و کەماڵێکی بڵندی گرۆی مرۆڤە.

بەڵێ، مادەم مرۆڤ پوختەيەکی جامیعی ئەم گەردوونەيە، ئەوا دڵی ئەو وەکو نەخشەيەکی مەعنەوی وايە بۆ هەزارەها جیهان. چونکە هەروەك "مێشکی مرۆڤ" - کە لە سەنتەرێکی بڵاوکردنەوە و وەرگرتنی ئامێرە تەلی و بێ تەليیەکان دەچێت - وەك مەڵبەندێکی مەعنەویی ئەم گەردوونە وايە و هونەر و زانستەکانی ئەم گەردوونە وەردەگرێت و پاشان دەریاندەخات و بڵاویان دەکاتەوە، بە هەمان جۆر "دڵ"یشی تەوەرە و مەزهەر و ناوکی ڕاستیيە بێ سنوورەکانی ئەم گەردوونەيە، وەك کەسانی لە ژمارە بەدەری ئەهلی ویلایەت ڕوونیان کردووەتەوە لەو ملیۆنەها کتێبە درەخشان و بەنرخانەدا کە نووسیويانن و بۆيان بەجێ هێشتووين.

جا مادەم "دڵ" و "مێشك"ی مرۆڤ ئەم پلەوپايە و ڕێ و شوێنەيان هەيە و، ئنجا هەزاران مەکینەی گەورەی سەر بە دواڕۆژ و ئامێرە هەمیشەيیيەکانیشی لە دڵی مرۆڤدا دانراون، بە وێنەی دانانی ئامێرەکانی درەختێکی مەزن لە تۆوەکەيدا.. ئەوا بەدیهێنەری ئەو دڵەی کە لەسەر ئەم شێوەيە دروستی کردووە، ویستوويەتی ئەم "دڵ"ە بخاتەکار و توانا و لێهاتنەکانی دەربخات و لە دۆخی "هێز"ەوە بيانگوێزێتەوە بۆ دۆخی "کار".

جا مادەم ویستی خوای گەورە بەم جۆرە بووە، ئەوا دەبێ "دڵ"ی مرۆڤ ئەو کارەی خۆی ئەنجام بدات کە لە پێناویدا بەدی هێنراوە، وەك ئەوەی کە "ژیری" کاری خۆی ڕادەپەڕێنێت. بێ گومان گەورەترین هۆکاری بەگەڕخستن و کار پێکردنی "دڵ"یش لەوەدایە کە بە یاد و زیکری خوای گەورە و لە ناوەندی پلەکانی ویلایەتدا و لە ڕێی تەریقەتەوە ڕوو بکاتە "ڕاستی‌یەکانی ئیمان".

✿ تەلویحی دووهەم:

"کلیلەکانی سەیر و سلووك"

کلیلەکانی ئەم سەیر و سلووکە قەلبی‌یە و هۆکارەکانی ئەم جموجووڵە ڕۆحانی‌یەش تەنها بریتی‌یە لە "زیکری خوا" و "بیر کردنەوە".

دیارە لایەنە باش و جوانەکانی "زیکر" و "بیرکردنەوە"ش لە ژمارە نایەن. خۆ ئەگەر سەیری سوودە بێ سنوورە قیامەتی‌یەکانی ئەم دوانە و ئەنجامە بەرزەکانیان لەمەڕ بەرزکردنەوەی مرۆڤ بە پلەکانی کەماڵاتدا نەکەین و، تەنها سەرنج لە یەك سوودی جوزئییان بدەین کە بەم ژیانە دنیاییە شڵەژاوەی مرۆڤی دەبەخشن، ئەوا دەبینین کە:

هەرچی مرۆڤ هەیە بە دوای دڵدانەوە و چێژ و هاودەمێکدا دەگەڕێت کە بتوانێت بێزاریی لەسەر لابات و قورساییەکانی ئەم ژیانەشی لەسەرشان سووك بکات و لە کەفوکوڵ و هەڵچوونەکەی - با بە شێوەیەکی جوزئیش بێت - دابگرێت و کەمی بکاتەوە.

جا مادەم ئەو هۆکارانەی کە کۆمەڵگای شارستانێتی لە بواری دڵدانەوەی مرۆڤ و هاودەمی و ئونسی لەگەڵ خەڵکیدا ئامادەیان دەکات، لەوانەیە دڵدانەوەیەکی کاتی و مەستکەر و بێ ئاگایانە بە یەك دوانێك لە

ناوەندی دە کەسدا ببەخشێت و.. مادەم هەشتا لە سەدی خەڵکیش یان لە نێوان چیا و دۆڵەکاندا دەژین، یاخود خەم و پەژارەی ژیان و گوزەران بەرەو چەندین جێی دووری سامناکی بردوون، یان دووچاری "گێرو گرفت" یاخود "پیری" بوون کە مەترسیی نزیکبوونەوەی ئاخیرەتیان بە گوێدا دەدات.. ئەوا هەموو ئەو چەشنە کەسانەی باس کران لەو دڵنەواییە بێ بەش دەبن و، دڵدانەوە و دڵنەوایی خۆیان لە هۆکارە شارستانی‌یەکانی کۆمەڵدا نابیننەوە..

لەبەر ئەوە، دڵدانەوەی تەواوەتی بۆ ئەو جۆرە کەسانە و دڵنەوایی و هاودەمیی بێگەرد سەبارەت بەوان تەنها لەوەدایە کە: دڵیان بە هۆکارەکانی "زیکری خوا" و "بیرکردنەوە" بخەنە گەڕ. ئەوەتا لە شوێنە دوورەکان و لە نێوان شیو و دۆڵی چیاکاندا دڵی ئەو چەشنە مرۆڤە ڕوو دەکاتە ئەم ئامانجە و، زیکری "الله.. الله" دووپات دەکاتەوە و، هاودەمی و دڵنەوایی لەم زیکرە وەردەگرێت و، بیر لەو شتانەی دەوروبەری دەکاتەوە کە لێیان دەترسێت و سامناکی و وەحشەتیان لێوە هەست پێ دەکرێت، کەچی ئەم زیکرەی خوای گەورە هاودەمی و خۆشەویستیی بەسەردا پەخش دەکات و، زیکرخوێنەکەش لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

(ئەو بەدیهێنەرەم کە من ناوی دەهێنم و یادی دەکەمەوە گەلێ بەندە و پەرستیار(عابد)ی لەژمارەبەدەری هەیە کە بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بوونەتەوە. کەواتە من تەنیا نیم و هیچ هۆکارێکیش بۆ وەحشەت و بێزاری لە کایەدا نی‌یە).

بەم جۆرە، لەم ژیانە ئیمانی‌یەدا تامی واتای ئونس و هاودەمی دەچێژێت و، هەست بە بەختەوەریی ژیان دەکات و، لەم ڕێیەوە شوکرانە کردنی بۆ پەروەردگاری زیاد دەبێت و پەرە دەسێنێت.

✿ ته‌لویحی سێهه‌م:

"ویلایه‌ت به‌ڵگه‌ی شه‌ریعه‌ته"

"ویلایه‌ت" به‌ڵگه‌ی ڕیساله‌ته و "ته‌ریقه‌ت"یش به‌ڵگه‌ی شه‌ریعه‌ته. چونكه ئه‌و ڕاستی‌یه ئیمانییانه‌ی كه "ڕیساله‌ت" ڕایگه‌یاندوون، "ویلایه‌ت" له پله‌ی "عین الیقین"دا و به بینینێكی قه‌لبی و چه‌شتنێكی ڕۆحانی ده‌یانبینێت و ته‌سدیقیان ده‌كات. ئه‌م ته‌سدیقه‌شی به‌ڵگه‌یه‌كی گومانبڕه له‌سه‌ر ئه‌حه‌ققییه‌تی ڕیساله‌ت..

هه‌روه‌ها ئه‌و ڕاستییانه‌ی ئه‌حكامه شه‌رعی‌یه‌كان كه "شه‌ریعه‌ت" له‌گه‌ڵ خۆیدا هێناونی، "ته‌ریقه‌ت" به‌و به‌هره و سوودانه‌ی كه له ڕێی كه‌شف و چێژه‌كانه‌وه وه‌ری گرتووه لێیان، ده‌بێت به به‌ڵگه له‌سه‌ر ئه‌حه‌ققییه‌تی ئه‌و ئه‌حكامانه و له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش كه له لایه‌نی خوای گه‌وره‌وه سه‌رچاوه‌یان گرتووه.

به‌ڵێ، هه‌روه‌ك ویلایه‌ت و ته‌ریقه‌ت دوو به‌ڵگه‌ن له‌سه‌ر ئه‌حه‌ققییه‌تی ڕیساله‌ت و شه‌ریعه‌ت، به هه‌مان جۆر بریتین له: نهێنیی كه‌ماڵی ئیسلام و ته‌وه‌ره‌ی ڕووناكی‌یه‌كانی، هه‌روه‌ك كانگای به‌رزبوونه‌وه‌ی گرۆی مرۆڤ و سه‌رچاوه‌ی ڕێژنه‌كانی مرۆڤایه‌تین كه له نووره‌كانی ئیسلام و دره‌وشانه‌وه‌ی ڕووناكی‌یه‌كانیه‌وه سه‌رچاوه‌یان گرتووه.

به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌و گرنگی‌یه له‌ڕاده‌به‌ده‌ره‌ی كه له "ویلایه‌ت" و "ته‌ریقه‌ت"دا هه‌ن، به‌شێكی ده‌سته و تاقمه گومڕاكان ئینكاریی ئه‌و گرنگی‌یه‌یان كردووه و، له‌م ڕێیه‌شه‌وه خه‌ڵكیان له چه‌ند نوور و ڕووناكی‌یه‌ك مه‌حرووم كردووه كه خۆیان لێی بێ به‌شن!

ئه‌وه‌ی زۆر جێی داخه له‌وه‌دایه كه هه‌ندێ كه‌س له‌و زانایانه‌ی ئه‌هلی سوننه‌ت و جه‌ماعه‌ت كه بڕیار له‌سه‌ر ڕواڵه‌تی شتان ده‌رده‌كه‌ن و،

هەندێکیش لـە سیاسـەتمەدارانی بێ ئاگـا کـە دەدرێنە پاڵ ئەهلی سـوننەت و جەماعـەت، بۆ داخسـتنی ئـەو گەنجینـە مەزنـەی "ویلایـەت" و "تەریقـەت" تێدەکۆشن و، دەچن ئەو ڕەفتارە هەڵـە و هەڵسوکەوتە نابەجێیانە دەکـەن بـە بیـانوو کـە لـە ئەهلی تەریقەتەوە دەیـانبینن. تەنانـەت هـەموو توانایەکیان بـۆ ڕووخاندن و وشك کردنی ئەو سەرچاوە کەوسەرییە بەخورپەم و ژیانبەخشـە دەخەنە کار..

لە کاتێکدا کە دەزانین لە نێوان شتان و ڕێباز و ڕێڕەوەکـاندا بـە دەگمـەن ڕێ دەکەوێت شتێك یان ڕێباز و ڕێڕەوێـك هـەبێت قسـوور و ناتـەواویی تێـدا نەبێت و، سەرجەمی لایەنـەکانی بـاش و جـوان بـن. کەواتـە هـەر لـە ئەنجامدا هەڵە و ناتەواوی و هەڵسوکەوتی خراپی تێدا ڕوو دەدات، چونکـە هـەرکات کەسانی نائەهلی هەر شتێك بڕۆنـە نـاو ئـەو شتەوە، ئـەوا خراپـە و هەڵوێستی هەڵەی دەرهەق دەکەن.

بەڵام خوای گەورە لە دواڕۆژدا "دادگەریی پـەروەردگارێتی"ی خـۆی بـە کێشـانە کـردن و هەڵسـەنگاندنی کردەوەکـان و قورسـیی تـای کـردەوە چاکەکان یـان خراپـەکان، دەردەخـات. کەواتـە هـەر کەسێك تـای کـردەوە چاکەکانی قورس بوو، ئەوا پاداشتی باشی دەدرێتـەوە و کردەوەکانیشـی لـێ وەردەگـیرێن و.. گـەر تـای کـردەوە خراپـەکانی قـورس و هـی کـردەوە چاکەکانیشـی سـووك دەرچـوون، ئـەوا سـزا دەدرێـت و کردەوەکـانی لـێ وەرناگـیرێن. دەبـێ ئـەوەش بزانـین کـە لـەم کێـش و سـەنگەدا بایـەخ بـە "چەندایـەتی" نـادرێت، بـەڵکو سـەیری "جـۆر"ی کردەوەکـان دەکرێـت. لەوانەیە تەنها (یەك) کردەوەی باش لە بەرامبـەر (هـەزار) کـردەوەی خراپـەوە قورس دەربچێت، تەنانەت ئەو هەزار کردەوە خراپە بسڕێتەوە و ببێت بە هۆی ڕزگار بوونی خاوەنەکەی!

جا مادەم "دادگەریی خوای گەورە" بەپێی ئەم كێشانە و تەرازووە بڕیار دەدات و، حەقیقەتیش ئەم بڕیارە بە كارێكی سەرتاپا حەق و ڕەوا دەبینێت، ئەوا بێ هیچ گومانێك "چاكەكاری"یەكانی ئەو تەریقەتەی كە لە ناوەندی بازنەی سوننەتی خاوێندایە، گەلێ لە "خراپەكانی" قورس و زیاترە.

باشترین بەڵگەش لەسەر ئەوە:

پارێزگاری كردنی تەریقەتدارانە بۆ "ئیمانەكەیان" لە دەمی هێرشی گومڕایاندا! تەنانەت كەسێكی ئاسایی دڵسۆز و پەیوەندیداری خاوەن تەریقەت، لەو چەشنە كاتانەدا، پتر لە كەسێكی لاف لێدەری زانست پارێزگاریی خۆی دەكات. چونكە بەهۆی ئەو چێژە ڕۆحی‌یەی كە لە تەریقەتدا بەدەستی هێناوە و بە بۆنەی خۆشەویستیی بۆ ئەولیا و پیاوچاكانەوە، ئیمانەكەی خۆی دەپارێزێت. تەنانەت ئەو كەسە گەر گوناهی كەبیرەش بكات هەر پێی كافر نابێت، بەڵكو بە فاسق دادەنرێت. چونكە بە ئاسانی ناڕواتە ناو ڕیزەكانی زەندەقە و ئەهلی ئیلحادەوە. هەروەك هیچ هێزێك ناتوانێت ئەو وەلاء و پشتگیری‌یەی زامدار بكات كە بەرامبەر زنجیرەی ئەقتابی ئەو مەشایەخانەوە هەیەتی كە بە خۆشەویستی‌یەكی بەهێز و بیروباوەڕێكی توندوتۆڵەوە پەیوەندیی لەگەڵیاندا بەستووە..

جا لەبەر ئەوەی "گومڕایی" ناتوانێت باوەڕ و دڵنیایی ئەم مرۆڤە بە پیاوچاكان تێك بدات یان هەڵی بوەشێنێتەوە، ئەوا هەرگیز ئەو باوەڕ و ڕەزامەندی‌یەی كە بەو پیاوچاكانە هەیەتی هەڵناوەشێتەوە و، مەگەر لە كاتێكدا كە ئەو باوەڕ و دڵنیاییەی پێیان نەمێنێت، دەنا هەرگیز ناڕواتە ناو كوفر و ئیلحادەوە.

دیارە ئەو كەسەی كە هیچ بەشێكی لە تەریقەتدا نی‌یە و دڵیشی دەستی بە جموجووڵ نەكردووە، ئەوا گەلێ سەخت و دژوارە كە - لەم ڕۆژگار و

سەردەمەدا - بتوانێت لە بەردەم فرۆفێڵی زەندیقەکانی ئێستادا بە تەواوی پارێزگاری لە ئیمانەکەی خۆی بکات، با زانایەکی وردەکاریش بێت!

شتێکی تر ماوە، کە بریتی‌یە لەوەی:

هەرگیز ناکرێت و ناگونجێ "تەریقەت" بە خراپکاریی ئەو مەشرەب و رێڕەوانە تاوانبار بکرێت کە بە ستەم و ناڕەوا ناوی تەریقەتیان لە خۆیان ناوە و، لەوانەشە شێوەیەکیان لە دەرەوەی بازنەی تەقوا، تەنانەت دەرەوەی بازنەی ئیسلامیش، بۆ خۆیان دانابێت.

خۆ ئەگەر ئاوڕ لەو ئەنجامە بەرزە ئایینی و قیامەتی و ڕۆحییانە نەدەینەوە کە "تەریقەت" دەستی مرۆڤیان دەخات و، تەنها سەیری یەك دانە ئەنجامی تەریقەت بکەین لە ناوەندی جیهانی ئیسلامیدا، دەبینین "تەریقەت" لە پێشەنگی ئەو هۆکارە ئیمانییانەوەیە کە فراوانی بە بازنەی برایەتیی ئیسلامیی نێوان موسڵمانان دەدەن و، ئاڵای پەیوەندی‌یە خاوێنەکەی ئەم برایەتی‌یەش لە هەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامیدا هەڵدەکات.

تەریقەتە سۆفی‌یەکان، هەر لە مێژە و تا ئێستاش، یەکێکن لەو سێ قەڵا قایمەی کە لەسەر دیوارە سەختەکانیدا هەموو ئەو هێرشانەی نەصرانی‌یەکان تێکشکێنران کە بە سیاسەت دەیانکردە سەر موسڵمانان و، هەموو ئەو فرۆفێڵانەشی تەفروتوونا کرد کە بۆ کوژانەوەی نووری ئیسلام ساز درابوون.

دەبێ هەرگیز فەزڵ و چاکە و جێ دەستی خاوەن تەریقەتەکانمان لە یاد نەچێت لە پارێزگاری کردنی ئەستەمبووڵی مەڵبەندی خەلافەتی ئیسلامیدا بە درێژایی پێنج سەد و پەنجا ساڵی ڕەبەق، هەرچەندەش جیهانی کوفر و خاچپەرستیی ئەورووپا هێرشی یەك لە دوای یەکیان دەکردە سەر.

جـا ئـه‌و هـێزه ئیمـانی و، خۆشه‌ویسـتی‌یه ڕۆحـانی و، شـه‌وق و تاسه‌مه‌ندییانه‌ی كه له ناسینی خواوه‌نده‌وه سه‌رچاوه‌یان گرتووه و، له دڵی ئه‌و كه‌سانه‌وه هه‌ڵده‌قوڵێن كه هه‌رده‌م "الله.. الله" له‌و ته‌كیه و خانه‌قایانه‌دا دووپات ده‌كه‌نه‌وه كه ته‌واو كه‌ری ئه‌رك و په‌یامی مزگه‌وته‌كانن و جۆگه‌له‌ی ئیمانیان لێوه خوڕ ده‌بێته‌وه، ئه‌وه بوو له پێنج سه‌د شوێنه‌وه "ڕووناكی‌یه‌كانی ته‌وحید" په‌خش ده‌بوون و تیشكیان ده‌دا..

هـه‌موو ئه‌مانـه پێكـه‌وه، گـه‌وره‌ترین پاڵپشـت و وره‌ی توندوتۆڵـی ئیماندارانی ئه‌و مه‌ڵبه‌نده ئیسلامی‌یه، له كۆنه‌وه تا ئێستا، پێكده‌هێنن.

ده‌سا ئه‌ی نه‌فامانی لاف لێده‌ری غیره‌ت و ساخته‌كارانی نه‌ته‌وه‌په‌روه‌ری!

ئایا پێمان ناڵێن چ خراپه‌یه‌ك له خراپه‌كانی ته‌ریقه‌ت ئه‌م چاكه‌كاری‌یه مه‌زنه‌ی به‌رامبه‌ر به ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تیتان، ده‌سڕێته‌وه؟!

✿ ته‌لویحی چواره‌م:

"سه‌ختی و گیروگرفته‌كانی ڕێ"

گرتنه‌به‌ری ڕێی "ویلایه‌ت" هه‌رچه‌نده ئاسانه، كه‌چی گه‌لێ سه‌خته و.. هاوده‌م له‌گه‌ڵ كورتیی ئه‌و ڕێگایه‌دا، یه‌كجار دوور و درێژه و.. چه‌نده‌ش به‌رز و به‌نرخه، هێنده‌ش مه‌ترسی ده‌وره‌ی داوه و.. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا كه فراوانه، كه‌چی تایبشلێیت ڕێگایه‌كی ته‌نگژه و ته‌نگه‌ڵانه!

له‌به‌ر ئه‌م نهێنی‌یه وردانه‌یه كه هه‌ندێ جار ڕێبوارانی ئه‌م ڕێگایه نوقم ده‌بن و.. هه‌ندێ جاریش پێیان هه‌ڵده‌كه‌وێت و ئازاریان پێ ده‌گات و.. ته‌نانه‌ت هه‌ندێ جاری تریش له ڕێ ده‌ترازێن و خه‌ڵكیش له ڕێ ده‌رده‌كه‌ن!

بۆ نموونه:

دوو مه‌شره‌ب و ڕێڕه‌و له ته‌ریقه‌تدا هه‌ن كه پێیان ده‌وترێت: "سه‌یری ئافاقی" و "سه‌یری ئه‌نفوسی"..

"سەیری ئەنفوسی" ڕۆشتن و گەشتێکە لە دەروونەوە دەست پێ دەکات و خاوەنی ئەم گەشتە ڕوانینی خۆی ئاراستەی دەرەوە ناکات، بەڵکو بە وردی دەڕوانێتە "دڵ" و، ئنجا "خۆپەرستی"ی خۆی دەبڕێت و کوناودەری دەکات و لێیەوە دەڕواتە دەرەوە و، پاشان لە ناوەندی دڵەوە ڕێگایەك بەرە و "حەقیقەت" دەکاتەوە. ئنجا لەوێوە بۆ ئاسۆ گەردوونییەکان دەڕوات و، دەبینێت کە ئەوانیش بە هەمان ڕووناکیی دڵی خۆی ڕووناك بوونەتەوە و، ئیتر بە خێرایی دەگاتە ئامانج. چونکە ئەو حەقیقەتەی کە لە بازنەی "خۆی"دا بینیی، بە پێوەرێکی گەورەتر لە "ئافاق"یشدا دەیبینێتەوە.

زۆربەی ڕێگاکانی موجاهەدەی خەفی(پەنهان) بەپێی ئەم ڕێبازە دەڕۆن و هەنگاو دەنێن.

گرنگترینی بناغەکانی ئەم سلووك و ڕێ بڕینە، بریتییە لە: تێکشکاندنی شان و شەوکەتی "خۆپەرستی" و، وازهێنان لە هەوا و ئارەزووی دەروون و، مراندنی "نەفس".

بەڵام ڕێبازی دووهەم لە ئافاق(ئاسۆکان)ەوە دەست پێ دەکات و، ڕێبواری ئەم ڕێبازە: درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورە و سیفەتە مەزنەکانی لە ئاوێنەکانی ئەو بازنە ئاسۆییە گەردوونییە فراوانەدا دەبینێت و، ئنجا کە دەڕواتە ناو بازنەی "دەروونی خۆی"ەوە ڕووناکییەکانی ئەو درەوشانەوانە بە پێوەرێکی بچووکتر لە ئاسۆکانی گەردوونی دڵیدا دەبینێتەوە. ئیتر لەم دڵەوە کورتترین و نزیکترین ڕێ بۆ لای خوای گەورە دەکاتەوە و، دەبینێت کە "دڵ" بە ڕاستی ئاوێنەی خواوەندی صەمەدە و، لەم ڕێیەوە دەگات بە ئامانج و مەرام و ئەوپەڕی ئاواتەکانی.

جا ئەگەر ڕێبواری سەر بە مەشرەبی یەکەم لە کوشتنی دەروونی بەدخواز(نەفسی ئەممارە)یدا دەستەوسان ما و نەیتوانی بە وازهێنان لە هەوا و

ئاره‌زووه‌كانی ناو ده‌روونی "خۆپه‌رستی"ی خۆی تێكبشكێنێت، ئه‌وا له‌ مه‌قامی شوكره‌وه‌ به‌ر ده‌بێته‌وه‌ بۆ فه‌خر و شانازی و، له‌ویشه‌وه‌ ده‌كه‌وێته‌ خواره‌وه‌ بۆ ناو له‌خۆباییی بوون و غروور. خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌ی كه‌ باسمان كرد شتێكی وه‌ك "مه‌ستیی جه‌زبه‌ی خۆشه‌ویستی"ی ئاوێته‌ ببێت، ئه‌وا چه‌ند لاف و ده‌عوایه‌كی له‌ زار ده‌رده‌چێت كه‌ له‌ سنوور و توانای خۆی گه‌لێ گه‌وره‌تر بن، له‌وانه‌ی كه‌ پێیان ده‌وترێت: "شه‌ته‌حات". ئیتر هه‌روه‌ك زیان به‌ خۆی ده‌گه‌یه‌نێت، ده‌شبێت به‌هۆی زیان گه‌یاندن به‌ كه‌سانی تر!

ئه‌و كه‌سه‌ی "شه‌ته‌حات"ی له‌ ده‌م ده‌رده‌چێت وه‌ك ئه‌فسه‌رێكی بچووك وایه‌ له‌ پله‌ی "ملازم"دا كه‌ چێژ و مه‌ستیی سه‌ركردایه‌تیی ناو بازنه‌ بچووكه‌كه‌ی خۆی هه‌ست و شعووری له‌لا هه‌ڵگرتووه‌ و، له‌ ده‌می ساتێكی ئه‌م مه‌ستی‌یه‌دا - به‌ ئه‌ندێشه‌ - خۆی وه‌ك ئه‌و موشیره‌ ده‌بینێته‌وه‌ كه‌ سه‌ركردایه‌تیی له‌شكره‌ گه‌وره‌كان ده‌كات! ئیتر له‌م ئه‌ندێشه‌یه‌وه‌ شتان له‌ زه‌ینیدا ده‌ئاڵۆزێن و سه‌ركردایه‌تیی ناو بازنه‌ بچووكه‌كه‌ی خۆی له‌گه‌ڵ سه‌ركردایه‌تیی گشتی و فراوانی بازنه‌ گه‌وره‌كه‌دا لێ ده‌ئاڵۆزێت، كتومت وه‌ك ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ وێنه‌ی خۆریان له‌ ئاوێنه‌یه‌كی بچووكدا له‌گه‌ڵ هه‌مان وێنه‌ی خۆر له‌سه‌ر ڕووی فراوانی ده‌ریادا لێ تێكچووه‌، له‌و ڕووه‌وه‌ كه‌ هه‌ردووكیان دانه‌وه‌ی وێنه‌ی "خۆر"ن، هه‌رچه‌نده‌ش له‌ گه‌وره‌یی و فراوانیدا جیاوازییان هه‌یه‌!

به‌م جۆره‌، زۆر كه‌س هه‌ن له‌ ئه‌هلی ویلایه‌ت كه‌ هه‌ریه‌كه‌یان خۆی زۆر به‌ گه‌وره‌ و مه‌زنتر ده‌بینێت له‌و پیاوچاكانه‌ی كه‌ له‌ ڕاستیدا له‌و به‌رز و پایه‌دارترن، له‌وانه‌ی كه‌ پله‌ی ئه‌م سه‌باره‌ت به‌وان وه‌كو نیسبه‌تی مێش وایه‌ له‌ ئاستی تاووسدا.. به‌ڵام ئه‌م خاوه‌ن ده‌عوا و لافه‌، خۆی به‌و شێوه‌یه‌ ده‌بینێت كه‌ وه‌سف و باسی ده‌كات و، له‌م بینینه‌شیدا پێی وایه‌ كه‌ له‌سه‌ر حه‌قه‌ و ڕاستیی پێكاوه‌!

تەنانـەت هـەر خـۆم یـەکێکم بینـی کـە نیشـانەکانی قوتبـی ئـەعزەمی هەڵدەگرت و لافی حاڵەتەکانی ئـەوی لـێ دەدا و جموجـووڵ و ڕەفتارەکـانی ئەوی بـە بـەری خۆی دەپۆشی! کـەچی لـە نـاوەندی سیفەتەکانی قوتبییـەتدا جگـە لـە "بێداربوونـەوەی دڵ" و "هەسـت کـردن بـە نـهێنیی ویلایـەت لـە دوورەوە" هیچی تری تێدا نەبوو!

پێم وت:

برام! هەروەك "یاسای پادشایەتی" چـەندین ئاوێنـە و دەرخـەری "جوزئـی" یـان "کوللـی"ی هەیـە کـە بـە یـەك شێوە لـە هـەموو فەرمانگـەکانی دەوڵـەتدا دەردەکەون، هـەر لـە سـەرۆکایەتیی وەزارەتـەوە تـا دەگاتـە بـەڕێوەبردنی ناحیەیەکی بچووك.. ویلایەت و قوتبییەتیش بە هەمان جۆرن، گەلـێ بازنـەی جیاجیـا و دەرخـەر و ئاوێنـەی جۆراوجۆریـان هەیـە و، هەریـەك لـە مەقامەکانیشیان خاوەنی گەلـێ سێبەری زۆرە.

جا تۆ درەوشانەوەی هەرە گەورە و مەزهەری هەرە مەزنی "قوتبییـەت"ت - کە وەك سـەرۆکایەتیی وەزارەت وایە - لـە نـاوەندی بازنـە بچووکەکەی خۆتدا دیوە کە وەك بەڕێوەبردنی ناحیەیەك وایـە. کەواتـە ئـەم کێشـەیەت لـێ ئاڵۆزاوە و تیـایدا خەڵـەتاویت. چونکـە ئـەو شتەی کـە تـۆ دیوتـە ڕاسـت و دروستە، بەڵام حوکم و بڕیارەکەت هەڵەیە، ئەوەتا لەوێچێك ئاو سەبارەت بە مێشێك دەریایەکی مەزن و فراوانە!

ئەو برایـە، بەم قسـەیەم بێـدار بووەوە و - بـە ویستی خـوا - لـەو گێژاوە ڕزگاری بوو!

هـەروەها چـەند کەسـێکم دی لەوانـەی کـە خۆیـان وا دادەنێـن لـە "مـەهدی"یـەوە نزیـك بـن یـان لـەو بچـن و، هەریەکـەیان دەیـوت: مـن دەبم بـە "مەهدی"!

ئه‌و جۆره كه‌سانه نه درۆ ده‌كه‌ن و نه خه‌ڵكیش ده‌خه‌ڵه‌تێنن، به‌ڵكو خۆیان خه‌ڵه‌تاون و به هه‌ڵه‌دا چوون! چونكه پێیان وایه ئه‌و شتانه‌ی كه ده‌یانبینن: حه‌ق و ڕاستن و هه‌ر به‌و جۆره‌ن.

به‌ڵام هه‌روه‌ك ناوه جوانه‌كانی خوای گه‌وره هه‌ر له عه‌رشی ئه‌عزه‌مه‌وه تا ده‌گاته گه‌ردیله‌كان دره‌وشانه‌وه‌ی جۆراوجۆریان هه‌یه، ئاوێنه و ده‌رخه‌ری ئه‌م دره‌وشانه‌وانه‌ش له گه‌ردوون و ده‌روونه‌كاندا - به هه‌مان ڕێژه - جیاواز و جۆراوجۆرن و.. پله‌كانی ویلایه‌تیش، كه بریتین له به‌ده‌ستهێنانی مه‌زهه‌ر و ئاوێنه‌كانی ئه‌و دره‌وشانه‌وانه و شه‌ره‌فمه‌ندی و به‌هره‌مه‌ندبوون پێیان، به هه‌مان جۆر، جیاجیا و جۆراوجۆرن.

گرنگترین هۆكار بۆ ئه‌م لێ ئاڵۆزانه له‌وه‌دایه كه هه‌ندێ له مه‌قامه‌كانی ئه‌ولیا شتێكیان له تایبه‌تكاری و ئه‌ركه‌كانی "مه‌هدی" تێدایه و، نیسبه‌تێكی تایبه‌تییان به قوتبی ئه‌عزه‌م و په‌یوه‌ندی‌یه‌كی تایبه‌تییشیان به حه‌زره‌تی "خضر"ه‌وه تێدا ده‌بینرێت. چونكه هه‌ندێ مه‌قام هه‌ن كه چه‌ندین په‌یوه‌ندییان به هه‌ندێ له ناودارانه‌وه هه‌یه، به ڕاده‌یه‌ك كه به‌و مه‌قامانه ده‌وترێت: "مه‌قامی خضر" و "مه‌قامی وه‌یس" و "مه‌قامی مه‌هدییه‌ت".

جا ئه‌و كه‌سانه‌ی كه ده‌گه‌نه ئه‌و مه‌قامه، یان ده‌گه‌نه به‌شێكی، یان سێبه‌رێك له سێبه‌ره‌كانی، ئه‌وا له‌و گومانه‌دا ده‌بن كه هه‌ر خۆیان ئه‌و كه‌سایه‌تی‌یه به‌رز و به‌ناوبانگانه بن! ئیتر هی وایان هه‌یه خۆی به "خضر" یان "مه‌هدی" داده‌نێت، یاخود له ئه‌ندێشه‌یدا پێی وایه كه خۆی "قوتبی ئه‌عزه‌م" بێت!

جا ئه‌گه‌ر ئه‌و كه‌سه "خۆپه‌رستی"ی به ته‌واوه‌تی تێدا نه‌مابوو، به ڕاده‌یه‌ك كه حه‌ز و چاوگێڕانی بۆ جاه و پله و پایه و شانازی كردن به‌سه‌ر كه‌سانی تردا تێدا نه‌بوو، ئه‌وا گله‌یی لێ ناكرێت و، ئه‌و لاف و ده‌عوایانه‌ش كه له

زاری دەردەچن و لـە توانـا و سنووری خـۆی بـەدەرن بـە "شـەتەحات"ێـك دادەنرێن کە بەرپرس نی‌یە لێیان و، دەگونجێ چاوپۆشییان لـێ بکرێت.

بـەلاّم گـەر ئـەم لاف و دەعوایانـە لـە لایـەن کەسـێکەوە بـن کـە "خۆپەرستی"یەکەی هێشتا لەسەر پێ بێـت و، حـەز و چـاوگێرانی بۆ جاهـ و پلە و پایە هەر تێدا مابێت، ئەوا ئەم "خۆپەرستی"یەی بە سەردا زالّ دەبێـت و، دەسـتی ئـەو مرۆڤـە دەگرێـت و، مـەقامی شـــوکری لـە پشـتەوە پـێ بـەجێ دەهێلّێت و بەرەو خـوارەوە بۆ مـەنزلگاکانی فـەخر و شـانازی دەیبـات. ئیـتر لەوێشەوە وردە وردە بەر دەبێتەوە بۆ ناو شیو و دۆلّی ئـەو لـەخۆ بـایی بـوون و غرووڕەی کە کردەوە چاکەکانی مرۆڤ دەسڕێتەوە.

ئنجـا یـان ئەوەیە گرفتـاری شـێتی دەبێـت، یـاخود بە یـەکجارەکی دوور دەکەوێتەوە و لە ڕێ دەترازێت. چونکە خۆی لە ڕیزی ئەو پیاوچـاك و ئـەولیا مەزنانە داناوە، کە ئەم کارەش – لە خۆیدا – بریتی‌یە لە "گومان خراپـی" بـەو مرۆڤە پیاوچاکانـە، چونکـە ئـەو قسـوورانەی کـە لـە دەروونـی خۆیـدان و "نـەفس" هـەر چـەندەش لـە خـۆی بـایی بووبێـت هەستیان پـێ دەکـات، ئـەم قسوورانە دەکاتـە بـەر ئـەو پیاوچـاك و ئـەولیا بەرزانـەش کـە بـە چاویلکـەی دەروونـە خـاوەن قسـوورەکانی خـۆی سـەیریان دەکـات! ئیـتر گرفتـاری ئـەو وەهمـە دەبێـت کـە ئـەو زاتـە مەزنانـەش – وەك خـۆی – تەقسـیربار بـن و، لەمەشـەوە ڕێـزی بۆیـان کـەم دەکاتـەوە و، دوای ئەمـەش ڕێـزی تەنانـەت پێغەمبەرانیشی – درووودیان لەسەر بێت – لە لا کەم دەبێتەوە.

ئەو جۆرە کەسانەی کە ئەو مەقامانەیان بەو چەشنە لـێ ئالۆزاوە، پێویسـتە "مـیزانی شـەریعەت" بـە دەسـتەوە بگـرن، تـاکو کردەوەکـانی خۆیـانی پـێ هەلّبسـەنگێنن و، لـە سنووری ئـەو دەسـتوورانەدا ڕابووەسـتن کـە زانایـانی "ئوسـوولّی دیـن" دەستنیشـانیان کـردوون و، بە ڕابەرایـەتیی ئـەو ڕێنماییانـە

هه‌نگاو بنێن كه "ئیمامی غه‌زالی"[(١)] و، "ئیمامی ڕه‌ببانی" و ئه‌ولیا لێكۆڵه‌ره زاناكانی هاوچه‌شنیان دایانناون و، هه‌میشه "نه‌فس"ی خۆیان به تۆمه‌تبار دابنێن و، بزانن كه "قسوور" و "كۆڵه‌واری" و "هه‌ژاری" هه‌میشه هاوده‌م و هاوڕێی ده‌روونه‌كانن، با زۆر به‌رزیش بووبێتنه‌وه.

سه‌رچاوه‌ی شه‌ته‌حاتی ئه‌م مه‌شره‌به سه‌باره‌ت به هه‌ندێ كه‌سی "سالیك" بریتی‌یه له "خۆشویستنی نه‌فس". ئه‌م خۆشه‌ویستی‌یه به ڕاده‌یه‌ك گه‌شه ده‌كات و گه‌وره ده‌بێت كه هه‌ندێ له‌و كه‌سانه پێی وایه: خاوێنیی ده‌روونی و بریسكانه‌وه‌ی زاتی خۆی پارچه‌یه‌كی ئه‌ڵماسه! كه‌چی له ڕاستیدا بریتی‌یه له پارچه شووشه‌یه‌كی بێ نرخ و بەها.

---

(١) ئیمامی غه‌زالی (٤٥٠ - ٥٠٥ك) یه‌كێكه له گه‌وره مه‌ردانی ئیسلام و، ناوی ئه‌بوو حامید محه‌مه‌دی كوڕی محه‌مه‌دی غه‌زالی‌یه. كه‌ڵه زانای زانسته‌كانی فیقهی شافیعی و كه‌لام بووه و، به فه‌یله‌سووف و زاهید و چاكسازێكی ئایینی و كۆمه‌لایه‌تی و خاوه‌ن په‌یامێكی ڕۆحی داده‌نرێت كه جێ ده‌ستی له ژیانی ئیسلامیدا هه‌ر له سه‌رده‌مه‌كه‌ی خۆیه‌وه هه‌تا ئێستا ئاشكرا و نمایانه. له شاری "تووس"ی سه‌ر به خوراسان له دایك بووه. پاش ته‌واو كردنی خوێندن، لێكۆڵینه‌وه‌ی له زانسته‌كانی كه‌لام و فه‌لسه‌فه به تایبه‌ت هی ئیبن سینا و فارابی، هه‌روه‌ها له زانسته‌كانی ده‌سته‌ی باتینیدا به ئه‌نجام گه‌یاندووه، به‌لام هیچ كام له‌وانه نه‌یانتوانیوه خواسته‌كانی ژیریی ئه‌و له‌مه‌ڕ یه‌قین و دڵنیایی بهێننه‌دی و ڕه‌زامه‌ندیی حه‌ز و خواستی دڵیشی بۆ به‌ده‌ستهێنانی به‌خته‌وه‌ری ده‌سته‌به‌ر بكه‌ن، هه‌تا خۆی به ڕێبازێكی جیاواز له هه‌موو ئه‌وانه توانیویه‌تی به‌و ئامانجه بگات و، دوایی له كتێبی (المنقذ من الضلال)دا ئه‌و گه‌شته فیكری و ڕۆحی‌یه‌ی تۆمار كردووه. ماوه‌یه‌ك له قوتابخانه‌ی نیزامی‌یه‌ی به‌غدا (كه گه‌وره‌ترین زانكۆی ئه‌و سه‌رده‌مه بووه) سه‌رگه‌رمی وانه وتنه‌وه بووه. پاشان سه‌ردانی زۆر شاری وه‌ك دیمه‌شق و به‌یتولمه‌قدیس و قاهیره و ئه‌سكه‌نده‌ریه و مه‌ككه و مه‌دینه‌ی كردووه. گه‌لێ به‌رهه‌می دوای خۆی به‌جێهێشتووه كه ئه‌مه ناوی هه‌ندێكیانه: "إحياء علوم الدين"، "تهافت الفلاسفة"، "المنقذ من الضلال"، "الأربعين في اصول الدين". پێم خۆشه خوێنه‌ی به‌ڕێز بۆ زیاده شاره‌زابوون له ژیان و ڕۆڵی گرنگی ئه‌م مه‌رده ناوازه‌یه به‌رگی یه‌كه‌می كتێبی (رجال الفكر والدعوة في الإسلام)ی خوا لێخۆشبوو (سه‌یید ئه‌بولحه‌سه‌نی نه‌ده‌وی) و، (هكذا ظهر جيل صلاح الدين)ی (د. ماجد الگيلاني) (به تایبه‌تی: الفصل العاشر) بخوێنێته‌وه. (وه‌رگێڕ)

ئەم بۆچوونەشی هی ئەوەیە کە بە چاوی لەخۆ ڕازی بوونەوە بۆ خۆی ڕوانیوە. خۆ دیارە چاوی ڕازی بوونیش لە ئاستی بینینی نەنگی و ناتەواوی‌یەکاندا کول و نابینایە.

ترسناکترینی ئەو هەڵوێستە پڕ لە مەترسییانەی کە لەم جۆرە سلووکەدایە، بریتی‌یە لەوەی کە:

ئەو واتا جوزئییانەی بە شێوەی "ئیلهام" دێنە ناو دڵی سالیکەوە، لە ئەندێشەی خۆیدا بە گوفتاری خوایان دادەنێت و، هەریەك لەو ئیلهامە هاتووانە بە "ئایەت" ناو دەبات! ئیتر بەم وەهم و ئەندێشەیەی خۆی جۆرە بێ ڕێزی‌یەك لە ئەندێشەیدا سەبارەت بە پلەی بەرز و بڵندی "وەحی" پەیدا دەبێت.

بەڵێ هەموو ئیلهامێك، هەر لە ئیلهامی هەنگ و زیندەوەرانەوە تا ئیلهامی عەوامی خەڵکی و.. ئیلهامی مرۆڤە تایبەتمەندەکان و.. عەوامی مەلائیکەت و.. ئیلهامی تایبەتمەند و نزیکەکانی ئەوان لە خوای گەورەوە.. هەریەکەیان، جۆرێکن لە وشە پەروەردگاری‌یەکان. بەڵام دەبێ بزانرێت کە گوفتاری پەروەردگار بریتی‌یە لە درەوشانەوەی فەرمایشت و گوفتاری جۆراوجۆری ئەو کە لە ناوەندی حەفتا هەزار پەردەوە و بەپێی توانا و لێهاتنی ئاوێنە و مەقامەکان، دەبریسکێتەوە.

هەرچی "وەحی"یشە ئەوا ناوی تایبەتیی گوفتاری خوای گەورەیە. ڕووناکترین نموونەی بەرجەستەشی ئەو ناوەیە کە لە ئەستێرەکانی قورئان نراوە و، هەریەك لەو ئەستێرانەش پێی دەوترێت "ئایەت". هەروەك بە شێوەیەکی تەوقیفی پێمان گەیشتووە.

جا ناونانی ئەم جۆرە ئیلهامانە بە "ئایەت" هەڵەیەکی سەرتاسەری و بێ گومانە. چونکە ڕێژەی جیاوازیی وێنەی بچووکی کزی خۆر لە پشت پەردەی ئاوێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو دەستمانەوە لەچاو خۆری ڕاستەقینەی

ناوجه‌رگه‌ی ئاسماندا چه‌نده‌یه، ڕێژه‌ی جیاوازیی نێوان ئیلـهامی نـاو دڵـی ئـه‌و لاف لێده‌رانه و ئایه‌ته‌كانی خۆری قورئانی پیرۆز كـه گوفتـاری ڕاسته‌وخۆی خواوه‌نـده، بـه هـه‌مان ئه‌ندازه‌یـه. (وه‌ك لـه وتـه‌كانی دوازده‌هـه‌م و، بیسـت و پێنجـه‌م و، ســی و یه‌كـه‌می كتێبـی "وتــه‌كان"دا ڕوونمــان كردووه‌تــه‌وه و چه‌سپاندوومانه).

به‌ڵێ، گه‌ر بوترێت: ئه‌و وێنه‌یه‌ی خۆر كه به ئاشكرا له ئاوێنه‌دا دیاره هـه‌ر خودی وێنه‌كه‌یه‌تی به ڕاستی و په‌یوه‌ندیشی له‌گه‌ڵ خۆری ڕاسته‌قینه‌دا هه‌یـه، ئـه‌وا ئـه‌م گوفتـاره ڕاسته و هیـچ ناته‌واوی‌یه‌كی تێدا نی‌یـه. بـه‌ڵام هـه‌رگیز ناگونجێ كه گۆی گـه‌وره‌ی زه‌وی بـه‌م خـۆره بچووكانـه‌ی نـاو ئاوێنه‌كانـه‌وه په‌یوه‌ست بكرێت و به جازبییه‌تی ئه‌وانه‌وه ببه‌سترێته‌وه!

✿ ته‌لویحی پێنجه‌م:

"مه‌شره‌بی: وه‌حده‌تی وجود"

مه‌شره‌بی "وه‌حده‌تی وجـود" كــه "وه‌حده‌تـی شـهوود"یشـی لـه‌خۆدا هه‌ڵگرتووه، به یه‌كێك له مه‌شره‌به سۆفیێتی‌یه گرنگه‌كان داده‌نرێت.

وه‌حده‌تی وجوودیش بریتی‌یه له ته‌رخانكردنی ڕوانین ته‌نـها بـۆ "بـوون"ی خواوه‌ندی "واجب الوجود". واتـه: ئـه‌م مه‌شره‌به پێـی وایـه كـه مـه‌وجوودی حه‌ق و ڕاسته‌قینه ته‌نـها هـه‌ر خـوای گـه‌وره‌ی "واجـب الوجـود"ه و، هـه‌موو مه‌وجووده‌كانی تر بریتین لـه چـه‌ند سێبه‌رێكی كز و قـه‌ڵب و وه‌همـی كـه لـه به‌رامبـه‌ر "بـوون"ی "واجــب الوجـود"ه‌وه شـایانی ئـه‌وه نـین كـه سـیفه‌تی "بوون"یان بدرێته پاڵ!

له‌به‌ر ئه‌م تێڕوانینه، ئه‌هلی ئه‌م مه‌شره‌به پێیان وایه كه بوونـه‌وه‌ران وه‌هـم و ئه‌ندێشه‌ن و، له پله‌ی "ته‌ركی ماسیوا"دا (واته: وازهێنـان لـه غـه‌یری خـوادا) ئه‌و بوونه‌وه‌رانه به عه‌ده‌م داده‌نێن. ته‌نانه‌ت هێنده له‌مه‌دا ڕۆده‌چن كـه ده‌گه‌نـه

ئەوەی بوونەوەران بە چەند ئاوێنەیەکی ئەندێشەیی دابنێن بۆ درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکان!

گرنگترین حەقیقەت کە لەم مەشرەبەدایە، بریتی‌یە لەوەی کە:

بوونەوەر و بەدیهاتووە مومکینەکان لە بەرچاوی گەورە ئەولیاکانی ئەم مەشرەبەدا، کە بەهۆی هێزی ئیمانەکەیانەوە گەیشتوونەتە پلەی "حق الیقین"، بچووك دەبێتەوە و هێندە لە بەرچاویاندا دادەبەزێتە خوار تا دەگاتە پلەی وەهم و عەدەم. واتە لە ئاستی بوونی خوای گەورەی "واجب الوجود"دا ئینکاریی بوونی گەردوون دەکەن.

بەڵام گەلێ مەترسی و هەڵدێری زۆر لەم مەشرەبەدا هەیە. یەکەمیان و گرنگترینیان بریتی‌یە لەوەی کە:

"پایەکانی ئیمان" شەش دانەن. واتە جگە لە پایەی "باوەڕ بە خوای گەورە" چەند پایەیەکی تری وەك "باوەڕ بە دواڕۆژ" هەیە و، ئەم پایانەش داخوازی "بوون"ی بوونەوەرە مومکینەکانن. واتە ناگونجێ ئەم پایە قایم و توند و تۆڵانەی ئیمان لەسەر بناغەیەکی "ئەندێشەیی" ڕاوەستابێتن!

کەواتە دەبێ خاوەنی ئەم مەشرەبە کاتێ لە جیهانی ئیستیغراق و مەستی بێدار دەبێتەوە، مەشرەبەکەی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتەوە بۆ جیهانی بێداری و کاری پێ نەکات و، ئەم مەشرەبەی کە بە دڵ و ویژدان و چێژ هەستی پێ دەکرێت، نەیکات بە چەند بناغەیەکی ژیرەکی و زانستی و، بە گوفتار دەری نەبڕێت. چونکە دەستوورە ژیرەکی و یاسا زانستی‌یەکان و ئوسووڵەکانی زانستی کەلام - کە هەر هەموویان لە قورئان و سوننەتی خاوێنەوە هەڵقوڵاون - ناتوانن ئەم مەشرەبە هەڵبگرن و بواری جێبەجێ کردنی ئەویان تێدا نابێتەوە.

هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌شه كه له‌ناو بێدارانی ئه‌هلی ئیماندا (وه‌ك خه‌لیفه ڕاشیده‌كان و پێشه‌وا موجته‌هیده‌كان و زانا به‌كرده‌وه‌كانی به‌ره‌كانی پێشینی باشی ئه‌م نه‌ته‌وه‌یه) ئه‌م مه‌شره‌به به‌رچاو ناكه‌وێت. كه‌واته ئه‌م مه‌شره‌به به‌رزترین و بڵندترینی پله‌كان نی‌یه، به‌ڵكو له‌وانه‌یه دارای به‌رزاییه‌ك بێت كه ناته‌واویی تێدا بێت و، چێژێكی شیرینی سه‌رنج ڕاكێشیشی تێدا بێت، كه تامێكی تیژی ببێت.

جا له‌به‌ر شیرینی‌یه ڕواڵه‌تی و جوانی‌یه سه‌رنج بزوێنه‌كه‌ی، ئه‌و كه‌سانه‌ی كه ده‌چنه ناوی حه‌ز ناكه‌ن بڕۆنه ده‌ره‌وه لێی و، به‌هۆی چاوگێڕان و سه‌ربه‌رزكردنه‌وه‌ی ده‌روونه‌كانیان، له‌و گومانه‌دان كه: ئه‌م مه‌شره‌به بڵندترینی پله‌كان بێت.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له په‌یامی "خالێك له نووری ناسینی خوای گه‌وره" و له "وته‌كان" و "مه‌كتووبات"دا شتێكمان له باره‌ی بناغه‌كان و ماهییه‌تی ئه‌م مه‌شره‌ب و ڕێبازه باس كردووه، ئه‌وا به‌و ئه‌ندازه‌یه واز ده‌هێنین و، لێره‌دا ته‌نها له‌باره‌ی گێژاوێكی ترسناك ده‌دوێین كه به‌شێك له‌و كه‌سانه‌ی تێ ده‌كه‌ون له ده‌وری "وحدة الوجود"دا ده‌خولێنه‌وه.

ئه‌ویش بریتی‌یه له‌مه‌ی خواره‌وه:

ئه‌م مه‌شره‌به ته‌نها بۆ كه‌سانی هه‌ره تایبه‌تمه‌ند ده‌ست ده‌دات له ده‌می حاڵه‌ته‌كانی ئیستیغراقی ته‌واوه‌تیدا و، بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ش كه ده‌ستبه‌رداری هۆكاره ماددی‌یه‌كان بوون و هه‌موو په‌یوه‌ندی‌یه‌كیان به غه‌یری خوای گه‌وره‌وه (له شتان و مومكینات) پچڕیوه.

به‌ڵام گه‌ر ئه‌م مه‌شره‌به له به‌رزایی چێژ و حاڵ و جه‌زبه‌كان و ئه‌شواقه‌كانی دڵه‌وه دابه‌زێته خواره‌وه و بڕواته ناو بازنه‌ی ڕێڕه‌وه فیكری و زانستی‌یه‌كانه‌وه و، به شێوه‌یه‌كی زانستی و ژیره‌كی پێش چاوی ئه‌و خه‌ڵكه

بخرێت کە حەز و ئارەزوویان لە ژیانی دنیایە و لەناو فەلسەفە ماددی و سروشتی‌یەکاندا ڕۆچوون، ئەوا ئەنجامەکەی نوقم بوون دەبێت لە سروشت و ماددەدا و دوورکەوتنەوە دەبێت لە حەقیقەتی ئیسلام..

چونکە ئەو مرۆڤە ماددی‌یەی کە دەستی لە داوێنی هۆکارەکان گیر کردووە و شەیدای دنیایە، گەلێ بە تاسەوەیە سیفەتی هەتاهەتایی و نەمری بە بەر ئەم ژیانەی دنیای بپۆشێت، چونکە بەلایەوە قورس و دژوارە کە بە چاوی خۆی ببینێت خۆشەویستەکەی لە بەردەستیدا ببێت بە هەڵم و بتوێتەوە!

بۆیە لە ڕوانگەی بیری "وەحدەتی وجوود"ەوە سیفەتی: مانەوە و وجوودی هەمیشەیی بە دنیاکەی دەبەخشێت. دیارە ئەو کاتەش سڵ لەوە ناکاتەوە کە دنیا خۆشەویستەکەی بۆ پلەی "پەرستراو" بەرز بکاتەوە، دوای ئەوەی کە سیفەتەکانی بەردەوامی و نەمری و مانەوەی هەمیشەیی پێ بەخشی! ئیتر لێرەوە - خوا پەنامان بدات - دەرگای ئینکاریی بوونی خوای گەورەی لێ دەکرێتەوە!

جا لەبەر ئەوەی ستوونەکانی بیری ماددی لەم چەرخەدا بە توندوتۆڵی جێگیر بوون و ئەم بیرە بەسەر زۆرینەی چالاکی‌یە ژیرەکی و زانستی‌یەکاندا زاڵ بووە، تەنانەت ماددە - لای باوەڕ پێ بووانی - بووە بە بنچینە و بناغەی هەموو شتێك.. ئەوا برەودان بە ڕێڕەوی "وەحدەتی وجوود" لەم چەرخەدا - کە تایبەتمەندانی "ئەهلی ئیمان" هەتا ڕادەی عەدەم بە بێ نرخ و بەها شتانی ماددیی تێدا دەبینن - لەوانەیە بەڵگەیەك بدات بەدەست ماددی‌یەکانەوە کە ئەوانیش بانگەوازکاری هەمان ڕێڕەو بن و، بە ئیماندارانی هەڵگری ئەم مەشرەبە بڵێن:

"ئێمە و ئێوە یەکسانین، چونکە ئێمەش هەمان قسە دەڵێین و بە هەمان جۆریش بیر دەکەینەوە"!

له کاتێکدا که له سه‌رتاسه‌ری جیهاندا هیچ مه‌شره‌بێکی تر نی‌یه وه‌ك "وه‌حده‌تی وجوود" له ڕێبازی ماددی‌یه‌کان و سروشت په‌رستانه‌وه دوور بێت. چونکه هه‌ڵگرانی ئه‌م مه‌شره‌به ئیمانێکی هێنده قووڵیان به خوای گه‌وره هه‌یه که سه‌رانسه‌ری گه‌ردوون و سه‌رجه‌می بوونه‌وه‌ران له ئاستی حه‌قیقه‌تی بوونی خوای گه‌وره‌دا به عه‌ده‌م و نه‌بوو داده‌نێن، که‌چی ماددی‌یه‌کان هێنده بایه‌خ به بوونه‌وه‌ران ده‌ده‌ن که ئینکاریی بوونی خوای گه‌وره ده‌که‌ن له ئاستی بوونه‌وه‌راندا!

ئایا ئیتر که‌ی ئه‌مانه له‌وان ده‌چن؟!

✿ ته‌لویحی شه‌شه‌م:

"ڕێگاکانی ویلایه‌ت"

بریتی‌یه له سێ خاڵ.

● خاڵی یه‌که‌م: "شوێنکه‌وتنی سوننه‌ت"

(شوێنکه‌وتنی سوننه‌تی خاوێنی پێغه‌مبه‌ر ﷺ) جوانترین و به‌پیت‌ترین و دره‌خشانترینی ئه‌و ڕێگایانه‌یه که مرۆڤ ده‌گه‌یه‌نه پله‌ی "ویلایه‌ت".

مه‌به‌ستیش له "شوێنکه‌وتن" ئه‌وه‌یه که مرۆڤی موسڵمان له هه‌موو هه‌ڵسوکه‌وت و ڕه‌فتارێکیدا به شوێن سوننه‌تی خاوێندا بگه‌ڕێت و چاوی لێ بکات و، له سه‌رجه‌می مامه‌ڵه و کرده‌وه‌کانیشیدا به‌پێی ئه‌حکامی شه‌رع هه‌نگاو بنێت. چونکه ئه‌و کاته، به‌م شوێنکه‌وتنه‌ی سوننه‌ت، هه‌موو کرده‌وه‌یه‌کی ڕۆژانه و مامه‌ڵه‌یه‌کی عورفی و هه‌ڵسوکه‌وتێکی سروشتی و ئاسایی ئه‌و موسڵمانه شێوه‌ی "عیباده‌ت" ده‌گرنه خۆیان.

ئه‌مه سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که شوێنکه‌وتنی سوننه‌ت و گه‌ڕان به شوێن شه‌رعی خوای گه‌وره له هه‌موو کاروبارێکدا، ئه‌و ئیمانداره ده‌خاته دۆخی بێداری‌یه‌کی به‌رده‌وام و یادکردنه‌وه‌یه‌کی هه‌میشه‌یی شه‌رعه‌وه..

خــۆ ئــەم یادکردنەوەیــەی شــەرعیش مــرۆڤ دەگەیەنێتــە یادکردنــەوەی خاوەنی شەرع و، ئەمەش دەرەنجامەکەی یادکردنەوەی خوای گەورە دەبێت.
خۆ دیارە یادی خوای گەورەش هۆی ئاسوودەیی و دڵنیایی دڵی مرۆڤە.

واتــە لــە کــاتێکی وادا دەکرێــت هــەموو ســەعات و خولەکەکانی تەمــەنی مرۆڤ لە پەرستشێکی بەردەوام و دڵنیایی بەخشدا بەسەر ببرێت.

لەبەر ئەوە، "شوێنکەوتنی سوننەتی خاوێن" ڕێگای ویلایەتی کوبرا و ڕێبازی ئەرکی پێغەمبەرایەتی‌یە، کە هی هاوەڵە بەڕێزەکان و پێشینانی پیاوچاکن.

● خاڵی دووهەم: "ئیخلاس و خۆشەویستی"

"ئیخلاس" گرنگترین بناغەیە بۆ سەرجەم ڕێگاکانی ویلایەت و تەریقەت. چونکە ئیخلاس تاقانە ڕێگای ڕزگاربوونە لە شیرکی پەنهان. کەواتە هەرکەسێك "ئیخلاس" لەناو دڵیدا هەڵنەگرێت، ناتوانێت بەناو ئەو ڕێگایانەدا هەنگاو بنێت!

هەروەها "خۆشەویستی"ش بەتواناترین هێزە لەو ڕێگایانەدا. چونکە مرۆڤی هەڵگری "خۆشەویستی" هەرگیز بە دوای ناتەواویی خۆشەویستەکەیدا ناگەڕێت، تەنانەت حەزیش ناکات کەموکوڕی و ناتەواویی تێدا ببینێت. بەڵکو لاوازترین بەڵگە و نیشانە لەسەر کەماڵی خۆشەویستەکەی - لای ئەو - بەهێزترین بەڵگە و نیشانەیە، چونکە هەمیشە لایەنی خۆشەویستەکەی دەگرێت.

جا لەسەر بناغەی ئەم نهێنی‌یە، ئەو کەسانەی کە لە ڕێی "خۆشەویستی"یەوە بە دڵ ڕوو دەکەنە ناسینی خوای گەورە، گوێ بۆ ڕەخنە و ئیعتیرازەکان شل ناکەن و، بە خێرایی هەموو تەگەرە و کۆسپ و گومانەکان دەبڕن و بە ئاسانی خۆیان دەپارێزن و، لە وەهم و گومانەکان

ده‌ربازی ده‌كه‌ن، به‌ ڕاده‌یه‌ك كه‌ ئه‌گه‌ر هه‌زاران شه‌یتانی سه‌ر ڕووی زه‌وی له‌ دژیان كۆ ببنه‌وه‌ ئه‌وا هه‌رگیز ناتوانن ته‌نانه‌ت یه‌ك دانه‌ نیشانه‌ش هه‌لبووه‌شێننه‌وه‌ كه‌ به‌لگه‌ بێت له‌سه‌ر به‌رزی و كه‌مالی خۆشه‌ویسته‌ ڕاسته‌قینه‌كه‌یان!

مرۆڤ به‌ بێ ئه‌م خۆشه‌ویستی‌یه‌، له‌ ژێر كۆلی وه‌سوه‌سه‌كانی نه‌فس و شه‌یتانه‌كه‌یدا گیرۆده‌ی گه‌لێ ڕه‌خنه‌ و شوبهه‌ و گومان ده‌بێت، كه‌ مه‌گه‌ر هێز و توندوتۆلیی ئیمانه‌كه‌ی و وریایی و خۆپاراستنی له‌ڕاده‌به‌ده‌ری، ده‌نا هیچ شتێك له‌و شوبهه‌ و گومانانه‌ ڕزگاری ناكات.

كه‌واته‌ ئه‌و "خۆشه‌ویستی"یه‌ی كه‌ هه‌لقولاوی ناسینی خوای گه‌وره‌ بێت، گه‌وهه‌ر و كاكله‌ و ئیكسیری سه‌رجه‌می پله‌كانی ویلایه‌ته‌.

به‌لام ئه‌م خۆشه‌ویستی‌یه‌ش گرفتێكی گه‌وره‌ی تێدایه‌، ئه‌ویش له‌وه‌دایه‌ كه‌ مه‌ترسی له‌ خاوه‌نی ئه‌و خۆشه‌ویستی‌یه‌ ده‌كرێت ده‌ست له‌ نزا و لالانه‌وه‌ و زه‌لیلی به‌رامبه‌ر خوای گه‌وره‌ هه‌لبگرێت، كه‌ بریتین له‌ نهێنیی به‌ندایه‌تی و، ڕوو بكاته‌ ناز و داخوازی و لاف لێدان. دیاره‌ ئه‌و كاته‌ش ژیری و ڕاستی و دروستیی هه‌لوێسته‌كانی له‌ده‌ست ده‌دات و، فیز و ده‌مار به‌م "خۆشه‌ویستی"یه‌وه‌ ده‌رده‌خات، بێ ئه‌وه‌ی خۆی پابه‌ندی چه‌ند ده‌ستوور و ته‌رازوویه‌ك بكات..

هه‌روه‌ها مه‌ترسیی ئه‌وه‌ی لێ ده‌كرێت كه‌ له‌و كاتانه‌دا ڕووی خۆشه‌ویستی‌یه‌كه‌ی ده‌كاته‌ غه‌یری خوای گه‌وره‌، خۆشه‌ویستی له‌ لای ئه‌و له‌ "واتای حه‌رفی"یه‌وه‌ بگۆڕێت به‌ "واتای ئیسمی"[1]. دیاره‌ ئه‌و كاته‌ش خۆشه‌ویستی‌یه‌كه‌ی له‌ ده‌رمانێكی شیفا به‌خشه‌وه‌ ده‌بێت به‌ ژه‌هرێكی كوشنده‌..

---

(١) بۆ واتای ئه‌م زاراوانه‌ بڕوانه‌ په‌راوێزی ل (٨٠١-٨٠٢)ی كتێبی (وته‌كان) . (وه‌رگێڕ)

چونکە هەندێ جار ڕێ دەکەوێت کە مرۆڤی هەڵگری "خۆشەویستی" ڕوو دەکاتە سیفەتەکان و کەماڵی شەخسی و جوانیی زاتیی ئەو خۆشەویستەی کە غەیری خوایە و، ئەو خۆشویستنەشی بە واتای ئیسمی دەبێت. واتە لەبەر خۆی دەبێت و، بێ ئەوەی یادی خوا و پێغەمبەریش ﷺ بکات ئەو خۆشەویستەی هەر خۆش دەوێت! لە کاتێکدا کە دەبێت خۆشویستنی "غەیری خوا" لەبەر خوا و لە پێناوی خوادا بێت و، لەو ڕووەوە دڵی خۆی پەیوەستی ئەو خۆشەویستە بکات کە ئاوێنەی تیادرەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خواوەندە.

جا ئەم چەشنە خۆشەویستی‌یەی کە بە "واتای ئیسمی"یە، نابێت بە هۆکارێك بۆ خۆشویستنی خوای گەورە، بەڵکو دەبێت بە پەردە و بەربەستێك لە بەردەم ئەو خۆشەویستی‌یەدا.

بەڵام هەر خۆشەویستی‌یەك کە بە "واتای حەرفی" بێت، واتە لە ڕووی خۆشویستنی خوای گەورەوە بێت، ئەوا دەبێت بە هۆکارێك بۆ زیاد بوونی خۆشویستنی خوای گەورە، تەنانەت دەتوانرێ بوترێت کە: ئەو خۆشەویستی‌یە یەکێکە لە درەوشانەوەکانی خوای گەورە.

● خاڵی سێهەم: "پاداشتی کردەوەکان لە دواڕۆژدایە"

دنیا شوێنی کار و کۆشش و خانەی دانستە، نەك خانەی بەخشش و پاداشت! بەم پێیە، پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کە لێرەدا ئەنجام دەدرێن، لە ژیانی بەرزەخ و خانەی دواڕۆژدایە و، ئەو کردەوە چاکانە لەوێ بەروبووم دەبەخشن.

مادەم حەقیقەت ئەمەیە، ئەوا دەبێ لەم دنیایەدا داوای پاداشت و بەروبوومی کردەوەکانی سەر بە دواڕۆژ نەکرێت. خۆ ئەگەر بێ داوا کردن پێی بەخشران، دەبێ بە دڵخۆشی‌یەکی ئاوێتەی خەم و پەژارە و خەفەتەوە لە

دەستی بەخششی پەروەردگاری وەربگرێت، نەك بە خۆشی و شادمانییەکی ڕووت و خاوێنەوە. چونکە بەرەوڕووبوومی کردەوەکان گەر لە بەهەشتدا وەربگیرێن هەرگیز کۆتاییان پێ نایەت و نابڕێنەوە.

کەواتە کارێکی دانایانە نییە گەر لەم چەشنە ژیانە فانییەدا ئەو بەروبوومانە وەربگیرێن، چونکە ئەم کارە وەکو ئەوە وایە مرۆڤ پشت لە گڵۆپێکی هەمیشە ڕووناك و بەردەوام هەڵبکات و دڵ بداتە چرایەك کە تەنها یەك خولەك دادەگیرسێت و پاشان دەکوژێتەوە!

جا لەسەر بناغەی ئەم نهێنییە وردە، واتە چاوەڕوانیی پاداشت لە ژیانی دوارۆژدا، ئەولیاکان لەزەت لە کارە سەخت و قورسەکانی گیروگرفت و موسیبەتەکان دەچێژن و، سکاڵا و بێزارییان لە دەست دەرنابڕن، بەڵکو زمانیان هەمیشە: "الحمد لله علی کل حال" دووپات دەکاتەوە..

خۆ ئەگەر خوای گەورە کەرامەتێك یان کەشفێك یان نوور و چێژێکیان پێ ببەخشێت، ئەوا بەوپەڕی ئەدەبەوە لێی وەردەگرن و، بە ئاوڕلێدانەوە و بەخشش و ڕێزلێنانێکی خواوەندی دەزانن و، تێدەکۆشن ئەو کەرامەتە داپۆشن و دەری نەخەن و، شانازیی پێوە نەکەن. تەنانەت ئەم کارە هانیان دەدات کە بە خێرایی بۆ زیاد کردنی شوکرانەبژێری و قووڵکردنەوەی بەندایەتییان تێبکۆشن.

زۆریان هەیە کە هانا بۆ خوای گەورە دەبەن تاکو ئەم حاڵەتانەیان بپۆشێت و دەری نەخات و، ئاواتەخوازن نەمێنێت و لەبەرچاودا ون ببێت، بۆ ئەوەی ئیخلاسی کردەوەکانیان دووچاری ناتەواوی و کەموکووڕی نەبێت.

بەڵێ ڕاستە، گەورەترین نیعمەتی خواوەند سەبارەت بە کەسێکی وەرگیراو لای خوای گەورە بریتییە لەو نیعمەتەی کە بێ ئەوەی بەندەکە هەستی پێ بکات پێی دەبەخشرێت، تاکو لە حاڵی دوعا و پاڕانەوە و

لارەملیيەوە نەچێتە حاڵ و دۆخی نازكردن بە عیبادەتەكانی و داوا كردنی پاداشت لەسەریان. هەروەها بۆ ئەوەی لە پایەی شوكرانە و حەمدەوە بەرنەبێتەوە و نەكەوێتە باری شانازی و لەخۆبایی بوون.

بەپێی ئەم حەقیقەتە:

ئەو كەسانەی كە حەزیان لە گرتنەبەری ڕێی ویلایەت و تەریقەت هەیە، گەر دەیانەوێت هەندێ لە بەروبوومە لاوەكییەكانی "ویلایەت" لەم دنیادا بەدەست بهێنن و داوای دەكەن و لەزەتی لێ دەبەن، وەك كەرامەت و چێژە مەعنەویيەكان، ئەوا ئەم كارەیان حەز و ئارەزووی ئەوان دەردەخات بۆ دەستخستنی ئەو بەروبوومانە لەم ژیانە فانییەدا كە ئەگەر دەستیان بكەوێت ئەوا چەند بەروبوومێكی بڕاوە و فانی دەبن و، بەم كارەشیان "ئیخلاس"ێكیان لەدەست داوە كە بەهۆیەوە بەروبوومی ویلایەتیان دەست دەكەوێت. هەروەك بەم حەزەیان ڕێگا بۆ لەدەستدانی خودی ویلایەتەكەش خۆش دەكەن!

✿ تەلویحی حەوتەم:

"شەریعەت و تەریقەت"

بریتییە لە چوار سەرنج.

○ سەرنجی یەكەم: "شەریعەت هەمووی كاكڵەیە"

"شەریعەت" ئەنجامی ئەو گوفتارە ڕاستەوخۆیەی خوای گەورەیە، كە بێ هیچ پەردە و بەربەستێك، لە لایەن پەروەردگارێتیی ڕەها و تاك و تەنیاوە دەرچووە و ئاراستە كراوە.

كەواتە بەرزترینی پلەكانی "تەریقەت" و بڵندترینی پایەكانی "حەقیقەت" لەوە زیاتر تێپەڕ ناكەن كە بەشێك بن لە هەمەكێتیی "شەریعەت". ئەنجامەكانی ئەم دوانەش بریتین لە فەرمانە شەرعییە موحكەمەكان.

واته "ته‌ريقـه‌ت" و "حه‌قيقـه‌ت" هه‌ميشه لـه حوكمـى هـۆ و پێشـه‌كى و خزمه‌تكارى "شه‌ريعه‌ت"دان.

رێبـوارى رێبـازى ته‌ريقـه‌ت ورده ورده بـه‌ره‌و بڵندترينـى پلـه‌كان سه‌رده‌كه‌وێت كه تيايدا ئه‌و واتايه‌ى حه‌قيقـه‌ت و نـهێنيى ته‌ريقـه‌ت به‌ده‌ست ده‌هێنێت كـه لـه خـودى شـه‌ريعه‌ت خۆيـدا هـه‌ن! ئـه‌و كاتـه‌ش ته‌ريقـه‌ت و حه‌قيقه‌ت ده‌بن به چه‌ند به‌شێكى شه‌ريعه‌تى هه‌ره مه‌زن.

له‌به‌ر ئه‌وه، بۆچوونى هه‌ندێ له شـوێنكه‌وتووانى رێـى ته‌سـه‌ووف راسـت نىيه كه پێيان وايه: شه‌ريعه‌ت توێكلێكى رواڵه‌تىيـه و حه‌قيقـه‌تيش كاكڵـه و ئه‌نجام و ئامانجه‌كه‌يه‌تى.

بـه‌ڵێ، بـه‌پێى جيـاوازيى ئاسـتى خـه‌ڵكى و چينـه‌كانى تێگه‌يشـتنيان، ده‌ركـه‌وتنى ئه‌حكامـه‌كانى شـه‌رعيش جۆراوجـۆر ده‌بـن و، ئـه‌وه‌ى لـه‌و ئه‌حكامانه بۆ چينى "عه‌وام" كه‌شف ده‌بن، جيايه له‌وه‌ى كه بۆ "تايبه‌تمـه‌ندان" كه‌شف ده‌بن و ده‌رده‌كه‌ون.

به‌ڵام كارێكى گه‌لـێ هه‌ڵه‌يه گه‌ر مرۆڤ له‌و وه‌همه‌دا بێت: ئه‌و رواڵه‌ته‌ى شـه‌ريعه‌ت، كـه لـه عه‌وامه‌كان ده‌رده‌كـه‌وێت، حه‌قيقـه‌تى شـه‌ريعه‌ت بێـت و ناوى حه‌قيقه‌ت و ته‌ريقه‌تيش له‌و پله‌يه‌ى شه‌ريعه‌ت بنرێت كه بـۆ تايبه‌تمـه‌ندان ده‌رده‌كه‌وێت..

چونكـه شـه‌ريعه‌ت گه‌لـێ پلـه‌ى زۆرى هه‌يـه كـه روويـان لـه هـه‌موو چينه‌كانى گرۆى مرۆڤه.

جا له‌سه‌ر بناغه‌ى ئه‌م نهێنىيه:

ئه‌هلى ته‌ريقه‌ت و حه‌قيقه‌ت هه‌تا له رێبازه‌كه‌ياندا بـه‌رز بنـه‌وه و بـه پلـه و پايه‌كانياندا پتر سه‌ر بكـه‌ون، زيـاتر خۆيـان لـه كێش بوونـدا بـه‌ره‌و حه‌قيقه‌تـه شـه‌رعىيه‌كان و شـوێنكه‌وتنيان ده‌بيننـه‌وه و، پـتر ده‌رۆنـه نـاو مه‌به‌سـت و

ئامانجەکانیەوە. تەنانەت وایان لێ دێت کە ئاساییترینی جۆرەکانی سوننەتی خاوێنی پێغەمبەریان ﷺ لەلا دەبێت بە گەورەترین مەبەست و ئامانج و، بۆ شوێنکەوتن و چاولێکردنی لێ دەبڕێن و تەقالا دەدەن..

چونکە بە ئەندازەی بەرزی و بڵندیی "وەحی" بەسەر "ئیلهام"دا، ئادابە شەرعیەکانیش، کە بەروبوومی ئەو "وەحی"یەن، بەرز و بڵندترن بەسەر ئادابی تەریقەتدا، کە بەروبوومی ئیلهامن. کەواتە گرنگترین بناغەی تەریقەت: شوێنکەوتنی سوننەتی خاوێنە.

○ سەرنجی دووهەم: "هۆکار و ئامانج"

دەبێ تەریقەت و حەقیقەت لەوە تێپەڕ نەکەن کە بریتی بن لە دوو "هۆکار" و، لە خۆیاندا نەکرێن بە "مەبەست" و "ئامانج" بە چەشنێك کە زاڵ بن بەسەر دڵ و بیر و ویژدانی سالیکی ئەو ڕێگایەدا.

خۆ ئەگەر تەریقەت و حەقیقەت بکرێن بە جێی مەبەست و ئامانج، ئەوا بایەخدان بە کردارە شەرعیەی موحکەمەکان و دابەکانی سوننەتی خاوێن کەم دەبێتەوە و، بە لای سالیکەوە دێنە پلەی دووهەم و، دەبن بە چەند شێوەیەکی ڕواڵەتی و، دڵیشی بە داب و ڕەویەی داخوازییەکانی تەریقەتەوە سەرقاڵ دەبێت.

واتە ئەو کاتە مرۆڤ بیر لە ئەڵقەی زیکرەکەی زیاتر دەکاتەوە تا نوێژەکانی و، پتر خۆی پابەندی ویردەکان دەبینێتەوە تا ئەنجامدانی فەرزەکان و، خۆی ناچار دەکات کە لە پشتگوێ خستنی ئادابەکانی تەریقەت زیاتر پارێزگاری بکات تا خۆپاراستنی لە گوناهە گەورەکان!

لە کاتێکدا کە هەرگیز ویردەکانی تەریقەت ناگەنە ئاستی تەنها یەك دانە فەرز کە بە مەبەستی گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی شەرع ئەنجام درابێت!

كه‌واته ئادابه‌كانی ته‌ریقه‌ت و ویرده‌كانی ته‌سه‌ووف و ئه‌و چێژانه‌ش كه سالیك لێیانه‌وه به‌ده‌ستی ده‌هێنێت، ده‌بێ ده‌روازه‌یه‌ك بن بۆ چه‌ندین چێژی شیرینتر و به‌رزتر كه سالیك له‌ ده‌می ئه‌نجامدانی فه‌رز و سوننه‌ته‌كاندا به‌ده‌ستیان ده‌هێنێت.

واته: ده‌بێ ئه‌و چێژانه‌ی كه مرۆڤ له‌ ته‌كیه و خانه‌قاكاندا ده‌ستی ده‌كه‌ون، سه‌ره‌تایه‌ك بن بۆ چێژه‌كانی ئه‌و نوێژه‌ی كه له‌ مزگه‌وتدا جێ‌به‌جێی ده‌كات، به‌وه‌ی كه ئه‌ركانه‌كانی به‌ ڕێكوپێكی و شێوه‌ی پێویست ئه‌دا بكات.

ده‌نا ئه‌و كه‌سه‌ی كه چێژه‌كانی ته‌كیه و خانه‌قاكه‌ی له‌سه‌ر حسابی نوێژه‌كانی مزگه‌وتی سه‌رقاڵی ده‌كه‌ن و، ئه‌و نوێژانه‌ی هێنده به‌خێرایی و ڕووكه‌شی ئه‌نجام ده‌دات كه گه‌رموگوڕی و گیانی نوێژیان تێدا نی‌یه، له‌ "حه‌قیقه‌ت" دوور كه‌وتووه‌ته‌وه.

○ سه‌رنجی سێهه‌م: "ته‌ریقه‌تی ده‌ره‌وه‌ی سوننه‌ت"

پرسیار:

ئایا ده‌گونجێ له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی سوننه‌تی خاوێن و ئه‌حكامی شه‌ریعه‌تدا ته‌ریقه‌تێك هه‌بێت؟

وه‌ڵام:

به‌ڵێ و.. نه‌خێر!

ده‌ڵێین: به‌ڵێ، چونكه چه‌ند كه‌سێك له‌ ئه‌ولیا كامڵه‌كان به‌ شمشێری شه‌ریعه‌ت له‌ناو براون.. ده‌شڵێین: نه‌خێر، چونكه ئه‌ولیا لێكۆڵه‌ره‌كان له‌سه‌ر ئه‌و قاعیده و ده‌ستووره یه‌كیان گرتووه كه سه‌عدیی شیرازی به‌ شیعر ده‌ری بڕیوه:

سه‌عدی! مه‌حاڵه بێ ڕێی مسته‌فا كه‌س زه‌فه‌ر بيات به‌ ڕێگه‌ی صه‌فا

واتە: مەحاڵە لە غەیری ئەو ڕێگایەوە کە پێغەمبەر ﷺ ڕچەکەی شکاندووە و بە بێ شوێن پێ هەڵگرتنی هەنگاوەکانی ئەو، کەسێك بگات بە نوورە ڕاستەقینەکانی "حەقیقەت".

نهێنیی ئەم مەسەلەیەش بریتیە لەمەی خوارەوە:

مادەم پێغەمبەر ﷺ دواهەمینی پێغەمبەرانە و، خوای گەورەش وەك نوێنەری هەموو گرۆی مرۆڤ بۆی ڕوانیوە و گوفتاری خۆی ئاراستە کردووە، ئەوا دەبێ مرۆڤایەتی، جگە لەو ڕێیەی کە ئەم پێغەمبەرە ﷺ ڕوونی کردووەتەوە، بە هیچ ڕێیەکی تردا هەنگاو نەنێت. کەواتە پێویستە مرۆڤ بڕواتە ژێر ئاڵاکەیەوە.

بەڵام مادەم ئەهلی جەزبە و ئیستیغراق، لەبەر ئەو لەتائیف (واتە: چەند لایەنە ناسکان)ەی کە لە مرۆڤدان و مل بۆ تەکلیف و خواستەکانی شەرع کەچ ناکەن، بەرپرسی ئەو کردار و ڕەفتارانەیان نین کە پێچەوانەی شەرعن، ئەوا کاتێ ئەو لایەنە ناسکە (واتە ئەو لەتیفەیە) خۆی بەسەر ئەو مرۆڤەدا زاڵ دەکات ئەو کەسە بەرپرسێتیی بەرامبەر حوکمەکانی شەرع تێدا نامێنێت..

هەروەها مادەم چەند لەتائیفێکی تر لە مرۆڤدا هەن کە هەروەك مل بۆ تەکلیف و خواستەکانی تەکلیف کەچ ناکەن، گوێڕایەڵی ویستی مرۆڤیش نابن و، تەنانەت مل بۆ تەگبیری عەقڵ و فەرمانەکانی دڵ و ژیریش کەچ ناکەن.. ئەوا کاتێ ئەو لایەنە ناسکە بەسەر هەرکەسێکدا زاڵ دەبێت، بە هەنگاونانی بە پێچەوانەی شەرع لە پلەی ویلایەت ناکەوێتە خوار و، تەنها لە دەمی زاڵ بوونی ئەو لایەنەدا چاوپۆشیی لێ دەکرێت، بە مەرجێ شتێکی لێوە دەرنەکەوێت کە لە ڕووی ئینکاری و پووچەڵکردنەوە و گاڵتە پێ کردن و سووکایەتی‌یەوە، پێچەوانەی ڕاستی‌یەکانی شەرع بێت. هەروەها

ده‌بێت ته‌سديقى ئه‌حه‌ققييه‌تى شه‌رع بكات، هه‌رچه‌نده‌ش به‌ ته‌واوه‌تى مافى خۆى نه‌داتێ.

ده‌نا گه‌ر ئه‌و حاڵه‌ى به‌سه‌ردا زاڵ ببێت و شتێكى لێوه‌ ده‌ربكه‌وێت كه‌ بۆنى ئينكارى و به‌درۆخستنه‌وه‌ى ئه‌و ڕاستى‌يه‌ توند و تۆڵانه‌ى لێوه‌ بێت، ئه‌وا – په‌نا به‌ خوا – نيشانه‌ى تياچوونه‌.

پوخته‌ى قسه‌:

ئه‌و خاوه‌ن ته‌ريقه‌تانه‌ى كه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ى بازنه‌ى شه‌رعدان، دوو به‌شن:

به‌شێكيان:

به‌و جۆره‌ن كه‌ ئێستا باسمان كردن. جا ئه‌وانه‌ يان حاڵ و جه‌زبه‌ و ئيستيغراق و مه‌ستييان به‌سه‌ردا زاڵه‌، يان هه‌ندێ له‌و له‌تائيفانه‌ به‌سه‌رياندا زاڵ بووه‌ كه‌ مل بۆ خواست و ته‌كليفه‌كان كه‌چ ناكه‌ن و بايه‌خيش به‌ ويستى مرۆڤ نادەن و، له‌م ڕێيه‌وه‌ ئه‌و كه‌سه‌ له‌ بازنه‌ى شه‌رع ده‌چێته‌ ده‌ره‌وه‌.

به‌ڵام ئه‌م چوونه‌ ده‌ره‌وه‌يه‌ هى ئه‌وه‌ نى‌يه‌ كه‌ به‌ شه‌رع ڕازى نه‌بێت، يان مل بۆ ئه‌حكامه‌كانى شه‌رع نه‌دات. به‌ڵكو له‌ ناچاريدا و به‌ بێ ويستى خۆى واز له‌ ئه‌نجامدانى ئه‌و ئه‌حكامانه‌ ده‌هێنێت.

چه‌ندين ئه‌وليا هه‌ن كه‌ له‌م جۆره‌ن، جگه‌ له‌وه‌ى كه‌ هه‌ندێ كه‌س له‌ گه‌وره‌ ئه‌ولياكان ماوه‌يه‌كى ته‌مه‌نيان گرفتارى ئه‌م حاڵه‌ بوون. ته‌نانه‌ت ئه‌م به‌شه‌ كه‌سانى وايان تێدا بووه‌ كه‌ ئه‌ولياياني لێكۆڵه‌ر له‌ باره‌يانه‌وه‌ بڕيارى ئه‌وه‌يان داوه‌ كه‌ نه‌ك هه‌ر له‌ بازنه‌ى شه‌رع، به‌ڵكو له‌ بازنه‌ى ئيسلاميش ڕۆشتوونه‌ته‌ ده‌ر. مه‌گه‌ر هه‌موو ئه‌و ئه‌حكامانه‌ به‌درۆ نه‌خه‌نه‌وه‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌ لايه‌ن خواى گه‌وره‌وه‌ هێناونى، هه‌رچه‌نده‌ش به‌هۆى بيرنه‌كردنه‌وه‌يان له‌و حوكمانه‌، يان له‌به‌ر ئه‌وه‌ى ناتوانن ڕوويان تێ بكه‌ن، يان ناتوانن بيانزانن و لێيان تێ بگه‌ن، جێبه‌جێيان ناكه‌ن و مافى خۆيان ناده‌نێ..

بەڵام گەر هەرکام لەوانە لەو حوکمانە تێبگات و بیانزانێت و ئنجا سەرپێچییان لێ بکات و پشتگوێیان بخات، ئەوا تیاچووە.

بەڵام بەشی دووهەم:

ئەوانەن کە مەجزووبی مەستیی چێژە زرق و برقەدار و سەرنج ڕاکێشەکانی تەریقەت و حەقیقەتن و، گوێ بە حەقیقەتە شەرعیەکان نادەن کە زۆر لە ئاستی چێژەکانی ئەوان بەرزترن و، هی وایان تێدایە کە لەبەر ئەوەی ناتوانێت بگاتە ئاستی چێژی "حەقیقەتەکانی شەرع" پێی وایە: ئەو حەقیقەتانە هیچ چێژێکیان تێدا نییە و، بە شێوەیەکی ڕواڵەتی جێبەجێیان دەکات!

ئیتر بەم جۆرە وردە وردە لەسەر ئەم بۆچوونەی خۆی دەڕوات تا دەگاتە ئەو گومانەی کە پێی وابێت: "شەریعەت" تەنها توێکڵێکی ڕواڵەتییە و، ئەو حەقیقەتەش کە دۆزیویەتەوە بناغە و مەبەست و ئامانجە و، لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "ئەمەم سەروزیادە کە دۆزیومەتەوە" و، چەند کردارێك دەکات کە پێچەوانەی فەرمانەکانی شەرعن.

جا ئەو کەسانەی کە لەم بەشەن و، هەست و نەست و ژیریی خۆیان لەدەست نەداوە، بەرپرسن لە کردەوەکانیان و بە گوناهبار دادەنرێن. تەنانەت گەر لەسەر ئەو کردەوانەیان بەردەوام بن، لە ئەنجامدا تیادەچن. بگرە هی وەهایان تێدایە کە مایەی گاڵتە و پێ ڕابواردنی شەیتانە!

○ سەرنجی چوارەم: "کێشەی ڕەفتار کردن بە پێچەوانەی سوننەت"

ماوەیەك لەوە سەرسام مابووم کە هەندێ کەسی تاقمە گومڕا و بیدعەتکارەکان بەلای نەتەوەی ئیسلامەوە قبووڵ کراون، کەچی کەسانی تری هاووێنەیان قبووڵ ناکرێن و دەست بە ڕوویانەوە دەنرێت، بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەکی ڕواڵەتییان لە نێواندا بێت!

بۆ نموونە: "زومەخشەری"[١] کە موعتەزیلی‌یەکی یەکجار دەمارگیرە بۆ ڕێڕەوەکەی، لە لایەن لێکۆڵەرانی ئەهلی سوننەتەوە بە کافر دانانرێت و نایخەنە ڕیزی گومڕایانەوە، هەرچەندەش ڕەخنە و ئیعتیرازی توند و تیژی لە ئەهلی سوننەت گرتووە، بەڵکو بەهانە و بیانووی بۆ دەدۆزنەوە و بواری ڕزگاربوونی بۆ دەهێڵنەوە.. کەچی "ئەبوو عەلیی جەبائی"[٢] کە ئەویش یەکێکە لە پێشەوایانی موعتەزیلە، لێکۆڵەرانی ئەهلی سوننەت دەری دەکەن و بەرپەرچی ڕا و بۆچوونەکانی دەدەنەوە، لە کاتێکدا کە دەمارگیریی ئەم لەچاو هی "زومەخشەری"دا گەلێ کەم و تەنکترە!

ئەم دیاردەیە بەشێکی زۆری بیرکردنەوەی منی گرتبوو! پاشان لە ڕێی لوتفێکی خواوەندەوە تێگەیشتم کە:

ڕەخنە و ئیعتیرازی "زومەخشەری" بەرامبەر ئەهلی سوننەت هی ئەوەیە ئەو "حەق"ەی گەلێ خۆش دەوێت کە ڕێبازەکەی خەڵکی بۆ لا بانگ دەکات. وەك ئەوەی کە دەڵێت: تەنزیهی ڕاستەقینەی خوای گەورە بەوە دەبێت کە زیندەوەران - وەك ئەو پێی وایە - بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیان بن!

---

(١) ناوی "ئەبولقاسم جارولڵا مەحموودی کوڕی عومەری کوڕی محەممەدی زومەخشەری"یە. سالی (٤٦٧ك) لە زومەخشەر لەدایك بووە و دوای گەڕانەوەشی لە مەککەی پیرۆز لە سالی (٥٣٨ك)دا وەفاتی کردووە. لە زانستەکانی زمان و تەفسیری قورئاندا پێشەوای چەرخی خۆی بووە. ئەمە ناوی هەندێکە لە بەرهەمەکانی: "الكشّاف عن حقائق التنزيل، الفائق في غريب الحديث، المفصل في النحو، أساس البلاغة". (وەرگێڕ)

(٢) ناوی "ئەبوعەلی محەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی کوڕی سەلامی جەبائی"یە. سالی (٢٣٥ك) لە دایك بووە و لەسالی (٣٠٣ك)دا کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە پێشەوایانی موعتەزیلە و سەرگەورەی زانایانی کەلامە لە چەرخی خۆیدا و، تاقمی "جەبائی" سەر بەو بوون. چەند وتار و ڕایەکی سەربەخۆی هەیە لەناو موعتەزیلەکاندا. هەروەك چەند کتێبێکیشی دراونەتە پاڵ کە هەرهەموویان لەناوچوون و نەماون. (وەرگێڕ)

بەم جۆرە و لەبەر ئەو خۆشەویستی‌یەی کە ئەنجامی تەنزیهکردنی خوای گەورەیە، بەرپەرچی قاعیدە و دەستووری ئەهلی سونەتی لەمەڕ "بەدیهێنانی کردەوەکان" داوەتەوە..

بەلاَم ئینکاریی پێشەوا وەرنەگیراوەکانی موعتەزیلە بۆ ڕێگای ئەهلی سونەت لەبەر زێدە خۆشەویستیی "حەق" نەبووە، بەڵکو لەبەر دەستەوسانی و کورتهێنانی ژیرییان بووە لە تێگەیشتنی دەستوور و یاسا بەرز و فراوانەکانی ئەهلی سونەت. بۆیە دەست بە ڕووی گوفتارەکانیانەوە دەنرێت و بەرپەرچ دەدرێنەوە و دەردەکرێن.

جا هەروەك دژە بۆچوونەکانی دەستەی موعتەزیلە بەرامبەر بە ئەهلی سونەت بە دوو شێوە دەبێت، وەك لە کتێبەکانی زانستی کەلامدا باس کراوە.. بە هەمان جۆر، ئەو کەسانەش کە ئەهلی تەریقەتن و لە دەرەوەی بازنەی سونەتی خاوێندان و بە پێچەوانەی سونەتەوە ڕەفتار دەکەن، ئەم ڕەفتارە پێچەوانەیەی ئەوان لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەم:

ئەوەیە وەلی‌یەکە، بە وێنەی کێش بوونی زومەخشەری بۆ ڕێڕەوەکەی، بۆ حاڵ و ڕێبازەکەی خۆی کێش و مەجزووب بوویێت و، تا ڕادەیەك بایەخ بەو ئادابانەی شەرع نەدات کە هێشتا چێژەکانی ئەو نەگەیشتوونەتە ئاستیان.

دووهەم:

ئەوەیە کە ئەو وەلی‌یە وا بڕوانێتە ئادابی "شەریعەت" کە - پەنا بە خوا - لەچاو دەستوورەکانی "تەریقەت"دا دارای هیچ گرنگی‌یەك نەبن، لەبەر ئەوەی کە نەیتوانیوە پەی بەو هەموو چێژە فراوانانە ببات و، پلە و پایە کورت و کۆتاکەی خۆی ناتوانێت بگاتە ئاستی ئەو ئادابە بەرزانە.

✿ ته‌لویحی هه‌شته‌م:

"پێ خلیسك و هه‌ڵدێره‌كانی سالیكان"

كه بریتی‌یه له هه‌شت پێ خلیسك و هه‌ڵدێر:

◆ یه‌كه‌م:

"ته‌رجیحدانی ویلایه‌ت به‌سه‌ر نبووه‌تدا"

یه‌كێك له‌و هه‌ڵدێر و داوانه‌ی كه هه‌ندێ له رێڕه‌وانی ته‌ریقه‌ته سۆفی‌یه‌كان تێی ده‌كه‌ون، له‌وانه‌ی كه به شێوه‌یه‌كی ڕاست و دروست شوێن سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ر ﷺ ناكه‌ون: باوه‌ڕبوونیانه به ته‌رجیح بوونی "ویلایه‌ت" به‌سه‌ر "نبووه‌ت"دا!

ئێمه له وته‌ی بیست و چواره‌م و، سی و یه‌كه‌می كتێبی "وته‌كان"دا مه‌ودای به‌رز و بڵندیی "نبووه‌ت"مان به‌سه‌ر "ویلایه‌ت"دا و، كزیی ڕووناكیی ئه‌ممان له‌چاو نووری "نبووه‌ت"دا، چه‌سپاندووه.

◆ دووهه‌م:

"فه‌زڵدانی ئه‌ولیا به‌سه‌ر هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌كاندا"

بریتی‌یه له‌وه‌ی كه هه‌ندێ كه‌س له زیاده‌ڕه‌وان ده‌چن فه‌زڵی "ئه‌ولیاكان" به‌سه‌ر "هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌كان"دا - خوایان لێ ڕازی بێت - ده‌ده‌ن. ته‌نانه‌ت له پله‌ی پێغه‌مبه‌رانیشدا - درودیان له‌سه‌ر بێت - ده‌یانبینن!

ئێمه له وته‌ی دوازده‌هه‌م و، وته‌ی بیست و حه‌وته‌مدا و له پاشكۆكه‌یدا، كه تایبه‌ته به هاوه‌ڵه‌كانه‌وه، ڕوونمان كردووه‌ته‌وه كه هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌كان - خوایان لێ ڕازی بێت - به‌هۆی هاوه‌ڵێتیی پێغه‌مبه‌ره‌وه ﷺ چه‌ند تایبه‌تكاری‌یه‌كی ناوازه‌ی ئه‌وتۆیان به‌ده‌ست هێناوه كه هه‌رگیز ناگونجێ ئه‌ولیاكان بگه‌نه پله و پایه‌یان، چ جای ئه‌وه‌ی پێشیان بكه‌ونه‌وه.

◆ سێهەم:

"تەرجیحدانی ویردەکانی تەریقەت بەسەر زیکرەکانی سوننەتدا"

بریتییە لە تەرجیحدانی ئەوراد و ئادابەکانی تەریقەت بەسەر زیکرەکانی سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا ﷺ لە لایەن هەندێ کەس لە دەمارگیران و زیادەڕەوانی تەریقەتەوە. بەم کارەشیان بەر دەبنەوە بۆ سەر پێ خلیسکی ڕەفتاری پێچەوانەی سوننەت و وازلێهێنانی، لەو کاتەدا کە بە توندی دەستیان لە ئەورادی تەریقەتەکەیان گیر کردووە!

واتە: ڕەفتاریان وەك هی ئەو کەسە وایە کە گوێ بە ئادابی سوننەتی نەبەوی نادات و، لەم ڕێیەوە تووشی تیاچوون دەبن.

جا هەروەك ئێمە لە چەندین وتەی زۆردا چەسپاندوومانە و، گەورە لێکۆڵەرانی تەریقەتیش وەك "ئیمامی غەزالی" و "ئیمامی ڕەببانی" جەختیان لەسەر کردووە:

(شوێنکەوتنی یەك دانە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ زیاتر لە سەد ئاداب و نەوافیلی تایبەت لە لای خوای گەورە گیرا دەبێت. چونکە هەروەك تەنها یەك فەرز بەسەر هەزار سوننەتدا تەرجیح دەدرێت، بە هەمان جۆر تەنها یەك سوننەتی نەبەوییش بەسەر هەزار ئادابی تەسەووفدا تەرجیح دەدرێت و پێش دەخرێت).

◆ چوارەم:

"لە یەك جیانەکردنەوەی ئیلهام و وەحی"

هەندێ لە زیادەڕەوانی ئەهلی تەسەووف لەو وەهم و گومانە هەڵەیەدان کە "ئیلهام" لە پلەی "وەحی"دا بێت، هەروەك پێیان وایە "ئیلهام"یش جۆرێکە لە جۆرەکانی "وەحی" و، دەکەونە ئەم پێ خلیسك و هەڵدێرە ترسناکەوە!

پێشتر لە وتەی دوازدەهەم و وتەی بیست و پێنجەمدا، كە لە بارەی ئیعجازی قورئانەوەیە و، لە چەند پەیامێكی تردا بەڵگەمان بۆ ئەوە هێناوەتەوە كە: "وەحی" گەلێ بەرز و بڵند و درەخشان و ڕووناك و هەمەكی و گشتی‌یە، بەڵام "ئیلهام" سەبارەت بەو كز و هەندەكی‌یە.

◆ پێنجەم:

"كێش بوون بەرەو چێژ و كەرامەتەكان"

هەندێ ئەهلی تەسەووف لەوانەی كە بە تەواوەتی لەو نهێنی‌یەی "تەریقەت" تێنەگەیشتوون كە تەریقەت "هۆكار"ێكە و لە خۆیدا "ئامانج" و "مەبەست" نی‌یە، بەرەو ئەو چێژ و كەرامەت و ڕووناكییانە كێش دەبن كە دەڕژێت بەسەریاندا و دەبەخشرێت و داوا ناكرێت. چونكە خوای گەورە لەبەر ئەوە پێیان دەبەخشێت تاكو لاوازان بەهێز بكرێن و، تەمبەڵ و كەمتەرخەمانیش هان بدرێن و، ئەو بێزاری و ماندوویێتی‌یەی ئەستۆیان - كە لە ئەنجامی زۆر ماندووبوونیان لە عیبادەتدا تووشیان بووە - سووك بكرێت. كەچی ئەوان دەچن فەزڵی ئەو كەرامەت و چێژ و ڕووناكییانە بەسەر فەرزەكانی ئایین و خزمەتگوزاریی ژێر ئاڵاكەی و خوێندنی زیكر و ویردەكاندا دەدەن و، دەكەونە ئەم پێ خلیسك و هەڵدێرەوە.

پێشتر بە پوختی لە خاڵی سێ‌هەمی تەلویحی شەشەم و، چەند وتەیەكی تردا وتوومانە كە: ئەم دنیایە خانەی كار و خزمەتە، نەك خانەی بەخشش و پاداشت. جا ئەو كەسانەی كە حەز دەكەن بەروبوومی كردەوەكانیان لەم دنیا فانی‌یەدا لێ بكەنەوە، ئەوا بەروبوومە هەمیشەیی و نەبڕاوەكانی ئاخیرەتیان بە پاداشت و بەخششێكی فانیی دنیا گۆڕیوەتەوە. سەرباری ئەوەش كە ئەم كارەیان بەڵگەیە لەسەر مانەوەی پاشماوەی دڵبەندیان بە دنیاوە و حەزكردنیان لە چێژ و لەزەتەكانی، كە ئەمەش دەبێت بەهۆی

کزبوونی تاسە و شەوق و لێبڕانیان بۆ ژیانی بەرزەخ. بەڵکو ئەم ژیانەیان لە لا دەبێت بە "ئامانج"، چونکە جۆرێك لە بەروبوومەکانی ئاخیرەتی تێدا بەدەست دەهێنن.

◆ شەشەم:

"سێبەری مەقامەکان"

بریتی‌یە لەو پێ خلیسك و هەڵدێرەی کە هەندێ لە ڕێڕەوانی تەریقەتە سۆفی‌یەکان تێی دەکەون لەوانەی کە ئەهلی حەقیقەت نین، کاتێ کارەکەیان لێ دەئاڵۆزێت و دەکەونە ئەو وەهمەی کە پێیان وابێت: سێبەرەکان و نموونە بچووکەکانی مەقامەکانی "ویلایەت" وەك خودی مەقامە ئەسڵی و ڕاستەقینە و هەمەکی‌یەکان وابن..

لە لقی دووهەمی وتەی بیست و چوارەم و چەند وتەیەکی تردا، بە چەشنێکی بێ گومان چەسپاندوومانە کە:

هەرچەندە "خۆر" بەهۆی زۆریی ئەو ئاوێنانەی تیایاندا دەردەکەوێت وێنەکانیشی زۆر دەبن، بەڵام ڕووناکی و گەرمیی خۆر لەم وێنانەدا خودی ڕووناکی و گەرمی‌یە ئەسڵی و ڕاستەقینەکەی "خۆر" نی‌یە، چونکە هی ئەوانە گەلێ کز و نزمن لەچاو هی خۆری ڕاستەقینەدا.

بە هەمان جۆر مەقامی "نبووەت" و مەقامی گەورە ئەولیاکان هەندێ سێبەریان هەیە کە دەگونجێ ئەهلی تەریقەت بڕۆنە سایەیانەوە. بەڵام کاتێ دەڕۆنە ژێر ئەو سێبەرە، پێیان وا دەبێت کە پلەیان لە هی ئەولیا مەزنەکان، تەنانەت لە هی پێغەمبەرانیش - پەنا بە خوا - گەورەترە و، لێرەوە پێیان دەترازێت و لەم هەڵدێرەوە دەکەونە خوارەوە!

جا بۆ مەبەستی ڕزگارکردنی خۆیان لەم هەموو پێ خلیسك و هەڵدێرانەی باس کران، دەبێ ئەسڵەکانی ئیمان و بناغەکانی شەرع لە پێش‌چاویاندا دابنێن و بیانکەن بە ڕابەرێکی هەمیشەیی خۆیان و، پێچەوانەی

چێژ و بینینه‌كانیان ڕه‌فتـار بنوێنـن و تۆمـه‌تباریان بكـه‌ن كاتـێ كـه له‌گـه‌ڵ ئه‌و بناغانه‌دا یه‌كیان نه‌گرته‌وه.

◆ حه‌وته‌م:

"شانازی و لاف لێدان"

بریتی‌یـه لـه‌و هـه‌ڵدێره‌ی كـه هـه‌ندێك ئـه‌هلی زه‌وق و شـه‌وقی نێـوان شوێنكه‌وتووانی ته‌ریقه‌ت تێـی ده‌كه‌ون، كاتـێ بۆ (شـانازی و لاف لێـدان و بڵاوكردنـه‌وه‌ی شـه‌ته‌حات و داوای ڕووتێكردنـی خـه‌ڵكی لێیـان و به‌ده‌ستهێنانی مه‌رجه‌عییـه‌تی ئایینی) لـێ ده‌برێـن و.. فـه‌زڵی ئه‌م شته خێرا و كه‌م خایه‌نانه‌ی دنیا به‌سه‌ر (شوكرانه و لالانـه‌وه و حـه‌مد و ده‌ست شۆردندا لـه خـه‌ڵكی) ده‌ده‌ن. لـه كـاتێكدا كـه به‌ندایه‌تیی پێغه‌مبـه‌ر ﷺ لـه بـه‌رزترینی پله‌كانی عه‌بدایه‌تیدایه و، به چه‌شنێكه ده‌توانین بـه "مه‌حبووبییـه‌ت" یـاخود به "عه‌بدایه‌تیی مه‌حه‌ببه‌ت" وه‌سفی بكه‌ین.

كه‌واتـه بناغـه و نـهێنیی به‌ندایـه‌تی و عبوودییـه‌ت بریتی‌یه لـه: لالانـه‌وه و، حـه‌مد و سـه‌نا و، دوعـا و، ملكـه‌چی و، كۆڵـه‌واری و، هـه‌ژاری و، ده‌ست داشۆردن لـه خـه‌ڵكی. هـه‌ر ته‌نـها به‌مانـه‌ش ده‌گونجـێ مـرۆڤ بگاتـه كـه‌ماڵی حه‌قیقه‌تی "به‌ندایه‌تی".

بـه‌ڵێ، هـه‌ندێك لـه ئه‌ولیا مه‌زنـه‌كان، بـه بێ ئیختیـاری خۆیـان و له‌بـه‌ر زاڵبوونی حاڵ به‌سه‌ریاندا، به شێوه‌یه‌كی كاتی ناچار بوون بێنه ده‌ره‌وه بۆ نـاو مه‌یدانی شانازی و داواكـاری و شـه‌ته‌حات. كه‌واتـه دروسـت نی‌یـه بۆ هیچ كه‌سێك، به ئیختیاری خۆی، له‌م حاڵه‌یاندا چاویان لـێ بكات و، ئه‌و گـه‌وره پیاوچاكانه هـه‌ر چه‌نده‌ش له‌سـه‌ر ڕێـی هیدایـه‌ت بن، لـه‌م حاڵـه‌دا پێشـه‌نگی هیدایه‌ت نین بـۆ هیـچ كـه‌سێك. له‌به‌ر ئه‌وه، نـابێت خـه‌ڵكی چـاویان لـێ بكات و له دوایانه‌وه بڕوات.

◆ هەشتەم:

"لێکردنەوەی بەروبوومەکانی ویلایەت"

ئەو تیاچوون و هەڵدێرەیە کە هەندێك لەو تەریقەتدارانە تێی دەکەون کە پەلە دەکەن و ئامانجیان تەنها سوودە خۆیی و کەسییەکانە، لەوانەی کە حەز دەکەن "بەروبوومەکانی ویلایەت" - لە بریی ئەودنیا - لەم دنیادا لێ بکەنەوە!

جا کاتێ کە ڕەفتارەکانیان ئەم حەزەیان دەردەبڕێت و لە ڕێی ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانەوە ئەو نیاز و نیەتانەیان دەردەکەوێت، ئەوا لە ڕاستیدا بەردەبنەوە بۆ ئاستی ئەم هەڵدێر و لەناوچوونە.. لە کاتێکدا کە زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆز چەشنی: ﴿وَما الْحَياةُ الدُّنْيا إِلاّ مَتاعُ الْغُرُورِ﴾ (آل عمران:١٨٥) بە ئاشکرا بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستییەی کە لە چەند وتەیەکدا چەسپاندوومانە و ڕوونمان کردووەتەوە کە:

تەنها یەك بەروبوومی "جیهانی بەقاء" لە هەزار باخ و بێستانی ئەم "دنیا فانی"یە چاکترە. لەبەر ئەوە، باشتر وایە ئەو بەروبوومە پیرۆزانەی ئەوێ، لێرە وەرنەگیرێن.

خۆ ئەگەر بە بێ حەز و داواکاری لەم دنیایەدا پێی دران، دەبێ حەمد و شوکرانەبژێری دەربڕێت و، لەو ڕووەوە وەریان بگرێت کە چاکە و فەزڵێکی خواوەندن و، بۆ تەشویق و هاندان بەخشیونی، نەك وەك بەخششێك وەریان بگرێت.

✿ تەلویحی نۆهەم: "بەروبوومەکانی تەریقەت"

لێرەدا بە پوختی نۆ دانە بەروبووم لە سوود و بەروبوومە زۆرەکانی "تەریقەت" باس دەکەین:

☆ یه‌كه‌م: "ده‌ركه‌وتنی ڕاستی‌یه‌كانی ئیمان"

بریتی‌یه له ده‌ركه‌وتن و ڕوون بوونـه‌وه‌ی "ڕاستی‌یه‌كانی ئیمـان" تـا پلـه‌ی "عین الیقین" له ڕێی ته‌ریقه‌تی ڕاست و دروسته‌وه. ئه‌و ڕاستییانه‌ی ئیمان كـه سه‌رچاوه و كلیلی چه‌ندین گه‌نجینه‌ی هه‌تاهه‌تایی و به‌خته‌وه‌ریی هه‌میشه‌یین.

☆ دووهه‌م: "ئاراسته كردنی له‌تائیفه‌كان به‌ره‌و خوای گه‌وره"

بریتی‌یه له هێنانـه‌دیی "بوونـی ڕاسته‌قینه‌ی مـرۆڤ" لـه ڕێـی خستنه‌كاری هه‌موو له‌تائیفه‌كان له‌و شتانه‌ی كه له پێناویاندا به‌دی هێنراون. ئه‌مـه‌ش بـه‌وه ده‌بێـت كـه "ته‌ریقـه‌ت" ببێـت بـه هۆكـاری بزواندنـی "دڵـی مـرۆڤ" كـه مه‌ڵبه‌ندی جه‌سته‌ی و برغووی جوڵاندن و ڕوو پێكردنیه‌تی بۆ خوای گـه‌وره. بـه‌م كـاره‌ش گه‌ڵـێ لـه‌تائیفی مـرۆڤ ده‌جووڵێـن و به‌رجه‌سـته ده‌بـن و، لـه‌م ڕێ‌یه‌وه "حه‌قیقه‌تی مرۆڤ" ده‌رده‌كه‌وێت.

☆ سێ‌هه‌م: "ڕزگاربوون له ته‌نیایی"

بریتی‌یـه لـه ڕزگـاربوونی مـرۆڤ لـه وه‌حشـه‌تی تـه‌نیایی لـه ده‌مـی سـه‌یر و سلـووكدا و، هه‌ستكردنه بـه ئونـس و هـاوده‌میی مه‌عنـه‌وی لـه ژیـانی دنیـا و بـه‌رزه‌خدا، لـه ڕێـی پـه‌یوه‌ندی كردنـه‌وه بـه یـه‌كێك لـه زنجیره‌كـانی ته‌ریقـه‌ت كاتێ به‌ره‌و ژیانی به‌رزه‌خ و ئه‌ودنیا ده‌ڕوات و كۆچ ده‌كـات و.. بریتی‌یـه لـه په‌یوه‌ندی به‌ستنی هاوڕێ‌یه‌تی و خۆشه‌ویستی له‌گه‌ڵ ئه‌و كاروانه نوورانی‌یـه لـه ڕێـی دوور و درێـژی هه‌تاهـه‌تاییدا، كـه بـه‌م كـاره‌ش هـه‌موو وه‌هـم و گومانه‌كان له‌سه‌ر ده‌روونی موریـد ده‌ڕه‌وێنـه‌وه كاتـێ پـاڵ بـه ئیجمـاع و یه‌كده‌نگیی كه‌سانی ئه‌و كاروانه نوورانی‌یه‌وه ده‌داته‌وه، لـه‌و ڕووه‌وه كـه هـه‌موو یـه‌كێك لـه‌و مامۆستا و ڕابه‌رانه به‌ڵگه‌یه‌كی مه‌حكه‌م و پاڵپشـتێكی به‌هێزن بـۆ دوورخسـتنه‌وه‌ی ئـه‌و گومڕایـی و وه‌همانـه‌ی دێنـه نـاو زه‌ینـی مرۆڤه‌وه.

☆ چوارەم: "چەشتنی چێژی ئیمان"

بریتی‌یە لە ڕزگاربوونی مرۆڤ لەو بێزاری و وەحشەتە گەورەیەی کە لە ژیانی دنیادا ئابڵۆقەی دەدات و، خۆقوتارکردنە لەو نامۆییە ئازار بەخشەی کە مرۆڤ بەرامبەر بە گەردوون هەستی پێ دەکات.

ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تەریقەتی ڕاست و دروست و خاوێن، سەرچاوەکانی "خۆشەویستی" و "ناسینی خوای گەورە" لەناو ئیمانی مرۆڤدا دەتەقێنێتەوە.

پێشتر لە چەند وتەیەکدا چەسپاندوومانە کە:

بەختەوەریی هەردوو دنیا و لەزەتێك کە ئازاری ئاوێتە نەبێت و ئونس و هاودەمی‌یەك کە بێزاری و وەحشەتی تێکەڵ نەبێت و بەختەوەریی ڕاستەقینەی مرۆڤ تەنها لە "ڕاستی‌یەکانی ئیمان و ئیسلام"دا دەست دەکەوێت، کە "تەریقەت" دەیەوێت پێیان بگات. هەروەك لە وتەی دووهەمیشدا ڕوونمان کردووەتەوە کە: ئیمان تۆوی درەختی تووبای بەهەشتی لەخۆدا هەڵگرتووە..

بەڵێ ئەو تۆوە، بەو پەروەردەیەی کە لە تەریقەتدایە، گەشە دەکات و گەورە دەبێت.

☆ پێنجەم: "بێداربوونەوەی دڵ"

بریتی‌یە لە هەست کردن بەو ڕاستی‌یە ناسکانەی کە لە تەکلیف و داخوازی‌یەکانی شەرعدان و، هەڵسەنگاندن و ڕێزلێنانیانە بەهۆی ئەو دڵە بێدارەی کە هەردەم لە یاد و زیکری خوادایە، وەك ئەوەی ڕێبازی پەروەردەیی تەریقەت بۆ ئەم دەرەنجامە یارمەتیی دەدات. بەم پێیە "گوێڕایەڵی" و "عیبادەت" دەبن بە وروژێنەری تاسەمەندی و خۆشەویستی، نەك مایەی ئەرك و ماندووبوون.

☆ شەشەم: "بەدەستهێنانی پلەکانی بەختەوەری"

بریتی‌یە لە بەدەستهێنانی مەقامی تەوەککول و، پلەی ڕەزامەندی و، مەرتەبەی تەسلیم بوون. کە هەر ئەم مەقامانە تاکە ڕێگان بۆ چەشتنی تامی بەختەوەریی ڕاستەقینە و، دڵدانەوەی بێگەرد و، لەزەت چەشتنێك کە پەژارەی تێکەڵ نەبێت و، هاودەمی‌یەك کە بێزاری و وەحشەت توخنی نەکەوێت.

☆ حەوتەم: "ڕزگاربوون لە شیرکی پەنهان"

ڕزگاربوونی مرۆڤە لە شیرکی پەنهان و ڕیا و مەرایی و ڕەفتارە خراپەکانی هاوچەشنیان، بەهۆی دەستکەوتنی "ئیخلاس"ەوە کە گرنگترین مەرجە بۆ سالیکی تەریقەت و گرنگترینی ئەنجامەکانی تەریقەتیشە. هەروەها بریتی‌یە لە ڕزگاربوونی مرۆڤ لە مەترسی‌یەکانی "نەفسی ئەمماره" و چڵك و چەپەڵی‌یەکانی "خۆپەرستی" لە ڕێی "تەزکیە کردنی نەفس"ەوە کە سلووك و هەنگاونانی عەمەلی‌یە لە تەریقەتدا.

☆ هەشتەم: "گۆڕانی کردارە ئاساییەکان بە عیبادەت"

بریتی‌یە لەوەی کە مرۆڤ کردارە ئاساییەکانی ڕۆژانەی ئەم دنیایەی دەخاتە حوکمی عیبادەت و کرداری سەر بەدوارۆژ و، فێری ئەوە دەبێت کە چۆن بە چەشنێکی ژیرانە سوود لە سەرمایەی تەمەنی، بە هەموو لایەنە وردەکانی ژیانەوە، وەربگرێت و بیانکات بە چەند تۆوێك کە دەمیان بە گوڵەکانی ژیانی ئەودنیا بپشکوێت. ئەمەش لە ڕێی بەردەوام بوونی لەسەر "زیکری قەلبی" و تێڕامانی عەقڵی، هاودەم لەگەڵ دڵنیایی و ئامادەییەکی بەردەوامی دڵی لە حوزووری خوای گەورەدا و، تیژکردنەوەی بەردەوامی ویست و، نیازی بێگەرد و، لێبڕانی ڕاستدا. کە هەموو ئەمانەش تەریقەت مرۆڤیان لەسەر ڕادەهێنێت.

☆ نۆهەم: "هەوڵدان بۆ گەیشتن بە پلەی "مرۆڤی کامڵ"

بریتی‌یە لـە هـەوڵدان بـۆ گەیشـتن بـە پلـەی "مرۆڤـی کـامڵ". ئەمـەش بـەوە دەبێت کە مرۆڤی سـالیك بـە درێژایـی سـەیر و سـلووکی خـۆی و لـە دەمـی ئەرك و ماندووبوونە ڕۆحی‌یەکانیدا، کە ژیانی مەعنەویی ئەو بەرز دەکەنـەوە، ڕووی دڵی ئاراستەی خوای گەورە بکات. واتە گەیشتنی بە پلەی ئیمانداری ڕاستەقینە و موسـڵمانی ڕاستگۆ. بـە واتایـەکی تـر: بەدەسـتهێنانی حەقیقـەتی ئیمان و ئیسلام، نەك شێوە ڕواڵەتی‌یەکەیان. پاشان بریتی‌یە لەوەی کە مرۆڤ ببێـت بـە بەندەیـەکی خـاوێن و بێگـەردی خـوای پـەروەردگاری هـەموو جیهانـەکان و، جێـی ئاراسـتە کردنـی گوفتـاری شـکۆمەندی و، نوێنـەرێکی بوونەوەران لە ڕوویەکـەوە و وەلی و خـەلیلی خـوای گـەورەش لـە ڕوویـەکی ترەوە، بە ڕادەیەك کە دەڵێی ئاوێنەی درەوشانەوەکانی خوایـە و بـە ڕاسـتی لـە "أحسن تقویم"دایە و، بەم کارەشی دەبێت بە بەڵگـە لەسـەر فـەزڵدانی نـەوەی ئادەم بەسەر مەلائیکەتاندا.

بەم جۆرە و بە هـەردوو بـاڵی: "ئیمـان" و "ڕەفتـار بـە شـەرع" بـەرەو پلـە و مەقامە بەرزەکان دەفڕێت و، لـەوێوە و هـەر لـەم دنیایـەوە بەسـەر بەختـەوەریی هەمیشەییدا دەڕوانێت و، تەنانەت دەشڕواتە ناویەوە!

﴿سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا إِلاّ ما عَلَّمْتَنا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمِ﴾.

اللّهم صلّ على الغوث الأكبر في كل العصور والقطب الأعظم في كل الدهور سيدنا محمد الذي تظاهرت حشمة ولايته ومقام محبوبيته في معراجه واندرج كل الولايات في ظل معراجه، وعلى آله وصحبه أجمعين.

آمين. والحمد لله رب العالمين.

پاشکۆی وتەی بیست و شەشەم:

نزیکترین ڕێ بۆ لای خوای گەورە

(ئەم پاشکۆ یەکجار کورتە گرنگی‌یەکی مەزن و
سوودێکی زۆری تێدایە بۆ هەموان)

چەندین ڕێی زۆر هەن کە مرۆڤ بە خوای گەورە دەگەیەنن، سەرچاوەی هەموو ئەو ڕێ ڕاستانەش "قورئانی پیرۆز"ە. بەڵام ئەوەندە هەیە هەندێ لەم ڕێیانە لەچاو ئەوانی تردا گشتی تر و سەلامەت تر و نزیکترە.

من، وێڕای تێگەیشتنی کۆتا و ناتەواوی خۆم، ڕێگایەکی تەخت و کورت و ئاسانم لە ڕێژنەی قورئانی پیرۆزەوە دۆزیوەتەوە، کە بریتی‌یە لە ڕێی:

(کۆڵەواری، هەژاری، شەفەقەت، بیرکردنەوە).

بەڵێ، "کۆڵەواری"(العجز) وەك عیشق وایە، ڕێیەکە مرۆڤ بە خوای گەورە دەگەیەنێت، بەڵکو ڕێگایەکە لە عیشق سەلامەتر و نزیکترە، چونکە لە ڕێی "بەندایەتی"یەوە مرۆڤ دەگەیەنێتە "مەحبووبییەت".

"هەژاری"ش وەهایە، مرۆڤ بە ناوی پیرۆزی "الرحمن"ی خوای گەورە دەگەیەنێت.

"شەفەقەت"یش بە هەمان جۆر وەك عیشق وایە، مرۆڤ بە خوای گەورە دەگەیەنێت، بەڵکو لە عیشق تیژڕەوترە و مەوداکەشی لەو فراوانترە، چونکە مرۆڤ دەگەیەنێتە ناوی پیرۆزی "الرحیم"ی خوای گەورە.

"بیر کردنـــەوە"ش وەك عیشـــق وایـــە، تەنانـــەت لـــەویش بـــەپێزترە و ڕووناکی‌یەکەشی درەوشاوەترە و ڕێیەکی گەلێ بەرینترە. چونکە ڕێبـواری ئەو ڕێیە دەگەیەنێتە ناوی پیرۆزی "الحکیم"ی خوای گەورە.

ئەم ڕێیە جیایە لـەوەی کـە لـە "دە" هـەنگاو پێکـهاتووە و ڕێبوارانـی ڕێـی نـهێنی(الخفـاء) گرتوویانەتەبـەر.. هـەروەها جیایشـە لـەوەی کـە لـە ڕێـی ئاشکرا(الجهر)دا دەیگرنەبەر و بریتی‌یە لە "حـەوت" هـەنگاو، بەپێی ژمـارەی حەوت دەروونەکان..

ئەم ڕێیە بریتی‌یە لە تەنها "چوار" هەنگاو. ڕاستی‌یەکی شەرعیشە زیاتر تا ئەوەی تەریقەتێکی سۆفی بێت.

با بە هەڵەدا نەچن، مەبەست لـە: قسـوور و کۆڵـەواری و هـەژاری ئەوەیـە کە هەموو ئەمانە تەنها لە بەردەم خواوەندی مەزندا دەربېڕێن، نەك لە بـەردەم خەڵکیدا.

ویرد و زیکرەکانی ئەم ڕێیەش ئەمانەی خوارەوەن:

* شوێن پێ هەڵگرتنی سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ.
* ئـەنجامدانی فـەرزەکان، بـە تایبـەتی بەجێـهێنانی نوێـژ بـە ڕێکوپێکـی و، خوێندنی زیکرەکانی دوایان.
* دەست هەڵگرتن لە گوناهە گەورەکان.

سەرچاوەکانی ئەم هەنگاوانەش لـە قورئانی پیرۆزدا، ئەمانەن:

﴿فلا تُزكّوا أنفسَكُم﴾ (النجم:٣٢) ئاماژە بۆ هەنگاوی یەکەم دەکات..

﴿ولا تكُونوا كالّذين نسُوا الله فأنساهُمْ أنفُسَـــهم﴾ (الحشـر:١٩) ئامـاژە بۆ هەنگاوی دووهەم دەکات..

﴿ما أصابَكَ مِن حَسَنَةٍ فَمِنَ الله وما أصابَك من سَـــيِّئَةٍ فمـــن نفسِـــك﴾ (النساء:٧٩) ئاماژە بۆ هەنگاوی سێ‌هەم دەکات..

﴿كلُّ شيءٍ هالِكٌ إِلاّ وَجْهَهُ﴾ (القصص:٨٨) ئاماژه بۆ هه‌نگاوی چوارەم ده‌كات.

ڕوونكردنه‌وه‌ی ئه‌م چوار هه‌نگاوه - زۆر به‌ كورتی - به‌م جۆره‌یه:

هه‌نگاوی یه‌كه‌م: وه‌ك ئایه‌تی: ﴿فلا تُزكّوا أَنفسَكُم﴾ ئاماژه‌ی بۆ ده‌كات، بریتی‌یه‌ له‌وه‌ی: "نه‌فس" به‌ خاوێن له‌ قه‌ڵه‌م نه‌درێت. چونكه‌ مرۆڤ، به‌پێی سروشت و فیتره‌تی، ڕاسته‌وخۆ و له‌پێشدا ته‌نها خۆی خۆش ده‌وێت و، له‌ پێناویدا هه‌موو شتێك به‌خت ده‌كات و، به‌ چه‌شنێك به‌ شان و باڵای خۆیدا ده‌خوێنێت و مه‌دحێكی وای ده‌كات كه‌ ته‌نها شایسته‌ی خواوه‌ند بێت و، هه‌رده‌م خۆی به‌ خاوێن له‌ قه‌ڵه‌م ده‌دات. ته‌نانه‌ت هیچ كه‌موكووڕی‌یه‌كی بۆ ڕه‌وا نابینێت و به‌رگری‌یه‌كی توندی تا ڕاده‌ی په‌رستنی لێ ده‌كات. وه‌ك بڵێی هه‌موو ئه‌و ئامێرانه‌ی خوای گه‌وره‌ بۆ ستایش و پاك ڕاگرتنی خواوه‌ند له‌و مرۆڤه‌دا داینـاون، ئه‌و مرۆڤه‌ ده‌چێ بۆ خۆی به‌كاریان ده‌هێنێت!

به‌م جۆره‌ ڕووبه‌ڕووی ئه‌و وه‌سفه‌ ده‌بێته‌وه‌ كه‌ له‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌دایه: ﴿مَنِ اتَّخذَ إلهَهُ هَواهُ﴾ (الفرقان:٤٣). ئیتر دووچاری له‌خۆ ڕازی بوون و له‌خۆ بایی بوون ده‌بێت و، پێویست ده‌كات كه‌ پاكژ بكرێت..

جا پاكژ كردنی ده‌روونی مرۆڤ له‌م هه‌نگاوه‌دا به‌وه‌ ده‌بێت كه‌ به‌ پاك نه‌زانرێت و به‌ خاوێن له‌ قه‌ڵه‌م نه‌درێت!

هه‌نگاوی دووهه‌م: ئه‌و ده‌رسه‌یه‌ كه‌ له‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌ وه‌رده‌گیرێت:

﴿ولا تَكُونوا كالّذين نسُوا اللهَ فأنساهُمْ أَنفُسَهم﴾.

ئه‌ویش به‌م جۆره:

مرۆڤ هه‌رده‌م خۆی له‌ بیر ده‌باته‌وه، خۆ ئه‌گه‌ر بیریش له‌ مردن بكاته‌وه، ئه‌وا ڕووی ئه‌و مردنه‌ بۆ غه‌یری خۆی وه‌رده‌چه‌رخێنێت و، گه‌ر

لەناوچوون و نەمانیش ببینێت، بۆ کەسانی تری دادەنێت، وەك بلێی هەرگیز ئەو نەگرێتەوە و هیچ پەیوەندی‌یەکی بە خۆیەوە نەبێت!

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەروونی بەدخوازی مرۆڤ لە کاتی بەش و پاداشت وەرگرتندا خۆی بیر دەکەوێتەوە و بە توندی دەستی پێوە دەگرێت. کەچی لە کاتی کار و فرمان و خزمەتگوزاریدا خۆی لەبیر دەباتەوە!

کەواتە پاکژ و خاوێن و پەروەردە کردنی، لەم هەنگاوەدا، ڕەفتار کردنە بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە. واتە خۆ لەبیر نەچوونەوە لە دەمی لەبیرچوونەوەدا.

بە واتایەکی تر:

خۆ لەبیر بردنەوە لە کاتی پاداشت وەرگرتن و، بیر لێکردنەوەشی لە دەمی خزمەتگوزاری و یادی مردندا!

هەنگاوی سێهەم: ئەوەیە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی بۆ دەکات کە دەفەرموێ:

﴿ما أَصابَكَ مِن حَسَنَةٍ فَمِنَ اللهِ وما أَصابَك من سَيِّئَةٍ فمن نفسك﴾.

چونکە هەردەم "نەفس" داخوازی ئەوەیە کە هەرچی خێر و چاکەیە بە هی خۆی دادەنێت، ئەم کارەش بەرەو شانازی و لەخۆڕازی بوونی دەبات. کەواتە دەبێت، لەم هەنگاوەدا، لە: ناتەواوی و کەموکووڕی و کۆڵەواری و هەژاری بەولاوە هیچی تر لە خۆیدا نەبینێت و، هەموو چاکە و لایەنە تەواوەکانی خۆیشی بە چاکەی خواوەندی مەزنیان دابنێت و بە بەخششی ئەویان بزانێت. ئیتر لە بریی شانازی و لەخۆ بایی بوون، شوکرانەبژێری دەنوێنێت و سوپاسی خواوەند دەکات.

کەواتە پاکژ کردنی "نەفس" لەم پلەیەدا لە نهێنیی ئەم ئایەتە پیرۆزەدایە کە دەفەرموێ:

﴿قد أَفلحَ مَنْ زكّاها﴾ (الشمس:٩).
واتە بەوە دەبێت کە بزانێت:

تەواویی خۆی لە ناتەواوییدا و، توانای لە کۆڵەوارییدا و، دەوڵەمەندی‌یەکەشی لە هەژارییدایە. (بەو واتایەی کە بزانێت تەواویی خۆی لەوەدایە کە تەواو نەبێت و، دەستەڵاتی لەوەدایە کە لە بەردەم خوای گەورەدا کۆڵەوار و بێ دەستەڵات بێت و، دەوڵەمەندیشی لەوەدایە کە هەژاری دەرگانەی ئەو بێت).

هەنگاوی چوارەم: ئەو وانەیە کە ئەم ئایەتە دەیڵێتەوە:
﴿كلُّ شيءٍ هالِكٌ إلاّ وَجْهَه﴾.

چونکە "نەفس" گومانی وایە کە خۆی لە خۆیدا سەربەست و سەربەخۆیە. لەبەر ئەوە لافی جۆرە پەروەردگاری‌یەك لێ دەدات و، بەرامبەر پەرستراوی ڕاستەقینەی خۆی سەرپێچیی تێدایە. جا هەستکردن بەم ڕاستی‌یەی خوارەوە مرۆڤ لەو بارە ڕزگار دەکات. ئەو ڕاستی‌یەش بریتی‌یە لەوەی کە:

هەموو شتێك لە خۆیدا و بە "واتا ئیسمی‌یەکەی" لەناوچوو، ون بوو، تازە پەیدا بوو، نەبووە. بەڵام بە "واتا حەرفی‌یەکەی" و لەو ڕووەوە کە بەپێی ئەرك و فرمانی سەرشانی دەوری ئاوێنەی دەرخەری ناوە جوانەکانی بەدیهێنەری مەزن دەبینێت، ئەوا ئەو شتە: بینەر و بینراوە و، هەیە و بووە.

جا پاکژکردنی "دەروون" لەم هەنگاوەدا بەوە دەبێت کە بزانێت: نەبوونی لە بوونیدایە و، بوونیشی لە نەبوونیدا!

واتە: ئەگەر خۆی بینی و بوونی بە خۆی بەخشی، ئەوا لە تاریکستانی چەندین نەبوونی ئەوەندە زۆر و زەبەندەدا نوقم دەبێت کە بە ئەندازەی هەموو بوونەوەران دەبن.

بەواتایەکی تر دەڵێین: ئەگەر لە بەدیهێنەری ڕاستەقینەی خۆی – کە خوای گەورەیە – بێ ئاگا بێت و، بە بوونی خۆی بایی ببێت، ئەوا خۆی بە تەنیایی و خنکاوی دەبینێتەوە لە ناوەندی تاریکیی بێ کۆتایی جودایی و نەبووندا، بە چەشنی گوڵەستێرە(الیراعة) کە تەنها بە ڕووناکی‌یە کزەکەی خۆی لە تاریکیی شەوی تاردا بجووڵێتەوە.

بەڵام کاتێ واز لە خۆویستی و لەخۆ بایی بوون دەهێنێت، بۆی دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا خۆی لە خۆیدا شتێك نی‌یە، بەڵکو ئاوێنەیەکی درەوشانەوەکانی بەدیهێنەری ڕاستەقینەیە. بەم پێ‌یە، لەم ڕێ‌یەوە "بوون"ێکی نەبڕاوە و بێ کۆتایی بەدەست دەهێنێت و، ئنجا "بوون"ی هەموو بوونەوەرانیش دەستکەوت و قازانجی دەبێت.

بەڵێ، ئەو کەسەی خوا دەدۆزێتەوە، هەموو شتێکی دەست کەوتووە، چونکە هەموو بوونەوەران، تێکڕا، بریتین لە: درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خواوەندی مەزن!

* * *

کۆتایی ئەم پاشکۆیە

ئەم ڕێگایەی کە پێکهاتووە لەم چوار هەنگاوە: "کۆڵەواری و، هەژاری و، شەفەقەت و، بیرکردنەوە" لە هەر بیست و شەش وتەکانی پێشووی کتێبی "وتەکان"دا، کە لە: زانستی حەقیقەت و، ڕاستیی شەریعەت و، حیکمەتی قورئانی پیرۆز دەدوێن، ڕوون کراونەتەوە. بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی پوخت بۆ چەند خاڵێك دەکەین کە ئەمانەن:

ئەم ڕێگایە کورتترین و نزیکترین ڕێیە لەچاو ئەوانی تردا، چونکە تەنها چوار هەنگاوە. ئنجا ئەگەر "کۆڵەواری" بەسەر نەفسدا زاڵ ببێت، ئەوا ڕاستەوخۆ تەسلیمی خواوەندی "بەتوانا"ی شکۆمەندی دەکات. بەڵام گەر لە ڕێگەی عیشقدا - کە گەیەنەرترین ڕێیە بۆ لای خوای گەورە - "عیشق" بەسەر نەفسدا زاڵ ببێت، ئەوا دەروونی مرۆڤ دەستەکانی لە داوێنی مەعشووقی مەجازی گیر دەکات و بەو جۆرە دەمێنێتەوە هەتا نەمانی ئەو مەعشووقەی دەبینێت، ئنجا دەگات بە خۆشویستراوی ڕاستەقینە!

پاشان ئەم ڕێگایە لە هەموو ئەوانی تر بێ وەی ترە، چونکە "نەفس" لەم ڕێگایەدا دووچاری "شەتەحات" نابێت و لاف و گەزافی لە توانای خۆی بەرەوژوورتر لێ نادات، چونکە مرۆڤ لەم ڕێگایەدا جگە لە: کۆڵەواری و هەژاری و قسوور و ناتەواوی، هیچی تر لە نەفسی خۆیدا شك نابات، تا لە سنووری خۆی لابدات!

ئەم ڕێیە جادەیەکی گەورە و شەقامێکی گشتییە، چونکە مرۆڤ لەم ڕێیەدا ناچار نابێت بوونەوەران بخاتە "بەندیخانە" یان "ئیعدامیان" بکات، بە وێنەی ڕێڕەوانی ڕێگەی "وحدة الوجـــود"، کە بۆ مەبەستی گەیشتن بە دڵنیایی و حوزووری قەلبی، بوونەوەرانیان لە وەهمی خۆیاندا بە نەبوو(عدم) لە قەڵەم دا و، وتیان:

"لا موجود الا هو"..

یان بە وێنەی ڕێڕەوانی ڕێی "وحدة الشـــهود" کە بۆ مەبەستی بەهرەوەر بوون و گەیشتنیان بەو دڵنیاییە، بوونەوەرانیان لە بەندیخانەی "بیرچوونەوە"دا بەند کرد و، وتیان:

"لا مشهود الا هو"!

قورئانی پیرۆز - کە ئەم چوار ڕێیەی لێ وەرگیراوە - بە ئاشکرا لە ئیعدام کردنی بوونەوەران خۆش دەبێت و لە بەندیخانەش بەریان دەدات!

جا ئەم ڕێگایە - لەسەر ئەو ڕێبازەی قورئان - بەو چاوە دەڕوانێتە بوونەوەران کە: ملکەچ و گوێڕایەڵی بەدیهێنەری شکۆمەندیانن و، لە ڕێی ئەودا خزمەت دەکەن و، دەرخەری درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکانن، دەڵێی ئاوێنەن ئەو درەوشانەوانە دەدەنەوە و دەریاندەخەن.

واتە ئەم ڕێیە بوونەوەران بە واتای "حەرفی" دەبینێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و، دووریان دەخاتەوە لەوەی کە خاوەنی واتای "ئیسمی" بن و هەر بۆ خۆیان کەوتبنە خزمەت و گوێڕایەڵ بووبن.

بەم چەشنە، مرۆڤ لە بێ ئاگایی (الغفلـــــة) ڕزگاری دەبێت و، لەسەر ڕێبازەکەی قورئانی پیرۆز بە "حوزووری بەردەوام و هەمیشەیی" دەگات و پێی بەهرەوەر دەبێت. ئەو کاتەش لە هەموو شتێکدا ڕێگایەك دەبینێت کە بە خوای گەورەی دەگەیەنێت.

پوختەی ئەم قسانە:

ئەم ڕێگایە بە "واتای ئیسمی" ناڕوانێتە بوونەوەران، واتە بەو ڕوانینە بۆیان ناڕوانێت کە لە خۆیاندا و بۆ خۆیان کەوتبنە کار و گوێڕایەڵ بووبن. بەڵکو ئەم بۆڕوانینەیان لێ دادەماڵێت و، ئەرك و فەرمانبەریی "ملکەچ بوونیان بۆ خوای گەورە" دەخاتە ئەستۆ.

بەشێکی مەکتووبی پازدەهەم:

ویلایەتی هاوەڵە بەرێزەکان

باسمه سبحانه

﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

برای ئازیزم!

◆ **پرسیاری یەکەمت کە دەڵێت:**

ئاشکرایە کە هاوەڵە بچووکەکان گەلێ گەورەترن لە ئەولیا هەرە مەزنەکان. ئەدی بۆچی هاوەڵە بەرێزەکان بە ڕوانینی "ویلایەت" ئەو دەستە و تاقم و کەسە خراپکارانەیان نەبینی و ئاشکرایان نەکردن کە لە ناو کۆمەڵی ئەواندا بڵاو بووبوونەوە، بە ڕادەیەك کە بوون بەهۆی شەهید بوونی سێ خەلیفەی ڕاشید؟

وەڵامەکەی لە دوو مەقامدایە:

مەقامی یەکەم

بە ڕوونکردنەوە و دەرخستنی نهێنییەکی وردی "ویلایەت" گرێی پرسیارەکە دەکرێتەوە. ئەویش بەم جۆرەی خوارەوەیە:

ویلایەتی هاوەڵە بەرێزەکان "ویلایەتی کوبرا"یە و، سەرچاوە و بناغە سەرەکییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ میراتگریی "پێغەمبەرایەتی". ڕێگای ئەم

ویلایەتـەش بریتی‌یـە لـە ڕۆشـتنی ڕاسـتەوخۆی ئـەوان لـە "ظاهـیر"ەوە بـۆ ناوجەرگەی حەقیقەت، بێ ئەوەی بە ڕێی بەرزەخی تەریقەتدا تێپەڕ بن.

ئەم ویلایـەتەی ئـەوان ڕووی لـە دەرکـەوتنی "ئەقـرەبییەتی ئیـلاهی"یـە. چـونکـە ڕێی ئەم ویلایەتە هەرچەند تـابڵێی ڕێگایـەکی کورتـە، بـەڵام گـەلـێ بەرز و بڵندە و.. هەرچـەندەش کەشـف و کەرامـەت و کـارە دەراسـاکانی بـە دەگمەن دەردەکەون، بەڵام فەزڵ و تایبەتکاری‌یەکانی یەکجار پایە بەرزن.

هەرچی کەرامەتی ئـەولیاکانی تـرە، زۆربـەیان بـە بێ ویسـتی خۆیـان ڕوو دەدات، چونکە هەندێ جار خوای گەورە ڕێزیان لـێ دەگرێت و، بێ ئـەوەی بە خۆیان بزانن کارێکی دەراسا(خارق)یان لـێ دەردەکەوێت. ئنجا زۆربـەی ئەم کەشف و کەرامەتانەش لە دەمی سەیر و سلووك و کـاتی بڕینـی بـەرزەخی تەریقـەتدا ڕوو دەدەن، کـاتێکیش ئـەولیاکان - تـا ڕادەیـەك - لـە بـەش و خواستی مرۆڤانە دەستبەردار دەبن، چەند بارێکی دەراسا بەدەست دەهێنن.

بەڵام هاوەڵە بەڕێزەکان - خوا لە هەموویان ڕازی بێـت - ناچـار نـین "بۆ گەیشـتنیان بـە حەقیقـەت" لـە ڕێـی تەریقەتـەوە بازنەیـەکی مـەزن بـە سـەیر و سـلووك بـبڕن. چونکـە ئـەوان شـەرەفمەندی لـێ درەوشـانەوەی ڕووناکی‌یەکانی هاوەڵێتیی پیرۆزی پێغەمبەری مەزن بوون ﷺ، کەواتە ئـەوان لـە ڕێـی ئەم نهێنی‌یـەوە دەتوانـن لـە یـەك کـۆڕ و دانیشـتندا و بە یـەك هـەنگاو ڕاستەوخۆ ڕووی ڕواڵەتی "ظاهیر" دیواودەر بکەن و یەکسەر بە "حەقیقـەت" بگەن و پێی بەهرەمەند بن.

بۆ نموونە:

گەرمانەوێت بە شەوی "قەدر" بگەینەوە کـە دوێنـێ بەسەرچوو و بـوو بـە ڕابوردوو، دوو ڕێگامان بۆ ئەم مەبەستە لە بەردەمدایە:

یه‌كه‌میان:

بڕینی ڕۆژ به‌ ڕۆژی ساڵێكی ڕه‌به‌ق تاكو جارێكی تر به‌و شه‌وه‌ پیرۆزه‌ بگه‌ینه‌وه‌. كه‌واته‌ به‌پێی ئه‌م ڕێیه‌، ده‌بێ مرۆڤ ساڵێكی ته‌واو به‌ سه‌یر و سلووك ببڕێت تاكو "قورببیه‌تی ئیلاهی"ی ده‌ست بكه‌وێت.

ئه‌مه‌ش ڕێبازی زۆربه‌ی ڕێڕه‌وانی ته‌ریقه‌ته‌كانه‌.

دووهه‌میان:

ده‌ربازبوونی جه‌سته‌ی ماددیی پابه‌ندی زه‌مانه‌ له‌و به‌رگه‌ی خۆی و، به‌رزبوونه‌وه‌ی "گیان"ه‌ به‌ ده‌ستبه‌ردار بوون له‌ جه‌سته‌ و، ئنجا بینینی دوێنێ شه‌وی ڕابوردووی "قه‌در"ه‌ له‌گه‌ڵ سبه‌ی شه‌وی "جه‌ژن"دا پێكه‌وه‌ و به‌ چه‌شنی ئاماده‌یی ئه‌مڕۆ. چونكه‌ "گیان" به‌ كات و زه‌مانه‌وه‌ به‌ند نی‌یه‌.

جا هه‌ركات هه‌سته‌كانی مرۆڤ تا ڕاده‌ی ناسكی و نیانیی "گیان" به‌رزبوونه‌وه‌یان به‌ده‌ست هێنا، ئه‌وا كاتی "ئێستا"ی ئه‌و مرۆڤه‌ فراوان ده‌بێت و، "ڕابوردوو" و "داهاتوو" له‌ خۆیدا ده‌پێچێته‌وه‌ و ئه‌و كاتانه‌ی كه‌ سه‌باره‌ت به‌ خه‌ڵكی‌یه‌وه‌ به‌ "ڕابوردوو" و "داهاتوو" داده‌نرێن، سه‌باره‌ت به‌م وه‌كو كاتی "ئێستا" ده‌بن.

له‌به‌ر ڕووناكیی ئه‌م نموونه‌یه‌دا ده‌ڵێین

گه‌یشتن به‌ شه‌وی قه‌دری ڕابوردوو به‌ به‌رزبوونه‌وه‌ی مرۆڤ ده‌بێت تا پله‌ی "گیان" و ئنجا بینینی كاتی "ڕابوردوو"ه‌ وه‌كو "ئێستا".

بناغه‌ی ئه‌م نهێنی‌یه‌ ته‌ماوی‌یه‌ش بریتی‌یه‌ له‌ ده‌ركه‌وتنی "ئه‌قره‌بییه‌تی ئیلاهی".. با به‌ نموونه‌یه‌ك ئه‌مه‌ ڕوون بكه‌ینه‌وه‌:

"خۆر" له‌ ئێمه‌وه‌ نزیكه‌، چونكه‌ یه‌ك به‌ یه‌كی "ڕووناكی" و "گه‌رمی" و "وێنه‌"ی ئه‌و له‌ ئاوێنه‌كانی ناو ده‌ستماندا ده‌رده‌كه‌وێت، به‌ڵام ئێمه‌ له‌ خۆره‌وه‌ دوورین.

جا ئەگەر لە ڕووی نوورانییەت و ڕووناکیی خۆرەوە هەستمان بە "ئەقرەبییەت"ی خۆر کرد و پەیمان بەو پەیوەندییانە برد کە لەگەڵ وێنە میسالی‌یەکەی ئەودا هەمانە لەناو ئاوێنەکانماندا و، لەو ڕێگایەوە خۆرمان ناسی و هەستمان بە ڕاستیی ڕووناکی و گەرمی و شێوەی خۆر کرد، ئەوا "ئەقرەبییەتی" ئەومان لە ئێمەوە بە ئەندازەیەك بۆ دەردەکەوێت کە هانمان دەدات بە شارەزایی و نزیکی پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستین.

بەڵام گەر بمانەوێت لە ڕووی دووریمانەوە لە خۆر، پێی ئاشنا ببین و لێی نزیك ببینەوە، ناچار دەبین بە "بیر" و "ژیری"مان گەلێ ڕێگا ببڕین تاکو هاودەم لەگەڵ یاسا زانستی‌یەکاندا بیرمان بۆ ئاسمانەکان سەربخەین و لەوێدا تەسەووری خۆر بکەین کە لەناو بۆشایی گەردووندا پرشنگ دەدات. هەروەها دەبێ پشت بەو یاسا زانستی و وردەکاری‌یە یەکجار دوور و درێژانە ببەستین تاکو پەی بەو ڕووناکی و گەرمی و حەوت ڕەنگە ببەین کە لە ماهییەتی خۆردا هەن. ئنجا دوای هەموو ئەمانە لەوانەیە "قورببیەتی مەعنەوی"مان لە خۆرەوە دەست بکەوێت، وەك ئەوەی کەسی یەکەم بە تێڕامانێکی کەم لە ئاوێنەکەی، دەستی کەوت.

هەر بە وێنەی ئەم نموونەیە، "پێغەمبەرایەتی" و ئەو "ویلایەتە"ش کە میراتگری پێغەمبەرایەتی‌یە، هەردووکیان ڕوویان لە دەرکەوتنی "ئەقرەبییەتی ئیلاهی"یە..

بەڵام زۆربەی ویلایەتەکانی تر لەسەر بناغەی "قورببیەتی ئیلاهی" سلووك دەکەن و، ناچارن چەندین پلە و قۆناغی زۆر و زەبەندە ببڕن پێش ئەوەی بە پلە و پایەی مەبەستیان بگەن.

مەقامی دووهەم

ئەو دەستە پەنهانەی کە لە پشتی ڕووداوەکانی ئاشووبی ئەو ڕۆژگارەوە خۆی مەڵاس دابوو، تەنها ژمارەیەکی کەمی جوولەکە نەبوون تاکو بتوانرێت دەستنیشان بکرێن و ئەو فەسادە لە شوێنی خۆیدا ڕابگیرێت و، تەنها بە ئاشکرا کردنی ئەوان ئاگری ئەو ئاشووبە بکوژێتەوە.. نەخێر..

چونکە بە هاتنی چەندین نەتەوەی زۆر و زەبەندە و جیاجیا بۆ ناو ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگای ئیسلامی و، تێکەڵ بوونی چەندەها بیروڕا و تەوژمی دژ بە یەك و نەگونجاو لەگەڵ ناوەرۆکی بیروباوەڕی ئیسلامدا بە بیروڕای موسڵمانان، بە تایبەت ئەوانەی کە غرووری نەتەوایەتییان بە گورزە توندەکانی دەستی حەزرەتی عومەر - خوای لێ ڕازی بێت - پێکرابوو، لە دەروونەوە نیازی تۆڵەسەندنەوەیان شاردبووەوە و بە دوای هەلێکدا دەگەڕان، چونکە ئایینی پێشوویان و دەستەڵاتیان پووچەڵ کرایەوە و، دەوڵەتەکەشیان کە مایەی سەربەرزی و شانازییان بوو بە تەواوەتی لەناوبرا..

لەبەر ئەوە، چ بە خۆیان زانیبێت و چ نەیان زانیبێت، لە ناخەوە هەستیان بە تۆڵەسەندنەوە دەکرد لە خەلافەتی ئیسلام.

بۆیە وتراوە کە: مونافیقە پیلان سازە زیرەکەکانی وەك جوولەکە، کەڵکیان لەو بارە کۆمەڵایەتی‌یە وەرگرتووە!

واتە: بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی ئەو ئاشووبانە بە چاکسازیی کۆمەڵ و ڕووناك کردنەوەی بیروڕا جۆراوجۆرەکان دەبێت، نەك بە ئاشکرا کردنی چەند کەسێکی کەم لە خراپەکارانی ناو کۆمەڵ.

ئەگەر بوترێت:

حەزرەتی عومەر - خوای لـێ ڕازی بێـت - لەسـەر مینبـەرەوە بـانگی لـە "ساریە" کرد کە یەکێکە لە سەرکردەکانی سوپاکەی و مانگە ڕێیەك لێیـەوە دوور بووە و فەرموویەتی: "یا ساریة الجبل الجبـــل!"[(١)] ئـەم بـانگ لێکـردن و ڕێنماییەشـی بـوون بـە هۆیـەکی سـەرکەوتنیان لـەو جەنگـەدا. ئـەم ڕووداوە مەودای تیژیی بەسیرەتی حەزرەتی عومەر دەردەخات..

پرسیارەکەش ئەوەیە کە:

ئایا ئەم بەسیرەتە تیژە دووربینە بۆچی فەیرووزی قاتڵی خۆی نەبینی کە لە نزیکی خۆیەوە بوو؟

وەڵام:

وەڵامی ئەم پرسیارە وەك وەڵامەکـەی حـەزرەتی یـەعقووب - دروودی لـەسـەر بێـت - دەدەینەوە[(٢)] ئەوەبوو لە حەزرەتی یەعقووبیان پرسی: چۆن هەستت بە بۆنی یووسـف کـرد لـە ڕێـی کراسـەکەیەوە کە هێشتا لـە خـاکی میسـردا بـوو، کـەچی

---

(١) صحيح: أخرجه احمد في فضائل الصحابة برقم ٣٥٥ بإسناد حسن، والطبري في التـــاريخ ٢/ ٣٨٠، وأبو نعيم في الدلائل ٣/٢١٠، ٢١١ والبيهقي في الدلائل واللالكائي في شرح السنة والزين عاقولي في فوائده، وابن الأعرابي في كرامات الأولياء، وابن مردويه وأبو بكر بن خلاد في الفوائد، وابن عساكر ٧/ ٦/ ١ و ١٣/٦٣/٢ ومن عدة طرق. قال ابـــن كثـير في النهايـة ١٣١/٧: "هذا إسناد جيد حسن" وقال الحافظ في الإصابة ٢/ ٣ إسناده حسن، ومثله قول ابن حجر الهيتمي في الصواعق المحرقة ص ١٠١. وانظر المقاصد برقم ١٣٣١ والدرر برقـــم ٤٦٢ والتمييز ١٩٤ وكشف الخفاء ٢/ ٣٨٠ والأحاديث الصحيحة برقـــم ١١١٠. (وەرگێڕ - لە چاپە عەرەبی‌یەکەوە)

(٢) ز مصـرش بوی پیراهـن شـنیدی چرا در چاه کنـــعانش ندیدی
بگفـت احوال ما برق جهان اسـت دمی پیدا و دیگردم نهان است
گـهی بر طـارم اعلـی نشـینم گهی بر پُشـت پای خـود نبینم
(سەعدیی شیرازی) (دانەر)(*)

(*) بڕوانە: (کلیات سـعدی - گلستان) ص ٧٥ چـاپ هشـتم، انتشـارات امیر کبیر، تـهران ١٣٦٩ هـ ش. (وەرگێڕ)

یووسفت له‌ بیره‌ نزیكه‌كه‌ی خاكی كه‌نعاندا نه‌بینی؟ وه‌لامی دانه‌وه‌: حاڵه‌ته‌كانی ئێمه‌ وه‌ك هه‌وره‌ بروسكه‌ی كتووپڕی وان، ده‌مێك دیار و ده‌مێكی تریش نادیارن، كاتی وا هه‌یه‌ وه‌كو ئه‌و كه‌سه‌ین كه‌ له‌ بڵندترین مه‌قامدا دانیشتبێت و سه‌رجه‌می ده‌وروبه‌ری خۆی ببینێت، كاتی وایش هه‌یه‌ ته‌نانه‌ت پشت پێی خۆشمان نابینین!

پوخته‌ی قسه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌:

هه‌رچه‌نده‌ مرۆڤ بكه‌ر و خاوه‌ن ویست و ئیختیار بێت، كه‌چی هه‌ر ویستی خواوه‌ند بناغه‌یه‌ له‌ هه‌موو شتێكدا و، قه‌ده‌ری خوای گه‌وره‌ش زاڵ و فه‌رمانڕه‌وایه‌ و، ویستی خوایی ده‌ست به‌ ڕووی ویستی مرۆڤه‌وه‌ ده‌نێت، به‌پێی ناوه‌رۆكی ئایه‌تی: ﴿وَما تَشَاؤُونَ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ اللهُ﴾ (الإنسان:٣٠) و، حه‌قیقه‌تی: "إذا جاء القدر عمي البصر"یش فه‌رمانی خۆی جێبه‌جێ ده‌كات، خۆ هه‌ر كاتیش قه‌ده‌ر دوا، ده‌بێ توانست و ئیختیاری جوزئیی مرۆڤ بێ ده‌نگ بێت.

لە پاشبەندی "قەستەمۆنی"یەوە:

(ژیری) و (دڵ) پێکەوەن لە پەیامەکانی نووردا

ئەم بڕگەیەم لە وەڵامی پرسیارێکدا نووسیوە. لەوانەیە باسکردنی سوودی بۆ ئێوەش تێدا بێت.

چەند کەسێك لەوانەی کە بە زۆری کتێبەکانی ئەولیا و زانایانیان خوێندبووەوە، ئەم پرسیارەیان لێ کردم:

بۆچی خوێنەری پەیامەکانی نوور زۆر زیاتر لە خوێنەری ئەو کتێبانە ئیمان و ملکەچی لە دڵی خۆیدا دەبینێت و هەست بە شەوقێکی بەردەوام و چێژێکی نوێ دەکات؟

وەڵام:

بەشێکی کتێبە دانراوەکانی زانایانی پێشین و زۆربەی کتێبە کۆنەکانی ئەولیا پیاوچاکەکان، لە "بەروبووم" و "ئەنجامەکانی ئیمان" و ڕێژنە و بەرەکەتی "ناسینی خوا" دەدوێن. چونکە لە چەرخەکانی ئەواندا لەبەر ئەوەی بناغەکانی ئیمان قایم و دامەزراو بوون، ئەوا بەربەرەکانێی ئاشکرا و هێرشی بێ پەردەی وا نەکراوە کە ڕەگ و ڕیشەی ئیمان دەربهێنێت.

بەڵام ئێستا هێرشێکی بە کۆمەڵی ڕێکوپێك و سەختی ئەوتۆ کراوەتە سەر پایە و بناغەکانی ئیمان کە زۆربەی ئەو کتێب و پەیامە پێشووانەی کە تەنها

لەگەڵ کەسانی ئیماندار و مرۆڤە تایبەتمەندەکاندا دەدوان، ناتوانن بەربەستی ئەم تەوژمە بەهێز و سامناکەی ئەم ڕۆژگارە بکەن و بەرەنگاری ببنەوە.

"پەیامەکانی نوور" لەبەر ئەوەی موعجیزەیەکی مەعنەویی قورئانی پیرۆزن، پایە و بناغەکانی ئیمان ڕزگار دەکەن. ئەمەش نەك هەر تەنها بە سوود وەرگرتن لە ئیمانی ڕەگداکوتاوی دامەزراو کە زووتر لەناو دڵدا بووە، بەڵکو بە چەسپاندن و دامەزراندن و پارێزگاری لێکردنی ئەو ئیمانە لەناو دڵاندا و ڕزگار کردنی لە دەستی شوبهە و گومانەکان، بە چەندین بەڵگەی درەخشان و زۆر.

ئەم کارەی پەیامەکانی نوور لە ڕادەیەکدایە کە هەر کەسێك بە وردی سەرنجیان لێ بدات، بڕیار دەدات کە بە وێنەی "پێویستیی نان و دەرمان" ئەم پەیامانەش بۆ ئەم چەرخە پێویستن.

کتێبە دانراوەکانی پێشوو بە مرۆڤ دەڵێن:

ببە بە وەلی و.. بە پلە و مەقامەکاندا سەربکەوە و.. ببینە و.. ڕووناکیی ڕێژنەی پیت و بەرەکەتەکان بە دەست بهێنە.

بەڵام پەیامەکانی نوور دەڵێن:

هەر کەسێك هەیت ببە.. بەڵام چاو بکەرەوە و بڕوانە و ڕاستی ببینە و ئیمانەکەت ڕزگار بکە، کە کلیلی "بەختەوەریی هەمیشەیی"یە!

پەیامەکانی نوور لە پێشدا هەوڵی ئەوە دەدەن قەناعەت بە دەروونی دانەرەکەیان ببەخشن، ئنجا لەگەڵ کەسانی تردا دەدوێن. لەبەر ئەوە، ئەو وانەیەی کە بە تەواوی قەناعەتی بە دەروونی بەدخوازی دانەریان بەخشی و توانیی وەسوەسەکانی بە یەکجاری نەهێڵێت، بێ هیچ گومانێك وانەیەکی هێندە بەهێز و بێگەردە کە بە تەنها خۆی دەتوانێت ببێت بە بەربەست لە

ڕووی تەوژمی گومڕایی سەردەمدا، کە بەهۆی پێکهاتە و ڕێکخراوە بەکۆمەڵەکانیەوە شێوەی "کەسێتی‌یەکی مەعنەوی"ی وەرگرتووە، تەنانەت ئەم پەیامانە دەتوانن بەرەنگاری ئەم گومڕاییە ببنەوە و بە سەریشیدا سەربکەون.

پاشان پەیامەکان وەك دانراوانی زانایانی تر نین؛ تەنها بە پێی هەنگاونان و بەڵگە و بۆڕوانینەکانی "ژیری" ڕێی خۆیان ببڕن..

وەك ئەولیا سۆفی‌یەکانیش ناکەن؛ تەنها بە چێژ و کەشفەکانی "دڵ" بجووڵێن..

بەڵکو بە یەکگرتن و تێکەڵ کردنی هەنگاوەکانی "دڵ و ژیری" و یارمەتیدانی "گیان" و "لایەنە ناسکەکان"ی تری مرۆڤ، هەنگاو دەنێن. بەمەش دەگەنە چڵەپۆپەی سەربەرزی و پلەیەکی هێندە بڵند کە ڕوانینی فەلسەفەی هێرشکاری پێ ناگات، چ جای ئەوەی بە هەنگاونان پێی بگات! ئیتر لەم ڕێیەوە نوورەکانی ڕاستی‌یەکانی ئیمان، تەنانەت بە چاوە کوێرە داپۆشراوەکانی ئەو فەلسەفە هێرش بەرەش دەگەیەنن.

شوێنی کەرامەت لە پەیامەکاندا

باسمه سبحانه

﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

برا ئازیز و صددیقەکانم!

ئەوەم بە دڵدا هێنرا کە چوار مەسەلەتان بۆ ڕوون بکەمەوە:

یەکەمیان:

وەڵامی پرسیارێکە بە زمانی حاڵ و گوفتار و چەند حاڵـەت و ڕواڵـەتێکی جۆراوجۆر، دەکرێت و دەوترێت:

مادەم پەیامەکانی نوور کەرامەتیان هەیە و، زیاتر لە تەریقەتـە سۆفی‌یەکان پێشکەوتن و بەرزبوونەوە لە دەرکەوتنی ڕاستی‌یەکانی ئیماندا بە خوێنەرانیان دەبەخشـن، تەنانـەت هـەندێ لـە قوتابی‌یـە ڕاستەکانی ئـەم پەیامانـە - لـە ڕوویەکەوە - ئـەولیا و پیاوچاکن.. ئیتر بۆچی چەند ڕواڵـەت و چێژێکـی ڕۆحـی و کەشـفی مەعنـەوی و کەرامـەتی مـاددیی بەرجەسـتەی وەك هــی ئەولیاکانیان پێـوە نـابینرێت، جگـە لـەوەش هـەر بـە دوای ئـەم جـۆرە شتانەدا ناگەڕێن و بایەخی پێ نادەن؟ ئایا حیکمەت لەمەدا چی‌یە؟

وەڵام:

○ ***یەکەم:***

هـۆی ئەمـە نـهێنیی "ئیخـلاس"ە! چونکـە ئـەو کەسـانەی کـە نـەیانتوانیوە بەسـەر دەروونــی بـەدخوازی خۆیـاندا زاڵ بـبن، چێـژ و کەرامەتـە فـانی و کاتی‌یەکانی دنیایان بەلاوە دەبێـت بـە ئامـانجی سـەرەکی و، بـە هـاندەری ئـەو چێژانە کارەکـانی سـەر بـە دواڕۆژیـان ڕادەپەڕێنن! دیـارە ئەمـەش "ئیخـلاس"

پووچەڵ دەكاتەوە. چونكە نابێت مرۆڤ لە كارەكانی سەر بە دواڕۆژدا بە دوای ئامانجەكانی دنیا و چێژەكانیدا بگەڕێت. خۆ گەر داوایان بكات و بە دوایاندا بگەڕێت ئیخلاسەكەی تێك دەچێت و دەشێوێت.

○ *دووهەم:*

كەشف و كەرامەتەكان بۆ ئەوەن كە دڵنیایی و متمانە بە دەروونی ڕێبوارانی عەوامی تەریقەت ببەخشن، لەوانەی كە ئیمانێكی تەقلیدییان لە دڵدایە و، نەگەیشتوونەتە پلەی ئیمانی تەحقیقی. هەروەك هەندێ جاریش بۆ بەهێز كردنی ئیمانی ئەو كەسە لاوازانەن كە دووچاری شوبهە و گومان دەبن..

كەچی ئەو بەڵگانەی كە پەیامەكانی نوور بۆ ڕاستییەكانی ئیمان دەیانهێننەوە، هێندە بەهێز و دامەزراون كە لە هیچ لایەكەوە هیچ بوارێك بۆ سەرهەڵدانی شوبهە و گومانەكان ناهێڵنەوە. هەروەك لەم حاڵەدا هیچ پێویستی و داخوازێك بۆ ئەو كەشف و كەرامەتانە نامێنێتەوە كە لەبەر دڵنیا كردن و قەناعەت بەخشین پیشانی مرۆڤ دەدرێن. چونكە ئەو ئیمانە تەحقیقییەی كە پەیامەكانی نوور دەیبەخشن زۆر زیاتر لە كەشف و كەرامەت و چێژەكان بەرزترن. بۆیە قوتابییە ڕاستەقینەكانی پەیامەكانی نوور بە دوای ئەو چەشنە كەرامەتانەدا ناگەڕێن.

○ *سێهەم:*

یەكێك لە بناغەكانی پەیامەكانی نوور بریتییە لەوەی كە مرۆڤ لە ناخی دەروونیدا شارەزای ناتەواوییەكانی خۆی بێت و، بە لەخۆبوردەیی و خۆبەخت كردن و تەنها لە پێناوی ڕەزامەندیی خوای گەورەدا بۆ خزمەتی ئیمان لێ ببڕێت، بێ ئەوەی ئاوڕ لە هیچ كەسێكی تری غەیری خوای گەورە بداتەوە. كەچی ئەو ئیختیلافەی كە لە نێوان خاوەن كەشف و كەرامەتەكانی ئەهلی تەریقەتدا هەیە و، حەسوودی و مونافەسەی نێوانیان، بە تایبەت لەم

چەرخەدا کە "خۆویستی" و "لە خۆبایی بوون" تیایدا پەرەی سەندووە، وای لە گومڕایان کردووە گومانی بەد بەو مەردە پاك و پیرۆزانە بەن و، بە "خۆویست" ناوزەد و تۆمەتباریان بکەن..

ئا لێرەوە تێدەگەین کە بۆچی قوتابیانی نوور داوای کەشف و کەرامەت بۆ کەس و خودی خۆیان ناکەن و، بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی هەڵپە و هەناسەبڕکێیان بە دوای ئەم جۆرە شتانە تێدا نییە و، دەزانرێت کە ئەم ڕەفتارە لە هەموو شتێك بۆ ئەوان پێویستترە.

پاشان لە ڕێبازی پەیامەکانی نووردا بایەخ و گرنگی بە "کەس"ی مرۆڤ نادرێت. چونکە هەموان لە ڕووی هاوبەشیی مەعنەویی کردەوەکان و توانەوەی هەریەکەیان لە براکانیاندا، ئەو هەزاران کەرامەتە زانستییەیان لێ سەروزیادە کە پەیامەکانی نوور بەدەستیان هێناوە لە ڕووی "ئاسانیی بڵاوبوونەوەی ڕاستییەکانی ئیمان" و، لەو ڕووەشەوە کە ئەو قوتابیانە "بەرەکەت لە ژیان و گوزەرانی خۆیاندا دەبینن"..

بەڵێ، ئەمانە و ڕێزلێنانە خواییەکانی تری هاوچەشنی ئەمانەیان بەلاوە سەروزیادە، بۆیە بە دوای کەمالات و کەرامەتی کەسیدا ناگەڕێن.

○ *چوارەم:*

ئاشکرایە کە هەزاران باخی دنیا تەنها تاقە درەختێکی بەهەشت ناهێنن، چونکە یەکەمیان فانی و دووهەمیشیان نەبڕاوە و هەمیشەییە!

خۆ هەست و نەستە ماددییەکانی مرۆڤ هێندە کول و کوێرن کە چێژ و لەزەتی خێرای دنیایان پێ خۆشە و، فەزڵی "بەر"ێکی ئامادەی ئێستا بەسەر "باخ"ێکی نەبڕاوەی بەهەشتی ئەو دنیادا دەدەن! لەبەر ئەوەیە کە قوتابیانی نوور لەم دنیایەدا داوای چێژە ڕۆحانی و کەشف و کەرامەتە مەعنەوییەکان ناکەن. ئیتر "دەروونی بەدخواز" ئەم حاڵەتە سروشتییەی ناو ناخی مرۆڤ بۆ ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی ناقۆزێتەوە!

ڕووداوێك هەیە زۆر لەم حاڵەتەی قوتابیانی نوور دەچێت.. ئەوەتا دەگێڕنەوە کە:

سەختیی ژیان و قورسیی گوزەران زۆری بۆ یەکێك لە وەلیە پیاوچاکەکان و هاوسەرە خاوەن وەرع و تەقواکەی هێنا، کە هەردووکیان پلەوپایەیان لای خوای گەورە هەبوو. بەڵام موحتاجی و ناچاریی لەڕادەبەدەر وای لە هاوسەرە ئاییندارەکەی ئەو پیاوچاکە کرد کە بە مێردەکەی بڵێت:

- ئێمە زۆر موحتاجین!

یەکسەر خشتێکی زێڕی خالیسیان خرایە بەردەم!

پیاوەکە بە خێزانەکەی وت:

- ئەم خشتە لە کۆشکەکەی بەهەشتمانەوە بۆمان نێرراوە!

ژنە خواناسەکەی کە ئەمەی بیست، یەکسەر وتی:

- هەرچەند "هەژاری" ماندووی کردووین و زۆری بۆ هێناوین و تا ئەم ڕادەیەی کە لە پێش چاوتدایە دەست کورت و بێ گوزەرانین و، لەولاشەوە گەلێ خشتی زێڕی وەك ئەمەمان لە بەهەشتدا هەیە. ئەوا دەترسم ئەم خشتەی بەهەشت لەم دنیا فانی‌یەدا بەزایە بدەین. بۆیە - ئەی هاوسەرە ئازیزەکەم! - تکات لێ دەکەم کە لە خوای گەورەی بەخشندە بپاڕێیتەوە ئەم خشتە بنێرێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی لە بەهەشت و، لێرەدا نامانەوێت! ئەمەی وت و، یەکسەر لە ڕێی کەشفەوە بینییان خشتەکە ڕۆشتەوە بۆ شوێنەکەی ناو بەهەشتی.

ڕووداوەکە بەم جۆرە دەگێڕنەوە.

جا ئەم دوو پێشڕەوەی ئەهلی حەقیقەت، نموونەیەکی باش و پێشەنگێکی چاکن بۆ قوتابیانی نوور، لەوەدا کە ئەوانیش لەم دنیایەدا بە دوای چێژ و کەرامەتەکاندا نەگەڕێن.

بەشێك لە مەكتووبی نۆهەم:

كەرامەت و ئیكرام و ئیستیدراج

(ئەمە بەشێكە لە نامەیەك كە بۆ قوتابیی‌یە ناسراوە
بێگەردەكەی خۆی ناردووە)

برام!

شەوق و چالاكی و بەدەستهێنانی سەركەوتنتان لە بواری بلاّوكردنەوەی نوورەكانی قورئاندا، ئیكرام(ڕێزلێنان)ێكی خواییە، بەڵكو كەرامەتێكی قورئانی و چاودێری‌یەكی پەروەردگارە، پیرۆزباییتان پێشكەش دەكەم لەسەری.

وا بە بۆنەی باسی كەرامەت و ئیكرام و چاودێری‌یەوە، جیاوازی‌یەكتان لە نێوان "كەرامەت" و "ئیكرام"دا بۆ باس دەكەم، كە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

دەرخستن و ئاشكراكردنی "كەرامەت" گەر پێویست نەبێت، زیانی تێدایە.. بەڵام دەرخستنی "ئیكرام" بە باسكردنی نیعمەت(تحدیث بالنعمة) دادەنرێت.

جا ئەو كەسەی كە شەرەفمەندی "كەرامەت" بووە، گەر كارێكی دەراسای لێ دەربكەوێت و بەخۆیشی بزانێت، لەوانەیە ڕوودانی ئەو كارە نائاساییە سەبارەت بەو ببێت بە "ئیستیدراج"، گەر نەفسی ئەمارەی وەك

خۆی مابێتەوە و تەزکیە نەکرابێت، لەو ڕووەوە کە لە خۆی ڕازی بێت و پشت بە کەشفەکەی ببەستێت و لەخۆی بایی بکات..

بەڵام گەر بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت و هەستی پێ بکات، کارێکی دەراسای لێ ببینرێت، وەك ئەوەی کەسێك بێت بۆ سەرلێدانی و لە دڵی خۆیشیدا پرسیارێکی پێ بێت، خاوەن کەرامەتەکەش یەکسەر وەڵامێکی تێروتەسەلی بداتەوە و خوای گەورە زمانی بە حەق بخاتە گوفتار، ئەوا دوای ئەوەش کە بە ڕووداوەکە دەزانێت، پشت بە خۆی نابەستێت، بەڵکو متمانە و دڵنیاییەکەی بە خوای گەورە پتر زیاد دەبێت و، لە بەرخۆیەوە دەڵێت: (من چاودێر و پارێزگارێکی ئەوتۆم هەیە کە لە خۆم زیاتر پەروەردە و سەرپەرشتیم دەکات). ئیتر زیاد لە جارانی پشت بە خوای گەورە دەبەستێت و، لەم ڕووەوە هەنگاوی بەرەو پێشتر دەنێت.

ئەم چەشنە کەرامەتە هیچ زیانێکی تێدا نییە و، داوا لە خاوەنەکەشی ناکرێت کە بیشارێتەوە، بەڵام نابێ بە شانازییەوە هەوڵی دەرخستنیان بدات، چونکە لەوانەیە - ئەو کاتە - کارە دەراساکە بداتە پاڵ خۆی، لەو ڕووەوە کە بە ڕواڵەت هەندێ دەسکەوتی مرۆڤی تێدایە.

بەڵام "ئیکرام" تەنانەت لەم بەشی دووهەمە بێ زیانەی "کەرامەت"یش بێ وەی تر و سەلامەت ترە و، پێم وایە لەویش بەرزترە. کەواتە ئاشکراکردنی جۆرێکە لە باسی نیعمەت، چونکە هیچ بەشێکی دەستکەوتی مرۆڤی تێدا نییە و "نەفس" ناتوانێت بیداتە پاڵ خۆی.

بەم جۆرە - برای بەڕێزم! - تا ئێستا هەر چاکەیەکی خواییم سەبارەت بە خۆم و خۆتەوە دیوە و نووسیوە، بە تایبەت خزمەتکردنمان بۆ قورئان، لە جۆری "ئیکرامی خوایی"یە و، دەرخستن و ئاشکراکردنی بریتییە لە پیش چاو خستنی نیعمەتی خوای گەورە.

هەر لەبەر ئەوەشە کە لە ڕووی باسکردنی نیعمەتەوە سەبارەت بە پشتگیریی خواوەند لەم خزمەتەدا، نامەت بۆ دەنووسم. دڵنیاشم لەوەی کە ئەم کارە دەماری شوکرت تێدا دەبزوێنێت، نەك فەخر و شانازی!

* * *

لە نێوان "کەرامەت" و "ئیستیدراج"دا:

(بزانە کە):

واتای (کەرامەت) جیایە لە واتای (ئیستیدراج).. چونکە "کەرامەت"یش بە وێنەی "موعجیزە" کاری خوایە و، خاوەنەکەشی دەزانێت لە لایەن خوای گەورەوەیە و لە لایەن خۆیەوە نی‌یە و، بە هۆیەوە دڵنیا دەبێت لەوەی کە پارێزەرێکی هەیە چاودێرە بە سەریەوە و خێری بۆ هەڵدەبژێرێت. ئیتر یەقین و پشت بەستنی بە خوای گەورە پتر زیاد دەبێت. هەندێ جار، بە ئیزنی خوای گەورە، هەست بە درێژەی کەرامەتەکە دەکات و هەندێ جاری تریش هەستی پێ ناکات، کە ئەمەیان باشتر و بێ وەی ترە. وەك ئەوەی خوای گەورە زمانی بخاتە گۆ بەوەی لە دڵی کەسێکدایە، یان لە حاڵەتی بێداریدا و بە مەبەستی ڕێنمایی کردن ئەو کەسەی بۆ بەرجەستە بکات، بێ ئەوەی کە بزانێت خوای گەورە بە هۆی ئەمەوە چی دەهێنێتە ڕێی بەندەکانی.

بەڵام "ئیستیدراج" ئەوەیە کە لە دەمی بێ ئاگایی(غفلة)دا شێوەی شتانی نادیاری لێ دەردەکەوێت، یان لەو کاتانەدا کە بەخۆی دەنازێت و پشت بە توانای خۆی دەبەستێ هەندێ کاری نامۆ ئەنجام دەدات. ئیتر بەوە دووریی لە حەق و خۆویستی و غرووری پتر زیاد دەبێت و، دەڵێ:

﴿إنَّما أوتِيْتُهُ عَلى عِلْمٍ عِنْدِي﴾ (القصص:٧٨)..

هەروەك دەڵێ:

بەهۆی خاوێنیی دەروونم و ڕووناکیی دڵمەوە ئەمانەم بۆ دەرکەوتووە!

جا ئەهلی ئیستیدراج و ئەهلی ویلایەتی چینی ناوەڕاست لێك جیا دەکرێنەوە و ئاڵۆزی لە ناسینەوەیاندا نییە..

بەڵام ئەوانەی کە مەزهەری فەنای هەرە تەواون لەو چینە بەرزەی کە بە ئیزنی خوای گەورە شتانی پەنهانیان لێ دەردەخرێت و بەو هەستانەیان کە بووە بە هی خوای گەورە[1] ئەو شتانە دەبینن، ئەوا جیاوازییەکە زۆر دیار و ئاشکراترە، چونکە نوورانیێتیی ناوەوەیان کە داچۆڕاوەتە دیوی دەرەوەیان گەلێ لەوە بڵند و بەرزترە لەگەڵ تاریکییەکانی کەسێکی ڕیاکاردا تێکەڵ ببێت کە خەڵکی بۆ لای خۆی بانگ دەکات!

لە کتێبی:

(مەسنەویی نووری)

(١) وەك لە فەرموودەی صەحیحی قودسیدا هاتووە: "فإذا أحببتُه كنتُ سمعَه الذي يسمع به، وبصرَه الذي يبصرُ به، ويدَه التي يبطشُ بها، ورجله التي يمشي بها". رواه البخاري. (وەرگێڕ)

له مه‌كتووبی نۆهه‌مه‌وه:

ئاراسته كردنی ڕه‌وتی خووڕه‌وشته‌كان

به‌خته‌وه‌رترین كه‌س به‌لامه‌وه ئه‌و كه‌سه‌یه كه:

دنیا لـه بـه‌رچاویدا وه‌ك میوانخانـه و مه‌نزلگایـه‌كی سـه‌ربازی وابێـت و، گومانیشی له‌مه‌دا نه‌بێت و، هه‌موو ڕه‌فتارێكیشی به‌پێی داخوازی‌یـه‌كانی ئـه‌م بۆچوونه‌ی بێت..

ئه‌و كه‌سه، به‌م ڕوانینه‌ی بـۆ دنیـا، ده‌توانێـت بـه زووترین كـات مـه‌زنترین پله‌ی ده‌ست بكه‌وێت و پێی به‌هره‌مه‌ند ببێـت، كـه پلـه‌ی ڕه‌زامـه‌ندیی خـوای گه‌وره‌یه. چونكه مادام به‌و چه‌شنه بۆ دنیای ڕوانی، ئه‌وا به پاره‌ی ئه‌ڵماسی گرانبـه‌ها و هه‌میشـه‌یی هـه‌رگیز ورده شووشـه‌ی بێ نـرخ نـاكڕێت، بـه‌ڵكو تێده‌كۆشێت كه تێكڕای ژیانی به خۆشی و ئیستیقامه‌ت بباته‌سه‌ر.

به‌ڵێ، ئه‌و شتانه‌ی كه سه‌ر به دنیان، لـه ڕاستیدا وه‌ك ورده شووشـه وان؛ شـایانی شـكاندنن. بـه‌ڵام ئـه‌و شـتانه‌ی كـه ده‌مێننـه‌وه و سـه‌ر بـه دواڕۆژی هه‌میشه‌یین، به چه‌شنی ئه‌ڵماس قایم و مه‌حكه‌م و به‌نرخن!

ئاره‌زووی توند و.. خۆشه‌ویستیی به‌جۆش و.. هه‌ڵپه‌كاریی سامناك و.. پرسیار و داخوازیی توندوتیژ و.. چه‌ندین هه‌ستی تری چه‌شـنی ئه‌مانـه كـه لـه مرۆڤدا هه‌ن و به قووڵی له ناخیدا ڕه‌گیان داكوتاوه، بۆ ئه‌وه پێـی به‌خشـراون كه به هۆیانه‌وه كاروبـاری سـه‌ر بـه دواڕۆژی ده‌ستگیر ببێـت و، لـه‌م ڕووه‌وه سـوودیان لـێ وه‌ربگرێـت. كه‌واتـه ئاراسـته كردنـی ئـه‌و هه‌سـتانه و به‌كارهێنانیان به خه‌ستوخۆڵی لـه كاروبـاری فـانیی دنیـادا، وه‌ك گۆڕینـه‌وه‌ی ئه‌ڵماس وایه به ورده شووشه‌ی بێ نرخ!

به بۆنەی ئەم مەسەلەیەوە، ئەم خاڵەم بە دڵدا هات، وا باسی دەکەم بۆتان:

"عیشـق" خۆشویستنێکی تونـد و بـەهێزە. کـاتێك ئـەم عیشـقە ڕووە و خۆشویستراوە فانی‌یەکان ئاراستە دەکرێت، یان ئەوەیە خاوەنەکەی بە ئێش و ئـازارێکی بەردەوامـەوە دەتلێنێتـەوە، یـان ناچـاری دەکـات بـە دوای خۆشویستراوێکی بـاقی و ڕاستەقینەدا بگـەڕێت، چونکـە ئـەو خۆشویستراوە مەجازی‌یە شایانی ئەو خۆشەویستی‌یە توندوتیژەی ئـەو نی‌یـە! ئیـتر ئـەو کاتـە عیشقە مەجازی‌یەکە دەگۆڕێت بە عیشقی حەقیقی.

هەزاران هەستی هاوچەشنی ئەمە لە مرۆڤدا هـەن، کە هەریەکـەیان وەکو عیشق دوو پلەیان هەیە، یەکێکیان مەجازی و ئەوی تریان حەقیقی‌یە.

بۆ نموونە:

"خەم و پەژارە بۆ ئایندە" هەستێکە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە. جا کاتێ کە مرۆڤ زۆر بە گەرمی خەم بۆ ئایندەی خۆی دەخوات، دەبینێت لـە لایەکـەوە هیـچ بـەڵێن و پـەیمانێکی نـەدراوەتێ کـە دەگاتـە ئـەو ئایندەیـەی خـەمی بـۆ دەخـوات، لـە لایـەکی تریشـەوە دەبینێـت ڕزق و ڕۆزیـی ئـەو ئایندەیـەی کـە ماوەکەی کەم و کورتە، لە لایەنی ڕۆزیدەرەوە بۆی مسۆگەر کراوە. کەواتـە شایانی ئەم خەم و پەژارە گەرمـە نی‌یـە. کاتێ مـرۆڤ دەگاتـە ئـەم دەرەنجامـە، یەکسـەر ڕووی خـۆی لـەو ئایندەیـە وەردەچـەرخێنێت و ڕوو دەکاتـە ئایندەیـەکی ڕاستەقینەی دوور و درێژ، کـە وا لـە پشتی گـۆڕەوە و، بـۆ بـێ ئاگایان مسۆگەر نەکراوە.

پاشـان مـرۆڤ "هەڵپـە"یـەکی توندوتیـژ ڕووەو "سـامان" و "پلـە و پایـە" دەردەبڕێـت. بـەڵام دوایـی کـە بـۆی دەردەکـەوێت ئـەو مـاڵ و سامانە وەکـو ئەمانەتێکی کاتی بـە دەسـتی سپێردراوە و، ئـەو پلـە و پایەیـەش کـە خولـگەی

ناوبانگێكی پڕ له گرفت و بەڵایە و سەرچاوەی ڕیایەكی ئەوتۆیە مرۆڤ لەناو دەبات، هیچیان شایانی ئەو هەڵپە توندوتیژە نین..

كاتێ لەمە دڵنیا دەبێت، یەكسەر ڕوو دەكاتە "پلە و پایەی ڕاستەقینە" كە پایە مەعنەوی‌یەكان و پلەكانی نزیكبوونەوەن لە خوای گەورە و توێشووی دوارۆژن.. هەروەها ڕوو دەكاتە "سامانی ڕاستەقینە" كە ئەو كردارانەن بۆ دوارۆژ ئەنجام دەدرێن. ئەو كاتەش هەڵپەكاری‌یە مەجازی‌یەكەی - كە چەند ڕەوشتێكی بێ كەڵكن - دەگۆڕێت بە هەوڵدانێكی ڕاستەقینە، كە بریتی‌یە لە چەند ڕەوشتێكی جوان و بەرز و باش.

نموونەیەكی تر:

مرۆڤ هەندێ جار لەسەر چەندین شتی فانی و بێ نرخ سەرسەختی دەنوێنێت و لەسەریان سوور دەبێت. پاشان تێدەگات ئەو شتەی كە ساڵێكی ڕەبەق لەسەری سوور بووە، شایانی تەنانەت یەك خولەكیش سەرسەختی نی‌یە و، ئەوە ناهێنێت بەو چەشنە لەسەری سوور بێت. كەواتە "سەر سەختی" و "سووربوون" لەسەر یەك قسە، مرۆڤ لەسەر هەڵوێست و قسە و شتێك دەهێڵێتەوە كە سەبارەت بەو چەشنی ژەهر وان و زیانیان تێدایە..

بەڵام كاتێ كە دەزانێت ئەم هەستەی بۆ ئەوە نەدراوەتێ لەم جۆرە شتە فانی و بێ نرخانەدا بەكاری بهێنێت، چونكە بەكارهێنانی لەم بوارەدا پێچەوانەی ڕاستی و دانایی‌یە، ئەوا ڕەوتی (سوور بوون و سەرسەختی‌یەكەی خۆی) ڕووەو چەندین كاروباری نەبڕاوە و بڵند ئاراستە دەكات، كە بریتین لە حەقیقەتەكانی ئیمان و بناغەكانی ئیسلام و ئەو كردارانەی كە سەر بە دوارۆژن. ئیتر ئەو هەستە مەجازی‌یە توندوتیژەی "عینادی و سەرسەختی" كە ڕەفتارێكی خراپ و نەفرەت لێكراو بوو، دەگۆڕێت بە خوو و ڕەفتارێكی

بەرز و خاوێن کە "دامەزراویی ڕاستەقینە"یە و، بریتی‌یە لەوەی مرۆڤ لەسەر "حەق" سوور و دامەزراو بێت.

بەم جۆرە و بە گوێرەی ئەم نموونانەی خرانە ڕوو، ئەگەر ئەو ئامێرە مەعنەوییانەی کە بە مرۆڤ بەخشراون، لە پێناوی "دەروون" و "دنیا"دا بیانخاتەکار - وەك بڵێی لە دنیادا هەمیشەیی بێت - ئەوا هەموو ئەو ئامێرانەی بۆ دەبن بە سەرچاوەی چەندین خوو و ڕەفتاری نزم و کانگای ئیسراف و زیادەڕەوی لە کاروباردا و، سەرچاوەی بێ مەبەستی‌یەکی بێ سوود و ئەنجام..

بەڵام گەر مرۆڤ هەستە ناسك و سووکەڵە و تەنکەکانی بۆ دنیا و، توندوتیژ و سەختەکانیشی بۆ دواڕۆژ و ئەو کردارانە ئاراستە بکات کە مەعنەوین و بۆ ئەودنیا بەجێ دەهێنرێن، ئەوا هەستەکانی بۆ دەبن بە سەرچاوەی ڕەوشتە بەرزەکان و، ڕێیەکی تەختایی بەرەو بەختەوەریی هەمیشەیی و، یەکجار لەبار و گونجاویش لەگەڵ دانایی و حەقیقەتدا.

جا لەم ڕووەوە، من لەو باوەڕەدام کە هۆیەکی بێ ئەنجامیی ئامۆژگاری و نەسیحەتی ئامۆژگارانی سەردەم ئەوەیە کە بە مرۆڤی خراپکار دەڵێن:

حەسوودی مەبە.. هەڵپە مەکە.. دوژمنایەتی مەکە.. سەرسەخت مەبە.. دنیات خۆش نەوێت..

واتە پێی دەڵێن:

(سروشتی خۆت بگۆڕە)!

دیارە ئەمەش تەکلیفێکە لە توانایاندا نی‌یە!

بەڵام گەر پێیان بڵێن:

(خوو و ڕەوشت و سیفەتەکانتان بەرەو کردەوەی خێر ئاراستە بکەن و لە چاکەدا بەکاریان بهێنن)..

ئه‌وا ڕه‌وتی ئه‌و سیفه‌ت و ڕه‌وشتانه ده‌گۆڕێت و ئامۆژگاری‌یه‌كه‌ش سوودی ده‌بێت و له‌ ده‌روونداكاری خۆی ده‌كات و جێ ده‌گرێت. چونكه‌ ئه‌و كاته‌ داواكاری‌یه‌كه‌ له‌ سنوور و بازنه‌ی ویست و ئیختیاری مرۆڤدایه‌!

* * *

(بزانه‌ كه‌): ده‌روون (النفس) شتێكی سه‌یره‌ و، گه‌نجینه‌ی چه‌ندین ئامێری له‌ژماره‌ به‌ده‌ره‌ و، ته‌رازووی بێ سنووره‌ بۆ هه‌ستكردن به‌ دره‌وشانه‌وه‌كانی ناوه‌ جوانه‌كانی خواوه‌ند. ئه‌مه‌ ئه‌گه‌ر پاكژ (ته‌زكیه‌) بكرێت.. هه‌ر ئه‌م ده‌روونه‌، ئه‌شكه‌وتی چه‌ندین دووپشك و مار و مێرووه‌، ئه‌گه‌ر لایه‌نی سه‌رپێچی و سته‌م بگرێت.

جا باشتر وایه‌ (والله أعلم) ئه‌م ده‌روونه‌ بمێنێته‌وه‌، نه‌ك له‌ناو ببرێت. چونكه‌ مانه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ پاكژكردندا – وه‌ك ئه‌وه‌ی هاوه‌ڵانی به‌ڕێزی له‌سه‌ر بووه‌ – له‌گه‌ڵ نهێنیی حیكمه‌تدا گونجاوتره‌ تاكو مراندنی به‌ ته‌واوی، وه‌ك ئه‌وه‌ی كه‌ زۆربه‌ی ئه‌ولیاكانی له‌سه‌ره‌.

به‌ڵێ، برسێتی‌یه‌كی زۆر و، پێویستی‌یه‌كی گه‌وره‌ و، چێژێكی سه‌یر له‌ كرۆك و بناغه‌ی ده‌رووندا هه‌یه‌. جا ئه‌گه‌ر ڕه‌وتی هه‌ڵسوكه‌وته‌كانی به‌ره‌و ئاراسته‌یه‌كی تر بگۆڕرێت، ئه‌وا ڕژدی‌یه‌ خراپه‌كه‌ی ده‌بێت به‌ تاسه‌یه‌كی تێرنه‌بوو و، له‌خۆبایی بوونه‌ شوومه‌كه‌شی ده‌بێت به‌هۆی ڕزگاربوون له‌ هه‌موو جۆره‌كانی شیرك و، خۆشه‌ویستی‌یه‌ توندوتیژه‌كه‌شی بۆ خۆی ده‌بێت به‌ خۆشه‌ویستی‌یه‌كی زاتی بۆ په‌روه‌ردگاری... هه‌روه‌ها به‌م جۆره‌، تاكو هه‌موو خراپكاری‌یه‌كانی ده‌بن به‌ چاكه‌كاری.

له‌ كتێبی:

(مه‌سنه‌وی نووری)

بریسکەی شازدەهەم:

هێزی کێشکەری دوعا

☐ پرسیارێکی سەرنج ڕاکێش:

یەکێك لە برایانمان کە "عەبدوللای چاپرازادە"یە و کەسانێکی تریش، هەواڵیان داینێ کە ئەهلی کەشف وتوویانە:

شوێنکەوتووانی سوننەت و جەماعەت لەم ڕەمەزانەدا - کە ڕابورد - هەندێ مژدەی خۆش و فتووحات بەدەست دەهێنن و ئەم تەنگانەیان لەسەر لادەچێت. کەچی هیچ شتێکی وەك ئەمانە نەهاتەدی!

جا لێیان پرسیم:

چۆن کەسانی ئاوا لە ئەهلی کەشف و ویلایەت هەواڵی شتی پێچەوانەی واقیع ڕادەگەیەنن؟

یەکسەری ئەم وەڵامەی خوارەوەم دانەوە کە لەو سنووحاتانەن بۆ دڵم دێن. وتم:

لە فەرموودەی پیرۆزدا شتێك بەم واتایە هاتووە کە:

"کاتێك بەڵا دەبارێت، سەدەقە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەیباتە دواوە"[1].

لەم فەرموودە پیرۆزەوە دەردەکەوێت کە:

شتانی تەقدیرکراو کاتێ لە جیهانی پەنهانەوە بەرەو جیهانی ئاشکرا و بینراو دێن، بە چەند مەرجێکەوە بەستراون. جا لەبەر دواکەوتنی هەندێ لەو

---

(١) أصل الحديث: عن عائشة رضي الله عنها أن النبي ﷺ قال: "لا يغني حذر من قدر، والدعاء ينفع مما نزل ومما لم ينزل، وإن البلاء لينزل، فيتلقاه الدعاء فيعتلجان إلى يوم القيامة". حديث حسن أخرجه الحاكم. وحديث: "لا يردّ القضاء إلاّ الدعاء" قال الترمذي: حسن غريب. (تمييز الطيب لابن البديع الشيباني). (وەرگێڕ)

مه‌رجانه ئه‌وانیش دواده‌كه‌ون و نایه‌نه‌دی، ئیتر ئه‌و موقه‌دده‌راته‌ش، كه ئه‌ولیاكانی ئه‌هلی كه‌شف بینیویانه، دوا ده‌كه‌ون. واته ئه‌و موقه‌دده‌راتانه ڕه‌ها (موتله‌ق) نین، به‌لكو پابه‌ندی چه‌ند هه‌ل و مه‌رجێكن..

جا له‌به‌ر نه‌هاتنه‌دی ئه‌و مه‌رجانه ڕووداوه‌كه‌ش نایه‌ته‌دی. چونكه ئه‌و ڕووداوه به وێنه‌ی "ئه‌جه‌لی موعه‌لله‌ق" وایه؛ له "تابلۆی كوژانه‌وه و تیانووسین"دا نووسراوه، كه جۆرێكه له تۆماره‌كانی "له‌وحی ئه‌زه‌لی". خۆ "كه‌شف"یش به ده‌گمه‌ن بۆ له‌وحی ئه‌زه‌لی به‌رز ده‌بێته‌وه. به‌لكو زۆربه‌ی كه‌شفه‌كان ناتوانن تا ئه‌وێ بڕ بكه‌ن.

جا له‌سه‌ر ئه‌م بناغه‌یه:

ئه‌و هه‌والانه‌ی كه له مانگی ڕه‌مه‌زانی ڕابوردوودا و له جه‌ژنی قوربان و كاته‌كانی تردا له‌سه‌ر بناغه‌ی هه‌لێنجان(إستنباط) یاخود به جۆرێك له كه‌شفی پیاوچاكان ڕاگه‌یه‌نران، بۆیه له ڕاستیدا نه‌هاتنه‌دی چونكه هه‌ل و مه‌رجه‌كانیان بۆ نه‌ڕه‌خسابوو. كه‌واته ئه‌و كه‌سانه‌ی كه ئه‌و چه‌شنه هه‌والانه‌یان ڕاگه‌یاند نابێ به‌درۆ بخرێنه‌وه، چونكه ئه‌و ڕووداوانه‌ی كه هه‌والیان له باره‌وه دا له ڕاستیدا ته‌قدیر كرابوون، به‌لام تا هه‌ل و مه‌رجه‌كانیان په‌یدا نه‌بن ئه‌وانیش ڕوونادەن، خۆ مادەم مه‌رجه‌كان نه‌هاتن، ئه‌وا ڕووداوه‌كه‌ش په‌یدا نابێت.

به‌لێ، ئه‌و دوعا و نزا خاوێن و بێگه‌رده‌ی كه زۆربه‌ی ئه‌هلی سوننه‌ت و جه‌ماعه‌ت له ڕه‌مه‌زانی پیرۆزدا بۆ نه‌مانی "بیدعه‌ت" ده‌یكه‌ن، هۆكار و مه‌رجێكی گرنگه بۆ هاتنه‌دیی ئه‌و هه‌والانه. به‌لام به داخه‌وه تێكه‌لبوونی "بیدعه‌ت" له ناو مزگه‌وته‌كان و له‌م مانگه پیرۆزه‌دا ڕێی له گیرا كردن و قبوول بوونی ئه‌و دوعایانه گرت و، ئنجا ئه‌و گرفت و ته‌نگانانه‌ش له‌سه‌ر موسلمانان لا نه‌چوون!

چونکە هەروەك بە بەڵگەی فەرموودە پیرۆزەکە: سەدەقە بەلاّ و گیروگرفت دەباتە دواوە، دوعای بێگەردی زۆرینەی موسڵمانانیش دەبێت بەهۆی "کێش کردنی" خۆشی و شادیی هەمەلایەنە و گشتی..

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هێزە کێشکەر(جاذبــة)ە نەهاتە وجوود، ئەوا ئەو فتووحاتانەش نەبەخشران و، ئەو دەروو انەش لە موسڵمانان نەکرانەوە!

* * *

"دوعا" کاکڵە و گیانی بەندایەتی و پەرستشە و ئەنجامی ئیمانێکی بێگەردە. چونکە مرۆڤی دەستەودوعا بە دوعاکەی دەری دەخات کە: ئەو کەسەی بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ و بە دەستەڵاتە و ئاگای لە پەنهانترین کاروبارم هەیە و زانستەکەشی دەوراندەوری هەموو شتێکی داوە، هەر ئەوە کە دەتوانێت فریای منیش بکەوێت و دوورترین ئامانجەکانم بۆ بهێنێتەدی و، هەر ئەویش بینەری گشت حاڵەتەکانی من و بیسەری سەرجەم بانگ و داواکارییەکانمە، کەواتە هەر تەنها لەوی داوا دەکەم، چونکە هەر ئەوە کە دەنگی سەرجەمی بوونەوەران دەبیستێت و بێ گومان هەر ئەوە دەنگ و هاواری منیش دەبیستێ و هەموو کارەکان بەڕێوە دەبات. بۆیە منیش بەڕێوەبردن و کارسازیی وردترینی کاروبارەکانم تەنها لەو چاوەڕوان دەکەم.

بەم جۆرە، ئەی برای موسڵمان!

بیر لە فراوانیی ئەو "تەوحید"ە خاوێن و بێگەردە بکەرەوە کە "دوعا" بە مرۆڤی دەبەخشێت. پاشان بۆ ئەو تامە شیرین و بێگەردەی "نووری ئیمان" بڕوانە کە دوعا دەری دەخات و، یەکێك لە حیکمەتەکانی ئەم ئایەتە تێبگە کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَا يَعْبَؤُاْ بِكُمْ رَبِّي لَوْلا دُعاؤُكُمْ﴾ (الفرقان:٧٧)..

لە کتێبی: (مەکتووبات)

ڕێبازەكانی ناسینی خوای گەورە

◻ باسی چوارەم - مەسەلەی دووهەم

"پەیامەكانی نوور" وەڵام و ڕوونكردنەوەی سێ پرسیاریان لە خۆ گرتووە كە زانایانی پێشین پرسیاریان لە بارەوە كردووە. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها بە پوختی ئاماژەیان بۆ دەكەین.

◆ **پرسیاری یەكەم:**

مەبەستی "محێدینی كوڕی عەرەبی"[(١)] چییە كە لەو نامەیەدا بۆ "فەخرەددینی ڕازی"ی نووسیوە، وتوویەتی: "ناسینی خوا جیایە لە ناسینی وجوودی"؟

---

(١) ناوی ئەبووبەكر محەممەدی كوڕی عەلیی كوڕی محەممەدی كوڕی عەرەبیی طـائی ئەندەلوسی‌یە و بە "محێدینی كوڕی عەرەبی" بەناوبانگە و لە نێوان ساڵەكانی: (٥٦٠ - ٦٣٨ ك / ١١٦٥ - ١٢٤٠ ز)دا ژیاوە و نازناوی "الشیخ الأكبر"ی لێ نراوە. یەكێكە لە پێشەوایانی زانستەكانی سەردەمی خۆی. لە شاری "مەرسییە"ی ئەندەلوس لە دایك بووە و پاشان ڕۆشتووە بۆ "ئەشبیلییە" و، گەشتێكی بە وڵاتانی شام و ڕۆم و میسر و عێراق و حیجازدا كردووە و، خەڵكی میسر لە دژی ئەو "شەتەحات"ەی لە زاری دەرچووبوون لێی ڕاپەڕیبوون و تەنانەت هەندێكیشیان هەوڵی كوشتنیان دابوو، بەڵام خرایە بەندیخانە. پاشان "عەلیی كوڕی فەتحی بوجائی" بۆی تێكۆشا و لە بەندیخانە ڕزگاری كرد. دوای ئەوە لە "دیمەشق" گیرسایەوە و هەر لەوێش كۆچی دوایی كرد. بەناوبانگترینی بەرهەمەكانی بریتین لە: "الفتوحات المكیة" و "فصوص الحكم" لە تەصەووف و دەروونناسیدا. بڕوانە: الأعلام ٢٨١/٦ فوات الوفیات ٢٤١/٢ میزان الإعتدال ١٠٨/٣ جامع كرامات الأولیاء ١١٨/١ شذرات الذهب ١٩٠/٥.

(وەرگێڕ)

وەڵام:

یەکەم:

ئەو نموونەیەی کە خۆت بۆ ئەو کەسەت خوێندەوە و، بە مەبەستی دەرخستنی جیاوازیی نێوان تەوحیدی ڕاستەقینە و تەوحیدی عامی لە "وتەی بیست و دووهەم"دا باس کراوە، ئاماژە بۆ ئامانجی پرسیارەکە دەکات و، لە چاو هەڵوێستی دووهەم و سێهەمی "وتەی سی و دووهەم"دا زیاتر ڕوونی دەکاتەوە.

دووهەم:

ئەو شتەی کە وای لە "محێدینی کوڕی عەرەبی" کردووە ئەم گوفتارەی ئاراستەی "فەخرەددینی ڕازی"[1] بکات، کە ئیمامێکە لە پێشەوایانی زانستی کەلام، ئەوەیە کە ڕوونکردنەوەکانی پێشەوایانی ئوصوولی دین و زانایانی کەلام، سەبارەت بە عەقائید و بوون و تەوحیدی خوای گەورە بەلای "ئیبن عەرەبی"یەوە شتێکی کەمە و ئاوی دڵ نادات.

بەڵێ ڕاستە، ئەو ناسینەی خوای گەورە کە بە بەڵگەکانی "زانستی کەلام" بەدەست هێنراوە، هەرگیز ئەو ناسینە کامڵە نییە کە دڵنیایی و

(١) ئیمام فەخرەددینی ڕازی: (٥٤٤-٦٠٦ك/١١٥٠-١٢١٠ز) ناوی محەممەدی کوڕی عومەری کوڕی حەسەنی کوڕی حوسەینی تەیمیی بەکرییە و، پێشەوایەکی تەفسیرنووس و تاقانەی بێ وێنەی ڕۆژگاری خۆی بووە لە زانستە عەقلی و نەقلی و زانستەکانی پێشینداا. لە بنەچەدا خەڵکی تەبەرستانە و بە نەسەبیش قورەیشییە و، لە شاری "ڕەی" لە دایك بووە و پاشان لە ساڵی ٦٠٦ کۆچی لە شاری "هەرات" کۆچی دوایی کردووە. ئەمەش ناوی هەندێکە لە بەرهەمەکانی: "مفاتیح الغیب" کە تەفسیری قورئانی پیرۆزە لە هەشت بەرگدا و، "لوامع البینات فی شرح أسماء الله تعالی والصفات". بڕوانە ئەم سەرچاوانە: الأعلام ٣١٣/٦، وفیات الأعیان ٤٧٤/١، مفتاح السعادة ٤٤٥/١، لسان المیزان ٤٢٦/٤، البدایة والنهایة ٥٥/١٣، طبقات الشافعیة ٣٣/٥. (وەرگێڕ)

ئاسووده‌یی به‌ دڵ ببه‌خشێت. به‌ڵام گه‌ر ئه‌و ناسینه‌ له‌سه‌ر ڕێبازی قورئانی پیرۆزی خاوه‌ن ئیعجاز بێت، ده‌بێت به‌ ناسینێكی ته‌واوه‌تی و، دڵنیایی كامڵ و ته‌واو له‌ دڵی مرۆڤدا داده‌مه‌زرێنێت. له‌ خوای به‌رز و خاوه‌ن توانستی ڕه‌ها ده‌پاڕێینه‌وه‌ كه‌ هه‌موو به‌شێكی "په‌یامه‌كانی نوور" وه‌ك چرایه‌ك لێ بكات و ڕێگا ڕاست و نوورانی‌یه‌كه‌ی قورئانی پیرۆز ڕوون بكاته‌وه‌.

پاشان هه‌روه‌ك ئه‌و خواناسینه‌ی كه‌ "ئیمامی ڕازی" له‌ "زانستی كه‌لام" هه‌ڵی گۆزیوه‌ به‌ لای "ئیبن عه‌ره‌بی"یه‌وه‌ كورت و ناته‌واو ده‌رده‌كه‌وێت، به‌ هه‌مان جۆر خواناسینی ڕێی ته‌سه‌ووفیش له‌چاو ئه‌و خواناسینه‌دا كه‌م و كورت و قرتاو ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ میراتگرانی پێغه‌مبه‌ران - دروودیان له‌سه‌ر بێت - ڕاسته‌وخۆ له‌ قورئانی پیرۆزه‌وه‌ هه‌ڵیانگۆزیوه‌. چونكه‌ "ئیبن عه‌ره‌بی" بۆ مه‌به‌ستی به‌ده‌ستهێنانی ئاماده‌یی قه‌لبیی به‌رده‌وام له‌ به‌رده‌م خوای گه‌وره‌دا، وتوویه‌تی: "لا موجود إلا هو" ته‌نانه‌ت گه‌یشته‌ ئه‌وه‌ی ئینكاریی بوونی بوونه‌وه‌ران بكات!

به‌ڵام كه‌سانێكی تر بۆ مه‌به‌ستی به‌ده‌ستهێنانی ئه‌و حوزووره‌ قه‌لبی‌یه‌ وتوویانه‌: "لا مشهود إلا هو". به‌م جۆره‌ په‌رده‌ی له‌بیرچوونه‌وه‌ی سه‌رتاسه‌ریان به‌سه‌ر ڕووی بوونه‌وه‌راندا داداوه‌ته‌وه‌ و، به‌م پێیه‌ بارودۆخێكی سه‌یریان گرته‌ خۆیان.

كه‌چی ئه‌و خواناسینه‌ی كه‌ له‌ قورئانی پیرۆزه‌وه‌ هه‌ڵگۆزراوه‌، هه‌روه‌ك حوزووری قه‌لبیی به‌رده‌وام به‌ مرۆڤ ده‌به‌خشێت، له‌ هه‌مان كاتدا حوكمی "نه‌بوون" و "عه‌ده‌م" به‌سه‌ر بوونه‌وه‌راندا نادات و له‌ به‌ندیخانه‌ی له‌بیرچوونه‌وه‌ی ته‌واوه‌تیشدا به‌ندیان ناكات، به‌ڵكو له‌ پشتگوێ خستن و هه‌ڕه‌مه‌كیێتی ڕزگاریان ده‌كات و له‌ پێناوی خوای گه‌وره‌دا ده‌یانخاته‌ كار و،

هەرچی شت هەیە دەکات بە ئاوێنەیەك کە ناسینی خوای گەورەی تێدا ببینرێت و لە هەموو شتێکیشدا پەنجەرەیەك لەسەر ناسینی خواوەند دەکاتەوە، وەك سەعدی شیرازی بە شیعر ئەمەی دەربڕیوە و وتوویەتی:

در نظر هوشیار هر ورقی دفتریست از معرفت کردگار[1]

لە چەند وتەیەکی تری "پەیامەکانی نوور"دا بۆ مەبەستی دەرخستنی جیاوازیەکانی نێوان ئەو کەسانەی کە ڕێبازەکانیان لەو پرۆگرامە هەرە ڕاست و دروستەی "قورئانی پیرۆز" وەردەگرن و، ئەوانەش کە ڕێبازی "زانایانی کەلام" دەگرنە بەر، نموونەیەکمان هێناوەتەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:

هەندێ کەس بۆ بەدەستهێنانی "ئاو" دەچن بە لوولە و کارێز لە شوێنێکی دوورەوە ڕایدەکێشن کە لە داوێنی چیاکانەوە هەڵیان کەندووە. هەندێکی تر هەر شوێنێك هەڵبکەنن و لە هەر جێگایەکدا بن ئاویان دەست دەکەوێت و کانیاوەکەی دەتەقێننەوە..

سەبارەت بە یەکەمیان: ئەوا ڕێیەکی هەڵەت و دوورە و، ئاوەکە لەو ڕێیەدا تووشی بڕین و کەم بوونەوە دەبێت. بەڵام سەبارەت بەوانەی کە بیر

(١) مامۆستا نوورسی لێرەدا پوختەی شیعرەکەی شێخی سەعدیی هێناوە. تەواوەتییەکەی بەم جۆرەیە:

برگ درختان سبز در نظر هوشیار هر ورقش دفتریست معرفت کردگار

واتە: هەر گەڵایەکی درەختە سەوزەکان بە لای مرۆڤی هۆشیارەوە پڕ بە دەفتەرێك زانیاریی تێدایە سەبارەت بە ناسینی بەدیهێنەر.

لە هەندێ چاپدا لە بریی: (در نظر هوشیار) نووسراوە: (پیش خداوند هوش). بڕوانە: کلیات سعدی - غزلیات ص ٥١٩ به اهتمام محمد علی فروغی. انتشارات امیر کبیر. تهران - ١٣٧٠ هـ.ش. (وەرگێڕ)

هەڵدەکەنن، بێ هیچ سەختی و گیروگرفتێك و لە هەر شوێنێکدا نیشتەجێ بن، ئاویان دەست دەکەوێت.

جا زانایانی "زانستی کەلام" لە ڕێی چەسپاندنی مەحاڵیی "دەور و تەسەلسول" لە کۆتایی جیهاندا، زنجیرەی هۆکارەکان دەقرتێنن، ئنجا دوای ئەوە "بوون"ی خوای گەورەی "واجب الوجود" دەچەسپێنن.

بەڵام ڕێبازە ڕاستەقینەکەی "قورئانی پیرۆز" لە هەر شوێنێکدا بێت و هەر جێگایەك هەڵبکەنێت ئاوی دەست دەکەوێت. کەواتە هەموو یەکێك لە ئایەتە مەزنەکانی قورئان وەك عەساکەی دەستی حەزرەتی مووسا - دروودی لەسەر بێت - وایە، لە هەر شوێنێکدا بیەوێت کانیاوی بەلێشاو هەڵدەقوڵێنێت و ئەم دەستوورەی خوارەوە پێش چاوی هەموو شتێك دەخات تاکو بیخوێننەوە:

وفي كلّ شيءٍ له آيةٌ   تدلُّ على أنه واحدُ

پاشان "ئیمان" هەر تەنها لە ڕێی زانستەوە بەدەست ناهێنرێت، چونکە گەلێ لایەنی ناسك(لطائف) لە مرۆڤدا هەن کە ئەوانیش بەشیان لە ئیماندا هەیە..

جا هەروەك خواردن کاتێ دەڕواتە ناو گەدەوە دابەش دەبێت و بەپێی هەریەك لە ئەندامەکان بەناو ڕەگ و دەمارە جیاجیاکاندا بڵاو دەبێتەوە، مەسەلە و بابەتەکانی ئیمانیش کە لە ڕێی زانستەوە هاتبن بە هەمان جۆرن. چونکە کە دەچنە ناو گەدەی ژیری و تێگەیشتنەوە ئەوا هەموو یەکێکی لایەنە ناسکەکانی جەستە، وەك گیان و دڵ و نهێنی و دەروون و لایەنەکانی تری هاوچەشنیان، هەریەکەیان - بەپێی پلەی خۆی - بەشی خۆیانی لێ وەردەگرن و دەمژن.

جا ئەگەر یەکێك لەو لایەنە ناسکانە بەشە خۆراکی گونجاوی خۆی دەست نەکەوێت ئەوا خواناسینەکەش کەم و کورتی دەهێنێت و ئەو لایەنە ناسکە لێی بێ بەش دەبێت.

بەم جۆرە، "ئیبن عەرەبی" سەرنجی "فەخرەددینی ڕازی" بۆ لای ئەم حاڵەتە ڕادەکێشێت و بێداری دەکاتەوە.

* * *

❐ باسی چوارەم – مەسەلەی چوارەم

برام! ئێوە پرسیارتان لە بارەی حیکمەتی فەرموودەی پیرۆزی: "جـــدّدوا إيمانكم بلا إله إلاّ الله"[١] کردبوو، خۆ لە زۆر "وتە"دا ئەوەمان باس کردووە. وا ئێستا یەکێك لە حیکمەتەکانی دەخەینە ڕوو:

لەبەر ئەوەی مـرۆڤ، چ خۆی و چ ئەو جیهانەی دەوروبەری، هەمیشە نوێ دەبنەوە، ئەوا بە بەردەوامی پێویستی بە نوێ کردنەوەی ئیمانەکەیەتی. چونکە هەر تاکە مرۆڤێك لە چەند "دانە"یەکی زۆر و زەبەندەی "مرۆڤ" پێك دێت! ئەوەتا هەموو ساڵێکی تەمەنی دانەیەکە لەو مرۆڤانە، تەنانەت نەك هەر بە ژمارەی ساڵەکانی بەڵکو بە ژمارەی ڕۆژەکان و سەعاتەکانی تەمەنی

---

(١) "جددوا إيمانكم. قيل: يا رسول الله كيف نجدد إيماننا؟ قال: أكثروا من قول: لا إله إلاّ الله" رواه أحمد والحاكم والنسائي والطبراني بسند حسن عن أبي هريرة. (كشف الخفاء للعجلـوني). وأورده المنذري في الترغيب والترهيب ٢/٤١٥ وقال رواه أحمد والطبراني وإسناد أحمد حسـن. وأورده الهيثمي في المجمع ١/ ٥٢ وقال: رواه أحمد وإسناده جيد، وفيه سمير بن نـهار وثقه ابن حبان، وقال في موضع آخر: ١٠/٨٢ رواه أحمد والطبراني ورجال أحمـد ثقـات. إهـ. وأخرجه أحمد في المسند ٢/٣٥٩ والحاكم في المستدرك ٤/٢٥٦ وقال: هذا حديث صحيـح الإسناد ولم يخرجاه، وتعقبه الذهبي: صدقة ضعفوه. وفي سنده أيضاً سمير بن نـهار قال الذهبي في الميزان ٢/٤٣٤ سمير بن نـهار عن أبي هريرة نكرة.

دانە دانەی مرۆڤ لەودا هەیە. ئەوەتا هەموو دانەیەك لەوانە كەسێكی تری جیاوازە لەوی تر، چونكە هەر دانەیەك لەوانە كە "كات"ی بەسەردا تێدەپەڕێت وەك "مۆدێل"ی لێ دێت كە هەر ڕۆژە و شێوەی دانەیەكی تری نوێ لەبەر دەكات.

پاشان هەروەك مرۆڤ بەم شێوەیە لە چەند دانەیەك پێك دێت و هەمیشە بەم جۆرە نوێ دەبێتەوە، ئەو جیهانەش كە تیایدا نیشتەجێ بووە بە هەمان جۆرە و جیهانێكی گەڕۆكە و هەرگیز لەسەر حاڵەتێكی دیاری كراو نامێنێتەوە، ئەوەتا هەمیشە دەڕوات و جیهانێكی تری نوێی دێتە جێ. كەواتە لە ئاڵوگۆڕێكی هەمیشەییدایە و هەرچی ڕۆژە دەرگا لەسەر جیهانێكی نوێ دەكرێتەوە.

جا ئیمانیش لە ڕوویەكەوە نوور و ڕووناكی‌یە بۆ ژیانی هەموو دانەیەك لەو دانە مرۆڤانەی ئەو كەسە. هەروەك لە ڕوویەكی ترەوە ڕووناكیی ئەو جیهانانەیە كە ئەم مرۆڤە دەڕواتە ناویانەوە. "لا إله إلاّ الله"یش كلیلێكە ئەو نوورەی پێ دەكرێتەوە!

پاشان مرۆڤ: نەفس و هەوا و وەهم و شەیتان بەسەریدا زاڵن و بێ ئاگاییەكەی دەقۆزنەوە و فێڵی لەگەڵدا بەكار دەهێنن، تاكو دەست لە گەرووی ئیمانەكەی توند دەكەن و، لە ڕێی بڵاوكردنەوەی دوودڵی و گومانەكانەوە پەنجەرە و كلاوڕۆژنەكانی لەسەر ئەو نوورەی ئیمان لێ دادەخەن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە جیهانی مرۆڤ هیچ كاتێ بە تەواوی دەستبەرداری ئەو گوفتار و كردارانە نابێت كە دژی ڕواڵەتی شەریعەتن، تەنانەت لای هەندێ كەس لە پێشەوایان لە پلەی كوفریشدا دانراون.

بۆیە لە هەموو كاتێكدا، بەڵكو لە هەموو ڕۆژێكدا، تەنانەت لە هەموو سەعاتێكدا، مرۆڤ پێویستی بە نوێ كردنەوەی ئیمانەكەیەتی.

◆ پرسیار:

"زانایانی کەلام" دوای ئەوەی لە ڕێی زەینەوە بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ دەبن، کە ناوی "ئیمکان" و "حدووث"یان لێ ناوە، ئنجا تەوحید دەچەسپێنن..

بەشێکی "ئەهلی تەسەووف"یش بۆ ئەوەی دڵنیایی و دڵئامادەییان دەست بکەوێت و، دوای ئەوەی کە پەردەی لەبیرچوونەوەیان بەسەر بوونەوەراندا دادایەوە، وتوویانە: "لا مشهود إلاّ هو"..

بەشێکی تریشیان بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی و دڵئارامی، بوونەوەرانیان وەك ئەندێشە دانا و خستیاننە ناو عەدەمەوە و وتیان: "لا موجود إلاّ هو"..

کەچی تۆ ڕێبازێکی تری جیاواز لەم هەموو مەشرەبانە دەگریتەبەر و ڕێبازێکی ڕاست و دروست لە قورئانی پیرۆزەوە ڕوون دەکەیتەوە و "لا مقصود إلاّ هو.. لا معبود إلاّ هو"یشت کردووە بە دروشمی ئەم بەرنامەیە. جا تکامان وایە کە بە پوختی تەنها یەك بەڵگەی تایبەت بە تەوحیدی ئەم ڕێبازە قورئانی‌یەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە.

وەڵام:

هەرچی لە "وتەکان" و "مەکتووبات"دا نووسراون، ئەو ڕێبازە ڕاست و دروستە ڕوون دەکەنەوە.

بەڵام ئێستا، لەبەر حەز و ئارەزووی ئێوە، ئاماژەیەکی یەکجار پوخت بۆ تەنها یەك دانە بەڵگەی گەورە و فراوان و دوور و درێژی نێوان بەڵگە گومانبڕەکانی دەکەین:

هەموو شتێکی ناو ئەم جیهانە، سەرجەمی شتانی تر دەداتە پاڵ بەدیهێنەری خۆی و.. هەموو ئاسەوارێکیش لەم دنیایەدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گشت

ئاسه‌واره‌كانی تریش هه‌ر هی ئه‌و كاریگه‌ر و ئاسه‌وارجێهێڵه‌ن و.. هه‌موو كارێكی له‌مه‌ڕ به‌دیهێنانیش له‌م گه‌ردوونه‌دا ده‌یچه‌سپێنێت كه سه‌رجه‌می كاره‌كانی "به‌دیهێنان" كاری بكه‌ر و به‌دیهێنه‌ره‌كه‌ی خۆین و.. هه‌موو ناوێكیش له ناوه جوانه‌كانی خوای گه‌وره كه به‌سه‌ر بوونه‌وه‌رانه‌وه ده‌دره‌وشێنه‌وه ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌كه‌ن كه سه‌رجه‌می ناوه‌كانی تریش هی خاوه‌نی ئه‌و ناوه‌ن. واته هه‌رچی شت هه‌یه به‌ڵگه‌یه‌كی ڕوونی "یه‌كتایی"یه و په‌نجه‌ره‌یه‌كه كه به‌سه‌ر "ناسینی خوای گه‌وره"دا خراوه‌ته سه‌رپشت.

به‌ڵێ، هه‌رچی ئاسه‌وار هه‌یه، به تایبه‌ت زینده‌وه‌ر، نموونه‌یه‌كی بچووككراوه‌ی بوونه‌وه‌رانه و، وه‌ك ناوكی جیهان و به‌ری دره‌ختی گۆی زه‌وی وایه. له‌به‌ر ئه‌وه، ده‌بێ به‌دیهێنه‌ری ئه‌و نموونه بچووككراوه‌یه و دروستكه‌ری ئه‌و ناوك و به‌ره، هه‌ر ئه‌و كه‌سه بێت كه سه‌رانسه‌ری بوونه‌وه‌رانیشی به‌دی هێناوه، چونكه هه‌رگیز ناگونجێت به‌دیهێنه‌ری "به‌ر" كه‌سێكی تری جگه له به‌دیهێنه‌ری "دره‌خت"ه‌كه‌ی بێت.

ئنجا هه‌روه‌ك هه‌موو یه‌كێكی ئه‌و ئاسه‌وارانه سه‌رجه‌می ئاسه‌واره‌كان ده‌داته پاڵ ئه‌و كاریگه‌ره‌ی كه ئه‌و ئاسه‌واره‌ی تێدا جێ هێشتووه، هه‌موو كارێكیش وه‌هایه، چونكه سه‌رجه‌می كاره‌كانی تر ده‌داته پاڵ بكه‌ری خۆی. ئه‌وه‌تا هه‌ر كارێكی له‌مه‌ڕ "به‌دیهێنان" ده‌بینین، هه‌ست ده‌كه‌ین كه چمكێكه له یاسایه‌كی به‌دیهێنه‌رانه‌ی ئه‌وتۆ كه به ئه‌ندازه‌ی گه‌ردوون فراوانه و، فه‌رمان و درێژاییه‌كه‌شی هه‌ر له گه‌ردیله‌كانه‌وه تا گه‌له‌ستێره‌كان ده‌گرێته‌وه. واته ئه‌و كه‌سه‌ی كه خاوه‌ن و بكه‌ری ئه‌و كاره جوزئی‌یه‌ی له‌مه‌ڕ به‌دیهێنانه، ده‌بێ هه‌ر ئه‌و كه‌سه بكه‌ری سه‌رجه‌می ئه‌و كارانه‌ش بێت كه په‌یوه‌ندییان به‌و یاسا هه‌مه‌كی و فراوان و گه‌ردوونگیره‌وه هه‌یه كه هه‌ر له گه‌ردیله‌كانه‌وه تا خۆره‌كان ده‌گرێته‌وه.

کەواتە ئەو کەسەی مێشوولەیەك زیندوو دەکاتەوە، دەبێ هەر ئەویش زیندووکەرەوەی سەرجەمی مێرووەکان، بەڵکو گشت زیندەوەران، تەنانەت زیندووکەرەوەی سەرتاسەری گۆی زەویش بێت.

پاشان ئەو کەسەی گەردیلەکانی خستووەتە دۆخێکی وەهاوە کە وەك موریدی تەریقەتی مەولەوی: بە جەزبەی خۆشەویستی بخولێنەوە، دەبێ هەر ئەویش بێت کە سەرجەمی بوونەوەران بە وێنەی زنجیرەی یەك لە دوای یەك، تا دەگاتە خۆر و هەسارە گەڕۆکەکان، بجوولێنێت. چونکە ئەو یاسایەی کە لە بوونەوەراندا دەست بەکارە، زنجیرەیەکە بە یەکترەوە پەیوەستن و کارەکانیش بەو یاسایەوە بەستراونەتەوە.

بەو واتایەی کە هەرچی ئاسەوار هەیە سەرجەمی ئاسەوارەکانی تر بۆ هەمان کاریگەر(مؤثر)ی خۆی دەگێڕێتەوە، هەروەك گشت کارێکی لەمەڕ بەدیهێنانیش سەرجەمی کارەکانی تر دەداتە پاڵ هەمان بەدیهێنەر و بکەری خۆی. هەروەها هەرکام لەو ناوە جوانانەش کە بەسەر بوونەوەرانەوە دەبینرێن سەرجەمی ناوەکانی تر دەگێڕێتەوە بۆ خاوەن ناوەکەی خۆی و دەیچەسپێنێت کە هەموویان ناونیشانی ئەون. چونکە ئەو ناوە جوانانەی کە بە گەردوونەوە دەدرەوشێنەوە، بە وێنەی بازنە هاوچەقەکان و حەوت ڕەنگەکانی خۆر، تێهەڵکێشی یەکترین و هەر یەکەیان پشتی ئەوی تر دەگرێت و یارمەتیی دەدات و شوێنەوارەکەی تەواو دەکات و دەیڕازێنێتەوە..

بۆ نموونە: کاتێ ناوی "المحیی" لە شتێکدا دەردەکەوێت و ژیان بە زیندەوەرێك دەبەخشێت، یەکسەر ناوی "الحکیم"یش دەردەکەوێت و جەستەی ئەو زیندەوەرە، کە نیشتەجێی گیانیەتی، ڕێکدەخات. هەر لە هەمان کاتدا ناوی "الکریم"یش دەدرەوشێتەوە، چونکە ئەو هێلانە و

نیشته‌جێیه ده‌ڕازێنێته‌وه. هه‌ر له‌و ده‌مه‌دا ناوی "الرحیم"یش ده‌دره‌وشێته‌وه، چونكه پێداویستی‌یه‌كانی ئه‌و جه‌سته‌یه ئاماده ده‌كات، هه‌ر له‌ هه‌مان كاتدا ناوی "الرزاق"یش به دره‌وشانه‌وه‌ی خۆی ئاماده ده‌بێت، چونكه ڕۆزی‌یه ماددی و مه‌عنه‌وی‌یه پێویسته‌كانی ئه‌و زینده‌وه‌ره به چه‌شنێك كه له‌ حیسابی خۆیدا نه‌بوو‌بێت، ده‌به‌خشێت و ئاماده‌ی ده‌كات... به‌م جۆره هه‌تا دوایی..

واته: ناوی "المحیی" هی كێ بێت، ئه‌وا ناوی "الحكیم"یش كه گه‌ردوونی ڕووناك كردووه‌ته‌وه و ده‌وراندەوری داوه، هی ئه‌وه و.. ناوی "الرحیم"یش كه به میهره‌بانی و شه‌فه‌قه‌ت بوونه‌وه‌ران په‌روه‌رده ده‌كات هی ئه‌وه و.. ناوی "الرزاق"یش كه ڕۆزی به‌سه‌ر بوونه‌وه‌راندا ده‌بارێنێت هه‌ر هی ئه‌وه... هتد.

به‌و واتایه‌ی كه هه‌موو ناوێك و، هه‌موو كارێك و، هه‌موو ئاسه‌وارێك: به‌ڵگه‌ی "یه‌كتایی" و مۆری "ته‌وحید" و "تاكی"ی خواوه‌ندن، به ڕاده‌یه‌ك كه ئه‌و وشانه‌ی بریتین له‌ بوونه‌وه‌رانی نووسراوی ناو لاپه‌ڕه‌كانی گه‌ردوون و دێڕی چه‌رخه‌كان، له‌ ڕاستیدا نووسینی قه‌ڵه‌می نه‌خشه‌كێش و وێنه‌كێشی ئه‌زه‌لیی خۆیانن!

اللهم صل على من قال: "أفضل ما قلت أنا والنبيّون من قبلي: لا إلـه إلاّ الله"(١) وعلى آله وصحبه وسلم.

---

(١) جزء من حديث: (أفضل الدعاء يوم عرفة، وافضل ما قلت أنا والنبيون من قبلي: لا إلـه إلاّ الله وحده لاشريك له). رواه مالك عن طلحة بن عبيد الله بن كرير مرسلاً، وأخرجه الترمذي وحسنه عن عمر بن شعيب عن أبيه عن جده بلفظ: خير الدعاء يوم عرفة وزاد: له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير. ورواه البيهقي عن أبي هريرة بلفظ: أفضل الدعاء دعاء يوم عرفة وأفضل قولي وقول الأنبياء قبلي لا إله إلاّ الله.. (كشف الخفاء ١٥٣/١) وأخرجه الأصبهاني في الترغيب (٣٣١/١ المدينة) بلفظ مقارب عن عمرو عن المطلب كما في الصحيحة: ٨٠٧/٤ وقال هذا مرسل حسن الإسناد وحسنه لشواهده وانظر موطأ الإمام مالك برقم: ٥٠٠ و٩٥٥ وصحيح الجامع الصغير وزيادته برقم: ١١١٣.

ئەم بەڵگە زۆرانە لەبەر چی؟

برای بەڕێزمان "عەلی‌یە بچکۆلەی ڕۆح بەرز" کە یەکێکە لە قارەمانەکان و لە جێی: (عەبدورڕەحمان و، لوتفی و، حافظ عەلی)دایە، پرسیارێکی ئاراستە کردووم کە لە سەدان شوێنی پەیامەکانی نووردا وەڵامی دراوەتەوە.

ئەمەش پرسیارەکەیەتی:

بۆچی لە پەیامەکانی نووردا ئەم هەموو کۆمەڵە بەڵگانە لەسەر پایەکانی ئیمان دەهێنرێنەوە؟ خۆ وەك لە زانا پێشینەکانمان بیستووە: ئیمانی کەسێکی ئیمانداری عەوام وەك هی وەلی‌یەکی گەورە وایە؟!

وەڵام:

باسەکانی پلەکانی ئیمان لە پەیامی "الآیة الکبری"[1]دا و.. فەرمایشت و بڕیارەکەی ئیمامی ڕەببانیی نوێکاری هەزارەی دووهەمیش کە دەفەرموێت:

"گرنگترین ئەنجامی تێکڕای تەریقەتە سۆفی‌یەکان بریتی‌یە لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ڕاستی‌یەکانی ئیمان"

هەروەها ئەوەش کە فەرموویەتی:

"ڕوونبوونی مەسەلەیەکی ئیمانم لە هەزار کەرامەت پێ باشترە"..

---

(١) پەیامی ناوبراو تیشکی حەوتەمە لە کتێبی (تیشکەکان). وەك پەیامێکی سەربەخۆش بە ناوی (بینینەکانی گەشتیارێك) بڵاومان کردووەتەوە. (وەرگێڕ)

هەروەها ئەو باسەی کە لە کۆتایی پەیامی "الآیة الکــبری"دا هاتووە و..

مەسەلەی دەهەمی پەیامی "بەری درەختی ئیمـان"یش کـە لـە پاشبەندەکانەوە وەرگیراوە و، لـە بارەی حیکمـەتی دووپات بوونـەوەکانی قورئـان و هـۆی بەڵگەهێنانەوەی زۆری قورئانەوە دەدوێت سەبارەت بـە "پایەکانی ئیمـان" بە تایبەت پایەی "تەوحید"..

هەموو ئەو حیکمەتانـە، لـە تەفسیرە ڕاستەقینەکەی قورئانیشـدا هەیە کە "پەیامەکانی نوور"ە!

ئەمە وەڵامی پرسیارەکەیە.

پاشـــان پەیامـەکانی نـوور هەمـــوو بەشـــەکانی ئیمـانی (تــەحقیقی و، تـەقلیدی و، ئیجمالی و، تـەفصیلی) و.. خۆڕاگریی ئیمانیشیان لـە بەرامبـەر هەموو دوودڵـی و گومـان و هێرشـە دڕندانـەکانی کوفـرەوە، بـە ڕوونـی پێش چاو خستووە.

جا ئەم ڕوونکردنەوانەی پەیامەکانی نـوور هیـچ پێویسـتییەکیان بـۆ زیـادە وەڵامدانەوەی برای ئازیزمان نەهێشتووەتەوە.

ڕووی دووهەمی مەسەلەکە:

"ئیمان" تەنها پوختە باوەڕ و تەسدیقێکی چاولێکەرانە نییە، بەڵکو گەلـێ پلەی یەکجار زۆری چەشنی پلەکانی نێوان "تۆوی گەشە کردوو" تـا دەگاتـە "درەختی بەردار"ی تێدایە..

یـان ئـەو پلانـە وەك پلـــەکانی دانـەوەی ڕوونـاکیی خـۆر وان لـــە ئاوێنــە بچووکەکەی ناو دەستماندا هەتا دەگاتە دانەوەی ئەو ڕووناکییە لە تـەختایی دەریاکاندا و، تەنانەت لە خودی خۆریشدا.

"ئیمان" ڕاستیی یەکجار زۆر و زەبەندەی هەیە. چونکە گەلێ حەقیقەت لە حەقیقەتەکانی هەزار و یەك ناوی جوانی خوای گەورە و.. چەندین ڕاستیی پایەکانی تری ئیمانیش، پەیوەندییان بە ڕاستییەکانی گەردوونەوە هەیە. بە ڕادەیەك کە هەموو ئەهلی حەقیقەت لەسەر ئەوە یەکیان گرتووە کە بەنرخترینی سەرجەمی زانستەکان و لوتکەی زانین و کەماڵی مرۆڤ لە "ئیمان" و ئەو "خواناسی"یە بەرز و قودسییەدایە کە بە بەڵگەکانی "ئیمانی تەحقیقی" ڕوون کراوەتەوە.

بەڵێ، "ئیمانی تەقلیدی" دووچاری هێرشی وەهم و دوودڵی و گومانەکان دەبێت، بەڵام "ئیمانی تەحقیقی" زۆر لەو فراوانتر و بەهێز و قایمترە و، پلەی زۆریشی هەیە..

یەکێك لەوانە پلەی "علم الیقین"ە، کە بە هێز و توانای بەڵگەکانی خۆی بەرەنگاری شوبهە و گومانە هێرش بەرەکان دەبێتەوە. کەچی ئیمانی تەقلیدی لە بەردەم تەنها یەك گومانیشدا توانای بەرگریی نامێنێت!

پلەیەکی تری بریتییە لە پلەی "عین الیقین" کە ئەویش چەندین پلەی یەکجار زۆری لەخۆ گرتووە و، لە چەندین ئاوێنەی بە ئەندازەی ژمارەی ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا دەردەکەوێت. تەنانەت بە وێنەی خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز "گەردوون" دەخاتە خوێندنەوەی ئایەتەکانی خوای گەورە.

پلەیەکی تری بریتییە لە پلەی "حق الیقین". ئەمیش گەلێ پلەی تری لەخۆ گرتووە و، گەر سوپای هەموو گومانەکان هێرش ببەنە سەر خاوەنی ئەم ئیمانە، ناتوانن زەفەری هیچ شتێکی پێ ببەن.

زانایانی زانستی "کەلام" لە هەزاران بەرگی کتێبەکانی خۆیاندا، کە تیایاندا پاڵیان بە ژیری و مەنتیقەوە داوە، لە ڕێی هێنانەوەی بەڵگەی عەقڵی‌یەوە ئەو ناسینە ئیمانی‌یەیان ڕوون کردووەتەوە.

ئەهلی "حەقیقەت" و "تەسەووف"یش لە ڕوویەکی ترەوە و بە شێوەیەکی تر و لە سەدان کتێبیاندا - کە پاڵیان بە کەشف و چێژی خۆیانەوە داوە - ئەو ناسینە ئیمانی‌یەیان ڕاڤە کردووە.

بەڵام ڕێبازی ئیعجازبەخشی "قورئان" کە لە هەموویان بەرز و بەهێزترە، بە شێوەیەکی زۆر بڵند و بەهێزتر لە چاو ڕوونکردنەوەکانی ئەو زانا و ئەولیایانە ڕاستی‌یەکانی "ئیمان" و "ناسینی خوای گەورە"یان خستووەتە پێش چاو.

جا "پەیامەکانی نوور" تەنها ئەم ڕێبازە بەهێز و بەرز و گشتی‌یەی قورئانی پیرۆز دەگرنەبەر و پایەکانی ئیمانی پێ ڕاڤە دەکەن..

هەر بەو ڕێبازەش ڕووبەڕووی ئەو تەوژمە گەندەڵ و ڕووخێنەر و لە ڕێ لادەرانە دەبنەوە کە ئاراستەی قورئانی پیرۆز دەکرێن و، ماوەی هەزار ساڵە لە پێناوی جیهانەکانی عەدەمدا دەیانەوێت زیان بە ئیسلام و مرۆڤایەتی بگەیەنن!

بێ گومان پەیامەکانی نوور لە بەرامبەر ئەو دوژمنە لەژمارەبەدەرانەوە پێویستیان بە هێنانەوە و کەڵەکەکردنی چەندین بەڵگەی بێ سنوورە، تاکو بەم بەڵگانەی کە لە ڕێژنەی قورئانەوە سەرچاوەیان گرتووە، ببن بەهۆی پارێزگاری کردنی ئیمانی باوەڕداران.

چونکە لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە کە:

"فوالله لأن يهدي الله بك رجلاً واحداً خير من أن يكون لك حمر النعم"[١].

هەروەها:

"تفكر ساعة خير من عبادة سنة"[٢].

جا بۆ گەیشتن بەم جۆرە بیرکردنەوەیە، نەقشبەندییەکان بایەخێکی زۆر گەورە بە "زیکری خەفی" (واتە یادی خوا بە پەنهانی) دەدەن.

سڵاومان بە یەك بە یەکی هەموو برا خۆشەویستەکانمان بگەیەنن و، دوعای خێر بۆ هەموویان دەکەین.

الباقي هو الباقي

سەعیدی نوورسی

(١) واتە: بە خوا ئەگەر لە رێی تووە خوای گەورە رێنمایی کەسێك بکات بۆ رێی راست لە هەرچی وشتری سوور هەیە (کە بە نرخترین ماڵ و سامان بووە لەو رۆژگارەدا) بۆ تۆ باشترە. جزء من حديث صحيح، أخرجه البخاري في المغازي: باب غزوة خيبر، وفي الجهاد: باب دعاء النبي ﷺ إلى الإسلام والنبوة، وباب فضل من أسلم على يديه رجل، وفي فضائل أصحاب النبي ﷺ، باب مناقب علي بن أبي طالب، رضي الله عنه. وأخرجه أحمد: ٥/ ٣٣٣ ، ومسلم برقم: ٢٤٠٦. هەروەها شەرحی مامۆستا نووری فارس بۆ (التجريد الصريح): ٣٣٢/٣. (وەرگێڕ)

(٢) واتە: یادکردنەوەی ئیمانیی ماوەی یەك سەعات لە خواپەرستیی ساڵێکی تەواو خێری زیاترە. قال الحافظ العراقي في تخريج الإحياء ٥٨/١: حديث: "تفكر ساعة خير من عبادة سنة": ابن حبان كتاب العظمة من حديث أبي هريرة بلفظ ستين سنة بإسناد ضعيف ومن طريقه ابن الجوزي في الموضوعات ورواه أبو المنصور الديلمي في مسند الفردوس من حديث انس بلفظ ثمانين سنة وإسناده ضعيف جداً، ورواه أبو الشيخ من قول ابن عباس بلفظ: خير من قيام ليلة. ا هـ . وانظر كشف الخفاء ٣١٠/١ والأحاديث المشكلة ص١١٣. (وەرگێڕ)

لە پاشبەندی قەستەمۆنی‌یەوە:

تەرازوویەکی ورد لەناو گفتوگۆیەکدا

"ئەم گفتوگۆیەم بە دڵدا هات و، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زیادەڕەوی‌یە نووسیم کە هەندێ برایانم لە قوتابیانی نوور بەرامبەر من هەیانە، تاکو ئەو گومان باشی(حسن الظن)یە لەڕادەبەدەرەیان ڕێك بکرێتەوە".

نزیکەی پەنجا ساڵ پێش ئێستا ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە لە نێوان من و کاکە مەلا عەبدوڵڵامدا - خوا لێی خۆش بێت - ڕووی دا. وا بۆ ئێوەشی دەگێڕمەوە:

کاکی خوا لێخۆشبووم یەکێك بوو لە موریدە تایبەتمەندەکانی "شێخی ضیائەددین - قُدّس سرّه[1]" کە یەکێکە لە ئەولیا و پیاوچاکان. وەك ئاشکرایە صۆفیانی تەریقەت خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەر و زیادەڕەوی لە گومان باشیدا بە مورشیدەکەیان بە شتێکی ئاسایی دەزانن، بەڵکو پێیشی ڕازین. لەبەر ئەوە، ڕۆژێکیان کاکم پێی وتم:

---

(١) یەکێکە لە ئەولیا و پیاوچاکان. ناوی: شێخ "ضیائەددین عەبدوڕڕەحمان تاغ"ە و، بە "سەیدا" بەناوبانگە و، خەڵکی گوندی "نوورشین"ی نزیك مەڵبەندی پارێزگای "مووش"ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی تورکیایە. لە جیهادی جەنگی یەکەمی جیهانیدا قۆڵێکی لەدەست داوە و، سوڵتان ڕەشاد مەدالیایەك و قۆڵێکی دەستکردی پێ بەخشیوە. پاشان لە جیهادی جەنگەکانی سەربەخۆیی وڵاتدا (کە لە پێناوی وەدەرنانی داگیرکەران بەرپا کرابوو) بەشداریی کردووە. (وەرگێڕ)

- شێخی "ضیائەددین" زانیاریی‌یەکی یەکجار فراوانی هەیە و، بە چەشنی "قوتبی ئەعزەم" ئاگاداری هەموو ئەو شتانەیە کە لە بوونەوەردا ڕوو دەدەن!

ئنجا گەلێ نموونەی لەسەر پایە بڵندی و کارە لە عادەت بەدەرەکانی ئەو بۆ گێڕامەوە، بۆ ئەوەی هانم بدات منیش پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستم!

بەڵام من پێم وت:

- کاکی بەڕێزم! تۆ زیاد لە پێویست ڕۆدەچیت.. گەر ڕووبەڕووی شێخی "ضیائەددین" خۆیشی ببمەوە لە زۆر مەسەلەدا بە بەڵگە دەیبەستمەوە. ئەوەش بزانە تۆ - وەك من - بە خۆشەویستیی ڕاستەقینە ئەوت خۆش ناوێت، چونکە تۆ ئەو "ضیائەددین"ەت خۆش دەوێت کە لە زەینی خۆتدا بە شێوەی قوتبێکی ئەعزەم و ئاگادار بە هەموو شتێك لە بوونەوەردا ئەندێشەت پیشانتی دەدات! کەواتە تۆ بەم ناونیشان و سیفەتەوە پەیوەندیت لەگەڵ بەستووە و خۆشت دەوێت. خۆ ئەگەر پەردە لە ڕووی لابرێت و حەقیقەتی دەربکەوێت، ئەو خۆشەویستیی‌یەت نامێنێت، هیچ نەبێ کەم دەبێتەوە!

بەڵام من - ئەی کاکی بەڕێزم! - ئەو مرۆڤە پیاوچاك و وەلی‌یە موبارەکەم وەك تۆ خۆش دەوێت، تەنانەت ڕێزی شایانیشی لێ دەگرم، چونکە:

ڕابەرێکی مەزنی ئیماندارانە و، لەسەر ڕێی حەقیقەتی شوێنکەوتەی سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەرە ﷺ. جا ئیتر پلەی ڕاستەقینەی ئەو هەرچی‌یەك بێت با بێت، من ئامادەم گیانی خۆم بۆ ئەو خزمەتگوزاریی‌یە ببەخشم کە ئەو پێشکەشی ئیمانی دەکات. خۆ ئەگەر پەردە لە ڕووی پلەی ڕاستەقینەی لابدرێت، من پشتی لێ هەڵناکەم و وازی لێ ناهێنم و پلەی خۆشەویستیی‌یەکەشم بۆی دانابەزێت، بەڵکو پتر پەیوەندیی لەگەڵدا پتەو دەکەمەوە و زیاتر ڕێزی دەگرم و خۆشم دەوێت.

كه‌واته – ئه‌ی كاكی به‌ڕێزم! – من "ضیائه‌ددین"م خۆش ده‌وێت به‌و جۆره‌ی كه هه‌یه و له‌سه‌ر ئه‌و حه‌قیقه‌ته‌ی كه تیایدایه. به‌ڵام تۆ ئه‌و "ضیائه‌ددین"ه‌ت خۆش ده‌وێت كه له ئه‌ندێشه‌تدایه[1]!

جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كاكی خوالێخۆشبووم به ڕاستی زانایه‌كی "به‌ویژدان" بوو، ڕاكه‌ی منی په‌سه‌ند كرد و ڕه‌زامه‌ندیی له به‌رامبه‌ره‌وه ده‌ربڕی و وه‌ری گرت و ڕێزی لێ نا.

ده‌سا برایانم!

ئه‌ی ئه‌و به‌خته‌وه‌رانه‌ی كه خۆتان له پێناوی خوادا به‌خت ده‌كه‌ن!

هه‌رچه‌ند زیاده‌ڕه‌ویتان له گومانی باشدا به من زیانتان پێ ناگه‌یه‌نێت، به‌ڵام كه‌سانی وه‌ك ئێوه‌ی عه‌ودالی ڕاستی و حه‌قیقه‌ت بین كاتێ بۆ هه‌ر كه‌سێك ده‌ڕوانن ده‌بێت له گۆشه‌ی خزمه‌تیه‌وه بۆ قورئان و ڕاده‌ی ئه‌نجامدانی ئه‌ركی سه‌رشانیه‌وه به‌رامبه‌ر قورئان، بۆی بڕوانن.

خۆ ئه‌گه‌ر په‌رده له ڕووی "ڕاستی"ی منی سه‌رتاپا خلتانی چڵكی قسوور هه‌ڵبماڵرێ، ئه‌وا به‌زه‌ییتان به حاڵمدا ده‌هاته‌وه و خه‌متان بۆ ده‌خواردم.

به‌ڵام له‌و خۆشه‌ویستیی برایه‌تی‌یه كه یه‌كی خستووین دوورتان ناخه‌مه‌وه. ئنجا بۆ ئه‌وه‌ش لێی په‌شیمان نه‌بنه‌وه، ئه‌وا خۆتان به‌و پله و پایانه‌وه مه‌به‌ستن كه به ته‌سه‌ووری خۆتان بۆ منی داده‌نێن و، له توانا و سنووری من گه‌لێ به‌ده‌رن. چونكه من جگه له برایه‌كی ئێوه هیچی تر نیم و، لافی

---

(١) چونكه له به‌رامبه‌ر خۆشه‌ویستی‌یه‌كه‌ته‌وه نرخێكی زۆر گرانت ده‌وێت، ئه‌وه‌تا له به‌رامبه‌ر ئه‌و خۆشه‌ویستی‌یه‌وه بیر له شتێكی سه‌د قاتی ئه‌و نرخه ده‌كه‌یته‌وه، له كاتێكدا كه مه‌زنترین خۆشه‌ویستی له به‌رامبه‌ر پله و پایه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و زاته‌وه هێشتا هه‌ر به كه‌م داده‌نرێت. (دانه‌ر)

ڕابەری و ڕێ نوێن و مامۆستایەتی لێ نادەم. تەنها هاوڕێیەکی ئێوەم لە وەرگرتن و خوێندنی وانەی ئیماندا. کەواتە چاوەڕوانی هیممەت و یارمەتی مەبن لە من، بەڵکو من موحتاجی یارمەتی و هیممەتی ئێوەم و، تکاکارم دوعای پڕ شەفەقەت بۆ تەقسیرەکانم بکەن.

خوای گەورە بە چاکەکاری و فەزڵی خۆی نیعمەتێکی بە هەموومان بەخشیوە و، لە خاوێنترین و پیرۆزترین و مەزنترین و سوودمەندترین خزمەتگوزاریدا بۆ ئیمانداران خستوونیەتە کار، کە خزمەتی قورئانی پیرۆزە و، بەپێی کار دابەش کردنی نێوانمان بۆ ئەو خزمەتە هانی داوین. کەواتە ڕێنمایی و مامۆستایی کەسی مەعنەوی کە لە نهێنیی برایەتی و یەکێتیمانەوە پەیدا بووە، سەروزیادمانە.

جا مادەم خزمەتی ئیمان و قورئان لە هەموو خزمەتێکی تری ئەم چەرخە بەرزترە..

مادەم "چۆنێتی" لە "چەندایەتی" باشترە..

مادەم تەوژمە سیاسی‌یە هەمیشە بگۆڕەکان و، ڕووداوە کاتی و لەناوچووەکانیش لە بەردەم خزمەتە بەردەوام و دامەزراوەکانی ئیماندا هیچ بایەخێکیان نی‌یە، تەنانەت هەر ناشگەنە پلەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵیدا بەراورد بکرێن و، ناگونجێن ببن بە تەوەرەی ئەو خزمەتە..

ئەوا دەبێت:

بەو پلە نوورانی‌یەی کە خواوەندی مەزن و پەروەردگارمان لە نووری قورئانی پیرۆزەوە پێی بەخشیوین، ڕازی و دڵنیا بین.

دەسا برا خۆشەویستەکانم!

دامەزراوی.. دامەزراوی!!

وه‌فاداری.. وه‌فاداری!!

ده‌بێ ئێمه ته‌نها له په‌یوه‌ندی و پشتگیریی یه‌كتر و هه‌وڵداندا بۆ ده‌ستخستنی برایه‌تی و ئیخلاسی ڕاسته‌قینه ڕۆبچین و، ئه‌م ڕۆچوونه‌ش بكه‌ین به ڕێیه‌ك بۆ به‌رزی و بڵندیمان. له بریی ئه‌وه‌ی زیاده‌ڕه‌وی بنوێنین له گومانی باش به یه‌كتر و چاو گێڕان بۆ چه‌شنه پله و پایه‌یه‌ك كه له سنووری خۆمان به‌رزتر بێت.

الباقي هو الباقي

سه‌عیدی نوورسی

بە "دەست پێوەگرتن" و "بەرەکەت" دەژیم

پرسیار:

ئەهلی دنیا دەپرسن و پێم دەڵێن:

بە چی دەژییت؟ چۆن بە بێ کار و کەسابەت گوزەرانت بۆ هەڵدەسووڕێت؟ ئێمە لە وڵاتەکەماندا جێی ئەو تەمبەڵانە ناکەینەوە کە پاڵیان لێ داوەتەوە و لەسەر حسابی ڕەنج و کۆششی کەسانی تر دەژین؟!

وەڵام:

من بە "دەست پێوەگرتن" و "بەرەکەت" دەژیم و، جگە لە خوای ڕۆزیدەرم منەتی هیچ کەسێك هەڵناگرم و، بڕیاریشم داوە لە درێژایی ژیانمدا منەتی کەس هەڵنەگرم.

بەڵێ، ئەو کەسەی کە بە سەد "پارە" بەڵکو بە چل پارە[1] بژی، هەرگیز نایەوێت خۆی بخاتە ژێر منەتی کەسانی ترەوە!

هیچ کاتێك حەزم لە دەرخستنی ئەم مەسەلەیە نەکردووە و ئارەزوومەندی لێدوانی نەبووم، نەبادا وا هەست بکرێت کە لە خۆم بایی بوویێتم و دارای خۆپەرستی بم. چونکە زۆرم پێ ناخۆشە بیدرکێنم و لەسەر "دڵ"م گەلێ قورسە باسی بکەم. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەهلی دنیا گومان و دوودڵی لە دەروونیاندا دروست دەبێت کاتێ ئەم پرسیارەم ئاراستە دەکەن، ئەوا ناچارم کە بڵێم:

---

(١) چل "پارە" دەکاتە یەك "قورش" دە قورشیش دەکاتە یەك لیرەی تورکی! (وەرگێڕ)

- ده‌ستووری سه‌رانسه‌ری ژیانم بریتی‌یه له: وه‌رنه‌گرتنی هیچ شتێك له كه‌سانی تر، هه‌ر له منالیمه‌وه هیچ شتێكم له خه‌ڵكی - ته‌نانه‌ت زه‌كاتی مالیشیان - وه‌رنه‌گرتووه.

پاشان مووچه وه‌رنه‌گرتن و ده‌ست نانم به ڕووی مانگانه‌ی حكومه‌ته‌وه، جگه له‌وه‌ی كه ده‌وڵه‌ت بۆ ماوه‌ی دوو ساڵ بۆی بڕیبوومه‌وه و هاوڕێیانم گه‌لێ ڕوویان لێ نام بۆ وه‌رگرتنی، كاتێ ئه‌ندامی "دار الحكمة الاسلامية" بووم.. هه‌روه‌ها ملنه‌دانم بۆ هه‌ڵگرتنی منه‌تی خه‌ڵكی له هیچ پێداویستی‌یه‌كی ژیان و گوزه‌رانمدا..

هه‌موو ئه‌مانه، ئه‌و ده‌ستووره‌ی ژیانم ڕوون ده‌كه‌نه‌وه. خه‌ڵكی شاره‌كه‌م و ئه‌وانه‌ش كه له شاره‌كانی تردا له نزیكه‌وه ده‌مناسن، به باشی ئاگاداری ئه‌م لایه‌نه‌ی ژیانمن.

له ماوه‌ی ئه‌م پێنج ساڵه‌ی ڕه‌هه‌نده‌ییمدا زۆر كه‌س له هاوڕێیان به چه‌ندین هه‌وڵی جۆراوجۆر ویستیان دیاری‌یه‌كانیان لێ وه‌ربگرم، به‌ڵام ده‌ستم به ڕووی گشت هه‌وڵه‌كانیانه‌وه نا.

جا ئه‌گه‌ر لێره‌دا پرسیار بكرێت و بوترێ: كه‌واته به‌چی ده‌ژییت؟

ده‌ڵێم: به "به‌ره‌كه‌ت" و "ڕێزلێنانی خوایی" ده‌ژیم! چونكه هه‌رچه‌نده ده‌روونی به‌دخوازم شایانی هه‌موو سووكایه‌تی و نزمایه‌تی‌یه‌كه، كه‌چی له مه‌سه‌له‌ی "پێ به‌خشینی ڕۆزی"دا هه‌میشه به‌ره‌كه‌تم ده‌ستگیر ده‌بێت، كه ڕێزلێنانێكی خواییه و، وه‌ك كه‌رامه‌تێكی خزمه‌تگوزاریی قورئانی پیرۆز به خزمه‌تگوزاره‌كه ده‌به‌خشرێت.

جا بۆ ئه‌وه‌ی شوكرانه‌بژێریی مه‌عنه‌وی به‌رامبه‌ر به‌و نیعمه‌تانه‌ی خواوه‌ند ده‌ربب‌ڕم كه به‌هۆیانه‌وه ڕێزی لێ ناوم و.. بۆ مه‌به‌ستی جێبه‌جێ كردنی فه‌رمانی ئایه‌تی: ﴿وأمّا بنعمةِ ربّك فحدّث﴾ (الضحى:١١) وا چه‌ند نموونه‌یه‌ك

لەو بەرەكەت و ڕێزلێنانە خواییانە باس دەكەم، هەرچەندەش دەترسم ئەم شوكرانە مەعنەوی‌یە شتێكی لە "ڕیا" و "غروور" تێكەڵ ببێت و ئەو بەرەكەتە خاوێن و پەروەردگارییانە پووچەڵ بكاتەوە و بیانسڕێتەوە. چونكە دەرخستنی بەرەكەتی شاراوە بە شێوەیەك شانازی پێوە كردن بگەیەنێت، دەبێت بەهۆی بڕین و نەمانی! بەڵام چی بكەم؟ ناچارم باسی بكەم:

یەكەم: ئەم شەش مانگەی ڕابوردوو، سی و شەش كولێرە سەروزیادم بوون كە لە یەك "كیلە Kile"[(١)] گەنم دروست كرابوون. تا ئێستاش لەو نانە ماوە و، نازانم كەی تەواو دەبێت؟[(٢)]

دووهەمیان: لەم مانگە پیرۆزەی ڕەمەزاندا، تەنها لە دووماڵەوە خواردنم بۆ هات. كەچی هەردووكیان نەخۆشیان خستم! لەمەوە تێگەیشتم كە خواردەمەنیی كەسانی تر لە من قەدەغەیە! ئنجا یەك "هۆقە"[(٣)] برنج و سێ دانە كولێرە سەروزیادی ڕۆژەكانی تری ڕەمەزانم بوو. هاوڕێی ڕاستگۆ "عەبدوڵڵا چاوش"ی[(٤)] خاوەنی ئەو ماڵە موبارەكەی كە خواردنم تێدا بۆ ئامادە دەكەن، شایەتە لەسەر ئەمە. تەنانەت برنجەكە تا پازدە ڕۆژی دوای ڕەمەزانیش بەشی كردم!

---

(١) كیلە Kile: یەكەیەكی پێوانەی گەنمە و یەكسانە بە (چل لیتر گەنم). (وەرگێڕ)

(٢) یەك ساڵی ڕەبەقی خایاند. (دانەر)

(٣) یەك هۆقەی ئەوێ دەكاتە (١٢٨٢ گرام). بڕوانە فەرهەنگی توركیی: (Yeni Lugat). (وەرگێڕ)

(٤) "عەبدوڵڵا چاوش" یەكەم پۆستەچیی پەیامەكانی نوورە، ڕەشنووسی پەیامەكانی نووری لە مامۆستا نوورسی وەردەگرت و دوور لە چاودێریی كاربەدەستان بە درێژایی شەو لەناو دۆڵ و چیاكاندا لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند دەڕۆیشت تاكو بە دەستی شەهید "حافظ عەلی"ی دەگەیاندن. پاشان پاكنووسەكانی لێ وەردەگرتن و بە هەمان شێوە و لە هەمان ڕێگاوە دەیگەیاندنەوە دەستی مامۆستا نوورسی! ساڵی ١٩٦٠ز لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا كۆچی دوایی كرد، خوا لێی خۆش بێت. (وەرگێڕ)

سێ‌هه‌میان: خۆم و میوانـه به‌ڕێزه‌كانم مـاوه‌ی سـێ مـانگی ڕه‌بـه‌ق لـه‌سـه‌ر چیاكه یه‌ك ئۆقیه "كه‌ره" به‌شی كردین، هه‌رچه‌نده‌ش ڕۆژانه بـه نانـه‌وه لێمـان ده‌خوارد! تا جارێكیان میوانێكی موباره‌كم له‌لا بوو كه ناوی "سـوله‌یمان"ه، له‌و ده‌مه‌شدا نانه‌كه‌مان له‌وه‌دابوو ته‌واو ببێت و ڕۆژیش چوارشه‌ممه بوو..

پێم وت: بڕۆ بۆ ئـاوایی نان بهێنه، چونكه ماوه‌ی دوو سـه‌عات ڕێ لـه‌م لا و له‌و لاماندا كه‌سی لـێ نی‌یه نانی لـێ بكڕین.

وتـی: ده‌مـه‌وێ ئه‌م شـه‌وی جومعـه پیرۆزه‌ی داهـاتوو لـه‌سـه‌ر ئـه‌م چیایـه له‌گه‌ڵ تۆدا بمێنمه‌وه، تاكو له پاڕانه‌وه و نزاكانتدا هاوبه‌ش و هاوڕازت بم.

وتم: كه‌واته باشه، پشت به خوا بمێنه‌ره‌وه.

پاشان پێكه‌وه بۆ سه‌ر لووتكـه‌ی چیاكـه سـه‌ركه‌وتین، هه‌رچـه‌نده‌ش هیـچ داخوازی و پێویستی‌یه‌ك نه‌بوو بۆ سه‌ركه‌وتنمان. له‌گـه‌ڵ خۆشمـاندا هـه‌ندێك ئاومان له‌گه‌ڵ كه‌مێك شه‌كر و چادا برد.

پێم وت: برام! چایه‌كمان بۆ لێبنێ.

ئه‌ویش ده‌سـتی بـه لێنـانی چـا كـرد و، منیـش لـه ژێـر دره‌ختێكـی قـه‌تراندا دانیشـتم و بـه تێڕامانـه‌وه سـه‌یری شیوێكی قوولـم ده‌كـرد و بـه خه‌مـه‌وه بـیرم ده‌كـرده‌وه و، له‌به‌رخۆمـه‌وه بـه خۆمـم ده‌وت: له‌تـه نـانێكی كـه‌ڕواویی كـۆن نه‌بێ هیچـی ترمـان لـه لا نی‌یـه و، له‌وانه‌شـه هـه‌ر ته‌نـها به‌شـی ئـه‌م ئێواره‌یـه‌ی هه‌ردووكمان بكات. ئه‌ی ئایا بۆ دوو ڕۆژه‌كه‌ی تر چی بكه‌م؟ چـی بـه‌م پیـاوه دڵپاك و ده‌روون خاوێنه بڵێم؟!

له‌م كاته‌دا كه من نوقمی ئه‌م ئه‌ندێشه‌یه بووبووم، وه‌ك بڵێـی سـه‌رم بۆلای دره‌خته‌كـه وه‌ربچـه‌رخێنرێت ئـاوا هه‌ستم ده‌كـرد. منیـش كـه ئـاوڕم بـۆ لای دره‌خته‌كـه دایـه‌وه، كولێره‌یـه‌كی گـه‌وره‌م لـه نـاو لـق و په‌لـه‌كانی دره‌ختـه قه‌ترانه‌كه‌دا بینی كه بۆ ئێمه‌ی ده‌ڕوانی! یه‌كسه‌ر وتم:

سولەیمان! مژدە بێ، وا خوای گەورە ڕۆزییەکی پێ بەخشیین!

پاشان نانەکەمان لەسەر درەختەکە داگرت و بە جوانی پشکنیمان تاکو بزانین ئایا شوێنەواری ئاژەڵ و باڵندەی لەسەر هەیە؟ کە سەرنجمان دا هیچ شوێنەوارێکی ئاژەڵمان پێوە نەبینی. سەرەڕای ئەوەش کە ماوەی سێ ڕۆژ دەبوو هیچ کەسێك بەو چیایەدا سەرنەکەوتبوو. ئیتر ئەو کولێرەیە بەشی دوو ڕۆژی کردین. ئنجا هەر کە نانەکەمان لەوەدا بوو تەواو ببێت، ئەو مرۆڤە ڕاستگۆیە کە ناوی "سولەیمان"ە و[1] هاوڕێیەکی ڕاستی ماوەی چوار ساڵم بوو، سەرکەوتە سەر چیاکە بۆ لامان و، نانی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێناین.

چوارەمیان: ئەم چاکەتەی بەرم حەوت ساڵ لەمەوپێش بە کۆنی کڕیومە! ئنجا چوار لیرە و نیویش بەشی خەرجی و مەسرەفی پۆشاك و پێڵاو و گۆرەویی پێنج ساڵی ڕابوردووی کردم!

بەم جۆرە، بەرەکەت و.. دەست پێوە گرتن و.. میهرەبانیی خواوەند.. سەروزیادم بوون.

گەلێ نموونەی تری وەك ئەمانە هەن، چونکە بەرەکەتی خوایی لایەنی زۆری هەیە. خەڵکی ئەم گوندە لە گەلێ نموونەی بەرەکەت ئاگادارن.

بەڵام وریا بن! وا گومان نەبەن کە من ئەم نموونانە بۆ شانازی کردن دەهێنم. نەخێر.. من ناچار کرام باسیان بکەم. هەروەها ئەوەشتان بە دڵدا نەیەت کە ئەمانە چەند نموونەیەك بن بەڵگەی صەلاحەت و پیاوچاکیی من بن. نەخێر، ئەو بەرەکەتانە چاکەکاریی خوای گەورەن بەرامبەر میوانە دڵسۆزەکانم.. یاخود ڕێزلێنانێکی خوایین بۆ خزمەتگوزارانی قورئان.. یان

(١) ئەمەیان سولەیمانێکی ترە و بە "سولەیمان کاروانچی" بەناوبانگە و، لە پێشەنگی کاروانی خزمەتگوزارانی ئیمان و نموونەی بەرجەستەی ڕاستی و وەفا و ئیخلاس بووە. ساڵی ١٩٦٥ز کۆچی دوایی کردووە. خوا لێی خۆش ببێت. (وەرگێڕ)

چه‌ند سوود و ده‌ستكه‌وتێكی پیرۆزی ده‌ست پێوه‌ گرتنن.. یان ڕۆزیی ئه‌و چوار پشیله‌یه‌ن كه‌ لێره‌دا له‌گه‌ڵمدان و لێم جیا نابنه‌وه‌ و هه‌میشه‌ له‌ مرِه‌مرِه‌كانیاندا "یارحیم.. یارحیم.. یارحیم" ده‌كه‌ن. كه‌واته‌ ڕۆزیی ئه‌وانه‌ له‌ شێوه‌ی به‌ره‌كه‌تدا بۆیان دێت و، منیش له‌ لایه‌نی خۆمه‌وه‌ سوودی لێ وه‌رده‌گرم.

به‌ڵێ، ئه‌گه‌ر گوێ له‌ مرِه‌مرِی خه‌مناكی پشیله‌كان ڕابگریت به‌ جوانی هه‌ست ده‌كه‌یت كه‌ زیكری: "یارحیم.. یارحیم.. یارحیم" ده‌كه‌ن!

به‌ بۆنه‌ی باسی پشیله‌وه‌، مریشكیشم هاته‌وه‌ یاد..

مریشكێكم هه‌بوو، جار جار نه‌بێ، ده‌نا له‌م زستانه‌دا هه‌رچی ڕۆژه‌ هێلكه‌یه‌كی له‌ گه‌نجینه‌ی میهره‌بانیی خوای گه‌وره‌وه‌ بۆ ده‌هێنام! ته‌نانه‌ت ڕۆژێكیان دوو هێلكه‌ی دانا! منیش گه‌لێ سه‌رم سووڕما و له‌ هاوڕێ خۆشه‌ویسته‌كانم پرسی: ئایا له‌ زستاندا شتی وا ڕوو ده‌دات؟ وتیان: له‌وانه‌یه‌ ئه‌مه‌ چاكه‌یه‌كی خوایی بێت.

هه‌ر ئه‌م مریشكه‌، هاوین جووجه‌ڵه‌یه‌كی هه‌بوو، ئه‌م جووجه‌ڵه‌یه‌ سه‌ره‌تای مانگی ڕه‌مه‌زان ده‌ستی به‌ هێلكه‌ دانان كرد و تا چل ڕۆژیش له‌سه‌ری به‌رده‌وام بوو. ئیتر چ من و چ ئه‌و برایانه‌م خزمه‌تیان ده‌كردم، گومانمان له‌وه‌دا نه‌ما كه‌ هێلكه‌ دانانی ئه‌م جووجه‌ڵه‌ بچووكه‌ له‌م زستان و مانگی ڕه‌مه‌زانه‌دا جگه‌ له‌ ڕێزلێنانێكی خوایی هیچی تر نی‌یه‌. پاشان هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی دایكه‌كه‌ی له‌ هێلكه‌ چووه‌وه‌، ئه‌م جووجكه‌یه‌ ده‌ستی به‌ هێلكه‌ دانان كرده‌وه‌ و، سوپاس بۆ خوا، هێلكه‌ی لێ نه‌برِیم!

باسی دووهەمی مەکتووبی بیست و شەشەم:

کەسایەتی‌یەکانی مرۆڤ

ئەم باسە لەسەر بناغەی سەرسام بوونی ئەو کەسانە نووسراوە کە هەمیشە خزمەتم دەکەن، چونکە سەرسامی ئەو جیاوازی‌یە سەرسووڕهێنەرەن کە لە ڕەفتارەکانمدا دەیبینن.. هەروەها بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو خۆش باوەڕی‌یە زیاد لە پێویستە نووسرا کە من شایانی نیم و دوان لە قوتابیانم هەیانە بەرامبەرم.

دەبینم هەندێك لەو فەزڵ و چاکەکاریيانەی کە هی ڕاستی‌یەکانی قورئانن دەدرێنە پاڵ ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵی بانگەوازکار و دەڵاڵی ئەو ڕاستییانە دەبینن. کەچی ئەم کارە کارێکی هەڵەیە. چونکە تەنها قودسییەت و بەرزیی سەرچاوەی ڕاستی‌یەکانە کە زیاتر لە کاریگەریی بەڵگە زۆر و زەبەندەکان کاریگەری لە دڵدا بەجێ دەهێڵێت و، عەوامی خەڵکییش تەنها بەم قودسییەتەیە کە ملکەچی ئەحکامەکان دەبن. خۆ هەرکات دەڵاڵ و بانگەوازکار "بوون"ی خۆی - نەك ڕاستی‌یەکان - پێش چاو خست، واتە لە بریی "ڕاستی‌یەکان" سەرنجەکان ئاراستەی "ئەو" کران، ئەوا قودسییەتی سەرچاوەکە تیادەچێت و نامێنێت!

لەبەر ئەم نهێنی‌یە، وا ئەم ڕاستی‌یەی خوارەوە بۆ ئەو برایانەم ڕوون دەکەمەوە کە گەلێ زیاتر لە توانا و سنووری خۆم بۆم دەڕوانن و، دەڵێم:

مرۆڤ هەندێ جار چەند کەسایەتی‌یەك لە خۆیدا هەڵدەگرێت و، هەر یەك لەم کەسایەتییانەش چەند ڕەفتارێکی جیاجیا و جۆراوجۆریان هەیە.

بۆ نموونه:

"كارمه‌ندی گه‌وره" له‌ ده‌می ئه‌نجامدانی ئه‌ركی سه‌رشانی له‌ شوێن و ڕێی به‌رز و پله‌ و پایه‌ی فه‌رمانبه‌ری‌یه‌كه‌یدا، كه‌سایه‌تی‌یه‌كی تایبه‌تی هه‌یه‌. ئه‌م پله‌ و پایه‌یه‌ش داخوازی "ویقار" و چه‌ند ڕه‌فتارێكی وه‌هایه‌ كه‌ ڕێزی ڕێ و شوێن و عیززه‌تی پله‌ و پایه‌ی به‌رپرسیاری‌یه‌كه‌ی بۆ بپارێزێت. جا ته‌وازوع ده‌ربڕین لێره‌دا بۆ هه‌موو ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ سه‌ردانی ده‌كه‌ن زه‌لیلیی تێدایه‌ و، له‌ شان و شكۆی ئه‌و پله‌ و پایه‌ به‌رزه‌ ده‌هێنێته‌ خوار..

به‌لام هه‌ر ئه‌م مرۆڤه‌ له‌ناو ماڵ و نێوان كه‌سوكاری خۆیدا كه‌سایه‌تی‌یه‌كی تری ئه‌وتۆی هه‌یه‌ كه‌ داخوازی چه‌ند ڕه‌فتارێكی پێچه‌وانه‌ی هه‌ڵسوكه‌وته‌كانی ده‌می ئه‌نجامدانی كارمه‌ندی‌یه‌كه‌ین، به‌ چه‌شنێ كه‌ هه‌تا ته‌وازوعی زیاتر بنوێنێت جوانتر و باشتره‌ و، گه‌ر ویقاریش بنوێنێت به‌ "ته‌كه‌ببور" له‌سه‌ری تۆمار ده‌كرێت!

واته‌ هه‌موو مرۆڤێك له‌ ڕووی به‌رپرسیاری و كارمه‌ندی‌یه‌كه‌یه‌وه‌ كه‌سایه‌تی‌یه‌كی تایبه‌تیی ئه‌وتۆی هه‌یه‌ كه‌ له‌ چه‌ند خاڵێكی زۆردا له‌ كه‌سایه‌تی‌یه‌ ڕاسته‌قینه‌كه‌ی جیا ده‌بێته‌وه‌. خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌و كارمه‌نده‌ شایسته‌ و هاوشانی فه‌رمانبه‌ری‌یه‌كه‌ی بێت و توانایه‌كی ته‌واوه‌تیی بۆ به‌ڕێوه‌بردنی كاره‌كه‌ی تێدا بێت، ئه‌وا ئه‌و دوو كه‌سایه‌تی‌یه‌ی له‌ یه‌كتر نزیك ده‌بنه‌وه‌. به‌لام گه‌ر شایانی فه‌رمانبه‌ری‌یه‌كه‌ی نه‌بێت و له‌ توانا و لێهاتنه‌كانیشیدا هه‌ژار بێت، وه‌ك ئه‌وه‌ی خۆی له‌ خۆیدا "سه‌رباز" بێت و كه‌چی له‌ پله‌ و پایه‌ی "موشیر"دا دانرابێت، ئه‌وا ئه‌و دوو كه‌سایه‌تی‌یه‌ی به‌و ڕێژه‌یه‌ له‌ یه‌كتر دوور ده‌كه‌ونه‌وه‌. چونكه‌ سیفه‌ته‌ ئاساییه‌كانی سه‌رباز و هه‌ست و نه‌سته‌ ساكاره‌كانی هه‌رگیز له‌گه‌ڵ ئه‌و ڕه‌وشت و ڕه‌فتاره‌ به‌رزانه‌دا ناگونجێن كه‌ پله‌ و پایه‌ی موشیر داخوازیان ده‌بێت.

هەر بەم چەشنە، ئەم برا هەژارەشتان سێ کەسایەتیی تێدایە کە زۆر لە یەکەوە دوورن، تەنانەت دووری‌یەکی یەکجار زۆریشیان لە نێواندایە:

یەکەمیان:

کەسایەتی‌یەکی کاتی و بێگەرد و تایبەتە تەنها بە خزمەتی قورئانەوە، لەو ڕووەوە کە من دەلالی گەنجینە بەرز و بەنرخەکەی قورئانی حەکیمم. جا ئەو ڕەوشت و ڕەفتارە بەرزانەی کە فەرمانبەریی دەلالی کردن بۆ قورئان و بانگهێشتی خەلکی بۆ لای قورئان داخوازی دەبن، هی من نین و من خاوەنیان نیم. بەلکو چەند ڕەوشتێکی بەرزن کە ئەو پلە و پایە بەرز و کارمەندی‌یە مەزنە داخوازی دەبن. کەواتە هەرچی ڕەوشتی بەرز و فەزائیلی لەم چەشنە دەبینن هیچیان هی من نین، بەلکو تایبەتن بەو پلە و پایەیەوە. کەواتە لەو ڕوانگەیەوە بۆم مەڕوانن.

کەسایەتیی دووهەم:

کاتێ ڕوو دەکەمە دەرگانەی خواوەند و لێی دەلالێمەوە، خوای گەورە لە کاتەکانی پەرستش و بەندایەتیدا کەسایەتی‌یەکی تایبەتیم پێ دەبەخشێت کە هەندێ ئاسەواری ئەوتۆ بەرهەم دەهێنێت لە بناغەی واتای "بەندایەتی"یەوە سەریان هەلداوە. ئەم بناغەیەش بریتی‌یە لەوەی مرۆڤ لە بەردەم خوای گەورەدا تەقسیرەکانی خۆی بزانێت و پەی بە هەژاری و دەستەوسانیی خۆی لە بەردەم خوای گەورەدا ببات و بە زەلیلی و شکستەیی و نەوازشەوە پەنای بۆ ببات. جا من - بەم کەسایەتی‌یە - خۆم لە هەموو کەسێك بە دەستەوسانتر و بەدبەختتر و هەژارتر و تەقسیربارتر دەبینم لە بەردەم خوای گەورەدا. خۆ ئەگەر سەرانسەری دنیا کۆ ببنەوە و لەسەر مەدح و ستایشم یەك بگرن، هێشتا هەر ناتوانن قەناعەتم پێ بکەن کە من مرۆڤێکی باش و سالح بم.

سێهه‌میان:

كه‌سایه‌تی‌یه‌ ڕاسته‌قینه‌كه‌ی خۆمه‌. واته‌ ئه‌و كه‌سایه‌تی‌یه‌مه‌ كه‌ هه‌ڵوه‌شاوه‌ی سه‌عیدی كۆنه‌ و چه‌ند ده‌مارێكی میراتیی ئه‌وه‌ بۆم ماوه‌ته‌وه‌. ده‌بینیت هه‌ندێ جار حه‌ز له‌ ڕیا و پله‌ و پایه‌ ده‌كات و، چه‌ند خوو و ڕه‌فتارێكی نزم له‌ مندا ده‌رده‌خات، هاوده‌م له‌گه‌ڵ "ڕژدی"م له‌ بواری ده‌ست پێوه‌ گرتندا، چونكه‌ من له‌ بنه‌ماڵه‌یه‌كی خاوه‌ن حه‌سه‌ب و پله‌ و پایه‌ نیم.

ده‌سا برایانم!

له‌مه‌ زیاتر له‌ خراپكاری‌یه‌كان و لایه‌نه‌ چه‌وته‌كانی ئه‌م كه‌سایه‌تی‌یه‌م نادركێنم، تاكو به‌ ته‌واوی له‌ خۆم دوورتان نه‌خه‌مه‌وه‌!

ده‌سا برا به‌ڕێزه‌كانم!

من شایانی پله‌ و پایه‌ی به‌رز نیم و توانا و قابیلییه‌تی ئه‌و پله‌ و پایه‌ به‌رزه‌ له‌ خۆمدا شك نابه‌م. كه‌واته‌ ئه‌م كه‌سایه‌تی‌یه‌ی خۆم گه‌لێ دووره‌ له‌ ڕه‌فتار و ڕه‌وشتی ئه‌ركه‌كانی بانگه‌واز و شوێنه‌واره‌كانی ئه‌ركی به‌ندایه‌تی.

خوای گه‌وره‌ توانسته‌ میهره‌بانه‌كه‌ی خۆی له‌ مندا به‌پێی ئه‌و ده‌ستووره‌ ده‌رخستووه‌ كه‌ ده‌ڵێت:

(داد حق را قابلیت شرط نیست)[1].

---

(١) واته‌: به‌خششی خوای گه‌وره‌ قابیلییه‌ت و لێهاتوویی له‌ زاتی مرۆڤدا به‌ مه‌رج ناگرێت. نووسه‌ر ئه‌مه‌ی له‌ به‌یتێكی مه‌ولانا جه‌لاله‌ددین وه‌رگرتووه‌ له‌ ژێر ناونیشانی: (بیان آنكه عطای حق و قدرت موقوف قابلیت نیست) كه‌ ده‌قه‌كه‌ی به‌م جۆره‌یه‌:

چاره‌ء آن دل عطای مبدلیست   داد او را قابلیت شرط نیست

بڕوانه‌: (مثنوی معنوی) دفتر پنجم – ص ٧٧٠ چاپ ششم، انتشارات علمی ١٣٧٤ هـ ش.

(وه‌رگێڕ)

واته:

چاکه و بەخششی خواوەند توانا و قابیلییەت لەو کەسه پێ بەخشراوەدا بە مەرج ناگرێت. کەواته تەنها چاکه و بەخششی خوای گەورەیه کە کەسایەتی‌یه یەکجار نزمه کەم - کە وەك سەربازێك وایه لە خزمەتی نهێنی‌یەکانی قورئاندا - گوێڕایەڵ و ملکەچ دەکات، کە لە حوکمی بەرزترینی پله و پایەکانی موشیرێتیدایه.

کەواته "نەفس" له هەموان نزمتره و، کارمەندی‌یەکەش لە هەموو شتێك بەرز و بڵندتره.

دەسا سەدان هەزار شوکر و سوپاس بۆ خوای گەوره.

الحمد لله هذا من فضل ربـــي.

* * *

مەسەلەی دەهەم لە باسی چوارەمی
مەکتووبی بیســـت و شـــەشـــەم:

دەستوورێك بۆ سەرلێدانی دانەر

ئەم مەسەلەیە لەســـەر بناغـەی یادخستنەوەی هـەندێك لـە هاوڕێیان نووسرا، سەبارەت بە دانـانی قـاعیدە و دەسـتوورێك کە تایبەت بێت بەو کەسانەی سەردانم دەکەن.

با هەموان بزانن کە ئەو کەسەی سەردانم دەکات:

یان لەبەر چەند کاروبارێکی تایبەت بە "ژیانی دنیا" دێت.. ئەوا با بزانێت کە ئەو دەرگایە داخراوە..

یان لە ڕووی ژیانی "ئەودنیا"وە دێت.. ئەو ڕووەش دوو دەرگای تێدایە:

یان پێی وایە من پیاوێکی پیرۆز و خاوەن پلە و پایـەم لای خـوای گـەورە و لەبەر ئەمە دێت بۆ لامان، ئەوا ئەو دەرگایەش داخراوە. چونکە من لە نەفسـی خۆم ڕازی نیم و ئـەو کەسەشـم نـاوێت منـی پێ بـاش بێـت. هـەردەم حـەمد و سوپاسـی زۆر و زەبـەندە پێشـکەش بـە خـوای گـەورە دەکـەم کـە وای لــێ نەکردووم لە خۆم ڕازی بم..

ڕووەکەی تر بریتی‌یە لەوەی کە تەنـها لەبـەر ئـەوە دێـت بـۆ لام و سـەردانم دەکات کە من خزمـەتگوزار و دەلاڵ و بانگـەوازکاری قورئـانی پیرۆزم. جـا ئـەو کەسـەی لـەم دەرگایـەوە دێـت، بـەخێربێت و لەسـەر چـاوم و سـەرم دایدەنێم.

ئنجا ئەوانەش کە لەم دەرگایەوە دێن، سێ جۆرن:

یان هاوڕێیە.. یان برایە.. یان قوتابیە.

تایبەتکاری و مەرجی "هاوڕێ" ئەوەیە کە:

بە جیددی و گەرموگوڕی لەم کارەماندا، کە بڵاوکردنەوەی ڕووناکییەکانی قورئانە (پەیامەکانی نوور) پشتمان بگرێت و، لە دڵەوە مەیلی بەلای ناحەق و بیدعەت و گومڕاییدا نەبێت و هەوڵیش بدات سوود بە خۆی بگەیەنێت.

تایبەتکاری و مەرجی "برا"یش ئەوەیە کە:

بە چوست و چالاکی و هەوڵی ڕاستەقینە و جیددی بۆ بڵاوکردنەوەی "پەیامەکان" تێبکۆشێت، جگە لەوەی کە پێنج فەرزەی نوێژ جێبەجێ بکات و خۆی لە حەوت گوناهە گەورەکانیش بپارێزێت.

تایبەتکاری و مەرجی "قوتابی"یش ئەوەیە کە:

"پەیامەکانی نوور" وەك دانراوی خۆی بزانێت و بە تایبەتی بە هی خۆی دایانبنێت و، وەك ئەوەی موڵکی خۆی بن بەرگرییان لێ بکات و، بڵاوکردنەوەی ئەو ڕووناکییانە و کارکردن لەو پێناوەدا بە مەزنترین کارمەندی و ئەرکی ژیانی خۆی بزانێت.

جا ئەم سێ چینە پەیوەندییان بە هەر سێ لایەنەکەی کەسێتیی خۆمەوە هەیە..

هەرچی هاوڕێیە: پەیوەستی کەسێتیی زاتیمە و.. برایش: پەیوەندیی بە کەسایەتیی بەندەییمەوە هەیە، واتە لەو ڕووەوە پەیوەندیم پێوە دەکات کە ئەرکی بەندایەتیم بۆ خوای گەورە جێبەجێ دەکەم و.. قوتابیش: لەو

گۆشـه‌یه‌وه پـه‌یوه‌ندیی پێمـه‌وه هه‌یـه كـه بانگـه‌وازكار و ده‌لاڵـی قورئـانی حه‌كیمم و ڕێنمایی خه‌ڵكیی بۆ لا ده‌كه‌م.

ئه‌م چه‌شنه چاوپێكه‌وتنانه‌ش سێ به‌رهه‌میان هه‌یه:

یه‌كه‌م:

ئـه‌و كه‌سـه ده‌رسـی گه‌وهـه‌ره‌كانی "قورئـانی پیرۆز" یـان لـه مـن، یـان لـه په‌یامه‌كانی نوور وه‌رده‌گرێت، بـا ته‌نـها یـه‌ك ده‌رسیش بێـت. ئه‌مـه لـه ڕووی بانگه‌وازه‌وه بۆ لای قورئان.

دووهه‌م:

لـه ڕووی به‌ندایه‌تیمـه‌وه بـۆ خـوای گـه‌وره، ده‌بێـت بـه هاوبه‌شـم لـه پاداشته‌كانی سه‌ر به دواڕۆژمدا.

سێهه‌م:

هه‌مووومان پێكه‌وه لـه دڵـه‌وه په‌یوه‌ندی به یه‌كه‌وه ده‌كه‌ین و لـه خزمـه‌تی قورئاندا پشـتی یـه‌كتر ده‌گریـن و ڕوو ده‌كه‌ینـه میـهره‌بانیی خواوه‌نـد و داوای ته‌وفیق و هیدایه‌تی لـێ ده‌كه‌ین.

جا ئه‌گه‌ر "قوتابی" بێت ئه‌وا هه‌موو ڕۆژێك به‌یانیان به ناوه‌كـه‌ی خۆی و هه‌ندێ جار به خه‌یاڵ و ئه‌ندێشه، له لام ئاماده‌یه.

گه‌ر "برا"ش بێت ئه‌وا جارجار بـه ناوه‌كـه‌ی و شـێوه‌كه‌ی لـه دوعاكـانمدا ئاماده‌یـه لـه لام و، لـه پاداشـت و دوعـادا به‌شـدارمه. پاشـان لـه نـاوه‌ندی سه‌رجه‌می برایاندایه و به میهره‌بانیی خوای گه‌وره‌ی ده‌سپێرم. چونكـه كاتێ له‌و دوعایه‌مدا ده‌ڵێم: "خوشكان و برایانم" ئه‌ویش به‌ر ده‌كه‌وێت. خۆ ئه‌گـه‌ر ڕاسته‌وخۆ زاتی ئـه‌و نه‌ناسـم، ئـه‌وا خـوای گـه‌وره لـه مـن زیـاتر ده‌زانێـت و ده‌یبینێت و ده‌یناسێت.

ئەگەر "هاوڕێ"ش بێت ئەوا دوعاکەم هەر دەیگرێتەوە و، لەو ڕووەوە لە ناوەندی براکانمدایە بە گشتی، گەر فەرزەکان ئەنجام بدات و لە گوناهە گەورەکانیش دوورە پەرێز بێت.

دەبێ ئەو سێ چینەش من بخەنە ناو دەستکەوتەکانی سەر بە دوارۆژیانەوە.

اللهم صل على من قال: (المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضاً) وعلى آله وصحبه وسلم.

﴿سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا إِلاّ ما عَلَّمْتَنا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمِ﴾.

﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ للهِ الَّذِي هَدَانا لِهذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلا أَنْ هَدَانَا اللهُ لَقَدْ جاءَتْ رُسُلُ رَبِّنا بِالْحَقِّ﴾.

اللهم يا من أجاب نوحاً في قومه، ويا من نصر إبراهيم على أعدائه، ويا من أرجع يوسف إلى يعقوب، ويا من كشف الضر عن أيوب، ويا من أجاب دعوة زكريا، ويا من تقبّل يونس ابن متى..

نسألك بأسرار أصحاب هذه الدعوات المستجابات أن تحفظني وتحفظ ناشر هذه الرسائل ورفقاءهم من شر شياطين الإنس والجن.

وانصرنا على أعدائنا.. ولا تكلنا إلى أنفسنا.. واكشف كربتنا وكربتهم.. واشف أمراض قلوبنا وقلوبهم. آمين. آمين. آمين.

مورشید

ئەم مەسەلەیە وەڵامێکی یەکجار تایبەتی‌یـــە و، تـا ڕادەیـەکیش نهێنی و پەنامەکی‌یە و، لە وەڵامی پرسیارێکی گشتیدا نووسراوە کـە برایان بە گشتی، چ بە زمانی حاڵ چ بە زمـانی گوفتـار، ئاراسـتەمی دەکەن.

پرسیارەکەش ئەمەیە کە:

هەر کەسێك سەردانت دەکات، تۆ پێی دەڵێیت:

(چاوەڕوانیی هیچ هیممەت و یارمەتی و مەدەدێك لە خودی من مەکەن و بە کەسێکی پیرۆزم دامەنێن، چونکە من خاوەنی پلـە و پایـە نیـم. ئـەوەتا هـەروەك "سـەرباز"ی ئاسایی فەرمانەکانی پلـەی "موشـیر" ڕادەگەیـەنێت، منیـش بـە هـەمـان جـۆر فەرمـانەکانی موشـیرێتی‌یەکـی مەعنـەویی بـەرز ڕادەگەیـەنم و.. هـەروەك کەسێکی هـەژاری موفلیـس دەبێـت بـە دەلاڵ و ناسێنەر لە دوکانی گەوهەرە یـەکجار بەنرخـەکاندا، منیش دەلاڵێکی وەکو ئەوم لە بەردەم دوکانێکی خاوێن و موقەددەسدا کە قورئانی پیرۆزە).

تـۆ وا بـە هـەموو ئـەو کەسـانە دەڵێیـت کـە دێنـە سـەردانت. بـەڵام "ژیری"یەکانی ئێمـە پێویستیان بە زانستە و.. "دڵان"یشمان داوای ڕێژنـەی ڕوونـاکی دەکەن و.. "گیانەکان"یشمان بە دوای نـووردا عـەودالن. بـەم جـۆرە، ئێمـە لـە گەلـێ ڕووەوە خوازیـار و داواکـاری چـەندین شـتی زۆر و زەبـەندەین و، هـەر بـۆ ئـەوەش دێینـە سـەردانت تـاکو ئـەو پێویسـتییانەمان نەهێڵیت، چونکە ئێمە زیاتر پێویسـتمان بە خـاوەنی "ویلایـەت و هیممـەت و

کەماڵات" هەیە تا ئەوەی پێویستمان بە "زانا" بێت! جا ئەگەر تۆ بەو چەشنە بیت کە باسی دەکەیت، ئەوا لە سەردانەکانماندا بۆ لات نیشانەکەمان نەپێکاوە!

زمانی حاڵیان ئاوا دەڵێت!!

وەڵام:

گوێ لەم پێنج حاڵەی خوارەوە ڕابگرن و پاشان بیر لە سەردانەکانتان بکەنەوە، بزانن ئایا سوودی تێدایە بۆتان یاخود بێ سوودە؟! ئنجا چ بڕیارێك دەدەن، سەربەستن!

● **حاڵی یەکەم:**

خزمەتکارێکی پادشایەکی مەزن.. یان سەربازێك کە لە ژێر فەرمانی پادشادایە، دیاری و نیشانە و مەدالیا بەرز و بەنرخەکانی پادشا دەگەیەنێتە دەستی فەرماندە مەزن و موشیرە گەورەکان و، لەم ڕێیەوە دەیانخاتە منەت و ڕەزامەندییەوە..

جا ئەگەر ئەو فەرماندە و موشیرانە بڵێن: بۆچی ئێمە لە ئاستی خۆمان دابەزینە خوارەوە و بەخشش و ڕێزلێنانەکانی پادشا لەم سەربازە ئاساییە وەربگرین؟! ئەوا بێ گومان ئەم گوفتارەیان بە غروور و لەخۆ بایی بوونێکی شێتانە لە قەڵەم دەدرێت..

هەروەها گەر ئەو سەربازە ئاساییەش هێندە لە خۆی بایی و ڕازی ببێت کە لە دەرەوەی ئەم ئەرکەی سەرشانیدا ڕێز لەو فەرماندە و موشیرە نەنێت و لەبەری هەڵنەسێتەوە و پلەی خۆی لە هی ئەو بە بەرزتر بزانێت، ئەوا ئەم کارەی جگە لە شێتی و گێلی هیچی تر نییە..

خۆ ئەگەر یەکێك لەو فەرماندە منەتبارانە تەنازول بکات و بڕوات بۆ سەردانیماڵی ئەم سەربازە ئاساییەی کە لەتەنانێك نەبێ هیچی تر بۆ میوانە

به‌ڕێزه‌كه‌ى شك نابـات، ئه‌وا پادشـا - كـه لـه حـاڵى خزمـه‌تگوزاره ئه‌مين و دڵسۆزه‌كه‌ى ئاگاداره - لـه خواردنگه‌ى تايبـه‌تيى خۆيـه‌وه سينى‌يه‌كى پڕ لـه خۆشترين خۆراك بۆ ماڵى ئه‌و خزمه‌تگوزاره‌ى ده‌نێرێت و نايه‌ڵێت لـه بـه‌رده‌م ميوانه‌كه‌يدا دووچارى ڕووزه‌ردى ببێت!

جا هه‌روه‌ك خزمه‌تكارى پادشا لـه‌م حاڵـه‌دا بـه‌م جۆره‌يه، خزمـه‌تگوزارى ڕاست و دروسـتى قورئـانيش - هه‌رچـه‌نده لـه عـه‌وامى خـه‌ڵكيش بێـت - بـه هه‌مان جۆره. ئه‌وه‌نده هه‌يه كه ئه‌م فه‌رمانه‌كانى قورئانى پيرۆز به ناوى خودى قورئانـه‌وه و بـێ هيـچ دوودڵـى و ساردوسـڕى‌يه‌ك بـه گـه‌وره‌ترين مـرۆڤ ڕاده‌گه‌يه‌نێت و، گه‌وهه‌ره يه‌كجار به‌نرخـه‌كانى قورئـان به‌وپـه‌ڕى شـانازى و سـه‌ربه‌رزى و موحتـاج نـه‌بوون و بـێ هيـچ خـۆ زه‌ليـل كـردن و تكـا و پاڕانه‌وه‌يـه‌ك، بـه‌و كه‌سـانه ده‌فرۆشێت كـه ڕۆحيـان لـه هـه‌موو كه‌سـانى تـر ده‌وڵه‌مه‌ندتره!

جـا هـه‌موو ئـه‌و كه‌سـانه‌ى كـه لـه‌م ڕێيـه‌وه فه‌رمانـه‌كانى قورئانيـان پـێ ڕاده‌گه‌يـه‌نرێت و ئـه‌و گه‌وهـه‌ره به‌نرخانـه‌يان پـێ ده‌فرۆشـرێت، هه‌رچـه‌نده‌ش پله‌يان به‌رز بێت و خاوه‌نى مه‌قامێكى گه‌وره و بڵند بن، هه‌رگيز به‌رامبه‌ر بـه‌و خزمـه‌تگوزاره ئاسـاييه و لـه ده‌مـى ئه‌نجامدانى ئه‌ركى سه‌رشـانيدا خۆيـان بـه گه‌وره‌تر نازانن..

لـه هـه‌مان كـاتدا ئـه‌و خزمــه‌تكاره‌ش هـه‌رگيز لــه خـۆى بـايى نـابێت و سنوورى خـۆى ناشـكێنێت كاتـێ كـه ئـه‌و مـه‌رده مه‌زنانـه ده‌ڕۆن بـۆ لاى و سه‌ردانى ده‌كه‌ن!

خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ندێك له‌و كه‌سانه‌ى كه له به‌رده‌م گه‌وهـه‌ره‌كانى گه‌نجينـه‌ى خاوێنى قورئاندا تووشى سه‌رسامى و سه‌رسووڕمان بـوون، به چاوى وه‌لى و پياوچـاك و مرۆڤێكـى مه‌زنـه‌وه بڕواننـه ئـه‌و خزمـه‌تگوزاره، ئـه‌وا ميـهره‌بانيى

خاوێنی حەقیقەتی قورئان شایانی ئەوەیە و لێـی چاوەڕوان دەکرێت کـە هیممەت بکات و لە گەنجینـەی تایبـەتیی خواوەنـدەوە و بێ ئاگاداری و خۆ تێهەڵقورتاندنی ئەو خزمەتگوزارە، ڕێژنە و یارمەتییان بـە هاناوە بیات، تاکو خزمەتگوزارەکەی لـە بەردەم ئەو میوانـە بـەڕێزەیدا شـەرمەزار و ڕووزەرد نەبێت!

● خاڵی دووهەم:

نوێکار(مجدد)ی هـەزارەی دووهـەم (واتـە: ئیمـامی ڕەبیـانی ئەحمـەدی فاروقیی سەرهەندی، خوای لـێ ڕازی بێت) فەرموویەتی:

"دەرکـەوتن و ڕوون بوونـەوەی حەقیقـەتێکی ئیمـانم لـە هـەزار چێـژ و کەرامەت پێ باشترە". هـەروەها فەرموویـەتی: "ئـەنجام و ئامانجی سـەرجەمی تەریقەتە سۆفی‌یەکان بریتی‌یە لـە: دەرکـەوتن و ئاشکرابوونی ڕاستی‌یەکانی ئیمان".

جا مادەم ئەمە بڕیاری ڕابەرێکی مـەزنی تەریقـەت بێـت، ئـەوا کتێبـی "وتەکان" (کە بەوپەڕی ڕوونی ڕاستی‌یەکانی ئیمان دەردەخات و لە دەریـای نهێنی‌یەکانی قورئانەوە داچۆڕاوە) دەتوانێت ئەنجامە چاوەڕوان لێکراوەکانی "ویلایەت" بەدەستەوە بدات!

● خاڵی سێهەم:

سی ساڵ پێش ئێستا چـەند زللـەیەکی تونـد و بـەهێز لـە سـەر و گوێلاکـی "سـەعیدی کـۆن"ی بێ ئاگـا وەشـێنران. ناچـار بیری لـە کێشـەی "مـردن ڕاسـت و ڕەوایە" کـردەوە و، بینیی کـە سـەرتاپا لـەناو قوڕ و لیتـاودا نوقـم بـووە.. لـە تـاوا هـاواری فریـاگوزاریی لـێ هەڵسـا و بـە دوای ڕێگـای دەربازبوون و کەسێکی فریاگوزاردا دەگەڕا کـە دەستی بگرێت و لـەو بارە پەرێشانە قوتاری بکات. ئنجا ئەو ڕێگایانـەش کـە بۆ ئـەم مەبەستە دۆزینیەوە

له‌ناو خۆیاندا جیاجیا و به‌ش به‌ش بـوون! بۆیـه سه‌رسـام مـا و لـه تـاوا ده‌ستی دایه كتێبی "فتوح الغیب"ی شێخ عه‌بدولقادری گه‌یلانی - خوای لـێ ڕازی بێت - و به گه‌شبینییه‌وه كردیه‌وه. یه‌كسه‌ر ئـه‌م ده‌سته‌واژه‌یه‌ی تێدا به‌دی كرد كه ده‌فه‌رموێ:

"أنت في دار الحكمة فاطلبْ طبيباً يداوي قلبك"[1]!

ئه‌مه‌م زۆر به‌لاوه سه‌یر بوو! چونكه من ئه‌و كاته له ده‌زگای "دار الحكمـة الإسلامية"دا[2] ئه‌ندام بووم! وه‌ك بڵێی بۆ ئه‌وه هاتبمـه نـاو ئـه‌م ده‌زگایـه‌وه كـه زامه‌كانی نه‌ته‌وه‌ی ئیسلام ساڕێژ و چاره‌سـه‌ر بكـه‌م، كـه‌چی خـۆم لـه هـه‌موو كه‌سێك نه‌خۆشتر بووم و زیاتر پێویستم به ده‌رمان و چاره‌سه‌ر بوو! خۆ دیـاره ده‌بێ مرۆڤـی نـه‌خۆش پێـش هـه‌موو كه‌سێكی تـر خـه‌م بـۆ خـۆی بخـوات و چاره‌سه‌ری خۆی بكات.

بـه‌ڵێ، شـێخ وای پـێ وتم: تـۆ نه‌خۆشـیت.. پزیشـكێك پـه‌یدا بكـه بـا چاره‌سه‌رت بكات!

وتم:

- ئه‌ی شێخی به‌ڕێزم! تۆ ببه به پزیشكم.

ئیتر ده‌ستم دایـه خوێندنـه‌وه‌ی ئـه‌و كتێبـه بـه چه‌شنێك كـه وا بزانم ڕووی گوفتاری ڕاسته‌وخۆ ئاراسته‌ی من ده‌كات.

---

(١) ده‌قی ئه‌و ده‌سته‌واژه‌یه به‌م جۆره‌یه: "يا عباد الله! أنتم في دار الحكمة، لابد من الواسـطة، اطلبوا من معبودكم طبيباً يطب أمراض قلوبكم، مداوياً يداويكـم". بڕوانـه: "المجلـس الثـاني والستون" ص٣٠٦ ط دار الكتاب العربي. له كتێبی: (الفتح الرباني)ی شـێخی گـه‌یلانی كـه لـه چاپه پێشووه‌كاندا له‌گه‌ڵ كتێبی (فتوح الغيب)دا پێكه‌وه و به‌م ناوه‌ی دووهه‌م چاپ ده‌كران.
(وه‌رگێڕ)

(٢) بڵندترین ئه‌نجومه‌نی زانستیی سه‌ر به مه‌شیه‌خه‌تی ئیسلامیی ده‌وڵه‌تی عوسمانی بووه.
(وه‌رگێڕ)

لـه ڕاستیدا شێوازی گوفتـاری کتێبه‌کـه زۆر توندوتیـژ بـوو، غـروور و لـه‌خۆبایی بوونـی منـی تێکده‌شکاند و گه‌لــێ نه‌شـته‌رگه‌ریی قووڵــی لــه‌ناو ده‌روونمدا ئـه‌نجام دا. بۆیـه توانـای بـه‌رده‌وام بـوونم تێـدا نـه‌ما و وزه‌م لــێ بـڕا. چونکه به‌و چاوه ده‌مڕوانی‌یه گوفتاره‌کانی که ئاراسته‌ی منیان ده‌کات..

بـه‌ڵێ، بـه‌م چه‌شـنه تـا نزیکـه‌ی ناوه‌ڕاستی ئـه‌و کتێبـه‌م خوێنــده‌وه، بـه‌ڵام نـه‌متوانی چیـی تـر لـه‌سـه‌ری بـه‌رده‌وام بم و تـه‌واوی بکـه‌م. بۆیـه کتێبه‌کـه‌م خسـته‌وه جێـی خـۆی.. کـه‌چی پـاش تێپـه‌ڕبوونی ماوه‌یـه‌ك هه‌سـتم کــرد ئازاره‌کانی ئــه‌و نه‌شته‌رگــه‌ری و زامانـه کـۆتاییبیان پـێ هـاتووه و، چــه‌ندین چێژ و له‌زه‌تی سه‌یر و سه‌رسووڕهێنی ڕۆحییان لـه شـوێندا بـه‌جێ مـاوه. ئنجـا گه‌ڕامه‌وه سـه‌ری و، خـوێنـدنه‌وه‌ی کتێبـه‌کـه‌ی مامۆسـتای یه‌کـه‌مـم تـه‌واو کرد و، گه‌لــێ سـوودی مـه‌زنم لــێ ده‌سـت‌که‌وت و، چـه‌ند کـاتێکی دوور و درێژ خایه‌نم له‌گه‌ڵدا برده سه‌ر که تیایـاندا گوێـم لـه ویـرد و موناجاتـه نـه‌رم و خاوێنه‌کانی ئه‌و مامۆستایه‌م ده‌گرت.

پاشان کتێبی "مـه‌کتووبات"م که‌وتـه ده‌سـت، کـه هـی "ئیمـامی ئه‌حمـه‌دی فـاورووقیی سـه‌رهه‌ندی"ی نوێکـاری هـه‌زاره‌ی دووهه‌مـه. بــه نیـازی خـێر و گه‌شبینی‌یه‌کی خاوێنه‌وه ده‌سـتم دایـێ و کردمـه‌وه.. یه‌کسـه‌ر شتێکی سـه‌یرم تێدا بینی! چونکـه لـه دوو نامـه‌ی ئـه‌و کتێبـه‌دا وشـه‌ی "میرزا بـه‌دیعوززه‌مان" به‌کار هاتبوو! منیش وام هه‌ست کرد که له‌گه‌ڵ منی بێت و به ناوی خۆمـه‌وه بانگم بکات، چونکه باوکم ناوی "میرزا" بوو، هه‌ردوو نامه‌کـه‌ش ئاراسـته‌ی "میرزا به‌دیعوززه‌مان" ناوێك کرابوون!

له‌به‌ر خۆمه‌وه وتم:

- سبحان الله! ئه‌م نامه‌یه ڕاسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ منیه‌تی!

چونکـە سـەعیدی کـۆن بـە نازنـاوی "بـەدیعوززەمان" ناسـرابوو. خـۆ هەرچەندە جگە لە "هەمەدانی" - کە لە سـەدەی چوارەمـی کۆچیـدا ژیـاوە - کەسێکی ترم شك نەدەبرد بەم نازناوە بەناوبانگ بووبێت، کـەچی ئـەم نامەیـە ئەوەی دەگەیاند کە دەبێ کەسـێکی تری غـەیری "هەمـەدانی" هاوسـەردەمی ئیمـامی ڕەبـانیی سـەرهـەندی بووبێـت و، بەم نازنـاوە نامەکـەی ئاراسـتە کرابێـت و، دەشبێـت حاڵەتەکـەی ئـەو وەك هـی مـن وا بووبێـت، چونکـە دەرمانی دەردەکەی خۆمم لەو دوو نامەیەدا دەست کەوت!

ئیمامی ڕەبانی لەو دوو نامەیە و چەند نامەیەکی تردا ئامۆژگـاریی ئـەوەی دەکات کە:

"قیبلەی ڕوو تێکردنت بکە بە یەك"[1].

واتە: شوێن یەك پێشەوا و ڕابەر بکەوە و، بە غەیری ئەو ڕابـەرەوە سـەرقاڵ مەبە!

لە ڕاستیدا ئەم ئامۆژگاری‌یە لەگەڵ ئامادەیی و باری ڕۆحیی ئەو کاتـەمدا یەك نەدەکەوت. چونکە بیرم کردەوە لەوەی کە: ئایـا شـوێن کامیـان بکـەوم؟ لە پشت سەری ئەمیانەوە بڕۆم یان ئـەو؟ لـە ڕاسـتیدا گەلـێ سەرسام بـووم و نـەمدەزانی کامیـان هـەڵبژێرم. سەرسامی‌یەکەشـم زۆر خەسـت و چـڕ بـوو، چونکـە هەریەکـەیان تایبـەتکاری و جازیبییـەتی خـۆی هـەبوو. بۆیـە نـەمتوانی یەکێکیان هەڵبژێرم و دەست لەوی تریان هەڵبگرم!

کاتـێ مـن لـەم سەرسـامی و حەپەسـانە خەسـت و چـڕەدا دەتلامـەوە، خترورەیەکی ڕەحمانیم بە دڵدا هات کە پێی وتم:

---

(١) بڕوانە: "مكتوبات الإمام الرباني" ج١/ص٧٨ (وەرگێڕ)

سەرەتای سەرجەمی ئەم ڕێگایانە و.. سەرچاوەی ئەم هەموو جۆگەلانە و.. خۆری درەخشانی گشت ئەم هەسارە گەڕۆکانە تەنها هەر "قورئانی پیرۆز"ە. کەواتە یەکخستنی ڕاستەقینەی "قیبلە" لە شوێنکەوتنی "قورئانی پیرۆز"دایە. چونکە قورئانی پیرۆز بەرزترین ڕابەر و خاوێنترین مامۆستایە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕووم کردە قورئان و دەستم پێوە گرت و یارمەتی و فریاگوزاریم تەنها لە قورئان وەرگرت.

خۆ توانا و لێهاتنی پەرێشان و ناتەواوی من گەلێ لەوە دەستەوسان و کۆتاترە کە بتوانێت - وەك پێویست - لە ڕێژنەی بەخوڕەمی ئەو ڕابەرە حەقیقی‌یە بنۆشێت، کە وەك کانیاوێکی سەلسەبیل و ئاوی حەیات و ژیانبەخش وایە. بەڵام بە فەزلی خودی ڕێژنەی قورئان دەتوانین ئەو ڕێژنە و سەلسەبیلە بۆ کەسانی "ئەهلی دڵ" و "خاوەنی حاڵ" و هەریەکەیان بەپێی پلەی خۆی، ڕوون بکەینەوە.

کەواتە "وتەکان" و ئەو ڕووناکییانەش کە لە قورئانی پیرۆزەوە هەڵگۆزراون (واتە: پەیامەکانی نوور) تەنها چەند مەسەلەیەکی "زانستی" و "عەقڵی" نین، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا بریتین لە چەند مەسەلەیەکی "قەلبی" و "ڕۆحی" و چەند حاڵەتێکی "ئیمانی". واتە وەك چەند زانستێکی بەرز و بەنرخی خوایی و پەروەردگاری وان.

● حاڵی چوارەم:

هاوەڵە بەڕێزەکان و تابیعین و شوێنکەوتووانی تابیعینیش - خوایان لێ ڕازی بێت - کە خاوەنی بەرزترین پلەن و بەهرەمەندی "ویلایەتی کوبرا"ن، سەرجەمی لایەنە ناسکەکانیان ڕاستەوخۆ لە قورئانی پیرۆزەوە بەهرە و بەشی

خۆیان وه‌رگرتبوو. هه‌روه‌ك "قورئانی پیرۆز"یش "ڕابه‌ر"ێكی ڕاسته‌قینه و سه‌رووزیادیان بوو. ئه‌م ڕاستی‌یه‌ش به‌ڵگه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی كه قورئانی پیرۆز هه‌روه‌ك له هه‌موو كات و ڕۆژگارێكدا ڕاستی‌یه‌كانی خۆی ده‌رده‌بڕێت، به هه‌مان جۆر له هه‌موو كاتێكدا ڕێژنه‌كانی "ویلایه‌تی كوبرا"ش به‌و كه‌سانه ده‌به‌خشێت كه شایانیانن.

به‌ڵێ، ڕۆشتن و گوزه‌ركردن له دیوی "ڕواڵه‌ت"ی شتانه‌وه بۆ ناوجه‌رگه‌ی "حه‌قیقه‌ت" به دوو شێوه ده‌بێت:

یه‌كه‌میان: به‌وه ده‌بێت كه مرۆڤ بڕواته ناو به‌رزه‌خی "ته‌ریقه‌ت"ه‌وه و له ڕێی سه‌یر و سلووكه‌وه پله یه‌ك له دوای یه‌كه‌كانی تێدا ببڕێت، تا به "حه‌قیقه‌ت" ده‌گات.

شێوه‌ی دووه‌م: ڕۆشتنی ڕاسته‌وخۆیه بۆ ناو "حه‌قیقه‌ت" به‌هۆی سۆز و میهره‌بانی‌یه‌كی بێگه‌ردی خواییه‌وه، به‌بێ ڕۆشتنه ناو به‌رزه‌خی ته‌ریقه‌ت. ئه‌م ڕێگایه‌یان ڕێ‌یه‌كی تایبه‌تی و به‌رز و بڵند و یه‌كجار كورته و، بریتی‌یه له ڕێی هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌كان و تابیعین، خوایان لێ ڕازی بێت.

جا ئه‌و ڕووناكییانه‌ی كه داچۆڕاوی ڕاستی‌یه‌كانی قورئانن.. هه‌روه‌ها "وته‌كان"یش كه ئه‌و ڕووناكییانه ده‌رده‌خه‌ن و له خوێنه‌ران و بیسه‌رانیان ده‌گه‌یه‌نن، ده‌گونجێ خاوه‌نی هه‌مان تایبه‌تكاری بن. وه‌ك له ڕاستیشدا خاوه‌نی ئه‌و تایبه‌تكارییانه‌ن!

● خاڵی پێنجه‌م:

وا به پێنج نموونه‌ی جوزئی ڕوونی ده‌كه‌ینه‌وه كه "وته‌كان" هه‌روه‌ك "ڕاستی‌یه‌كانی قورئان" فێری خه‌ڵكی ده‌كه‌ن، له هه‌مان كاتدا ئه‌ركی "ئیرشاد"یش ڕاده‌په‌ڕێنن:

❖ *نموونەی یەکەم:*

هەر خۆم لە خۆمدا و لە دوای هەزاران – نەك دەیان و سەدان – ئەزموونی دووپات بووی خۆمەوە قەناعەتی تەواوم کرد کە: "وتەکان" و ئەو نوورانەش کە ڕێژنەی قورئانی پیرۆزن هەروەك ڕابەرایەتی "ژیری"م دەکەن و وانەی زانستەکانی پێ دەڵێنەوە، بە چەندەها حاڵەتی ئیمانیش تەڵقینی "دڵ"م دەکەن و گەلێ تام و چێژی ئیمانییش دەرخواردی "گیان"م دەدەن..

ئیتر بەم جۆرە و لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی دنیامدا وەکو ئەو موریدەم لێ هاتووە کە چاوەڕوانیی یارمەتی و مەدەد لە شێخە خاوەن کەرامەتەکەی دەکات. چونکە منیش وەکو ئەوم لێ هاتووە و، یارمەتی و مەدەد لەو نهێنییە خاوەن کەرامەتانەی قورئان وەردەگرم و، هێنانەدیی خواست و پێداویستییەکانیشم هەر لەوان چاوەڕوان دەکەم. لە ڕاستیشدا هەموو ئەو خواستانەم لەم ڕێیەوە و بە جۆرێك کە چاوەڕوان نەکراوە و لە حسابدا نەبووە، بۆ دەهاتنە دی!

وا لێرەدا تەنها دوو نموونەی ئەو ڕووداوە جوزئییانە باس دەکەم کە بەهۆی بەرەکەتی نهێنییەکانی قورئانەوە هاتوونەتە دی:

یەکەم:

ئەو ڕووداوەیە کە بە درێژی لە "مەکتووبی شازدەهەم"دا ڕوون کراوەتەوە و بریتییە لەوەی: کولێرەیەکی گەورە و نائاسایی، پێش چاوی "سلێمان"ی میوانم خرا، کە لەسەر درەختێکی قەتران دانرابوو. ئێمەش دوو ڕۆژی تەواوەتی لەو دیارییە غەیبییەمان خوارد (لە کاتێکدا کە هیچ شتێکم شك نەدەبرد بۆ میوانەکەمی دابنێم).

دووهەم:

مەسەلەیەکە تابلێی جوزئی و ناسکە و لەم ڕۆژانەدا ڕووی داوە، کە بریتی‌یە لەمەی خوارەوە:

ڕۆژێکیان لە پێش نوێژی بەیانیدا قسەیەکم هاتەوە یاد کە لە لایەن منەوە بە کەسێك وتراوە و، بە چەشنێکی وەهاش ئەو قسەیە کراوە کە ئەو کەسە دووچاری گومان و دوودڵی بکات. لە دڵی خۆمدا وتم: خۆزگا ئەو کەسەم دەبینی تاکو ئەو لەکە و تەپ و تۆزانەی لەسەر پەڕەی دڵی نیشتوون بیانتەکێنم و لایان بەرم. هەر لەو دەقیقەیەدا بیرم کەوتەوە کە پێویستم بەو بەشەی کتێبەکەمە کە ڕەوانەی شاری "نیس" کراوە و، لەبەر خۆمەوە وتم: خۆزگا ئەو بەشەی کتێبەکەمم دەهاتەوە دەست.

لە دوای نوێژی بەیانی دانیشتبووم، کتوپڕ ئەو کەسەی کە لە پێش نوێژەکەم بە خەیاڵمدا هات، خۆی کرد بە ژووردا و ئەو بەشەی کتێبەکەشمی بە دەستەوە بوو کە لەو کاتەدا پێویستم پێی بوو!!

لێم پرسی:

- ئەوە چی‌یە بە دەستەوە؟

وتی:

- نازانم! لە بەردەرگادا بە یەکێك گەیشتم کە لە "نیس"ەوە هاتبوو، ئەمەی دامێ و منیش وا بۆم هێنایت!

بە سەرسووڕمانەوە لەبەر خۆمەوە وتم:

- سبحان الله! دەرچوونی ئەم پیاوە لە ماڵی خۆی و گەیشتنی ئەم بەشەی وتەکانیش لە "نیس"ەوە لەم کاتەدا، هەرگیز ئاسەواری "ڕێکەوت"ی پێوە نی‌یە. بەڵکو تەنها هیممەتێکی قورئانی پیرۆزە کە ئەم بەشەی کتێبەکەی لە هەمان کاتدا دایە دەستی ئەو کەسە و لەو ڕێیەوە بۆی ناردم!

ئیتر سوپاسێکی زۆری خوای گەورەم کرد.

کەواتە ئەو کەسەی کە شارەزای وردترین، بەڵکو بێ بایەخترینی، خواست و ئارەزووەکانی دڵی منە، هەردەم لە ئامێزی میهرەبانیی خۆیم دەگرێت و، لە لایەن خۆیەوە پارێزگاریم دەکات. ئیتر هەرگیز ناڕۆمە ژێر کۆڵی منەت و چاکەی هیچ کەسێکەوە لە سەرتاسەری دنیادا و، بەخشش و چاکەی هیچ کەسێك وەرناگرم.

❖ *نموونەی دووهەم:*

"عەبدوڕڕەحمان"ی برازام هەشت ساڵ پێش ئێستا بەجێی هێشتم و لێم دوور کەوتەوە. خۆ هەرچەندە لەم ماوەیەدا لەکەی بێ ئاگایی و شوبهە و گومان و وەهمەکانی دنیای بەرکەوتبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گومانێکی باشی لە ڕادەی خۆم زیاتری پێم هەبوو. بۆیە داوای لێ کردم هیممەتێکی ئەوتۆی فریا بخەم کە من شکی نابەم و لە توانامدا نی‌یە. بەڵام هیممەت و یارمەتیی فریاگوزاریی "قورئانی پیرۆز" فریای کەوت و ڕۆشت بە هانایەوە، چونکە سێ مانگ پێش وەفاتی، "وتەی دەهەم"ی بەدەست گەیاندبوو، کە تایبەتە بە "حەشر"ەوە!

ئەو پەیامەش لە ڕووی پاکژکردنیەوە لە چڵك و چەپەڵی‌یە مەعنەوی‌یەکان و لێڵاییەکانی وەهم و گومان و بێ ئاگایی، ڕۆڵی خۆی لەودا بینیبوو. تەنانەت بەرەو پلەیەکی وەك پلەی "ویلایەت" بەرزی کردبووەوە، چونکە سێ دانە کەرامەتی ئاشکرای لەو نامەیەدا دەرخستبوو کە پێش وەفاتی بۆی نووسیبووم! ئەو نامەیەش لە ناوەندی بڕگەکانی "مەکتووبی بیست و حەوتەم"دا تۆمار کراوە. با سەیر بکرێت.

❖ *نموونه‌ی سێهه‌م:*

برایه‌كی قیامه‌تیم كه له هه‌مان كاتدا قوتابیشم بوو، هه‌روه‌ك له ئه‌هلی دڵ و خاوه‌نی ته‌قواش بوو، كه به‌ڕێز "حه‌سه‌ن ئه‌فه‌ندی"یه و خه‌ڵكی شاری "بوردوور"ه.. ئه‌م برایه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی گومانێكی باشی له توانا و سنووری خۆم زیاتری به من هه‌بوو، چاوه‌ڕێی هیممه‌ت و مه‌ده‌دێكی له‌م هه‌ژاره ده‌كرد به وێنه‌ی ئه‌وه‌ی كه له وه‌لی‌یه‌كی مه‌زنه‌وه چاوه‌ڕوان ده‌كرێت.

كتوپڕ و به بێ هیچ بۆنه‌یه‌ك په‌یامی "وته‌ی سی و دووهه‌م"م دا به یه‌كێكی گوندنشینی ده‌وروبه‌ری شاری "بوردوور" تاكو بیخوێنێته‌وه. پاشان "كاك حه‌سه‌ن"یشم بیركه‌وته‌وه و، به‌م برایه‌م وت: "گه‌ر سه‌ردانی بوردوورت كرد ئه‌م په‌یامه به ده‌ستی كاك حه‌سه‌نیش بگه‌یه‌نه تاكو له ماوه‌ی چه‌ند ڕۆژێكدا ئه‌ویش بیخوێنێته‌وه". ئیتر ئه‌م پیاوه كه سه‌فه‌ری كرد، ڕاسته‌وخۆ په‌یامه‌كه‌ی دایه ده‌ستی كاك حه‌سه‌ن. ئه‌م ڕووداوه‌ش چل ڕۆژ پێش كۆچی ماڵئاوایی كاك حه‌سه‌ن ڕووی دا!

كاتێ كه په‌یامه‌كه‌ی به‌ده‌ست گه‌یشت، به شه‌وق و تاسه‌مه‌ندی‌یه‌وه وه‌ری گرت و له‌گه‌ڵیدا ژیا و به وێنه‌ی مرۆڤێكی تینوو بۆ ئاوی سه‌لسه‌بیل، له ڕاستی‌یه‌كانی ئه‌و په‌یامه‌ی نۆشی. ئنجا هه‌تا خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و په‌یامه‌شی دووپات بكردایه‌ته‌وه پتر له ڕێژنه‌كانی به‌هره‌مه‌ند ده‌بوو. هه‌ر به‌م چه‌شنه له خوێندنه‌وه‌یدا به‌رده‌وام بوو هه‌تا ده‌رمانی ده‌رده‌كه‌ی خۆی تێدا دۆزی‌یه‌وه، به تایبه‌ت له باسی "خۆشه‌ویستیی خوای گه‌وره" له هه‌ڵوێستی سێهه‌می ئه‌و په‌یامه‌دا. ته‌نانه‌ت چه‌ندین ڕێژنه‌ی ئه‌وتۆی له‌و په‌یامه به‌ده‌ست هێنا كه پێشتر له "قوتبی ئه‌عزه‌م"ی چاوه‌ڕوان ده‌كردا هه‌تا به‌پێی خۆی و به ساغ و سه‌لامه‌تی ڕۆشت بۆ مزگه‌وت و نوێژه‌كه‌ی له‌وێ ئه‌دا كرد، ئنجا هه‌ر له‌وێ گیانی سپاردا ڕه‌حمه‌تی فراوانی خوای لێ بێت.

❖ *نموونەی چوارەم:*

بەڕێز کاك "خلووصی" هیممەت و یارمـەتی و ڕێژنـە و نووریکـی ئـەوتۆی لە "وتەکان"ەوە - کە ڕوونکەرەوەی نهێنی‌یەکانی قورئانن - دەست کـەوت کـە زۆر زیـاتر بـوون لـەو هیممـەت و مـەدەد و ڕێژنەیـەی لـە "تەریقـەتی نەقشبەندی"دا بەدەستی هێنا، کـە گرنگـترینی تەریقەتەکانـە و لـە هەمووشیان کاریگەریی زۆرترە. ئەم شایەتی‌یەشی لە "مەکتووبی بیست و حەوتەم"دا باس کراوە.

❖ *نموونەی پێنجەم:*

"عـەبدولمەجیـد"ی بـرام بـەهۆی کۆچـی دوایـی "عەبدوڕڕەحمـان"ی برازامەوە و، لەبەر چەند بارودۆخێکی ئازار بەخش و خەمگینەوە، هەستی بـە شلەژان و داڕمانێکی توند و بەهێز دەکرد لە ناخی خۆیدا. ئنجا ئومێـدەواری هیممەت و مەدەدێکی مەعنەویی ئەوتۆ بوو لە لایەن منەوە کە لـە توانـای منـدا نین. خۆ هەرچەندە من نامەم بۆ نـەدەنارد، کـەچی کتوپڕ چـەند پەیامێکم لـە "وتەکان" بۆ ڕەوانە کرد، ئەویش لە دوای خوێندنـەوەی ئـەو وتانـە نامەیـەکی بۆ ناردم کە تیایدا نووسیبووی: "سوپاس بۆ خوا! ڕزگارم بوو.. چونکە پێش نـاردنی ئـەم وتانـە وەخـت بـوو شـێت بـبـم! بـەڵام هەریـەك لـەو وتانـە جێـی ڕابەرێکیان بۆ من گرتەوە. خۆ ئەگەر تەنها یەك ڕابەرم لـێ دوور کەوتبێتـەوە، ئەوا بە یەك جار چەندین ڕابەری زۆرم دەست کەوت و، سوپاس بۆ خـوا لـەو بارە پەرێشانە ڕزگارم بوو". منیش لە لایەنی خۆمەوە کـە سـەیری حـاڵی ئـەوم کرد و سەرنجم دا، بۆم دەرکەوت ڕێگا و ڕێبازێکی جوانی گرتووەتەبەر و، بە فەزڵی خوای گەورە لەو حاڵەت و بارودۆخانەی پێشووی ڕزگاری بووە.

گەلـێ نموونەی زۆری تر هەن کـە لـەم پێنـج نموونـە باسـکراوانە دەچـن و، هەر هەمووشیان ڕوونی دەکەنەوە کە:

زانستە ئیمانیی‌یەکان گەر بێت و وەك چارەسەری مەعنەوی و بەپێی پێویست و بە وێنەی دەرمانی نەخۆشی‌یەکان ڕاستەوخۆ لە نهێنیی‌یەکانی قورئانی پیرۆزەوە وەربگیرێن و بە کردەوە تاقی بکرێنەوە، ئەوا ئەو زانستە ئیمانی و دەرمانە ڕۆحانییانە سەروزیادی ئەو کەسەن کە هەست دەکات پێویستی پێیانە و، بە ئیخلاسێکی گەرموگوڕ و تەواوەتی‌یەوە بەکاریان دەهێنێت. ئیتر بارودۆخی فرۆشیار و دەلاڵی ئەو دەرمانانە هیچ کاریگەری‌یەکی لەو چارەسەرکردنەدا نی‌یە. واتە ئەو فرۆشیارە چ کەسێکی ئاسایی و موفلیس و چ دەوڵەمەندێکی خاوەن پلە و پایە بێت و چ خزمەتگوزارێکی هەژار بێت، سەبارەت بەو چارەسەرییانە یەکسانە و هیچ کارێك ناکاتە سەر دەرمانەکان.

بەڵێ، مادەم "خۆری درەخشان" هەڵهاتبێت، پێویست بە داگیرساندنی "مۆم" نامێنێت!

خۆ مادەم من خودی "خۆر"ە درەخشانەکە ڕوون دەکەمەوە، ئەوا نە پێویستیی بە من پەیدا دەبێت و نە هیچ واتایەکیش لەوەدا هەیە کە داوای ڕووناکیی مۆمێك لە خودی خۆم بکرێت، بە تایبەت گەر نەمبێت و شکی نەبەم. بەڵکو لە هەموو شتێك پێویستترە کە ئەو برایانە بە دوعا و نزاکانیان، تەنانەت بە هیممەتی خۆیشیان، یارمەتیم بدەن و پشتم بگرن. چونکە من مافی خۆمە داوای یارمەتی و پشتگیری لەوان بکەم و، دەبێت ئەوانیش بەو ڕێژنە نوورانی‌یەی "پەیامەکان" ڕازی بن و سەروزیادیان بێت.

﴿سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا إِلاّ ما عَلَّمْتَنا إنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيم﴾.

اللّهم صل على سيدنا محمد صلاةً تكونُ لك رضاءً ولحقّه أداءً وعلى آله وصحبه وسلم.

کلیلی چەند نهێنی‌یەك

ئەم لقە دوو نهێنیی ئەوتۆ ڕوون دەکاتەوە کە کلیلی گەلێ ڕاز و نهێنیی زۆریان تێدایە.

☐ نهێنیی یەکەم:

بۆچی زۆرجار کەشف و شهوودی ئەولیاکان لە یەك ناچن، هەرچەندەش ئەوان لە "بناغەکانی ئیمان"دا یەکیان گرتووە، ئەوەتا هەندێ جار کەشفەکانیان کە لە پلەی "شهوود"یشدان، پێچەوانەی واقیع دەردەکەون؟!

بۆچی کەسانی خاوەن فیکر و نەزەر لە بیر و بۆچوونەکانیاندا بە پێچەوانەی یەکتر "حەقیقەت" دەبینن و ڕوونی دەکەنەوە، لە کاتێکدا کە هەموو یەکێك لەوان، بە بەڵگەی گومانبڕ حەقبوونی "حەقیقەت" دەچەسپێنن؟ بۆچی وا "حەقیقەت" چەند ڕەنگێکی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت؟

☐ نهێنیی دووهەم:

بۆچی پێغەمبەرانی پێشین - درووودیان لەسەر بێت - هەندێك لە پایەکانی ئیمانیان، وەك حەشری جیسمانی، تا ڕادەیەك بە کورتی باس کردووە و بە وێنەی قورئانی پیرۆز بە درێژی لێی نەدواون، بە ڕادەیەك کە هەندێك لە نەتەوەکانی ئەوان - لە دوای خۆیان - ئینکاریی ئەو پایانەی ئیمانیان کردووە کە بە کورتی بۆیان باس کراوە؟

پاشان بۆچی بەشێك لە ئەولیا خواناسە ڕاستەقینەکان تەنها لە "تەوحید"دا پێشکەوتوون و تەنانەت تیایشیدا گەیشتوونەتە پلەی "حق الیقین"، کەچی هەندێ پایەی تری ئیمان، لە مەشرەبەکانی ئەواندا، بە کورتی دیارە یان بە دەگمەن دەبینرێت، تەنانەت هەر لەبەر ئەم هۆیە، لە دوای خۆیان، شوێنکەوتووەکانیان بایەخی پێویستیان بەو پایانەی تری ئیمان نەداوە، بەڵکو هەندێکیشیان لە ڕێ ترازاون و گومڕا بوون؟!

خۆ مادەم کەماڵی ڕاستەقینە بە دەرکەوتنی "سەرجەمی پایەکانی ئیمان" بەدەست دەهێنرێت، ئەدی چۆن "ئەهلی حەقیقەت" لە هەندێکیاندا پێش کەوتن و لە هەندێکی تریشیاندا دواکەوتن؟ لە کاتێکدا پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ کە پێشەوای پێغەمبەرانە و، بەهرەمەندی پلە هەرە مەزنەکانی گشت ناوە جوانەکانی خوای گەورەیە.. هەروەها قورئانی حەکیمیش کە پێشەوای هەموو کتێبە ئاسمانییەکانە، هەردووکیان بە ئاشکرا و ڕوونی و بە شێوازێکی جیددی و ئامانجدار، درێژەیان بە ڕوونکردنەوەی سەرجەمی پایەکانی ئیمان داوە؟

وەڵام:

بەڵێ وایە، چونکە لە ڕاستیدا کەماڵی ڕاستەقینە و تەواوەتی بەو جۆرەیە!

حیکمەتی ئەم نهێنییانەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

"مرۆڤ" هەرچەندە توانای گەیشتنی بە سەرجەمی کەمالات و بەدەستهێنانی نوورەکانی هەموو ناوە جوانەکانی خوای گەورەی تێدایە، کەچی دەچێ لە ناوەندی هەزاران پەردە و بەرزەخدا بە دوای "ڕاستی"دا دەگەڕێت، چونکە توانا و ئیختیاری ئەو هەندەکین و لێهاتن و ئارەزووەکانیشی جیاجیا و جۆراوجۆرن. لەبەر ئەمەیە کە لە دەمی

دەرکەوتنی "ڕاستی" و بینینی "حەق"دا، پەردە و بەرزەخەکان دەکەونە نێوانەوە و، هەندێ کەسیش ناتوانێت لە بەرزەخەکانەوە تێپەڕ ببێت.

ئنجا لەبەر ئەوەش کە توانا و لێهاتنەکان لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازن، ئەوا توانا و لێهاتنی هەندێکیان لە دۆخێکی وەهادایە کە نابێ بە مایە و هۆی دەرکەوتنی هەندێ لە پایەکانی ئیمان.

پاشان بە گوێرەی جۆراوجۆریی بەدەستهێنانی: "شایستەیی لێ دەرکەوتنی ناوەکان" جۆرەکانی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خوای گەورەش جۆراوجۆر دەردەچن و، هەندێ لەو کەسانەی کە بە: شایستەیی لێ دەرکەوتنی یەکێك لەو ناوانە بەهرەمەند بووە، ناتوانێت ببێت بە مایەی لێ درەوشانەوەی تەواوەتیی ئەو ناوە. ئەمە جگە لەوەی کە درەوشانەوەی ناوەکانیش لە شتاندا، بە گوێرەی: (هەمەکێتی و، هەندەکێتی و، سێبەرایەتی و، ڕەسەنایەتیی درەوشانەوەکە) چەند شکڵ و شێوەیەکی دیاری کراو دەگرنە خۆیان و، توانا و لێهاتنی هەندێ کەس هێندە کۆتایە کە ناتوانێت "هەندەکێتی" ببڕێت و لە ژێر "سێبەر" دەربچێت. ئنجا هەندێ جار، بەپێی توانا و لێهاتنەکان، یەکێك لە ناوەکان بەسەر ئەو توانا و لێهاتنەدا زاڵ دەبێت و تەنها حوکمی خۆی جێبەجێ دەکات.

وا ئەم نهێنییە قووڵ و تەماوییە و ئەم حیکمەتە فراوانە، بە چەند ئاماژەیەك لە نێوان "نموونە هێنانەوە"یەکی فراواندا، کە تا ڕادەیەك "حەقیقەت"ی ئاوێتە بووە، ئاماژەی بۆ دەکەین:

گریمان "گوڵ"ێکی نەخشین و، "دڵۆپ"ە ئاوێکی زیندووی شەیدای مانگ و، "نم"ێکی ساف و بێگەردی ڕووبەڕووی خۆر هەبن، بە چەشنێ کە هەر یەکەیان خاوەنی هەست و نەست و، دارای کەماڵ بن و، شەوق و تاسەشیان بۆ ئەو کەماڵە تێدا بێت.

ئـه‌م سـێ شـته ئامــاژه بــۆ گه‌لــێ ڕاسـتيى زۆر ده‌كــه‌ن، سـه‌ره‌ڕاى ئاماژه‌كردنيشيان بۆ ڕێ بڕينى "نه‌فس" و "عه‌قڵ" و "ڕۆح". هه‌روه‌ها نموونـه‌ن بۆ سێ توێژ و چينى ئه‌هلى حه‌قيقه‌ت[1]:

چينى يه‌كه‌م:

ئه‌هلى فيكر و، ئه‌هلى ويلايه‌ت و، ئه‌هلى نبووه‌ت.. كه‌واته ئه‌م سێ شتانه ئاماژه‌ن بۆ ئه‌وان.

چينى دووه‌م:

ئه‌وانه‌ن كه به چه‌ند ئامێرێكى جه‌سته‌يى (واته له ڕێى هه‌سته‌كانه‌وه) به‌ره‌و "حه‌قيقه‌ت" ڕێ ده‌بڕن تاكو بگه‌ن به كه‌ماڵاتى خۆيان..

هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ن كه به موجاهـه‌ده كـردن، لـه ڕێـى پـاكژ كردنـى نـه‌فس و به‌كارخستنى عه‌قڵ، به‌ره‌و "حه‌قيقه‌ت" هه‌نگاو ده‌نێن..

هــه‌روه‌ها ئه‌وانـه‌ش كـه بــه‌هۆى خــاوێن كردنــه‌وه‌ى دڵ و، ئيمــان و، ملكه‌چى‌يه‌وه، به‌ره‌و "حه‌قيقه‌ت" ده‌ڕۆن.

جا ئه‌م سێ شتانه، ئاماژه‌ن بۆ ئه‌و سێ تاقمه‌ش.

چينى سێ‌هه‌م:

ئه‌وانـه‌ن كـه بـۆ گه‌يشـتن بـه "حه‌قيقـه‌ت" ته‌نـها ڕێـى "به‌ڵگه‌هێنانـه‌وه"يـان گرتووه‌تـه بـه‌ر و، وازيـان لــه "خۆپه‌رسـتى" و "غــروور" نــه‌هێناوه و، لــه ئاسه‌واره‌كانيشدا گه‌لـێ ڕۆچوون..

هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ن كه له ڕێى "زانست" و "دانسـت" و "مه‌عريفـه‌ت"ه‌وه بـه شوێن "حه‌قيقه‌ت"دا ده‌گه‌ڕێن..

---

(١) له هه‌موو توێژێكيشدا سێ تاقم هه‌ن. كه‌واته لـه‌و سێ نموونه‌يـه‌ى كـه لـه ته‌مسيله‌كه‌دا هـه‌ن ڕوويان لـه هه‌رسێ تاقمه‌كانى هه‌موو چينه‌كانه، ته‌نانه‌ت لـه هه‌ر نۆيان نه‌ك ته‌نها سيان. (دانه‌ر)

هەروەها ئەوانەن کە بە هـۆی "ئیمـان" و "قورئـان" و لـە ڕێـی "هـەژاری و بەندایەتییەوە" زۆر بە خێرایی دەگەنە "حەقیقەت".

جـا ئـەو سێ شتانە، چـەند نموونـە هێنانەوەیـەکن ئامـاژە بـۆ حیکمـەتی جیاوازی و جۆراوجۆریی توانا و لێهاتنەکانی ئەو سێ تاقمەش دەکەن.

وا هەوڵ دەدەین لە ناوەندی نموونەیـەکدا و لـە ژێـر ناونیشـانی: "گـوڵ" و "دڵۆپ" و "نم"دا، ئەو نهێنییە ورد و حیکمەتە فراوانە ڕوون بکەینەوە کـە لـە بەرزبوونەوەی ئەم سێ چینەدا هەن:

"خۆر"، بە فەرمان و ڕوخسـەتی بەدیهێنەرەکەی، سێ جۆری جیاجیـای دەرکەوتن و ڕەنگدانەوە و، ڕووناکی بەخشینی هەیە.

یەکێکیان: لە سەر گوڵەکان.

یەکێکی تریان: لە سەر مانگ و هەسارە گەڕۆکەکان.

ئەوی تریان: لـە سەر ماددە بریسکەدارەکانی وەك شووشە و ئاو.

یەکەمین درەوشانەوەی خۆر، دەرکەوتنیەتی بە سێ شێوە:

شێوەی یەکەم: دەرکـەوتنێکی "هەمـەکی" و ڕەنگدانەوەیـەکی گشـتییە، کە بریتییە لـە بەخشینی ئەو ڕووناکییە بە سەرتاسەری "هەموو گوڵەکان".

شێـوەی دووهـەم: دەرکـەوتنێکی "تایبـەتی"یـە، کـە بریتییـە لـە ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی بەپێی توانای هەموو یەکێك لە "جۆرەکانی گوڵ".

شێوەی سێهەم: دەرکـەوتنێکی "جوزئـی"یـە، کـە ڕووناکیبەخشـینیەتی بەپێی کەسایەتیی یەك بە یەکی هەموو "گوڵێك".

دەبێ ئـەوەش یـاد بخەینـەوە کـە ئـەم نموونەیـەمان لەسـەر ئـەو ڕا و بۆچوونـە بنیات نراوە کە پێی وایە: ڕەنگە نەخشینەکانی گـوڵ، لـە ڕووناکـی دانـەوەی توانەوە و شیتەڵ بوونی حەوت ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆرەوە پەیدا دەبن. جـا بەپێی ئەم ڕا و بۆچوونە، گوڵەکانیش جۆرە ئاوێنەیەکی خۆرن.

دووهه‌مین دره‌وشانه‌وه‌ی خۆر بریتی‌یه له‌و ڕێژنه‌ی نوور و ڕووناكی‌یه‌ی كه خۆر - به ئیزنی به‌دیهێنه‌ری دانا - له مانگ و هه‌ساره گه‌ڕۆكه‌كانیدا ده‌یداته‌وه.

كه‌واته "مانگ" دوای ئه‌وه‌ی ئه‌م ڕێژنه هه‌مه‌كی و نووره فراوانه‌ی به‌سه‌ردا ده‌ڕێژرێت، سوودێكی "هه‌مه‌كی" له‌و ڕووناكی‌یه وه‌رده‌گرێت كه له حوكمی سێبه‌رێكدایه بۆ ڕووناكیی خۆر و..

پاشان به شێوه‌یه‌كی "تایبه‌تی" له‌م ڕووناكی‌یه‌ی كه پێی به‌هره‌مه‌ند بوو، ده‌دات به ده‌ریاكان و، هه‌وا و، گڵی بریسكه‌دار.

ئنجا به شێوه‌یه‌كی "هه‌نده‌كی"ش به‌سه‌ر بڵقه‌كانی ئاو و، وردیله‌كانی گڵ و، گه‌ردیله‌كانی هه‌وادا په‌خشیان ده‌كات.

سێهه‌مین دره‌وشانه‌وه‌ی خۆر بریتی‌یه له‌و ڕووناكی دانه‌وه ساف و "هه‌مه‌كی" و "بێ سێبه‌ر"ه‌ی خۆر كه هه‌ریه‌ك له: هه‌وای نێوان ئاسمان و زه‌وی و، ڕووی ده‌ریاكان، ده‌كات به ئاوێنه‌ی خۆی..

پاشان ئه‌و خۆره، "وێنه جوزئی"یه‌كه‌ی و "په‌یكه‌ره بچووككراوه"كه‌ی خۆی ده‌دات به هه‌موو یه‌كێك له: بڵق و دڵۆپه‌كانی ده‌ریاكان و، دڵۆپه‌كانی ئاو و، نمه‌كانی هه‌وا و، كلووه‌كانی به‌فر.

به‌م جۆره بینیمان كه "خۆر" له‌و سێ ڕووه ناوبراوانه‌وه، ڕێژنه و ڕووتێكردنی خۆی ئاراسته‌ی هه‌موو گوڵێك و، گشت دڵۆپه ئاوێكی ڕووبه‌ڕووی خۆر و، هه‌موو نمێك ده‌كات، به دوو ڕێگه له هه‌ریه‌كه‌یاندا..

ڕێی یه‌كه‌م: ڕووناكی‌به‌خشینی ڕاسته‌وخۆ، بێ ئه‌وه‌ی ئه‌و ڕووناكی‌یه به ناو به‌رزه‌خ و په‌رده‌كاندا تێپه‌ڕ ببێت.. ئه‌م ڕێیه ڕێگای "نبووه‌ت" ده‌نوێنێت.

ڕێی دووهەم: بەرزەخەکانی ئاوێتە دەبێ، چونکە قابیلییەتی ئاوێنە و شتە ڕووناکی دەرخەرەکان هەریەکەیان ڕەنگێك بەسەر درەوشانەوەی خۆردا دەدەن.. ئەم ڕێیە ڕێگای "ویلایەت" دەنوێنێت.

بەم جۆرە، هەریەك لە "گوڵ" و "دڵۆپ" و "نم" لە ڕێی یەکەمدا دەتوانێت بڵێت: "من ئاوێنەی خۆری سەرانسەری جیهانم" بەڵام ناتوانێت لە ڕێی دووهەمدا ئەمە بڵێت، بەڵکو دەڵێت: "من ئاوێنەی خۆرەکەی خۆمم" یان "من ئاوێنەی ئەو خۆرەم کە بەسەر جۆر و هاوڕەگەزەکەمدا درەوشاوەتەوە". لەبەر ئەوەی لەم ڕێیەدا ئەو بەم شێوەیە خۆر دەناسێت و، ناتوانێت ئەو خۆرە ببینێت کە ڕووی لە سەرانسەری جیهانە..

چونکە خۆری ئەو کەسە، یان ئەو جۆرە، یان ئەو ڕەگەزە، لە ناوەندی بەرزەخێکی تەسك و پابەندییەکی دیاری کراودا لێی دەردەکەوێت. دیارە ئەو "خۆرە پابەندە" ناتوانێت ئاسەواری "خۆری ڕەها"ی بێ پابەندی و بێ بەرزەخ ببەخشێت. واتە ناتوانێت بە بینینی "دڵ" گەرمی و ڕووناکی بە سەرتاسەری ڕووی زەوی ببەخشێت و، ژیانی سەرجەمی زیندەوەران و ڕووەکەکان بخاتە گەڕ و، هەسارەکانیش بە دەوری خۆیدا بخولێنێتەوە و، ئاسەوارە مەزنە شکۆدارەکانی وەك ئەمانە ئەنجام بدات.

بەڵێ، هیچ کام لەو سیانەی کە بە گریمان وامان دانا خاوەن هەست و شعوور بن، ناتوانن - لەم ڕێی دووهەمەدا - ئەو ئاسەوارانە بەو خۆرە ببەخشن کە لە ناو پابەندییە تەسك و بەرزەخە سنووردارەکەدا بینییان. خۆ ئەگەر ئەوان ئەو ئاسەوارە سەرسووڕهێنەرانەی کە لە ژێر ئەو پابەندییەوە دەیبینن بە خۆری ڕەهای ببەخشن، ئەوا تەنها لە ڕوویەکی عەقلی و ئیمانیی ڕووتەوە - نەك بە شهوودی دڵ - دەیبەخشن پێی و، بە تەسلیم بوونێکی تەواو بەوەی کە پێیان وا دەبێ ئەو خۆرە پابەندە خودی خۆرە ڕەهاکەیە!

جا گێڕانەوەی ئەم حوکمانە (واتە ئەم ئاسەوارە مەزنانە) لە لایەن ئەو "گوڵ" و "دڵۆپ"و "نم"ەی کە بە گریمان وەك مرۆڤی ژێر دامان نان، بۆ خۆرەکانیان، گێڕانەوەیەکی "عەقلی"یە نەك "شهوودی"، تەنانەت هەندێ جار "بڕیارە ئیمانیی‌یەکانیان" لەگەڵ "بینراوە گەردوونیی‌یەکانیان"دا پێچەوانەی یەك دەردەچن و، گەلێ بە سەختی تەصدیقیان دەکەن.

* * *

دەبا ئێمە هەرسێکمان بۆ خۆشمان بڕۆینە ناو ئەم تەمسیلەی کە ئاوێتەی حەقیقەتە و هێندەش تەسکە جێی حەقیقەتی تێدا نابێتەوە، بەڵام لە هەندێ شوێنیدا لاکانی حەقیقەت دەبینرێن و دەردەکەون.

گریمان ئێمە هەرسێکمان ئەو "گوڵ" و "دڵۆپ" و "نم"ەین، چونکە ئەو هەست و شعوورەی کە بە گریمان دامان نا تیایاندا ببێت، بەشی ئەم کارە ناکات. بۆیە وا ژیریی خۆیشمان دەنێرینە ناویانەوە. واتە دەبێ تێبگەین لەوەی کە: هەروەك ئەو سیانە لە ڕێژنەی ڕووناکیی خۆرە ماددی‌یەکەیان بەهرەمەند دەبن، ئێمەش بە هەمان جۆر لە هی خۆرە مەعنەوی‌یەکەمان بەهرەمەند دەبین..

دەسا ئەی ئەو هاوڕێی‌یەی کە دنیا لە بیر ناباتەوە و لە شتانی ماددیدا ڕۆدەچێت و نەفسیشی چڕ و ئەستوور بووە! تۆ ببە بە "گوڵ"ەکە، چونکە توانا و لێهاتنت وەك هی ئەو وایە، ئەوەتا ئەو گوڵە لە ئاوێتەبوونی ڕووناکیی خۆرەوە ڕەنگێك وەردەگرێت و وێنەی نموونەی خۆر لەو ڕەنگەدا ئاوێتە دەکات و لە شێوەیەکی جواندا خۆی پێ دەنەخشێنێت.

ئنجا ئەم فەیلەسووفەش کە لە قوتابخانە نوێیەکاندا خوێندوویەتی و، باوەڕی بە کاریگەریی "هۆکارەکان" هەیە و، لە "سەعیدی کۆن" دەچێت، با ببێت بە "دڵۆپ"ە شەیداکەی ئەو مانگەی کە سێبەری "ڕووناکی"ی لە خۆر

وەرگیراوی دەداتێ و، ڕووناکی‌یەك بە چاوی ئەو دەبەخشێت کە پێی ببریسکێتەوە.. بەڵام ئەو دڵۆپە دەبێ بزانێت کە جگە لە "مانگ" چیی تر بەو ڕووناکی‌یە نابینێت و ناتوانێت "خۆر"ی پێ ببینێت. مەگەر لە ڕێی ئیمانەکەیەوە – نەك بەو ڕووناکی‌یە – بتوانێت خۆر ببینێت.

پاشان ئەم هەژارەش (دانەر مەبەستی خۆیەتی) کە باوەڕی وایە هەموو شتێك ڕاستەوخۆ لە خوای گەورەوەیە و "هۆکارەکان" بە پەردە دادەنێت، با "نم"ەکە بێت. ئەوەتا لە خۆیدا نمێکی هەژارە و شتێکی ئەوتۆی نی‌یە وەك گوڵەکە پشتی پێ ببەستێت و باڵی پێوە بدات و، ڕەنگێکیشی نی‌یە کە بەهۆیەوە ببینرێت و، جگە لە خۆر هیچ شتێکی تر ناناسێت تا ڕووی تێ بکات، هێندە نەبێت کە سافی و خاوێنی‌یەکی بێگەردی ئەوتۆ لە بیلبیلەی چاویدا شك دەبات کە وێنەی خۆری پێ هەڵبگرێت.

ئێستاش مادەم ئێمە ڕۆشتینە شوێنەکانی ئەم سیانە، با سەیری خۆمان بکەین و بزانین چیمان تێدایە و خەریکی چیین؟ ئەوەتا کە سەیر دەکەین دەبینین : "بەخشندەی میهرەبان" چاکەکاری و نیعمەتەکانی خۆیمان بەسەردا دەبارێنێت و، ڕووناکیمان دەداتێ و، پەروەردەمان دەکات و، دەمانڕازێنێتەوە. خۆ مرۆڤیش دیل و بەندەی چاکەیە و دەیەوێ لەو کەسە نزیك ببێتەوە و ببینێت کە شایانی پەرستن و خۆشەویستی‌یە.

لەبەر ئەوە، وا هەریەك لە ئێمە بە هاندەری کێش(جاذبـــــــة)ی ئەو خۆشەویستی‌یە بەپێی توانا و لێهاتنی خۆی، ڕێگا دەبڕێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی.

دەسا ئەی ئەو کەسەی کە وەك "گوڵ" وایە! تۆ ڕێی خۆت بگرە بەر، بەڵام لە یادت نەچێت کە دەبێ وەك گوڵێك بەو ڕێیەدا بڕۆیت .. ئەوا ڕۆیشتیت و، پلە لە دوای پلە بەرزبوویتەوە تاکو گەیشتیتە پلەیەکی

"هه‌مه‌كیی" ئه‌وتۆ ده‌ڵێی له‌ جێی هه‌موو گوڵه‌كاندایت. به‌ڵام خۆ "گوڵ" ئاوێنه‌یه‌كی چڕه‌ و، حه‌وت ڕه‌نگه‌كانی ڕووناكیی خۆری تێدا ده‌شكێنه‌وه‌ و شیته‌ڵ ده‌بن و وێنه‌كه‌ی خۆر له‌ناو خۆیدا ده‌شارێته‌وه‌. له‌به‌ر ئه‌وه‌، له‌ بینینی ڕووی خۆره‌ خۆشه‌ویسته‌كه‌تدا سه‌ركه‌وتن به‌ده‌ست ناهێنیت، چونكه‌ ڕه‌نگه‌ پابه‌نده‌كان و تایبه‌تكاری‌یه‌كانی گوڵ، ڕووناكیی خۆر له‌ تۆدا په‌رش و بڵاو ده‌كه‌نه‌وه‌ و په‌رده‌ له‌ ڕووی ئه‌و ڕووناكی‌یه‌دا ده‌گێڕن و پشتی په‌رده‌كه‌ داده‌پۆشن. تۆ له‌م حاڵه‌دا له‌ ده‌ست ئه‌و جوداییانه‌ی كه‌ ئه‌نجامی تێكه‌ڵ بوونی وێنه‌ و به‌رزه‌خه‌كانن، ڕزگارت نابێت مه‌گه‌ر به‌ یه‌ك مه‌رج، كه‌ بریتی‌یه‌ له‌وه‌ی:

سه‌ری نوقم بووی ناو "خۆشه‌ویستیی خۆت" به‌رز بكه‌یته‌وه‌ و، واز بهێنیت له‌وه‌ی كه‌ به‌ چێژ و ڕازی بوونه‌وه‌ بۆ چاكه‌كاری‌یه‌كانی خۆت بڕوانیت و، له‌خۆ بایی بوون و غروور پشتگوێ بخه‌یت و، ڕوانینت ته‌نها ئاراسته‌ی ڕووی خۆری ناو جه‌رگه‌ی ئاسمان بكه‌یت و، پاشان ئه‌و ڕووه‌ی كه‌ بۆ "خاك" نه‌ویت كردووه‌ و داوای ڕۆزیی پێ ده‌كه‌یت، ڕووه‌و "خۆر" وه‌ری بچه‌رخێنیت كه‌ له‌و به‌رزاییه‌دایه‌. چونكه‌ تۆ ئاوێنه‌ی خۆریت و ئه‌ركی سه‌رشانیشت بریتی‌یه‌ له‌ ئاوێنه‌بوون بۆ خۆر و ده‌رخستنی دره‌وشانه‌وه‌كانی خۆر. دڵنیاش به‌ كه‌ ڕۆزی‌یه‌كه‌ت له‌ ده‌رگای گه‌نجینه‌ی میهره‌بانی‌یه‌وه‌(خاك) هه‌ر پێ ده‌گات، چ به‌ خۆت بزانیت یان نه‌زانیت.

به‌ڵێ، هه‌روه‌ك "گوڵ" ئاوێنه‌یه‌كی بچووكی خۆره‌، ئه‌م خۆره‌ زه‌به‌لاحه‌ش ئاوێنه‌یه‌ و وه‌ك دڵۆپێكی ده‌ریای ئاسمان وایه‌؛ بریسكانه‌وه‌یه‌كی دره‌وشانه‌وه‌ی ناوی جوانی "النور"ی خوای گه‌وره‌ ده‌داته‌وه‌. ده‌سا ئه‌ی دڵی مرۆڤ! بزانه‌ ئه‌و خۆره‌ چه‌نده‌ مه‌زنه‌ كه‌ تۆ ئاوێنه‌ی ئه‌ویت!

دوای ئەوەی کە ئەم مەرجەت ئەنجام دا، بە "کەماڵ"ی خۆت دەگەیت. بەڵام هێشتا هەر خودی خۆر بە ڕاستی لە خۆیدا نابینیت، بەڵکو هەرگیز پەی بەو ڕاستی‌یە موجەڕڕەدە نابەیت، چونکە ڕەنگاوڕەنگیی سیفەتەکانت ڕەنگێکی پێ دەدات و، چاویلکە چڕ و پڕەکەشت شێوەیەکی لەبەر دەکات و، توانا و لێهاتنە پابەندەکانیشت لە سنووری پابەندیدا دەیهێڵێتەوە.

ئێستاش ئەی ئەو فەیلەسووفە حەکیمەی کە ڕۆشتووەتە ناو "دڵۆپ"ەکەوە! وا تۆ بە چاویلکەی "دڵۆپ"ی بیری خۆت و پلیکانەی فەلسەفە بەرز بوویتەوە تاکو گەیشتیتە "مانگ" و ڕۆیشتیتە ناوی.

بڕوانە! ئەوەتا "مانگ" لە زاتی خۆیدا شتێکی چڕە و نە ڕووناکیی هەیە و نە ژیانیشیی تێدایە. کەواتە هەوڵت بێ هوودە و زانیاری‌یەکەشت بێ‌سوود و ئەنجام دەرچوون. بەڵام گەر ئەم مەرجانەی خوارەوە ئەنجام بدەیت، لە تاریکایی نائومێدی و، دڵتەنگیی غەریبی و، بێزار کردنی ڕۆحیانەتە چەپەڵەکان ڕزگار دەبیت. مەرجەکانیش ئەمانەن:

گەر واز لە شەوگاری "سروشت" بهێنیت و.. ڕوو لە خۆری "حەقیقەت" بکەیت و.. بە دڵنیاییەوە باوەڕ بهێنیت بەوەی کە ڕووناکی‌یەکانی ئەم شەوگارە تەنها سێبەری ڕووناکی‌یەکانی خۆری ڕۆژگارن. ئەوا بەم سێ مەرجە "کەماڵ"ی خۆت بەدەست دەهێنیت و، لە بریی "مانگ"ێکی هەژار و تاریك، خۆری ڕووناکی بەسام و شکۆت دەست دەکەوێت. بەڵام هەر هێشتا تۆش - وەك هاوەڵەکەی ترت - بە ڕوونی و خاوێنی و سافی "خۆر" نابینیت، بەڵکو لە پشتی ئەو پەردانەوە دەیبینیت کە ژیری و فەلسەفەکەت لەگەڵیاندا ڕاهاتوون و، لەودیوی ئەو بەربەستانەوە پەیی پێدەبەیت کە زانست و حیکمەتەکەت بۆیان چنیویت و، لە ڕەنگ و شێوەیەکدا دەیبینیت کە توانا و لێهاتنت بە بەری خۆریان بڕیوە.

وا هاوەڵی سێهەمیشتان، کە وەك "نم" وایە، هـەژارە.. بێ ڕەنگە.. هـەر خێرا بەهۆی گەرمیی خـۆرەوە دەبێـت بـە هـەڵم و، واز لـە خۆویستیی خۆی دەهێنێت و، سواری پشتی هەڵم دەبێت و، بە بۆشایی نێوان ئاسمـان و زەویـدا سەر دەکەوێت و، بە ئاگری عیشق مادده چڕەکەی ناوی گڕ دەگرێت و، لـە ڕێی ڕووناکیی‌یەوە دەبێـت بـە "نـوور" و، دەسـت بـە یـەکێك لـەو تیشـکانەوە دەگرێت کە لە درەوشانەوەکانی ئەو ڕووناکیی‌یەوە هـاتوون و، بۆ خـۆی لـەم ڕێ‌یەوە لێی نزیك دەبێتەوە!

دەسا ئـەی وێنـە و نموونـەی "نم"ەکە! تـۆ مـادەم ڕاستەوخۆ ئـەرکی ئاوێنـە ڕادەپەڕێنیت بۆ "خۆر"، ئەوا لە هەر پلەیەکدا دەبیـت بـە، چونکـە دەتوانیـت لـەو پلەیـەدا پەنجەرەیـەکی ڕوون و خـاوێنت دەسـت بکـەوێت کـە بـە "عـین الیقین" سـەیری ڕووی خـۆری لێـوە بکـەیت و، لـە گێڕانـەوەی ئاسـەوارە سەرسـووڕهێنەرەکاندا بـۆ خـۆر، گرفتـاری هیـچ چەشـنە دژواری و گیروگرفتێك نـەبیت. چونکـە دەتوانیـت - بێ هیـچ چەشـنە دوودڵی‌یـەك - وەسفە بەهەیبەت و سامەکانی خۆر بۆ خودی خۆر بگێڕیتـەوە و، هیـچ شـتێك نـاتوانێت ڕێـی گێڕانـەوەی ئـەو ئاسـەوارە سەرسـووڕهێنەرانەت بـۆ دەسـتەڵاتداری‌یە ڕەهاکـەی خـۆر لـێ بگرێـت.. نـە تـەنگ و تـاریی بەرزەخەکان، نە پابەندیی توانا و لێهاتنەکان.. نە بچووکیی ئاوێنـەکان، هیـچ کامیان گرفتاری سەرسامیت ناکەن و بەرەو شتێکی پێچەوانەی "حەقیقـەت" ناتبـەن، چونکـە خـۆت سـاف و بێگـەردیت و ڕاسـتەوخۆ سـەیری خـۆر دەکەیت. هەر لەبەر ئەوەیە کـە زانیـت ئـەوەی لـە ئاوێنـەکاندا دیـارن خـودی خۆر نین، بەڵکو جۆرە درەوشانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی جۆراوجۆرن و، تەنها بەڵگـە و ناونیشـانی خـۆرن و، نـاتوانن سـەرجەمی ئاسـەوارە بەسـام و شکۆدارەکانی خۆر دەربخەن.

لـەم نموونەیـەدا، کـە ئاوێنـەی حەقیقەتـە، لـە سێ ڕێگـای جیاجیـا و جۆراوجۆرەوە ڕێی "حەقیقەت" دەگیرێتە بەر. ئەوانەش کە ئـەم سێ ڕێگایانـە دەگرنەبەر، لە تایبەتکارییەکانی کـەمالآت و درێژەی پلـەی بینیندا جیاجیـا دەبن، هەرچەندەش لە: ئەنجام و، ملکەچ کردندا بـۆ حـەق و تەسدیق کردنـی حەقیقەتدا، هەموویان یەك دەگرنەوە.

جا هەروەك ئەگەر مرۆڤێك هەر تەنها شەوی بینیبێت و هەرگیز چـاوی بـە "خۆر" نەکـەوتبێت، بـەڵکو تەنـها لـە ئاوێنـەی مـانگدا سـێبەرەکانی خـۆری دیبێت، ناتوانێت سام و هەیبەتی ڕووناکیی تایبـەتیی و جازیبـەی مـەزنی خـۆر لە ژێریی خۆیدا جێ بکاتەوە، بەڵکو بە تەقلید کردنـی ئـەو کەسـانەی دیویانـە تەسلیم و ملکەچ دەبێت..

هەروەك ئەو کەسە وایە، بە هەمان جۆر، ئەو کەسەش کـە ڕێـی مـیراتگریی پێغـەمبـەر ﷺ (وراثة النبوة)ی نـەگرتووەتەبەر و لـەو ڕێیەوە نـەگـەیشتووەتـە پلـەی هـەرە بـەرز و مـەزنی دوو نـاوی: "القدیـر" و "المحیـي" و نـاوە جوانـە هاوچەشنەکانیان، کـە بـە گرتنەبـەری ئـەو ڕێیـە مـرۆڤ پێیـان بەهرەمـەند دەبێت.. ئەو کەسە تەنها بە چاولێکەریی کەسانی تـر حەشـر و قیامـەتی هـەرە مەزن دەبینێت و قبووڵی دەکات و، دەڵێت: (ئەم کێشەیە کێشـەیەکی عـەقڵی نییـە). چونکـە ڕاستیی حەشـر و قیامـەت مەزهـەر و ئاوێنـەی تیادەرکـەوتنی ئیسمی ئەعزەم و پلە هەرە مەزنەکانی هەندێکی تـری نـاوە جوانـەکانی خـوای گەورەن.

دیـارە ئـەو کەسـەی کـە بینینی نەگەیشتبێتە ئەو پلەیـە و تـا ئـەوێ بـەرز نەبووبێتـەوە، ناچـاری "چاولێکـەری" دەبێـت. بـەڵام ئـەو کەسـەی بـیری گەیشـتبێتە ئـەوێ، بـە وێنـەی ئاسـانیی ئـاڵوگۆڕی شـەو و ڕۆژ، حەشـر و

قیامەتیشی پێ ئاسان دەبێت و بە بێ تەقلید و بە دڵێکی ئارام و دڵنیاوە، باوەڕی پێی دەبێت.

لەم نهێنییەوەیە کە قورئانی پیرۆز حەشر و قیامەت لە گەورەترین پلە و تەواوترین ڕوونکردنەوەدا، باس دەکات و، پێغەمبەری مەزنیش ﷺ کە بەهرەمەندی نوورەکانی ئیسمی ئەعزەم بووە، بە هەمان جۆر خەڵکی بۆ ڕێنمایی دەکات.

* * *

سەبارەت بە پێغەمبەرانی پێشینیشەوە - درووودیان لەسەر بێت - کە مەسەلەی حەشریان لە مەزنترین پلە و فراوانترین درێژە پێدانەدا ڕوون نەکردووەتەوە و، بە کورتی و پوختی لێی دواون، هی ئەوەیە کە نەتەوەکانیان لەو سەردەمانەدا لە حاڵەتە سەرەتایی و سادەکانی ژیاندا بوون، بۆیە حیکمەتی ئیرشاد داخوازی ئەو پوختە لێدوانە بووە.

هەر لەم نهێنییەوەیە کە: هەندێ لە ئەولیاکان بەشێکی پایەکانی ئیمانیان لە پلە هەرە مەزنەکەیدا نەبینیوە، یان نەیانتوانیوە بەو جۆرە و لەو پلەیەدا ڕوونی بکەنەوە.

هەر لەم نهێنییەشەوەیە کە پلەکانی خواناسان لە ناسینی خوای گەورەدا جیاجیا و جۆراوجۆر دەردەچێت..

بەم جۆرە، لەم ڕاستییەوە، گەلێ نهێنیی زۆری وەك ئەمانە دەردەکەون.

وا ئێستا کۆتایی بەم نموونە هێنانەوەیە دێنین، کە تا ڕادەیەك "حەقیقەت" دەردەخات، چونکە خودی حەقیقەت گەلێ قووڵ و فراوانە و، ئێمەش دەست لەو نهێنییانە وەرنادەین کە لە سنووری ئێمە بەدەرن و زۆر لە سەرووی توانای خۆمانەوەن.

مەکتووبی بیست و شەشەم

مەسەلەی نۆهەم:

ناوەندە ڕێباز بۆ هەڵسەنگاندنی ئیختیلافی نێوان ئەولیاکان

(مەسەلەیەکی گرنگ و تایبەتە، یەکێك لە نهێنییەکانی "ویلایەت" دەردەخات).

ئەهلی حەق و ئیستیقامەت، کە پێیان دەوترێت: "ئەهلی سوننەت و جەماعەت" و زۆرینەی گەورەی جیهانی ئیسلامی پێکدەهێنن، لە ڕێی شوێنکەوتنی تەواوەتیی بێ زیاد و کەمی سوننەتی پیرۆزەوە: حەقیقەتەکانی ئیمان و قورئانیان وەك خۆیان بە خاوێنی و بێگەردی پاراستووە و، لە ئەنجامی ئەمەشدا زۆرینەی ڕەهای ئەولیا و پیاوچاکان لە ناو ئەو کۆمەڵەدا پەیدا بوون. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا چەند ئەولیایەکی تر بینراون کە لەسەر ڕێیەکی پێچەوانەی بناغەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتن و لە هەندێکی دەستوورەکانی ئەوان لایان داوە..

جا ئەو کەسانەی کە ئەم دیاردەیەیان بینیوە، سەبارەت بەو ئەولیایانەوە بوون بە دوو بەشەوە:

یەکەم:

ئەوانەن کە ئینکاریی ویلایەت و صەلاحی ئەو چەشنە وەلییانەیان کردووە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی دەستوور و بناغەکانی ئەهلی سوننەت و

جەماعەت ڕەفتار دەکەن. تەنانەت زیاد لەو ئینکاریەش لە بارەیانەوە دواون، چونکە هەندێك لەوانیان بە کافر لە قەڵەم داوە!

بەشەکەی تر:

ئەوانەن کە شوێنیان کەوتن و دانیان بە ویلایەتیاندا نا و لێیان ڕازی بوون و وتیان: حەق تەنها بە ڕێی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەوە نەبەستراوەتەوە! بەم قسەیەشیان دەستەیەکی بیدعەتکاریان پێکهێنا و جڵەوی خۆیان دایە دەستی گومڕایی و، ئەوەیان لەبیرچوو کە هەر کەسێك بۆ خۆی لەسەر ڕێی هیدایەت بێت مەرج نی‌یە هیدایەتدەری غەیری خۆیشی بێت. خۆ ئەگەر شێخەکانیان، لەبەر ئەوەی مەجزووب بوون، چاو لە هەڵەکانیان بپۆشرێت، ئەوا ئەوان لە شوێنکەوتنیاندا عوزریان بە دەستەوە نی‌یە و چاویان لێ ناپۆشرێت.

بەشێکی تری سێهەم هەیە:

ئەم بەشە، ڕێیەکی مامناوەندییان گرتەبەر. چونکە ئینکاریی ویلایەت و صەلاحی ئەو چەشنە ئەولیایانەیان نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێچکە و ڕێبازەکەشیان ڕازی نەبوون و وتیان: ئەو گوفتارانەی کە پێچەوانەی بناغە و دەستوورە شەرعی‌یەکانن و لە زاری ئەوانەوە دەرچوون: یان هی ئەوەیە چەشنە حاڵەتێکیان بەسەردا زاڵ بووە کە بە هەڵەیاندا بردوون، یان بریتین لە "شەتەحات" کە وەکو "موتەشابیهات" وان و واتا و ئامانجەکانیان نازانرێت.

بەشی یەکەم، بە تایبەت زانایانی ئەهلی ظاهیر - بە داخەوە - ئینکاریی ویلایەتی گەلێ ئەولیای مەزنیان کرد بە نیازی پاراستنی ڕێی ئەهلی سوننەت، بەڵکو لە ڕێی ئەو نیازەوە ناچار بوون بڕیاری گومڕابوونیشیان دەربکەن!

بەڵام ئەوانی تر کە پشتیان گرتن لەبەر خۆش باوەڕیی زیاد لە پێویستیان بە شێخەکانیان، وازیان لە ڕێی حەق هێنا و پشتیان تێکرد. تەنانەت هەندێکیان هەر لە ڕاستیدا لافاوی گومڕایی ڕایماڵین!

جا لەسەر بناغەی ئەم نهێنییە، حاڵەتێك هەبوو زۆر جار ئەندێشە و بیری سەرقاڵ دەکردم، کە بریتی بوو لەمەی خوارەوە:

لە کاتێکی گرنگدا لە خوای گەورە پاڕامەوە بەشێك لە گومڕایان لەناوبەرێت، کەچی هێزێکی مەعنەویی سامناك ڕێی لە دوعاکەم گرت و دایەوە بە سەرمدا و، نەیهێشت جارێکی تر دوعای وا بکەم!

پاشان بۆم دەرکەوت کە هەندێك لە گومڕایان لە لایەن هێزێکی مەعنەوییەوە کاریان بۆ ئاسان دەکرێت و لەم ڕێیەوە لە کارە ناحەقەکانیاندا ڕۆ دەچن و لە دوژمنایەتی کردنی حەقیشدا پتر پێی ڕادەکێشن و خەڵکی لە پشت سەری خۆیانەوە بەرەو دۆزەخ ڕادەکێشن و، سەرکەوتنیان لە کارەکانیاندا تەنها هی زۆرەملێ کردن نییە، بەڵکو بەشێکی ئیماندارانیش لەبەر مەیلێك لە لایەن هێزی ویلایەتەوە تێکەڵیان دەبن و پێیان دەخەڵەتێن. ئیتر ئەو ئیماندارانە چاوپۆشییان لێ دەکەن و هەست ناکەن ئەو گومڕایانە گرفتاری خراپە و فەسادێکی گەورە بووبن!

ئا لەم کاتەدا کە هەستم بەم دوو نهێنییە کرد، ترس و سەرسامی گرتمی و بە سەرسووڕمانەوە وتم:

- سبحان الله! ئایا دەگونجێ "ویلایەت"ێك هەبێت لەسەر ڕێی حەق نەبێت؟ یان ئایا دەگونجێت ئەهلی حەقیقەت و ویلایەت پشتی تەوژمی سامناکی گومڕایی بگرن؟

پاشان لە ڕۆژی پیرۆزی عەرەفەدا سوورەتی "ئیخلاص"م - لەبەر عادەتێکی ئیسلامیی جوان - هەزار جار خوێند و جار لە دوای جار دووپاتم

كردەوە. یەكسەر لەم كاتەدا و لە لایەن میهرەبانیی خواوەندەوە و بە بەرەكەتی ئەو خوێندنە، ئەم حەقیقەتەی خوارەوە بۆ ناو دڵی كۆڵەوارم هات، هەروەك وەڵامی پرسیارێكی گرنگیشی لەگەڵ خۆدا هێنابوو.

حەقیقەتەكەش ئەمەی خوارەوەیە:

هەندێك لە ئەولیاكان هەرچەند فام و ژیرییان پێوە دیارە و داوەریی ژیری و مەنتیقی ئەنجام دەدەن، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا مەجزووبن و، وەك "جوبالی بابا" وان كە بەسەرهاتەكەی لە سەردەمی سولتان محەممەد فاتیحەوە دەگێڕنەوە و بەسەرهاتێكی بەناوبانگ و پڕ لە پەندە[1].

بەشێكی تری ئەولیا هەرچەند لە ناوەندی ژیری و فام و بێداریدان، كەچی هەندێ جار چەند حاڵەتێك دەگرنەخۆ كە لە دەرەوەی ڕەفتاری ژیری و داوەریی مەنتیقیدایە. دەستەیەك لەم بەشەش ئەهلی ئیلتیباسن، واتە: لێیان دەئاڵۆزێت و ناتوانن شتان لە یەك جیا بكەنەوە. چونكە هەر مەسەلەیەك كە لە حاڵەتی "مەستی"دا دەیبینن دەچن بەسەر حاڵەتی "بێداری"دا پیادەی دەكەن و، بەم پێیە دەكەونە هەڵەوە و ناشزانن دووچاری هەڵە بوون.

---

(١) دەگێڕنەوە كە: وەلییەكی پیاوچاك بە ناوی "جوبالی بابا" لە قوستەنتینیەدا ژیاوە و گاورەكانی ئەوێی خۆش ویستووە و ئەوانیش خۆشیان ویستووە، بە تایبەت منالەكانیان كە ئەم گەلی سۆز و بەزەیی بۆ دەنواندن. جا كاتێ كە سولتان محەممەد فاتیح شارەكەی گەمارۆ دا، ئەم وەلییە پیاوچاكە لە خوا دەپاڕایەوە كە تۆپەكانی سولتان نیشانەكانیان نەپێكن و ئەو منالە خۆشەویستانە ڕزگاریان بێت! لە ڕاستیشدا فەتحی ئەو شارە ماوەیەك دواكەوت و سولتان ڕاوێژی بە "ئاق شەمسەدین"ی مامۆستای كرد كە زانایەكی بەكردەوە و وەلییەكی پیاوچاك بووە. ئیتر ئاق شەمسەدین دوعای بۆ سەركەوتنی دەكرد و جوبالی بابایش بە پێچەوانەی ئەمەوە دوعای دەكرد! تا لە ئەنجامدا ئاق شەمسەدین لە خوای گەورە پاڕایەوە جوبالی بابا لەناو بەرێ تاكو موسڵمانان سەربكەون. ئەوەبوو جوبالی بابا مرد و قوستەنتینیەش فەتح كرا! (وەرگێڕ)

مەجزووبەکانیش هەندێکیان لە لایەن خواوەندەوە پارێزراون و لە ڕێ ناترازێن و تێکەڵی گومڕایان نابن، بەڵام بەشێکی تریان لە لایەن خواوەندەوە پارێزراو نین. ئەم بەشەیان لەوانەیە لە گومڕایان و ئەهلی بیدعەت بن، بەڵکو ئیحتیمالی ئەوەش هەیە کە لە کافران بن!

بەم جۆرە، لەبەر ئەوەی هەندێکیان مەجزووبن - ئیتر ئەم مەجزووبیەیان بە شێوەیەکی کاتی بێت یان بەردەوام - ئەوا لە حوکمی چەند شێتێکی پاك و موبارەکدان. واتە حوکمی شێتیان بۆ هەیە. جا لەبەر ئەوەی چەند شێتێکی موبارەکن، ئەوا لە هەڵسوکەوتیاندا سەربەستن و تەکلیفیان ئاراستە ناکرێت. ئنجا لەبەر ئەوەش تەکلیفیان لەسەر نیە، ئەوا لەسەر هەڵسوکەوتیان موحاسەبە ناکرێن.

جا لەبەر ئەوەی ویلایەتە مەجزووبەکەیان لە لایەن خواوەندەوە پارێزراوە، پشتی ئەهلی بیدعەت دەگرن و تا ڕادەیەك برەو بە ڕێبازەکانیان دەدەن و دەبن بە هۆکارێکی خراپ و شووم بۆ گیرۆدەبوون و ڕۆشتنی بەشێکی ئیمانداران و ئەهلی حەق بۆ ناو ئەو ڕێبازە!

مەکتووبی هەژدەهەم:

جیهانی واقیع و جیهانی میسال

باسمه سبحانه

﴿وَإنْ مِنْ شَيءٍ إلاّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

(ئەم مەکتووبە سێ مەسەلەی گرنگی لەخۆ گرتووە)

□ مەسەلەی گرنگی یەکەم:

پرسیارێك:

چەند ئەولیایەکی بەناوبانگی وەك "شێخ محێدینی کوڕی عەرەبی" - قُدِّسَ سِرُّه - کە خاوەنی کتێبی "الفتوحات المکیـــــة"یە و، "شـێخ عەبدولکـەریمی جیلی"ش[1] - قُدِّسَ سِرُّه - کە خاوەنی کتێبی "الإنسان الکامل"ە لـە بـارەی حـەوت چینـەکانی زەوی و زەوییـەکی سـپی لـەودیوی کێـوی قـافـەوە دەدوێـن و، باسـی چـەند شتێکی سـەیری وەك "مشمشـــية" دەکـەن، وەك لـە "فتوحات"دا هەیە! دەشڵێن: بە چاوی خۆمان ئەو شتانەمان دیوە! ئایـا ئـەوەی دەیڵێن ڕاستە؟ خۆ ئەگەر بە ڕاستیانە، ئـەوا شـتی وا لـەم زەوییـەی ئێمـەدا نییـە و، جوگرافیـا و زانستەکانی ئێستا دان بـەو شتانەدا نـانێن! خۆ ئەگـەر

(١) نـاوی عەبدولکـەریمی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدولکـەریمی جیلییـە و، بـە ڕەچەڵـەك دەچێتـەوە سـەر شێخ عـەبدولقادری گـەیلانی. سـاڵی (٧٦٧ ك) لـە دایـك بـووە و (٨٣٢ك)یش وەفـاتی کـردووە. فەقیـهێکی زاهیـد و سـۆفی مەشـرەب بـووە و، گەلـێ کتێبیشـی دانـاوە، بەناوبانگترینیان کتێبێکە بە نـاوی: "الإنسان الکامل في معرفة الأوائل والأواخر". (وەرگێڕ)

قسەکانیشیان ڕاست نەبێت ئیتر چۆن بوون بە ئەولیا و پیاوچاك؟ ئایا چۆن دەگونجێ کەسانێك بە ئەهلی "حەق" و "حەقیقەت" دابنرێن کە گوفتاری ئاوا دژی حەقیقەت و پێچەوانەی واقیعی هەست پێ کراویان لە زار دەربچێت؟!

وەڵام:

بێ گومان ئەوانە ئەهلی "حەق" و "حەقیقەت"ن و، لە هەمان کاتدا ئەهلی "ویلایەت" و "شهوود"یشن. کەواتە هەرچی‌یەکیان دیوە، ڕاستە دیویانە. بەڵام هەندێ جار لە بەشێکی ئەو بڕیارانەی کە سەبارەت بە بینینەکانیان لە جیهانی "شهوود"دا دەری دەکەن - کە جیهانێکی بێ سنوورە و شتانی ناویشی بە قاعیدە و دەستوورەکان ڕاگیر نەکراون - هەروەها لە لێکدانەوەی ئەو بینینەشیاندا کە وەك خەون وایە و خۆیان مافی لێکدانەوەیان نی‌یە، دووچاری هەڵە دەبن.

چونکە هەروەك ئەو کەسەی کە خەونی دیوە، مافی ئەوەی نی‌یە خەونەکەی خۆی لێك بداتەوە، ئەو کەسانەی ئەهلی "کەشف و شهوود"یش بە هەمان جۆرن، چونکە مافی ئەوەیان نی‌یە کە هەر خۆیان لەو حاڵەتی شهوودەدا بینینەکانیان لێك بدەنەوە. بەڵکو تەنها زانایانی لێکۆڵەر و میراتگرانی پێغەمبەرانن - درووودیان لەسەر بێت - کە پێیان دەوترێت "ئەصفیاء" مافی لێکدانەوەی بینینەکانی ئەهلی شهووديان هەیە. بێ گومان کاتێ ئەهلی شهوود خۆیشیان پتر بەرز دەبنەوە و دەگەنە پلەی "ئەصفیاء"، بە ڕێنمایی "قورئان" و "سوننەت" پەی بە هەڵەکانی خۆیان دەبەن و ڕاستیان دەکەنەوە، هەروەك لە ڕاستیدا هەندێکیان هەڵەکانی خۆیان ڕاست کردووەتەوە.

ئێستاش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستی‌یە گوێ لەم چیرۆکەی خوارەوە ڕابگرە:

دوو كه‌سی پیاوچاك و ئه‌هلی دڵ پێكه‌وه شوان بوون. جارێكیـان هـه‌ندێ شیریان دۆشـی‌یه نـاو ده‌فرێكـه‌وه كـه لـه دار دروسـت كرابوو، ئنجـا شمشـاڵه قامیشه‌كه‌یان له‌سه‌ر لێواری ده‌فره‌كه دانا. پاشان یه‌كێكیان هه‌ستی به وه‌نه‌وز كرد و هێنده‌ی پێ نه‌چوو خه‌وێكی قووڵی لـێ كه‌وت.

شـوانه‌كه‌ی تـر سـه‌یری هـاوڕێ نوسـتووه‌كه‌ی ده‌كـرد. كتوپـڕ شـتێكی بچووكی به وێنه‌ی "مێش"ی بینی كه له لووتی هاوڕێكه‌یه‌وه هاته ده‌ره‌وه و، پاشـان به خێرایی ڕۆشـته سـه‌ر لێـواری ده‌فره‌كـه و سـه‌یرێكی شـیره‌كه‌ی كـرد و، ئنجـا ڕۆشـته نـاو سـه‌رێكی شمشـاڵه‌كه و لـه سـه‌ره‌كه‌ی تریـه‌وه هاتـه ده‌ره‌وه. پاشان له ژێـر دره‌ختێكـی دڕكـاویی نزیكـی ئـه‌و شـوێنه‌دا ڕۆشـته نـاو كونێكی بچووكه‌وه.. ئنجا پاش ماوه‌یه‌ك هاته ده‌ره‌وه و خـۆی كـرده‌وه بـه‌ناو شمشـاڵه‌كه‌دا و لـه‌و سـه‌ره‌وه هاتـه ده‌ره‌وه و ڕۆشـته‌وه نـاو لووتـی هـاوڕێ نوستووه‌كه‌ی. یه‌كسه‌ر هاوڕێكه‌ی له خه‌و هه‌ڵسا و، به‌می وت:

– هه‌ر ئێستا، كه لێره‌دا سه‌رخه‌وێكم شكاند، خه‌ونێكی سه‌یرم دی!

هاوڕێكه‌ی وتی:

– یاخوا خێر بێت! چیت دی؟

– له‌و خه‌ونه‌مدا ده‌ریایه‌كی شیرم دی كه پردێكی سه‌یر و سه‌رسووڕهێنی له‌سـه‌ر دانرابوو. ئـه‌و پـرده بنمیچـی بـۆ كرابـوو، بنمیچه‌كه‌شـی چـه‌ندین كلاوڕۆژنه‌ی تێدا بـوو. بـه‌ناو پرده‌كـه‌دا تێپـه‌ڕیم و لـه‌و سـه‌ره‌وه دارستانێكی چڕوپڕم دی كـه دره‌ختـه‌كانی نووكیـان تیـژ بـوو. لـه‌م كاتـه‌دا كـه مـن بـه سه‌رسووڕمانه‌وه سه‌یرم ده‌كـرد، ئه‌شـكه‌وتێكم لـه بنـی دره‌ختـه‌كاندا بینـی و، یه‌كسه‌ر ڕۆشتمه ناویه‌وه و له‌وێ گه‌نجینه‌یه‌كم دۆزی‌یه‌وه كه یه‌كپارچه زێڕی پوخت و خاوێن بوو!

جا تۆ – ئەی هاوڕێکەم! – چی لەم خەونەم تێدەگەیت و چۆن لێکی دەدەیتەوە؟

هاوڕێ بێدارەکەی لە وەڵامدا وتی:

– ئەو دەریا شیرەی کە لە خەونەکەتدا بینیت، ئەم دەفرە شیرەیە.. پردەکەی سەر دەریاکەش ئەم شمشاڵەیە کە لەسەر لێواری دەفرەکەدایە.. دارستانەکەش ئەم ڕووەکە دڕکاوییەیە.. ئەشکەوتە گەورەکەش ئەم کونە بچووکەیە لە ژێر ئەم ڕووەکەی نزیکی خۆماندا. دەسا خێراکە بڕۆ پاچێکم بۆ بهێنە با بە دەستی خۆم گەنجینەکەشت پیشان بدەم!

کە هاوڕێکەی پاچەکەی هێنا و لە ژێر ئەو ڕووەکەدا دەستیان کرد بە هەڵکەندن، هێندەی پێ نەچوو گەنجینەیەکی زێڕیان دۆزییەوە کە بۆ ئەوە دەست بدات بەختەوەریی دنیای لەسەر بنیات بنێن.

بەم جۆرە، هەرچی هاوڕێ نوستووەکەی لە خەونەکەیدا دیویەتی ڕاست و دروستە و بە حەقیقەت ئەو شتانەی دیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نوقمی دنیای خەو بووە و جیهانی خەویش یاسا و دەستوورێکی ئەوتۆی نییە کە سنووری بۆ دیاری بکات، ئەوا کەسێك خەونی بینیبێت مافی لێکدانەوەی خەونەکەی خۆی نییە، ئەمە جگە لەوەی کە ناشتوانێت جیهانی ماددی و مەعنەوی لە یەك جیا بکاتەوە..

لەبەر ئەوە، گەر خۆی لێکی بداتەوە، هەندێ لە بڕیارەکانی هەڵە دەردەچێت. تەنانەت بە ڕاستیەتی کاتێ کە بە هاوڕێکەی دەڵێ: دەریایەکی شیرم دی! بەڵام هاوڕێ بێدارەکەی دەتوانێت بە ئاسانی جیهانی میسال لە جیهانی ماددی جیا بکاتەوە. بۆیە ئەو مافی لێکدانەوەی خەونی هاوڕێکەی هەیە. ئەوەتا پێی دەڵێت:

- ئه‌وه‌ی له‌ خه‌ونه‌كه‌تدا دیوته‌ - ئه‌ی هاوڕێی به‌ڕێزم! - حه‌ق و ڕاسته‌. به‌ڵام ئه‌و ده‌ریایه‌ی بینیت ده‌ریای ڕاسته‌قینه‌ نی‌یه‌، به‌ڵكو ده‌فری شیره‌كه‌یه‌ له‌ خه‌ونه‌كه‌تدا وه‌ك ده‌ریای لێ هاتووه‌ و، شمشاڵه‌كه‌ش بووه‌ به‌ پرد و... هتد.

جا له‌سه‌ر بناغه‌ی ئه‌م نموونه‌یه‌: ده‌بێ جیهانی ماددی و جیهانی ڕۆحانی له‌ یه‌ك جیا بكرێنه‌وه‌. ده‌نا گه‌ر تێكه‌ڵ بكرێن، ئه‌وا بڕیاره‌كانی سه‌باره‌ت به‌و جیهانانه‌ هه‌ڵه‌ و دوور له‌ ڕاستی ده‌رده‌چن.

نموونه‌یه‌كی تر:

وا دابنێ ژوورێكی بچووكت هه‌یه‌ و، له‌سه‌ر هه‌ر چوار دیواره‌كه‌یدا ئاوێنه‌ی گه‌وره‌ گه‌وره‌ داكوتراوه‌ به‌ چه‌شنێك كه‌ هه‌موو دیواره‌كان بگرێته‌وه‌ و دایانپۆشێت. جا كاتێ كه‌ ده‌ڕۆیته‌ ناو ژووره‌كه‌ته‌وه‌ ده‌بینیت ژووره‌ بچووكه‌كه‌ت به‌ ئه‌ندازه‌ی مه‌یدانێكی گه‌وره‌ و به‌رین فراوان بووه‌. گه‌ر تۆ له‌م حاڵه‌ته‌دا بڵێیت:

- ژووره‌كه‌م به‌ ئه‌ندازه‌ی مه‌یدانێكی فراوان ده‌بینم.. له‌م گوفتاره‌تدا، بێ گومان، ڕاست ده‌كه‌یت.

به‌ڵام گه‌ر بڵێیت:

- ژووره‌كه‌م له‌ ڕاستی و واقیعدا به‌ ئه‌ندازه‌ی مه‌یدانه‌كه‌ فراوانه‌، ئه‌وا له‌ بڕیاره‌كه‌تدا به‌ هه‌ڵه‌دا چوویت. چونكه‌ جیهانی میسالت - كه‌ لێره‌دا جیهانی ئاوێنه‌كه‌یه‌ - له‌گه‌ڵ جیهانی ڕاسته‌قینه‌ و واقیعدا - كه‌ لێره‌دا جیهانی ڕاسته‌قینه‌ی ژووره‌كه‌ته‌ - تێكه‌ڵی یه‌كتری كردووه‌.

به‌م جۆره‌، ده‌ركه‌وت كه‌: ئه‌و شتانه‌ی له‌سه‌ر زاری ئه‌هلی كه‌شف و له‌ناو كتێبه‌كانیاندا هاتووه‌، سه‌باره‌ت به‌ وێنه‌كێشانی حه‌وت چینه‌كانی زه‌وی، بێ ئه‌وه‌ی به‌ ته‌رازووه‌كانی قورئان و سوننه‌ت هه‌ڵیان بسه‌نگێنن، له‌گه‌ڵ شێوه‌ی باری جوگرافیی زه‌ویدا یه‌ك ناگرنه‌وه‌. چونكه‌ وتوویانه‌:

یەکێك لە چینەکانی زەوی تایبەتە بە دێوەکانەوە و هەزاران ساڵ ڕێ فراوانە. کەچی لە ڕاستیدا سەرانسەری گۆی زەوی، کە بە چەند ساڵێك تەی دەکرێت و دەبڕرێت، ئەو چینە سەرسووڕهێن و گەورە و فراوانانەی تێدا نی‌یە!

بەڵام گەر وا دابنێین گۆی زەوی لە جیهانی مەعنا و جیهانی میسال[1] و جیهانی بەرزەخ و جیهانی ڕۆحدا، وەکو تۆوە سنەوبەرێك وایێت، ئەوا ئەو درەختە میسالی‌یەی کە لەو تۆوە پێدەگات و گەشە دەکات و لەو جیهانانەدا تەمسیلی ئەو تۆوە دەکات، درەختێکی سنەوبەری یەکجار گەورە دەبێت لەچاو ئەو تۆوەدا.

---

(١) "جیهانی میسال" ناوەندێکە لە نێوان "جیهانی ڕۆح" و "جیهانی بینراو"دا و لە هەردوو کیان دەچێت، هەر یەك لە ڕوویەکەوە. چونکە ڕوویەکی دەڕوانێتە ئەویان و ڕووەکەی تریشی دەڕوانێتە ئەمیان. بۆ نموونە: وێنە میسالی‌یەکەت لەناو ئاوێنەدا لە جەستەت دەچێت و لە هەمان کاتیشدا وەك ڕۆحت نیان و ناسکە.
ئەو جیهانە – جیهانی میسال – بە وێنەی بێ گومانیی جیهانی بینراو و جیهانی گیانەکان(*) چەسپاوە و، شوێنی ناودەرکردنی شتانی نامۆ و سەیر و سەرسووڕهێنە و جێگای گەشتوگوزاری ئەهلی ویلایەتە.
جا هەروەك هێزی "ئەندێشە" لەم مرۆڤەدا هەیە، کە جیهانێکی بچووکە، "جیهانی میسال"یش لەم جیهانەدا هەیە، کە مرۆڤێکی گەورەیە و، ئەرکەکەی ئەو ئەندێشەیە لەم مرۆڤە گەورەیەدا ڕادەپەڕێنێت و، جیهانێکە بە حەقیقەت وجوودی هەیە. چونکە هەروەك هێزی "بیرکردنەوە"ی مرۆڤ هەواڵی "لەوحی مەحفووز"ی جیهانی گەورە ڕادەگەیەنێت، بە هەمان جۆر هێزی "ئەندێشە"ش هەواڵی جیهانی میسال ڕادەگەیەنێت.

(*) بوونی "جیهانی میسال" سەبارەت بە من شتێکی بینراوە و بە وێنەی بەڵگەنەویستیی "جیهانی بینراو" بێ گومانە. تەنانەت: خەونی ڕاست و، کەشفی ڕاستی بێ گومان و، وێنە دەرکەوتنەکان لە شتە ڕوونەکاندا، سێ پەنجەرەن کە لەم جیهانەوە بەسەر ئەو جیهانەدا دەڕوانن، بە چەشنێك کە چەند لایەنێکی ئەو جیهانە پیشانی کەسانی عەوام و هەموو خەڵکی دەدەن. (دانەر)

له‌به‌ر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ندێ كه‌سی ئه‌هلی شهوود له‌ ده‌مـی سـه‌یر و سـلووكی ڕۆحییان و له‌ جیهانی میسالدا، چینه‌كانی زه‌وی زۆر به‌ فراوانی و بـه‌ مـاوه‌ی هه‌زاران ساڵ ڕێ، ده‌بینن.

كه‌واته‌ هـه‌رچی ده‌بینـن ڕاسـت و حه‌قیقه‌تـه‌. بـه‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی جیـهانی میسـال بـه‌ شـێوه‌ و ڕواڵـه‌ت لـه‌ جیـهانی مـاددی ده‌چێـت، ئـه‌وا هـه‌ردوو جیهانه‌كه‌ پێكه‌وه‌ ده‌بینن و، هه‌رشتێكیشیان دیوه‌ یه‌كسه‌ر به‌و جۆره‌ی دیویانه‌ ده‌یگێڕنه‌وه‌. جا له‌بـه‌ر ئـه‌وه‌ی بینینـه‌كانیان بـه‌ تـه‌رازووه‌كانی "قورئـان و سوننه‌ت" هه‌ڵنه‌سه‌نگاندووه‌ و لـه‌و جیهانـه‌دا چۆنیـان دیـوه‌ هـه‌روه‌هاش لـه‌ كتێبه‌كانیاندا تۆماریـان كـردووه‌ كاتێ هاتوونه‌تـه‌وه‌ جیـهانی بێـداری، ئـه‌وا خـه‌ڵكی بینینه‌كانیان به‌ پێچه‌وانه‌ی حه‌قیقـه‌ت داده‌نێـن. چونكـه‌ هـه‌روه‌ك "وجـوودی میسـالی"ی كۆشـكێكی مـه‌زن و باخچه‌یـه‌كی ڕه‌نگـین لــه‌ناو ئاوێنه‌یه‌كی بچووكدا جێی ده‌بێته‌وه‌، به‌ هه‌مان جـۆر هـه‌زاران سـاڵی جیـهانی میسـال و حه‌قیقه‌تـه‌ مه‌عنه‌وی‌یـه‌كان لـه‌ مـاوه‌ی یـه‌ك سـاڵی جیـهانی مـاددیدا جێیان ده‌بێته‌وه‌.

كۆتایی:

له‌م مه‌سه‌له‌یه‌وه‌ وا ده‌رده‌كه‌وێت كه‌:

پله‌ی "شهوود" گه‌لـێ له‌ پله‌ی "ئیمان به‌ غه‌یب" نزمـتره‌. واتـه‌ كه‌شـفیاتی بـێ قـاعیده‌ و ده‌سـتووری هـه‌ندێ لـه‌و ئه‌ولیایانـه‌ی كـه‌ ته‌نـها پشـت بـه‌ كه‌شـفه‌كانیـان ده‌به‌ستن، نـاگاتـه‌ بڕیـاره‌كانـی میراتگـرانـی پێغه‌مبه‌ران – درووديـان له‌سـه‌ر بێـت – لـه‌و "ئـه‌صفیا" و "لێكۆڵـه‌ران"ه‌ی كـه‌ پشـت بـه‌ "شهوود" نابه‌ستن، به‌ڵكو پشت به‌ قورئان و وه‌حی ده‌به‌ستن و، بڕیاره‌كانیـان سه‌باره‌ت به‌ حه‌قیقه‌ته‌ ڕاست و دروسـته‌كانی ئیمـان، لـه‌و سـه‌رچاوه‌یه‌وه‌

دەردەکەن. واتە بڕیارەکانی ئەوان چەند ڕاستی‌یەکی غەیبین، بەڵام خاوێن و بێ خلتەن و، بە تەرازووە شەرعی‌یەکان هەڵسەنگێنراون و سنووریان بۆ دیاری کراوە.

کەواتە، تەرازووی هەموو بارودۆخێکی ڕۆحی و گشت کەشف و چێژ و بینینێك، تەنها هەر دەستوورە بەرزەکانی "قورئان و سوننەت" و یاسا حەدسی‌یەکانی ئەصفیا و لێکۆڵەرانن.

❑ **مەسەلەی گرنگی دووهەم:**

پرسیار:

کەسانێکی زۆر هەن کە "وحدة الوجود" بە بڵندترینی پلە و مەقامەکان دادەنێن. کەچی هیچ ئاسەوارێکی ئەم پلەیە لای ئەوانە نابینین کە خاوەنی "ویلایەتی کوبرا"ن، وەك: هاوەڵە بەڕێزەکان، لە پێشەکیانەوە خەلیفە ڕاشیدەکان و.. هەروەها لای ئالی بەیت، لە پێشەکیانەوە ئەو پێنجەیان کە بە "أهل العباء" ناسراون و.. لای موجتەهیدەکانیش، لە پێشەکیانەوە چوار ئیمامەکان و.. هەروەها لای تابیعینیش..

جا ئایا ئەو کەسانەی کە لە دوای ئەو بەڕێزانەوە هاتوون، ڕێگایەکی بەرز و بڵندتریان لە هی ئەوانەی پێش خۆیان دۆزیوەتەوە؟ ئایا لەم بوارەدا پێشیان کەوتوونەتەوە؟

وەڵام:

نەخێر، شتی وا ڕووی نەداوە و هەرگیز لە توانای هیچ کەسیشدا نی‌یە - هەر کەسێك بێت - بگاتە ئاستی ئەو ئەصفیایانەی کە نزیکترین ئەستێرەی درەخشانی دەوری خۆری پێغەمبەرایەتی و یەکەم ڕیزی میراتگرانی نبووەت بوون، چ جای ئەوەی کە بتوانن پێشیان بکەون..

کەواتە ڕاستە شەقام هەر تەنها ڕێگاکەی ئەوان و، ڕێبازی ڕاست و دروستیش هەر تەنها ڕێبازەکەی ئەوانە.

"وحدة الوجود"یش لە ڕاستیدا بریتی‌یە لە مەشرەب و نەزعە و حاڵ و پلەیەکی ناتەواو، بەڵام لەزەتێکی ویجدانی و تام و چێژێکی ڕۆحیی تێدایە. بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی هەڵگری ئەو مەشرەبەن، یان دەکەونە ناوی، حەز ناکەن لێی دەربچن و تیایدا دەمێننەوە و، پێیان وایە کە دواهەمین پلەیە و پلەی تری لە دوا نی‌یە و، هیچ ئاسۆیەك نی‌یە لەو ئاسۆیە بڵندتر بێت!

لەبەر ئەوە، هەڵگری ئەو مەشرەبە گەر خاوەنی ڕۆحێکی ڕووت لە "مادده" و هۆکارە ماددی‌یەکان بێت و پەردەی هۆکارەکانی دڕی بێت و شهوودێکی لە ناوەندی ئیستیغراقی هەمەکیدا بەدەست هێنابێت، ئەوا لەوانەیە بگاتە "وحدة الوجود"ێکی "حالی" کە لە "وحدة الشهود"ەوە پەیدا بووبێت، نەك "زانستی" کە لە "وحدة الوجود"ەوە پەیدا دەبێت. ئیتر کەماڵ و مەقامێکی تایبەتی بۆ خاوەنەکەی بهێنێتەدی، تەنانەت لەوانەیە بیگەیەنێتە ئەوەی کە لە کاتی چڕکردنی تێڕامانی لە "بوونی خوای گەورە"دا ئینکاریی "بوونی گەردوون" بکات!

بەڵام گەر خاوەنی ئەم مەشرەبە لەو جۆرە کەسانە بێت کە لەناو "مادده" و هۆکارەکانیدا نوقم بوون، ئەوا ئیددیعا کردنی "وحدة الوجود"لە لایەن ئەو کەسەوە، لەبەر خەستکردنی تێڕامانی لە "بوونی گەردوون"دا، لەوانەیە بیگەیەنێتە ئینکاریی "بوونی خوای گەورە"!

بەڵێ، ڕێی ڕاستە شەقام تەنها هی هاوەڵە بەڕێزەکان و تابیعین و ئەصفیاکانە کە لەو باوەڕەدان: "حەقیقەتی هەموو شتێك سابت و جێگیر و دامەزراوە". واتە: (حقائق الأشياء ثابتة) و، ئەمەش دەستوورێکی هەمەکی‌یە لە

لایان. هەروەها دەشزانن کە ئەدەبی شایان دەرحەقی خـوای گـەورە هـەر ئـەو فەرمایشتەی خۆیەتی کە دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ (الشورى:١١)..

واتـە: خـواوەنـد پـاك وخاوێنــە لــە هاوچەشــن و شــوێن و دابەشــبوون و، پەیوەندیشـی بـە بوونەوەرانــەوە پــەیوەندیی بەدیهێنــەرە بــە بەدیهێنراوانیــەوە. کەواتە بوونەوەران "ئەوهام" نـین وەکـو ڕێڕەوانـی ڕێبـازی "وحـدة الـوجـود" پێیان وایە. بەڵکو ئەم شتە ڕواڵەتی و لەبەرچاوانە هەندێکن لە ئاســەوارەکانی خوای گەورە.

لەبەر ئەوە، وتەکەی ئەوان کە دەڵێن: "همه اوست" واتـە: "لا موجـود إلاّ هو" ڕاسـت نی‌یـە. بـەڵکو ڕاسـت وایـە بوترێـت: "همـه از اوسـت" واتـە: "لا موجود إلاّ منه" چونکە مومکین نی‌یە کە خودی بەدیهاتووە دروستکراوەکان "ئەزەلی" بن.

دەتوانرێت بە دوو نموونە بابەتەکە لە زەینەکانەوە نزیك بخرێتەوە:

یەکەم:

گریمان پادشایەك فەرمانگەی "دادگەری"ی هەبێت، دیارە ئەم فەرمانگەیـە نوێنەری یەکێکە لە ناوەکانی پادشا کە ناوی: "پادشای دادگەر"ە.. ئنجا ئـەم پادشایە لە هەمان کاتدا "خەلیفە"شە، کەواتە فەرمانگەیەکیشی هەیـە کـە ئـەم ناوەی تێدا دەربکەوێت.. هەروەك پادشا ناوی سەرکردەی گشتیی سوپاشـی لـێ نراوە، کەواتە دەبێ فەرمانگەیەکی سەربازیی ببێت ئەو نـاوەی بەرجەستە بکات..

جا ئەگەر بوترێ: ئەم پادشایە هەر تەنها ناوی "پادشای دادگـەر"ە و جگـە لــە فەرمانگــەی "دادگــەری" کــە ئــەم نــاوەی پادشــا دەردەخــات هیــچ فەرمانگەیەکی تر لە گۆڕێدا نی‌یە، گەر وا بوترێ، ئەوا بە ناچاری سیفەتێکی

ئیعتیباریی ناحه‌قیقی بۆ وه‌سف و حاڵه‌ته‌كانی زانایانی فه‌رمانگه‌ی كاروباری ئایینی له‌ ناوه‌ندی كارمه‌ندانی فه‌رمانگه‌ی دادگه‌ریدا ده‌رده‌كه‌وێت..

واته‌ ئه‌و كاته‌ ده‌بێ ته‌سه‌ووری سیفه‌تێكی سێبه‌رئاسا و شوێنكه‌وته‌ بۆ فه‌رمانگه‌ی كاروباری ئایینی بكرێت له‌ ناوه‌ندی كارمه‌ندانی فه‌رمانگه‌ی دادگه‌ریدا. حاڵی فه‌رمانگه‌ی سه‌ربازیش به‌ هه‌مان جۆره‌، چونكه‌ ئه‌و كاته‌ ده‌بێ كاروبار و مامه‌ڵه‌كانی ئه‌م فه‌رمانگه‌یه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی سێبه‌ر ئاسا و گریمان و ناحه‌قیقی له‌ ناوه‌ندی كارمه‌ندانی فه‌رمانگه‌ی دادگه‌ریدا ده‌ربكه‌وێت.. فه‌رمانگه‌كانی تریش به‌ هه‌مان جۆر..

كه‌واته‌ له‌م حاڵه‌ته‌دا ته‌نها ناوی "فه‌رمانڕه‌وای دادگه‌ر" و سیفه‌تی فه‌رمانڕه‌واییه‌كه‌ی له‌ فه‌رمانگه‌ی دادگه‌ریدا، به‌ "ناو" و "سیفه‌ت"ی ڕاسته‌قینه‌ی پادشا ده‌رده‌كه‌وێت و.. ناوه‌كانی تری وه‌ك: "خه‌لیفه‌" و "سه‌ركرده‌ی گشتیی سوپا" و... هتد، به‌ نیسبی و ناحه‌قیقی ده‌مێننه‌وه‌. كه‌چی له‌ ڕاستیدا ماهیه‌تی پادشا و حه‌قیقه‌تی پادشاییه‌كه‌ی داخوازی سه‌رجه‌می ئه‌و ناوانه‌ن به‌ شێوه‌یه‌كی ڕاسته‌قینه‌ و، ئنجا ئه‌و ناوانه‌ش داواكار و داخوازی ئه‌وه‌ن كه‌ ئه‌وانیش فه‌رمانگه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی خۆیان ببێت.

هه‌ر به‌م جۆره‌ش، په‌روه‌ردگارێتیی خوای گه‌وره‌ داخوازی بوونی چه‌ندین ناوی جوانی ڕاسته‌قینه‌یه‌، وه‌ك: "الرحمن، الرزاق، الوهاب، الخلاق، الفعال، الكريم، الرحيم". ئه‌م سیفه‌ت و ناوانه‌ش به‌ هه‌مان جۆر داخوازی بوونی چه‌ند ئاوێنه‌یه‌كی ڕاسته‌قینه‌ن تاكو تیایاندا ده‌ربكه‌ون و بدره‌وشێنه‌وه‌.

جا مادام ڕێڕه‌وانی ڕێبازی "وحدة الوجود"ده‌ڵێن: "لاموجود إلا هو"، به‌مه‌ش سه‌رجه‌می "بوونه‌وه‌ران" داده‌گرنه‌ پله‌ی "ئه‌ندێشه‌" و "عه‌ده‌م"، ئه‌وا

هەر تەنها ئەو ناوانەی خوای گەورە چەشنی: "واجب الوجود، الموجود، الاحد، الواحد" لەبەر چاویاندا بە جۆرێکی ڕاستەقینە دەردەکەون و لەناو فەرمانگەکانیاندا بە چەشنێکی ڕاستەقینە دەدرەوشێنەوە. تەنانەت گەر فەرمانگە و ئاوێنەکانی ئەم ناوانە حەقیقی و ڕاستەقینەش نەبن - بەڵکو عەدەمی و ئەندێشەیی بن - هیچ زیانێك لەو ناوانە نادات، بگرە لەوانەیە وجوودە حەقیقی‌یەکە خاوێنتر و بریسکەدارتر دەربکەوێت گەر ڕەنگی وجوود لە ئاوێنەکەیدا نەبێت..

بەڵام لەم حاڵەتەدا ناوە جوانەکانی تری چەشنی: "الرحمن، الرزاق، القهار، الجبار، الخلاق" دەرکەوتن و درەوشانەوەی ڕاستەقینەیان نابێت، بەڵکو دەبن بە چەند ناوێکی ئیعتیباری و نیسبی. لە کاتێکدا کە ئەم ناوانەش کتومت وەك ناوی: "الموجود" حەقیقی و ڕاستەقینە و ڕەسەنن و، هەرگیز ناکرێت سێبەر و شوێنکەوتە بن.

جا هاوەڵە بەڕێزەکان و موجتەهیدان و پێشەوایانی ئالی بەیت - خوایان لێ ڕازی بێت - کاتێ ئاماژە بۆ دەستووری: "حقائق الأشياء ثابتة" دەکەن، دان بەوەدا دەنێن کە ناوە جوانەکانی خوای گەورە خاوەنی درەوشانەوەی ڕاستەقینەن و، هەموو شتانی مەوجوودیش دارای "بوون"ێکن کە خوای گەورە لە ڕێی بەدیهێنانیانەوە پێی بەخشیون. خۆ هەرچەندە ئەم "بوون"ە لەچاو "بوون"ی خواوەندی "واجب الوجود"دا بە سێبەر و بوونێکی لاوەکی و لاواز دادەنرێت، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا "بوون"ێکی وەهمی و ئەندێشەیی نی‌یە، چونکە خواوەند خۆی لە ڕێی درەوشانەوەی ناوی "الخلاق"ی خۆیەوە سیفەتی "بوون"ی بە شتانی ناو بوونەوەر بەخشیوە و هەر خۆیشی درێژە بە بوونیان دەدات.

نموونه‌ی دووهه‌م:

با وا دابنێین كه‌ هه‌ر چوار دیواری ئه‌م ژووره‌مان چوار ئاوێنه‌ی گه‌وره‌یان له‌سه‌ر قایم كرابێت. كه‌واته‌ وێنه‌ی ژووره‌كه‌ له‌سه‌ر هه‌موو یه‌كێكی ئاوێنه‌كان ده‌رده‌كه‌وێت. به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌ هه‌یه‌ كه‌ هه‌ر یه‌ك له‌م ئاوێنانه‌ به‌و شێوه‌یه‌ی كه‌ له‌گه‌ڵ ڕه‌نگ و سیفه‌تی خۆیدا بگونجێت وێنه‌كان ده‌رده‌خات. واته‌ هه‌ر یه‌كه‌یان دیمه‌نێكی تایبه‌تیی ژووره‌كه‌ پیشان ده‌دات..

جا ئه‌گه‌ر دوو پیاو ڕۆشتنه‌ ناو ژووره‌كه‌وه‌ و یه‌كێكیان چاوی به‌ یه‌كێك له‌م چوار ئاوێنه‌یه‌ كه‌وت، ئه‌وا له‌و باوه‌ڕه‌دا ده‌بێت كه‌: هه‌رچی شتی ناو ژووره‌كه‌یه‌ له‌ ئاوێنه‌كه‌یدا ده‌ركه‌وتووه‌. خۆ كاتێ كه‌ ده‌بیستێت ئاوێنه‌ی تر له‌ ژووره‌كه‌دا هه‌یه‌ و ئه‌وانیش وێنه‌ی شتانی ناو ژووره‌كه‌ پیشان ده‌ده‌ن، پێی وا ده‌بێت كه‌ ئه‌وانه‌ وێنه‌ی ئه‌و ئاوێنه‌ بچوكانه‌ن كه‌ به‌ بچوكی له‌ ئاوێنه‌كه‌ی خۆیدا ده‌رده‌كه‌ون و جێگایه‌كی كه‌میان تێدا گرتووه‌، دوای ئه‌وه‌ی كه‌ دوو جار بچووك بوونه‌ته‌وه‌ و حه‌قیقه‌ته‌كه‌یان گۆڕانی به‌سه‌ردا هاتووه‌! بۆیه‌ ده‌ڵێت:

– من وێنه‌كه‌ به‌م جۆره‌ ده‌بینم، كه‌واته‌ حه‌قیقه‌ت ئه‌مه‌یه‌ كه‌ من ده‌یبینم!

به‌ڵام پیاوی دووهه‌م پێی ده‌ڵێت:

– به‌ڵێ وایه‌، تۆ وا ده‌بینیت و بینینه‌كه‌شت ڕاسته‌. به‌ڵام له‌ واقیعدا ئه‌وه‌ی تۆ ده‌یبینیت وێنه‌ی خودی حه‌قیقه‌ته‌كه‌ نی‌یه‌، چونكه‌ جگه‌ له‌و ئاوێنه‌یه‌ی كه‌ تۆ تیایدا ده‌ڕوانیت چه‌ند ئاوێنه‌یه‌كی تریش هه‌یه‌ و، ئه‌وانیش بچووك و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی سێبه‌ره‌كان نین وه‌ك تۆ له‌ ئاوێنه‌كه‌تدا ده‌یانبینیت.

به‌ وێنه‌ی ئه‌م نموونه‌یه‌، هه‌موو یه‌كێك له‌ ناوه‌ جوانه‌كانی خوای گه‌وره‌ش داخوازی ئاوێنه‌ی سه‌ربه‌خۆی خۆیانن. بۆ نموونه‌: مادەم ناوه‌ جوانه‌كانی:

"الرحمن، الرزاق" دوو ناوی ڕەسەن و حەقیقین، ئەوا داخوازی "بوون"ی بوونەوەرانێکن کە شایستەی ئەوان بن و موحتاجی ئەم چەشنە ڕۆزی و میهرەبانی‌یە بن.

جا هەروەك ناوی "الرحمن" داخوازی چەند بەدیهاتوویەکی زیندووی ئەوتۆیە کە لە جیهانێکی ڕاستەقینەدا پێویستیان بە ڕۆزی بێت، ناوی "الرحیم"یش داخوازی بوونی بەهەشتێکی ڕاستەقینەیە.

لەبەر ئەمانە، دانانی تەنها چەند ناوێکی دیاری کراوی چەشنی: "الموجود، الواحد، الاحد، واجب الوجود" بە ناوی ڕاستەقینە و، وەهەم کردنی ئەوەی کە ناوەکانی تر سێبەر و شوێنکەوتەی ئەوانە بن، بڕیارێکی دادپەروەرانە نی‌یە و، لادانە لە واجبی ڕێزنانی پێویست لەم ناوە جوانانە.

کەواتە ڕاستە شەقام، بەڵکو ڕێی "ویلایەتی کوبرا" هەر تەنها ڕێی هاوەڵە بەڕێزەکان و ئەصفیا و تابیعین و پێشەوایانی ئالی بەیت و پێشەوا موجتەهیدەکانە، خوایان لێ ڕازی بێت. کە ڕێیەکە دەستەی یەکەمی قوتابیانی قورئانی پیرۆز گرتوویانەتەبەر.

﴿سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا إِلاَّ ما عَلَّمْتَنا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيم﴾.

﴿رَبَّنا لا تُزِغْ قُلُوبَنا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنا وَهَبْ لَنا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّاب﴾.

اللّهم صلّ على مَن أرسلته رحمةً للعالمين وعلى آله وصحبه أجمعين.

□ مەسەلەی سێهەم:

بریتی‌یە لەو مەسەلە گرنگەی کە هەرگیز ناگونجێ بە "ژیری" شی بکرێتەوە و، بە حیکمەت و فەلسەفەش ناتوانرێت دەربخرێت.

خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی:

﴿كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ﴾ (الرحمن:٢٩).

﴿فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ﴾ (البروج:١٦).

پرسیار:

نهێنی و حیكمه‌تی ئه‌م كارایی(فعالیـــــة)یه‌ چی‌یه‌ كه‌ مرۆڤ سه‌رسام ده‌كات و له‌م گه‌ردوونه‌دا ده‌ست به‌كاره‌؟ بۆچی ئه‌م بوونه‌وه‌ره‌ هه‌میشه‌ بزۆكانه‌ هیچ كات له‌ جووڵه‌ ناوه‌ستن، به‌ڵكو به‌رده‌وام ده‌گۆڕێن و نوێ ده‌بنه‌وه‌؟

وه‌ڵام:

ڕوونكردنه‌وه‌ی ئه‌م دانسته‌ هه‌زار لاپه‌ڕه‌ی ده‌وێت. بۆیه‌ ئێستا ئه‌و ڕوونكردنه‌وه‌یه‌ ده‌خه‌ینه‌ لاوه‌و، وه‌ڵامه‌كه‌ی به‌وپه‌ڕی پوختی له‌ دوو لاپه‌ڕه‌دا جێ ده‌كه‌ینه‌وه‌ و ده‌ڵێین:

هه‌ر كه‌سێك ئه‌ركێكی سروشتی ئه‌نجام بدات یان كارێكی گرنگی كۆمه‌ڵایه‌تی جێبه‌جێ بكات و بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌و كاره‌ هه‌وڵێكی سه‌روم‌ڕ بدات، ئه‌وا بێ گومان هه‌ر كه‌سێك ببینێت هه‌ست ده‌كات كه‌ ئه‌نجامده‌ری ئه‌و كاره‌ له‌به‌ر دوو هانده‌ر كاره‌كه‌ی ڕاده‌په‌ڕێنێت:

یه‌كه‌م: له‌به‌ر ئه‌و به‌رژه‌وه‌ندی و به‌روبووم و سوودانه‌ی كه‌ ئه‌نجامی جێبه‌جێ كردنی ئه‌و ئه‌رك و كارمه‌ندی‌یه‌ن و پێیان ده‌وترێ: "عیلله‌تی غائی".

دووهه‌م: مرۆڤ له‌ ده‌می ئه‌نجامدانی ئه‌و ئه‌ركه‌دا هه‌ست به‌ خۆشویستن و شه‌وق و له‌زه‌تێك ده‌كات و، ئه‌مانه‌ش هانی ده‌ده‌ن كه‌ به‌ گه‌رموگوڕی و

شەوقەوە کارەکەی ڕاپەڕێنێت. ئەمەیان پێی دەوترێت: "داواکار و داخواز"(الداعي والمقتضي).

"خواردن" نموونەیەکە بۆ ئەمە.. ئەوەتا "خواردن": کارمەندی و ئەرکێکی سروشتییە و، مرۆڤ بە هاندەری چێژ و لەزەتی ئیشتیهای خواردن و، بە شەوق و تاسەوە حەز دەکات ئەنجامی بدات. ئنجا دوای ئەنجامدانی ئەم کارە، گەشە کردنی لەش و بەردەوامبوونی ژیانیش - وەك ئەنجام و بەروبوومێکی ئەو خواردنە - پەیدا دەبێت.

سەبارەت بە خوای گەورەش - ولله المثل الأعلى - ئەوا ئەو کارایییەی کە لەم گەردوونە فراوانەدا دەست بەکارە و دڵی مرۆڤ سەرسام و ژیریشی گرفتاری سەرسووڕمان و حەپەسان دەکات، پاڵی بە دوو بەشی ناوەکانی خواوەندەوە داوە و، لە ئەنجامی دەرخستنی دوو حیکمەتی فراوانەوە جێبەجێ دەبن کە هەریەکەیان هێندە فراوانن سنوورێك نییە دیاری و دەستنیشانیان بکات.

حیکمەتی یەکەم:

"ناوە جوانەکانی خوای گەورە" گەلێ درەوشانەوەی بێ ژمارە و بێ سنووریان هەیە، چونکە جۆراوجۆریی لە ڕادەبەدەری بەدیهاتووان ئەنجامی جۆراوجۆریی ئەو درەوشانەوە بێ سنوورانەیە.

واتە ئەو ناوە جوانانە داخوازی ئەوەن کە درەوشانەوەی جوانییەکەیان لە ئاوێنەی نەخش و نیگارەکانیاندا ببینن و پیشانی غەیری خۆشیانی بدەن. بەو واتایەی کە ئەو ناوە جوانانە داخوازی نوێ بوونەوەی کتێبی گەردوونن، واتە نوێ بوونەوەی دەم بە دەم و چرکە بە چرکەی ئەو بوونەوەرانە بە بەردەوامی و بێ ڕاوەستان.

بە واتایەكی تر: ئەو ناوانە داخوازی ئەوەن كە بوونەوەران سەرلەنوێ و هەمیشە بە نووسینێكی ڕەوان و دانا و پڕ لە واتای ورد، بنووسرێنەوە، بە چەشنێكی ئەوتۆ كە هەموو یەكێ لەو نووسراوانە خۆی لە پێش چاوی بەدیهێنەرەكەیدا و لە بەرچاوی بوونەوەرە خاوەن هەست و شعوورەكانیشدا دەربخات و هانیان بدات بۆ خوێندنەوەی.

هۆكار و حیكمەتی دووهەم:

هەروەك كارایی ناو سەرجەمی بوونەوەران لە سەرچاوەی لەزەت و ئیشتیها و شەوقێكەوە هەڵقوڵاوە، تەنانەت هەموو كارایییەك لەزەتێكی تێدایە، تەنانەت هەریەك لەو كاراییانە - خۆی لە خۆیدا - جۆرێكە لە جۆرەكانی چێژ و لەزەت..

سەبارەت بە خواوەندیش - ولله المثل الأعلى - شەفەقەت و مەحەببەتێكی موقەددەس و ڕەهای وای هەیە كە شایانی خواوەند بن و لەگەڵ دەوڵەمەندی و بەرز و بڵندی و خاوێنی و كەماڵی ئەودا بگونجێن و شایانی بن.. پاشان شەوقێكی ڕەها و موقەددەسیشی هەیە كە لەو شەفەقەت و مەحەببەتەوە هاتووە.. ئنجا شادمانییەكی موقەددەسی هەیە كە لەو شەوقە موقەددەسەوە سەرچاوەی گرتووە و.. لەزەتێكی موقەددەس و شایانیشی هەیە - گەر ئەم تەعبیرە دروست بێت - كە لەو شادمانییە موقەددەسەوە پەیدا بووە و.. پاشان میهرەبانییەكی ڕەهایشی هەیە كە لەو لەزەتە موقەددەسەوە هەڵقوڵاوە..

جا هەرچی ڕەزامەندیی گشتی و كەماڵی هەمەلایەنگر - لە ناوەندی كارایی توانستدا - لە سەرجەمی بوونەوەرانەوە سەرهەڵدەدات و، ئەنجامی كامڵ بوونیان و دەرچوونی توانا و لێهاتنیانە لە دۆخی "هێز"ەوە بەرەو دۆخی

"کار".. هەرچی لەمانەوە پەیدا دەبێت و سەرهەڵدەدات لە: "ڕەزامەندیی موقەددەس" و "شانازیی موقەددەس" - گەر ئەم تەعبیرانە دروست بن - هەموو ئەوانە، بەو شێوەیەی کە شایان و تایبەت بن بە خواوەندی بەخشندەی میهرەبانەوە، داخوازی کارایییەکی ڕەها و بێ سنوورن.

جا لەبەر ئەوەی فەلسەفە و زانست پەی بەم حیکمەتە وردە نابەن کە لەم کارایییە دەست بەکارەی ناو بوونەوەردا هەیە، ئەوا، فەیلەسووف و زاناکان دەچن: "سروشت"ی کەڕ و لاڵ و.. "ڕێکەوت"ی کتوکوێر و.. "هۆکار"ە وشك و بێ گیانەکان تێکەڵی ئەم کارایییە بینەرە زانا و دانایە دەکەن. بەو پێیە نەیانتوانی ڕێ بە نووری حەقیقەت ببەن، بەڵکو گەلێ دوور کەوتنەوە و لە ڕێ ترازان.

﴿قُلِ اللهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِم يَلْعَبُون﴾.

﴿رَبَّنا لا تُزِغْ قُلُوبَنا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنا مِنْ لَدُنْكَ رَحْـمَةً إِنَّكَ أَنْـتَ الْوَهَّاب﴾.

اللّهم صلّ وسلّم على كاشفِ طلسمِ كائناتك بعدد ذرات الموجـودات وعلى آله وصحبه ما دام الأرضُ والسموات.

الباقي هو الباقي

سەعیدی نوورسی

بەشێك لە بڕیسکەی بیست و هەشتەم:

زیانەکانی "وحدة الوجود"

برای ئازیزم!

داوای هەندێ ڕوونکردنەوەتان لە بارەی "وحدة الوجود"ەوە کردبوو، لە کاتێکدا کە یەکێك لە بڕیسکەکانی مەکتووبی سی و یەکەم وەڵامێکی تێر و تەسەل و بەهێز و ڕوونی تێدایە سەبارەت بە ڕای محیّدینی کوڕی عەرەبی لەم مەسەلەیەدا.

بەڵام لێرەدا هەر هێندە دەڵێین کە:

بەگوێدادان و وتنەوەی مەسەلەی "وحدة الوجود" بە خەڵکی، لەم کاتەی ئێستادا، گەلێ زیانیان پێ دەگەیەنێت. چونکە هەروەك ئەگەر تەشبیهات و نموونە هێنانەوە لە دەستی خەواصەوە دەربچن و بڕۆنە دەستی عەوامەوە، یاخود لە دەستی زانستەوە بکەونە ناو دەستی جەهل و نەزانی، ئەوا وەکو حەقیقەت وەردەگیرێن[1]. "وحدة الوجود" و ڕاستییە بەرزەکانی هاوچەشنیشی بە هەمان جۆرن، چونکە ئەگەر بکەونە نێوان کەسانی عەوامی بێ ئاگا و ئەوانەی باوەڕیان بە "کاریگەریی هۆکارەکان" هەیە، ئەوا ئەم مەسەلەیە لە شێوەی "سروشت"دا وەردەگرن و، سێ زیانی گرنگی لێ دەبێتەوە بۆیان:

(١) وەك ئەو دوو مەلائیکەتە مەزنەی کە ناویان "ثور" و "حوت"ە و، بەهۆی نهێنیی تەشبیهەوە لە لای عەوام شێوەی گایەکی مەزن و نەهەنگێکی زەبەلاحیان وەرگرتووە! (دانەر)

○ زیانی یەكەم:

هەرچەند مەشرەبی "وحدة الوجود" لە حوكمی ئینكاری كردنی وجوودی بوونەوەراندایە لە ئاستی وجوودی خوای گەورەدا، بەڵام هەتا بڕواتە نێوان چینی عەوامەوە، ئەوا بەرە بەرە لەو مەبەستە دوور دەكەوێتەوە تا لە بیروبۆچوونی بێ ئاگایانی ئەو چینەدا، بە تایبەت ئەوانەیان كە بیریان بە ماددییات چەپەڵ بووە، هێندە لە مەبەست دەترازێت كە دەیانگەیەنێتە ئینكاریی خوایەتیی خوای گەورە لە ئاستی گەردوون و شتانی ماددیدا!

○ زیانی دووهەم:

مەشرەبی "وحدة الوجود" زۆر بە توندی دەست بە ڕووی پەروەردگاریێتیی هەرشتێكی تری غەیری خوای گەورەوە دەنێت و هەڵی دەوەشێنێتەوە، تەنانەت ئینكاریی غەیری خوا دەكات و باوەڕ بە بوونی شتێكی تری جگە لە خوا ناكات و بوونی سەربەخۆ نە بۆ دەروونی بەدخواز و نە بۆ هیچ شتێك دانانێت. بەڵام لەم ڕۆژگارەدا كە چەمكەكانی "سروشت" بەسەر بیروبۆچوونەكانی خەڵكدا زاڵ بوون و، دەروونە بەدخوازەكانیش وەك فیرعەونیان لێ هاتووە، بە تایبەت ئەوانەی كە ئامادەیی ئەوەیان تێدایە "نەفسی خۆیان" لە بریی خوای گەورە بپەرستن، نەخوازەڵا لە سەردەم و كاتێكدا كە لەخۆ بایی بوون و خۆپەرستی فووی تێ كراوە و، تا ڕادەیەكیش خەڵكی بەدیهێنەر و دواڕۆژیان لە بیر چووەتەوە.. بێ گومان باسكردنی "وحدة الوجود" ئا لەم سەردەمەدا و بۆ ئەو جۆرە كەسانە - پەنا بە خوا - دەروونی بەدخوازی ئەوانە لە ڕێ دەترازێنێت. تەنانەت ئەوانە لەم ڕێیەوە هێندە لە خۆیان بایی دەبن كە ئیتر دەروونیان جێی هیچ شتێكی تری تێدا نەبیێتەوە!

○ زیانی سێهه‌م:

ئه‌م مه‌شره‌به‌ هه‌ندێ بیروبۆچوونی ئه‌وتۆ له‌ مرۆڤدا به‌جێ ده‌هێڵێت كه‌ شایانی "پێویستیی بوون"ی زاتی شكۆمه‌ندی خواوه‌ند نی‌یه‌، كه‌ زاتێكه‌ دووره‌ له‌ ناته‌واوی و ته‌نگی و ئاڵوگۆڕ و له‌ت‌بوون و جێ گرتن و، ئه‌و شتانه‌ی كه‌ هه‌رگیزاو هه‌رگیز له‌گه‌ڵ ئه‌و خاوێنی‌یه‌ی زاتی خوای گه‌وره‌دا ناگونجێت. بۆیه‌ ئه‌م مه‌شره‌به‌ - به‌م بۆنه‌یه‌وه‌ - ده‌بێت به‌هۆی چه‌ند ته‌ڵقینێكی به‌تاڵ و ناڕه‌وا.

به‌ڵێ، ئه‌و كه‌سه‌ی له‌ باره‌ی"وحدة الوجود"ه‌وه‌ ده‌دوێت، ده‌بێ به‌ هزر و بیری خۆی له‌ زه‌وی‌یه‌وه‌ به‌ره‌و ئاسمانه‌كان به‌رز بێته‌وه‌ و، سه‌رجه‌می بوونه‌وه‌ران له‌ پشت سه‌ری خۆیه‌وه‌ به‌جێ بهێڵێت و، ڕوانینی ته‌نها ئاراسته‌ی عه‌رشی بڵند بكات و له‌ حاڵه‌تی نوقم بوون(ئیستیغراق)دا بوونه‌وه‌ران به‌ "نه‌بوو" دابنێت.

ئه‌و كاته‌ به‌ "هێزی ئیمان" ده‌توانێت ببینێت كه‌: هه‌موو شتێك ڕاسته‌وخۆ له‌ خواوه‌ندی تاك و ته‌نیاوه‌یه‌.

ده‌نا ئه‌و كه‌سه‌ی له‌ پشتی ئه‌م بوونه‌وه‌رانه‌وه‌ ڕاوه‌ستاوه‌ و له‌وێوه‌ بۆیان ده‌ڕوانێت و، هۆكاره‌كان له‌ به‌رده‌می خۆیدا ده‌بینێت و، له‌ زه‌وی‌یه‌وه‌ ته‌ماشا ده‌كات. له‌وانه‌یه‌ له‌ "كاریگه‌ریی هۆكاره‌كان"دا نوقم ببێت و بكه‌وێته‌ ناو زه‌لكاوی "سروشت"ه‌وه‌.

به‌ڵام ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ وه‌ك جه‌لاله‌ددینی ڕۆمی[1] به‌ فیكر و بیر بۆ عه‌رشی

(١) مه‌ولانا جه‌لاله‌ددینی ڕۆمی له‌ شاری (به‌له‌خ) له‌ دایك بووه‌ و له‌ شاری (قۆنیه‌)ش كۆچی دوایی كردووه‌. له‌ نێوان ساڵه‌كانی: (٦٠٤-٦٧٢ك/ ١٢٠٧-١٢٧٣ز)دا ژیاوه‌. له‌ فیقهی حه‌نه‌فی و سه‌رجه‌می زانسته‌كانی ڕۆژگاری خۆیدا زانایه‌كی به‌ناوبانگ و به‌توانا بووه‌ و، دوای

مەزن سەردەکەوێت، دەتوانێ بڵێت: "گوێ ڕابگرە و دەرگای بیستنت بکەرەوە، چونکە ئەو شتەی کە لە حەق تەعالا دەیبیستیت، دەشتوانیت لە هەموو کەسێکی ببیستیت"..

دەنا ئەو کەسەی کە نەتوانێت وەك ئەو بۆ ئەم پلە بڵندە بەرز ببێتەوە و، سەرجەم بوونەوەران لە عەرشەوە تا فەرش بە وێنەی چەند ئاوێنەیەك نەبینێت بۆ تیادرەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خواوەند، گەر پێی بڵێیت: "گوێ لە هەموو شتێك ڕابگرە، چونکە گوفتاری خوای لێ دەبیستیت" ئەوا گرفتاری چەندەها بۆچوونی بەتاڵ و ناڕەوا و دژی حەقیقەت دەبێت، وەك ئەوەی لە ناوەرۆك و مەعنادا لە عەرشەوە بەرەو فەرش کەوتبێتە خوارەوە!

﴿قُلِ اللهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴾ (الأنعام: ٩١).

ما للتراب ولرب الأرباب؟!

سبحان من تقدس عن الأشباه ذاتُه، وتنـزهت عن مشابهة الأمثال صفاتُه، وشهد على ربوبيته آياتُه، جلَّ جلالُه ولا إلهَ إلا هو.

سەعیدی نوورسی

وەفاتی باوکی لە سالی (٦٢٨ك)دا لە چوار قوتابخانەی شاری "قۆنیە"دا دەرسی وتووەتەوە. پاشان ڕێبازی تەسەووفی گرتووەتەبەر و (شەمسی تەبریزی) لەم بوارەدا ڕابەریی کردووە. پاشان تەریقەتی "مەولەوی"ی دامەزراندووە. گەلێ بەرهەمی دوای خۆی بەجێهێشتووە، وەك (فيه ما فيه، ديوان كبير) بەڵام بەناوبانگترینیان (مەسنەویی مەعنەوی)یە کە بیست و شەش هەزار بەیتی شیعرە بە زمانی فارسی و، بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕراوە و بووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی مەولانا لە سەرتاسەری جیهاندا. بۆ زانینی درێژەی ژیانی بڕوانە: (مولانا جلال الدين الرومي في حياته وشعره، تأليف: الدكتور محمد عبدالسلام الكفافي، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧١) هەروەها بەرگی یەکەمی: (رجال الفكر والدعوة في الإسلام) نووسینی خوالێخۆشبوو (السيد أبو الحسن الندوي). (وەرگێڕ)

بەڵگەی یەقینی

وەرگرتنی وتەی پیاوانی مەزن، گەر بەڵگەی لەگەڵدا نەبێت، دڵنیایی و بێ گومانی بە دڵی مرۆڤ نابەخشێت، مەگەر لەو کێشەیەدا مرۆڤ خۆش باوەڕی و گومان باشی‌یەکانی زاڵ بن و، لەم ڕێیەوە قەناعەت و متمانەی بۆ دروست ببێت..

بەڵام قەناعەتی ڕاستەقینەی پشت بەستوو بە بەڵگە – وەك لە زانستی مەنتیقدا ڕوون کراوەتەوە – بۆ پلە و پایەی ئەو کەسە ناڕوانێت کە قسەکەی لە زار دەردەچێت، بەڵکو بۆ ئەو بەڵگەیە دەڕوانێت کە ئەوەندە بەهێزە زامدار ناکرێت!

جا هەموو بەڵگەکانی "پەیامەکانی نوور" لەم بەشەن، واتە "بەڵگەی یەقینی"ن. چونکە ئەو حەقیقەتانەی کە ڕێبوارانی ڕێی ویلایەتی سۆفێتی لە ئەنجامی کردار و پەرستن و سلووك و وەرزشی ڕۆحی پێیان دەگەن، هەروەها ئەو ڕاستی‌یانەی ئیمان کە ئەوان لە پشت پەردەوە دەیانبینن، پەیامەکانی نووریش وەك ئەوان دەیانبینن و پێیان دەگەن. بەڵام ئەم پەیامانە ڕێیەکی تریان بۆ ئەمە گرتووەتەبەر..

ئەوەتا لە شوێنی "پەرستش"دا ڕێیەکیان لە ناوەندی "زانست"ەوە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت دۆزیوەتەوە و گرتوویانەتەبەر..

لە شوێنی "سلووك و ویردەکان"دا ڕێیەکیان لە ناوەندی "بەڵگە مەنتیقی و زانستی"یەکانەوە لێداوە کە ڕاستەوخۆ مرۆڤ دەگەیەنێتە ڕاستیی هەموو ڕاستییەکان..

لە جێی "تەسەووف و تەریقەت"دا ڕێیەکی ڕاستەوخۆیان بۆ ویلایەتی کوبرا لە بازنەی "زانستی کەلام و عەقیدە و ئوسوولی دین"ەوە دۆزیوەتەوە، کە بە هۆیەوە توانییان بەسەر گومڕاییەکانی فەلسەفەدا سەربکەون.

(ئەو فەلسەفەیەی کە لەم سەردەمەدا بەسەر تەوژمی حەقیقەت و تەریقەتدا سەرکەوت).

واقیعیش باشترین شایەتە لەسەر ئەمە!

* * *

شوێنکەوتنی (رُهبان) یان (بُرهان)؟!

ئێمەی موسڵمانی خزمەتگوزاری قورئان شوێنی بەڵگە دەکەوین و، بە دڵ و بیر و ژیرمان ڕاستییەکانی ئیمان وەردەگرین. هەرگیز بە وێنەی شوێنکەوتەی ئایینەکەکانی تر نابین، کە دەچن لەبەر چاولێکەریی ڕاهیبەکانیان دەستبەرداری بەڵگەکان دەبن!

لە (وتاری شام)ەوە

لە بریسکەکانەوە:

میانەڕەوی لە باسی (محێدینی عەرەبی)دا

ئەوەندە کاتی پێویستم بە دەستەوە نییە کە بەراوردێك لە نێوان بیروبۆچوونەکانی هەریەك لە: "مستەفا صەبری"[(١)] و "مووسا باکۆف"[(٢)]دا بکەم. بەڵام هێندە دەڵێم کە:

یەکێکیان زیاد لە پێویست ڕۆچووە و ئەوی تریشیان هەندێ حەقیقەتی پشتگوێ خستووە. چونکە هەرچەندە "مستەفا صەبری" لەچاو "مووسا باکۆف"دا لە بەرگرییەکانیدا لەسەر حەقە، بەڵام مافی شکاندنی کەسی محێدینی کوڕی عەرەبیی نییە، کە یەکێکە لە کەسێتییە دەراساکانی زانستە ئیسلامییەکان.

بەڵێ، محێدینی کوڕی عەرەبی بۆ خۆی وەرگیراوە و لەسەر ڕێی هیدایەتە، بەڵام لە هەموو نووسراوەکانیدا ڕابەر و ڕێ نیشاندەر و پێشەنگ نییە بۆ خەڵکی، چونکە زۆربەی جار بە بێ ڕەچاوکردنی میزانی ڕاستییەکانی

---

(١) مستەفا صەبری (١٨٦٩-١٩٥٤) شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی بووە و، بەرەنگاریی بزوتنەوەی کەمالیستی کردووە. پاشان کۆچی کردووە بۆ میسر. گەلێ کتێبی داناوە کە گرنگترینیان بریتییە لە: "موقف العقل و العلم والعالِم من رب العالمين و عباده المرسلين".
(وەرگێڕ)

(٢) "مووسا جاروڵڵا باکۆف" تورکستانی و قازانییە و، شێخولئیسلامی دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری بووە. ماوەیەك بۆ مەبەستی ڕزگاربوون لە ڕژێمی قەیسەری پشتی شۆڕشی بەلشەفیکی گرت، بەڵام دوایی ڕاستیی ئەو شۆڕشەی بۆ دەرکەوت و، چەندین جار بەند کرا. بە زۆر وڵاتدا گەڕاوە و، نزیکەی سەد و بیست کتێبی لە بابەتە جۆراو جۆرەکانی ئیسلامدا داناوە و، ڕا و بۆچوونەکانی ڕووکاری نوێخوازی و سەربەستییان لەخۆ گرتووە. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتییە لە: "الوشيعة في نقض عقائد الشيعة". لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)

شەرع هەنگاو دەنێت و، بە پێچەوانەی قاعیدە و دەستوورەکانی ئەهلی سوننەت ڕەفتار دەکات و، هەندێ لە گوفتارەکانیشی بە ڕواڵەت گومڕایی دەگەیەنێت، هەرچەندەش خۆی لە گومڕایی بەرییە. چونکە هەندێ جار گوفتار لە ڕواڵەتدا بە "کوفر" دەردەکەوێت بەڵام خاوەنەکەی بە "کافر" دانانرێت..

جا "مستەفا صەبری" ئەم خاڵانەی ڕەچاو نەکردووە، بۆیە لە پشتگیریی کردنیدا بۆ قاعیدە و دەستوورەکانی "ئەهلی سوننەت" هەندێ شتی پشتگوێ خستووە و دووچاری "تەفریط" بووە.

بەڵام "مووسا باکۆف" بە بۆنەی ئەو بیروبۆچوونانەی کە شان بە شانی شارستانێتییە و زۆر بە توندی لایەنی نوێخوازی دەگرێت، ئەوا گەلێ جار بە هەڵەدا دەچێت، چونکە هەندێ لە ڕاستییەکانی ئیسلام بە چەند تەئویلێکی هەڵە دەستکاری دەکات و، کەسێکی وەرنەگیراوی وەك "ئەبولعەلای مەعەڕڕی" دەخاتە ئاستێکی بەرزتر لە هی زانایانی لێکۆڵەری ئیسلام و، زیاد لە پێویست لە لایەنگرتنی توندوتیژیدا بۆ ئەو مەسەلانە ڕۆچووە کە محیّدینی عەرەبی تیایاندا پێچەوانەی ئەهلی سوننەتی کردووە و، لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئەمدا یەکیان گرتووە.

شێخ محیّدین خۆی وتوویەتی:

"تحرم مطالعة كتبنا على مَن ليس منا".

واتە: خوێندنەوەی کتێبەکانمان حەرامە لەو کەسانەی شارەزای مەقامی ئێمە نین.

بەڵێ، خوێندنەوەی کتێبەکانی شێخ محیّدین، بە تایبەت ئەو مەسەلانەی کە لە "وحدة الوجود" دەدوێن، لەم سەردەمەدا زیانی هەیە.

بریسکەی نۆهەم:

چەند ناتەواوی‌یەکی ورد لــە (وحـدة الـوجود)دا

هەموو کەسـێك نـاتوانێت کەموکوڕی‌یـە وردەکـانی "وحـدة الـوجود" ببینێت و پێویستی بەو زانینە نابێت، کەواتە پێویسـتی بـە خوێندنەوەی ئەم "بریسکە"یەش نی‌یە!

برای ئازیزم!

شێخ محێدینی عەرەبی وتوویەتی:

"إنَّ مخلوقيةَ الروحِ عبارةٌ عن انكشافِها".

برام! تۆ بەم پرسـیارەت منـی لاوازی کۆڵـەوار ناچاری وتووێژ دەکـەیت لەگەڵ بلیمــەتی "حەقیقـەت" و هەڵکـەوتووی عیلمــی ئەسـرار: "محێدینـی عـەرەبی"دا! بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە لـە باس و لێکۆڵینەوەکـەمدا پشـت بـە دەقەکانی قورئانی پیرۆز دەبەستم، ئـەوا دەتـوانم لـەو هەڵۆیـە بـەززتریش بفـڕم، هەرچەندە لەخۆمدا وەکو "مێش"ێك وایم!

برام! محێدینـی کـوڕی عـەرەبی خـەڵکی ناخەڵـەتێنێت، بـەڵکو بــۆ خـۆی دەخەڵەتێت! چونکە هەرچەندە ئـەو بۆخـۆی لەسـەر ڕێـی هیدایەتـە، بـەڵام لـە هەموو نووسینەکانیدا هیدایەتدەری غەیری خۆی نی‌یە.. ئەوەی ئەو دیویەتی، ڕاستە بینیویەتی. بەڵام "حەقیقەت" ئەوە نی‌یە کە دیویەتی!

باسـی "ڕۆح" لـە وتـەی بیسـت و نۆهـەمدا ئـەو ڕاسـتییەی ڕوون کردووەتەوە کە پرسیارەکەتانی لەبارەوە کراوە.

بەڵێ، ڕۆح، لە ڕووی ماهییەتەوە، یاسایەکی "ئەمری"یە، بەڵام "بوونی دەرەکی"ی لەبەر کراوە. کەواتە یاسایەکی زیندووە و خاوەنی بوونی دەرەکی(وجود خارجی)یە.

شێخ محێدین کاتێ کە بۆ "ڕۆح"ی ڕوانیوە تەنها لە ڕووی ماهییەتەکەیەوە سەیری کردووە و لە ڕوانگەی مەشرەبی "وحدة الوجود"ەوە پێی وایە شتان هەموویان "ئەندێشە"ن!

جا لەبەر ئەوەی "شێخ محێدین" ڕێبازێکی سەربەخۆی گرتووەتەبەر و، خاوەنی مەشرەبێکی گرنگ و کەشف و بینینی نائاسایی و لە عادەت بەدەرە، ئەوا هەندێ جار لە ناچاریدا پەنا دەباتە بەر چەند تەئویلێکی لاواز و زۆر لەخۆکردن، تاکو هەندێ ئایەتی قورئانی پیرۆز لەگەڵ مەشرەب و بینینە کەشفییەکانی خۆیدا یەك بخات، کە ئەمەش "ڕاشکاوی"ی ئایەتەکان زامدار دەکات!

ئێمەش لە چەندین پەیامی تردا ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی قورئان و ئەهلی سوننەتمان لەم ڕووەوە ڕوون کردووەتەوە.

"شێخ محێدین" بۆ خۆی خاوەنی پلە و پایەیەکی تایبەتییە و یەکێکە لە وەرگیراو(مقبول)ەکان. بەڵام بە کەشفە دوور لە قاعیدە و بێ دەستوورەکانی، سنووری شکاندووە و، بڕیارەکانی لە زۆر مەسەلەدا پێچەوانەی بڕیاری جەماوەری زانا لێکۆڵەرەکانە[1].

---

(١) ئەمە تەنها ڕای مامۆستا نوورسی نییە سەبارەت بە زانستە کەشفییەکانی شێخ محێدین، بەڵکو ڕای گەلێ زانای تریشە لە گەورە مەردانی ئیسلام. بۆ نموونە ئیمامی ڕەببانی (شێخ ئەحمەدی فاروقیی سەرهەندی) لەم بارەیەوە لە مەکتووبی (٢٦٦)ی مەکتووباتەکەیدا

هەر لەبەر ئەوەشە کە تەریقەتە تایبەتی‌یەکەی ئەو تەنها بۆ ماوەیەکی کەم مایەوە و لە "صەدرەددینی قۆنیەیی"(١) بەو لاوە زیاتر بڕی نەکرد و بەردەوام نەبوو. ئنجا بە دەگمەن ڕێ دەکەوێت سوودێکی بە ئیستیقامەت و ڕاست و ڕەوا لە بەرهەمەکانی وەربگیرێت، هەرچەندەش خۆی لە خۆیدا شێخێکی مەزن و پلە بەرز و قوتبێکی هەڵکەوتووی بێ وێنەی زەمانی خۆیەتی. ئەوەتا زۆربەی زانایانی ئەصفیا و لێکۆڵەر خەڵکی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هان نادەن، تەنانەت هەندێکیشیان خەڵکی لێ قەدەغە دەکەن.

ڕوونکردنەوەی جیاوازیی سەرەکیی نێوان مەشرەبی شێخ محێدین و مەشرەبی زانایانی لێکۆڵەر، پاشان باسکردنی سەرچاوەی هەردوو لایان، لە ڕاستیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی خەستوخۆڵ و تاوتوێ کردنێکی بەرز و فراوان هەیە.

بەڵێ، جیاوازی‌یەکەی نێوان هەردوو لا گەلێ ورد و قووڵە و، سەرچاوەکەش هێندە بەرز و بڵندە کە شێخ لەسەر هەڵەکەی تاوانبار نەکراوە و هەر بە مەقبوولی لە لای زانایان ماوەتەوە. چونکە ئەگەر ئەو

دەفەرموێ: (زۆربەی زانستە کەشفی‌یەکانی ئەو [شێخ محێدین] کە پێچەوانەی زانستەکانی ئەهلی سوننەتن، لە ڕاستی‌یەوە دوورن و، مەگەر مرۆڤێکی نەخۆش یان کەسێکی تەواو چاولێکەر، دەنا کەس شوێنی ئەو کەشفیاتانە ناکەوێت). بڕوانە: چاپە فارسی‌یە تازەکەی (مکتوبات امام ربانی)١/٥٨٥ انتشارات صديقى – زاهدان ١٤٢٥هـ، یان چاپە عەرەبی‌یەکە ٢٧٧/١ دار الكتب العلمية – بيروت. (وەرگێڕ)

(١) صەدرەددین: ناوی محەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی محەممەدی کوڕی یوسفی قۆنیەیی ڕۆمی‌یە. لە گەورە قوتابی و موریدانی شێخ محێدینە. چەند بەرهەمێکی هەیە، وەك: "النصوص في تحقيق الطور المخصوص"، "إعجاز البيان في تفسير أم القرآن". بڕوانە: الأعلام ٦/٣٠، طبقات المفسرين ٢/١٠٣، تذكرة الحفاظ للذهبي ١٤٩١، طبقات الأولياء ٤٦٧، الطبقات الكبرى للشعراني ١/٢٠٢. (وەرگێڕ – لە چاپی عەرەبیی "اللمعات"ەوە)

جیاوازی‌یە و سەرچاوەکەی، بە "بیر و زانیاری و کەشف" ئاشکرا و بینراو بوونایە، ئەوا ئەو مەشرەب و ڕێبازە بە تێکشکانێکی سامناك و هەڵەیەکی گەورە بۆ شێخ لە قەڵەم دەدرا.

جا لەبەر ئەوەی جیاوازی‌یەکە تەواو ورد و قووڵە، ئەوا هەوڵ دەدەین کە هەڵەی شێخ تەنها لەو مەسەلەیەدا دەربخەین و، ئەو جیاوازی و سەرچاوانە لە نموونەیەکی تەواو پوختدا ڕوون بکەینەوە.

بۆ نموونە:

"خۆر" لەناو ئاوێنەدا دەردەکەوێت. کەواتە ئەم ئاوێنەیە "مەظرووف" و "مەوصووف"ی خۆرە. بەو واتایەی کە لە ڕوویەکەوە "خۆر" لەو ئاوێنەیەدا هەیە و، لە ڕوویەکی تریشەوە ئاوێنەکەی ڕازاندووەتەوە بە ڕادەیەك کە بووە بە سیفەتی تیشکدەر و دەرخەری ئاوێنەکە.

خۆ ئەگەر ئەو ئاوێنەیە ئاوێنەی کامێرای وێنەگرتن بێت، ئەوا وێنەی خۆر - بە شێوەیەکی چەسپاو - دەگوێزرێتەوە بۆ سەر کاغەزێکی ناسکی تایبەتی.. جا لەم حاڵەتەدا، چ ئەو خۆرەی کە لە ئاوێنەکەدا دەبینرێت و، چ ماهییەت و سیفەتەکەشی کە لەسەر کاغەزەکە وێنەی گیراوە و، چ ڕازاندنەوەی ئاوێنەکەش بەو خۆرە کە لە ڕادەیەکدایە دەڵێی "خۆر" بووە بە سیفەتی ئەو ئاوێنەیە.. ئەم خۆرە، لەم حاڵەتەدا، غەیری خۆرە ڕاستەقینەکەیە، چونکە ئەوە خودی "خۆر" نی‌یە، بەڵکو بریتی‌یە لەوەی کە "درەوشانەوەی خۆر" ڕۆشتووەتە ناو "وجوود" ێکی ترەوە!

خۆ هەرچەندەش بوونی ئەو خۆرەی کە لە ئاوێنەکەدا دەبینرێت خودی ئەو خۆرە ڕاستەقینەیەی دەرەوە نی‌یە، کەچی لەبەر پەیوەندیی بەو خۆرەی دەرەوە و ئاماژەکردنی بۆی، وا گومان براوە کە خودی ئەو بێت!

جا له‌سه‌ر بناغه‌ی ئه‌م نموونه‌یه:

ئه‌گه‌ر بوترێ: "جگه له خۆری ڕاسته‌قینه هیچی تر لـه ئاوێنه‌كه‌دا نی‌یـه"، ده‌كرێ ڕاست بێت، گه‌ر مه‌به‌ست پێـی ئـه‌وه بێـت كـه ئاوێنه‌كـه "زه‌رف"ه و مه‌به‌ستیش به خۆره‌كه‌ی ناوی بوونه ده‌ره‌كی‌یه‌كه‌ی بێت .

به‌ڵام گه‌ر بوترێ:

"وێنـه‌ی ئـه‌و خـۆره‌ی كـه له‌سـه‌ر ئاوێنه‌كـه دیـاره و حوكمـی سـیفه‌تی ئاوێنه‌كـه‌ی وه‌رگرتـووه.. هـه‌روه‌ها ئـه‌و وێنه‌یـه‌ش كـه ڕۆشـتووه‌ته سـه‌ر كاغه‌زه‌كه: خودی خۆره".. دیاره ئه‌مه هه‌ڵه‌یه.

واته ده‌سته‌واژه‌ی: "خـۆر جگـه لـه‌ناو ئاوێنه‌كه لـه‌ناو هیچـی تـردا نی‌یـه" ده‌سته‌واژه‌یه‌كی هه‌ڵه ده‌بێت. چونكه ئه‌وه‌تا وێنه‌یه‌كی خـۆر له‌سه‌ر ئاوێنه‌كه ده‌رده‌كه‌وێت و، وێنه‌یه‌كی تریشی هه‌یه كه لـه پشـت ئاوێنه‌كـه‌وه له‌سـه‌ر كاغه‌زه‌كه ده‌ركه‌وتووه و، هه‌ریه‌كه‌یان خاوه‌نی "وجـوود"ێكـی تایبه‌تـه بـه خۆیه‌وه. خـۆ هه‌رچـه‌نده‌ش ئـه‌م دوو "وجـوود"ه لـه دره‌وشـانه‌وه‌ی خـۆره‌وه سه‌رچاوه‌یان گرتووه، كه‌چی هیچیان خودی "خۆر" نین!

"زه‌ین" و "ئه‌ندێشه"ی مرۆڤیش وه‌ك ئه‌م نموونه‌ی ئاوێنه‌یه وان، چونكه:

ئه‌و زانیارییانه‌ی كه له ئاوێنـه‌ی "بیر"ی مرۆڤدان، ئـه‌وانیش دوو ڕوویـان هه‌یه. ئه‌وه‌تا له ڕوویه‌كه‌وه "زانین"ن و، له ڕوویه‌كی تریشه‌وه "زانراو"ن!

جا ئه‌گه‌ر "زه‌ین" به ده‌فری ئه‌و زانراوه دابنێین، ئه‌وا ئه‌و شته (مه‌وجووده، زانـراوه) ده‌بێـت بـه زانراوێكـی زیـهنی، كه‌واتـه وجـودی خـۆی وجودێكـی جیاوازه..

به‌ڵام گـه‌ر وا دابنێـین كـه"زه‌یـن"بـووه بـه مه‌وسـووفی ئـه‌و شته‌ی چووه‌تـه ناویه‌وه و بووه‌ته سیفه‌تی زه‌ین، ئـه‌وا بـه "زانـین" داده‌نرێـت و خـاوه‌نی بوونـی

دەرەکـی دەبێـت. تەنانـەت گـەر ئـەو شـتە زانـراوە خـاوەن "وجـوود" و "جەوهەر"یش بێت ئەوا هەر وجوودێکی خاریجیی لاوەکی دەبێت.

جا لەسەر بناغەی ئەم دوو نموونەیە:

"گـەردوون" ئاوێنەیـە.. "ماهییـەت"ی هـەموو مـەوجوودێك، بـە هـەمان جۆر، ئاوێنەیە..

ئەم ئاوێنانەش خوای گەورە بە توانستی ئەزەلیی خۆی بەدییان دەهێنێـت و "بوون"یان پێ دەبەخشێت.

کەواتە هەموو مەوجوودێك – لە ڕوویەکەوە – دەبێت بە ئاوێنە بۆ یەکێك لـە نـاوە جوانـەکانی خواوەنـد و، یـەکێك لــە نەخشـونیگارەکانی ئـەو نـاوە دەردەخات.

جا ئەو کەسـانەی کـە لەسـەر مەشـرەبی "شـێخ محیّدیـن"ن، جیـهانیان لـەو ڕووەوە بۆ دەرکەوتووە کە "ئاوێنە" و "دەفر" و "مـەوجوودی میسـالی"ی نـاو ئاوێنەکەیە و، پێیان وایە کە: دانەوەی وێنـەی شـتان لـەناو ئاوێنەکـەدا خـودی ئـەو شـتانەیە و، و وتوویانـە: "لا موجـود إلا هـو" بـێ ئـەوەی بـیر لــە پلـەکانی تری"بوون" بکەنەوە. ئیتر لەم ڕێیەوە هێندە کەوتنە هەڵەوە تا گەیشتنە ئەوەی ئینکاریی ئەو دەستوورە بنەڕەتییە بکەن کە دەڵێت: "حقائق الأشياء ثابتة"!

بەڵام ئەهلی حەقیقەت، بەهۆی ئەوەی میراتگری میراتی پێغەمبـەرن ﷺ و، پشتیان بـە دەقـی ڕاشـکاوی قورئـان و ئایەتـە ڕوون و ئاشـکراکانی بەسـتووە، پێیان وایە:

ئەو نەخشونیگارانەی کە بە توانست و ویستی خوای گـەورە لـە ئاوێنـەی بوونەوەراندا هەن، ئاسەواری خوای گـەورەن و، هـەموو "مـەوجوود"ێـك لـە

لایه‌نی خوای گه‌وره‌وه "بوون"ێكـی دراوه‌تێ كـه هـه‌ر ئـه‌و خـواوه‌نـده خـۆی به‌دیی هێناوه.

ئنجا هیچ مه‌وجوودێكی تر "ئه‌و" نی‌یه تاكو بوتـرێ: "لا موجـود إلا هـو"! چونكـه شـتانی تـر خـاوه‌نی "بـوون"ی خۆیـانن و ئـه‌م بوونه‌شیان تـا ڕاده‌یــه‌ك جێگیر و چه‌سپاوه. خۆ هه‌رچه‌نده‌ش له چاو بوونـی خـواوه‌نـددا "بـوون"ێكـی لاوازه و دەڵێی ئه‌ندێشه و خه‌یاڵه، به‌ڵام هه‌رچۆن بێت هه‌ر دارای "بوون"ێكه كـه خـواوه‌نـدی خـاوه‌ن توانستی ئـه‌زه‌لی، بـه ویـسـت و توانستی خـۆی، پێـی به‌خشیوه.

ئه‌و "خۆر"ه‌ی كه له‌ناو ئاوێنه‌دا ده‌بینرێت، خاوه‌نی بوونێكی تـری جیایـه، جگه له بوونه ده‌ره‌كی‌یه‌كه‌ی خۆی..

هـه‌روه‌ها خـاوه‌نی بوونێكـی ده‌ره‌كـیی لاوه‌كی‌یـه كـه بـه ئارایشتی خـۆی ئاوێنه‌كه ڕه‌نگ ده‌كات، ئه‌وه‌تا ئاوێنه‌كه ئه‌وی تێدا ده‌رده‌كه‌وێت..

هه‌روه‌ها خاوه‌نی بوونێكی ده‌ره‌كیی لاوه‌كـیی تـا ڕاده‌یـه‌ك چه‌سپاوه، كه بریتی‌یه له‌و وێنه‌یه‌ی كه له‌سه‌ر كاغه‌زه‌كه‌ی پشتی ئاوێنه‌كه‌وه نه‌خشێنراوه..

جا هه‌روه‌ك خۆر – به وێنه‌ی ئـه‌م نموونه‌یـه – خـاوه‌نی چه‌ندین "بـوون"ی ئاوایه، به هـه‌مان جۆر: ئاوێنـه‌ی گـه‌ردوون و ئاوێنـه‌كانی ماهییـه‌تی شـتانیش دارای چـه‌ندین "بـوون"ی وه‌هـان. چونكـه نه‌خشــونیگاری ئـه‌و به‌دیـهاتووه ڕواڵه‌تییانه‌ی كه به لــێ دره‌وشـانه‌وه‌ی نـاوه جوانـه‌كانی خـوای گـه‌وره و بـه ویست و ئیختیار و توانستی خواوه‌ند نه‌خشـێنراون، خـاوه‌نی "وجـوود"ێكـی په‌یدابوو(حادث)ی غه‌یری وجـوودی خواوه‌نـدی "واجـب الوجـود"ن و، بـه توانستی خواوه‌ند چه‌سپاوی(الثبات) به‌م وجووده‌ی ئه‌وان به‌خشراوه.

بەڵام گەر ئەو پەیوەندی‌یە بپچڕێت، ئەوا شتان هیچیان نامێنن و یەکسەر تیادەچن. کەواتە هەموو شتێك، بۆ مانەوەی خۆی، لە هەموو دەم و ساتێکدا پێویستی بەوەیە کە "بەدیهێنەر"ی بیهێڵێتەوە. چونکە "حەقیقەت"ی شتان هەرچەندەش جێگیر و چەسپاوە، بەڵام ئەم چەسپاوی و جێگیربوونەی لە لایەن زاتی خۆیانەوە نی‌یە، بەڵکو بە چەسپاندن و جێگیرکردنی خواوەند دەستیان دەکەوێت. بەم جۆرە، دەرکەوت کە وتەکەی "شێخ محێدینی عەرەبی":

(ڕۆح بەدیهاتوو نی‌یە، بەڵکو حەقیقەتێکە لە جیهانی "ئەمر" و سیفەتی "ئیرادە"وە هاتووە)، وتەیەکە پێچەوانەی واتای ڕاشکاوی گەلێ دەقی زۆر و زەبەندەیە. هەروەك لە ڕووناکیی ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشوودا دەردەکەوێت کە کێشەکەی لێ ئاڵۆزاوە و تیایدا خەڵەتاوە. چونکە "مەوجوود"ە لاوازەکانی نەدیوە!

هەرگیزاوهەرگیز ناکرێ ئەو مەوجوودانەی کە ناوە جوانەکانی چەشنی: "الخلاق، الرزاق"یان تێدا دەردەکەوێت، چەند شتێکی وەهمی و ئەندێشەیی بن! چونکە مادەم ئەو ناوانە هەموویان دارای "حەقیقەت"ن، ئەوا ئەو ئاوێنانەش کە ئەوانیان تێدا دەردەکەون، بە هەمان جۆر، خاوەنی حەقیقەتی دەرەکین.

* * *

پاشكۆی ئه‌و پرسیاره‌ی كه سه‌باره‌ت به "محیّدینی عه‌ره‌بی" كرا

پرسیار:

"ئیبن عه‌ره‌بی" مه‌سه‌له‌ی "وحدة الوجود" به بلّندترین پله‌ی "ئیمان" داده‌نیّت. ته‌نانه‌ت كه‌سانیّكی زۆری ئه‌ولیا مه‌زنه‌كانی ئه‌هلی عیشق له‌و ڕیبازه‌دا شویّنی كه‌وتوون..

كه‌چی تۆ ده‌لّییّت:

ئه‌م ڕیبازه مه‌زنترین پله‌ی ئیمان و ڕیبازی ڕاسته‌قینه نی‌یه، به‌لّكو مه‌شره‌بیّكه هی ئه‌هلی مه‌ستی و ئیستیغراق و شه‌وق و عیشقه.

جا ئه‌گه‌ر وایه، ئه‌وا به پوختی: به‌رزترین پله‌كانی "ته‌وحید"مان بۆ باس بكه، ئه‌وه‌ی كه ڕاشكاویی قورئان و میراتگریی پیّغه‌مبه‌رایه‌تی ڕوونیان كردووه‌ته‌وه.

وه‌لاّم:

كۆله‌واریّكی هه‌ژاری وه‌ك من، كه خاوه‌نی هیچ گرنگی و به‌هایه‌ك نی‌یه، له كویّ ده‌توانیّت خۆی له‌و پله به‌رز و بلّندانه بئالّیّنیّت و، به عه‌قلّی كورت و كول و كاسی خۆی "داوه‌ریی ژیری"یان تیّدا ئه‌نجام بدات! چونكه ئه‌م كاره سه‌د ئه‌وه‌نده له سه‌رووی توانای منه‌وه‌یه. به‌لاّم وا زۆر به پوختی دوو سه‌رنج باس ده‌كه‌م كه له ڕیّژنه‌ی به‌ره‌كه‌تی قورئانی پیرۆزه‌وه ڕژانه ناو دلّمه‌وه، به‌و ئومیّده‌ی كه سوودیان تیّدا بیّت.

سەرنجی یەکەم:

گەلێ هۆکار هەن کە مرۆڤ بەرەو مەشرەبی "وحدة الوجود" کێش دەکەن..

هۆکاری یەکەم: ئەوان نەیانتوانی مەزنترین پلەی: "بەدیهێنەریێتی پەروەردگاری"(خلاقیة الربوبیة) لە زەینی خۆیاندا جێ بکەنەوە و، لە "دڵ"یشیاندا ئەوە جێگیر بکەن کە: خواوەند - بە تەنیایی خۆی - جڵەوی هەموو شتێکی لە دەستی پەروەردگاریێتیی خۆیدا داناوە و، هەموو شتێك بە توانست و ئیختیار و ویستی ئەو بەدی دەهێنرێت..

لەبەر ئەوەی کە ئەوان نەیانتوانی پەی بەمانە ببەن، ئەوا خۆیان بە ناچار زانی کە بڵێن: (هەموو شتێك خوای تەعالایە). یان: (هیچ شتێك - جگە لەو - وجوودی نی‌یە). یان: (بوونەوەران خەیاڵ و ئەندێشەن). یان: (بوونەوەر جۆرێکە لە خۆدەرخستن و جیلوەی ئەو).

هۆکاری دووهەم: سیفەتی: "عیشق" بە جۆرێکە هەرگیز "جودایی" ناوێ و لێی هەڵدێت.. مرۆڤی: "عاشق"یش هەردەم لەتاو جودایی و لێکدابڕانی لە خۆشەویستەکەی لەرزی لێ دێت و، چەندە لە دۆزەخ دەترسێت هێندەش لە دوورکەوتنەوەی خۆشەویستەکەی دەترسێت و، بە توندی لە دەست "نەمانی" هەڵدێت.. هەروەها چەندەش زات و ڕۆحی خۆی خۆش دەوێت بەو ئەندازەیەش بە یەك شادبوونی پێ خۆشە و حەزی لێیەتی.. چۆن لە ڕادەبەدەر تاسەمەندی دیداری بەهەشتە، بە هەمان جۆریش موشتاقی نزیکبوونەوەیە لە خوای گەورە..

لەبەر ئەوە، مرۆڤی "عاشق" پێی وایە کە دەستگیرکردن لە داوێنی درەوشانەوەی "ئەقرەبییەتی ئیلاهی" کارێك دەکات "جودایی" و لێك

دوورکەوتنەوە لە حوکمی "نەبوو"دا بێت و، لەو گومانەدایە کە "بە یەك شادبوون" و "بە یەك گەیشتن" هەمیشەیین، ئەمەش بە: "لا موجود إلاّ هو" دەردەبڕێت.

جا لەبەر ئەوەی ئەو عاشقانە بەهۆی مەستیی عیشق و بە داخوازیی شەوقی مانەوە و بە یەك شادبوون، پێیان وایە کە "وحدة الوجود" مەشرەبێکی "حاڵ"ی وەهایە لەوپەڕی چێژ و خۆشیدایە، ئەوا بۆ خۆڕزگارکردن لە چەندەها جودایی و لێکبڕانی سامناك داڵدەی خۆیان لە مەسەلەی "وحدة الوجود" دا دەبیننەوە.

واتە: سەرچاوەی سەرهەڵدانی هۆکاری یەکەم بریتییە لەوەی کە:

"ژیری"ی ئەوان پەیی بە هەندێ لە ڕاستییە یەکجار بەرز و بڵندەکانی "ئیمان" نەبردووە و نەیتوانیوە بە تەواوی لێیان تێ بگات، هاودەم لەگەڵ ئەمەشدا "ژیری"یەکانیان – لە ڕووی ئیمانەوە – بە تەواوی شتانیان لێ دەرنەکەوتووە.

سەرچاوەی سەرهەڵدانی هۆکاری دووهەمیش:

دەرکەوتنی لە ڕادە بەدەری "دڵ"ە، کە بەهۆی کاریگەریی عیشقەوە بە جۆرێکی دەراسا و لە سنوور بەدەر بڵاوی و فراوانی بەدەست هێناوە.

کەچی ئەو پلە هەرە بەرزەی "تەوحید" کە ئەولیا هەرە مەزنەکان، واتە: ئەصفیاکانی پلەی "بێداری" و میراتگرانی میراتی پێغەمبەرایەتی، لە ڕاشکاویی قورئانی پیرۆزدا دەیبینن، پلەیەکی گەلێ بەرزە. چونکە پلەی هەرە مەزنی: "پەروەردگاریتی" و "بەدیهێنەریتی" خواوەند دەگەیەنێت و، گشت ناوە جوانەکانی خوای گەورە بە ڕاستەقینە دەبینێت و، پارێزگاریی بناغەکانی ئیمان دەکات، بێ ئەوەی هاوسەنگیی ئەحکامەکانی "پەروەردگاریتی" بشێوێنێت. چونکە ئەوانەی لەم پلەیەدان دەڵێن:

خوای گەورە لـە ڕێی ئەحـەدیەتی زاتـی خـۆی و خـاوێنیی لـە جێ و شوێن و، بە بێ هیچ هۆکارێك، ئاگاداری هەموو شتێکە و، هیچ شتێك لـە بازنەی زانینی ئەو بەدەر نییە و، بە زانستی خۆی هـەموو شتێکی دەستنیشـان کردووە و، بـە ویستی خۆیشـی تـەرجیحی داوە و تایبەتمـەندی کـردووە و، بە توانستەکەشی بەدیی هێناوە و هێشتوویەتیەوە. چونکە خوای گەورە هـەروەك چۆن یەك دانە شت بەدی دەهێنێت و ویستی لەسەری دەبێت، بە هـەمان جۆر سەرانسـەری گـەردوونیش بـەدی دەهێنێـت و کاروبـاری دەسـازێنێت.. هەروەها وەك چۆن بە" ئاسانی" یـەك تاقە گـوڵ دروسـت دەکات، بە هـەمان ئاسانی بەهاری مەزنیش بەدی دەهێنێت، کەواتـە بەدیـهێنانی هیـچ شتێك ڕێ لـە بەدیـهێنانی شـتانی تـر نـاگرێت و، ئـەو شـتانەی کـە خـواوەنـد ڕووی بەدیهێنانیان ئاراستە دەکات، لەت لەت و بەش بەش نابن.

کەواتە خوای گەورە (بە ڕاپەڕاندنی کارەکـانی و بـە توانسـت و زانسـتی خۆی) لە هەموو کات و شـوێنێکدا ئامادەیـە و، هیـچ کـەرت بـوون و دابـەش بوونێك لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا نییە.

لە وتەی شـازدەهەم و، مەبەسـتی دووهـەمی هەڵوێسـتی دووهـەمی وتـەی سی و دووهەمدا، ئەممان ڕوون کردووەتەوە و بە جوانی چەسپاندوومانە.

وا لێرەدا نموونەیـەك دەهێنینـەوە (چونکـە نموونـە دەمقـاڵێی تێـدا نـاکرێت) هەرچەندەش ئەم نموونەیە گەلـێ ناتەواوە و مەبەستەکە بە تەواوی بـە دەسـتەوە نادات. بۆ ئەوەش دەیهێنینەوە تـاکو خوێنـەر لـە هـەندێ جیـاوازیی نێـوان ئـەو دوو مەشرەبە تێبگات:

گریمـان "تـاوس"ێکـی نائاسـایی بێ وێنـە هـەبێت، کـە تـابلێی گـەورە و لەوپەڕی ڕازاوەییـدا بێـت و، بتوانێـت لـە مـاوەی چاوترووکـاندنێکدا لـە

خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا بفرێت و لە یەك چركەدا باڵەكانی لە باكوورەوە بۆ باشوور بكاتەوە و دایشیان بخاتەوە و، سەدان هەزار نەخش و نیگاری ناوازەی لەسەر نەخشابێت، بە رادەیەك كە هەموو یەكێك لە "پەڕ"ی باڵەكانی بەوپەڕی جوانی ناوازەیی داهێنان و وردەكاریی تێدا كرابێت.

ئنجا با ئێستا وا دابنێین كە دوو كەس هەن سەیری ئەم تاووسە ناوازەیە دەكەن و، دەیانەوێت بە هەردوو باڵی: "دڵ" و "ژیری" بەرەو پلە بەرزەكانی ئەم باڵندەیە بفڕن و بگەنە ئاستی ئارایشتە نائاساییی و لە ڕادە بەدەرەكەی.

یەكەمیان: سەرنجی تێڕامانی خۆی ئاراستەی باروودۆخ و قەڵافەت و نەخش و نیگارەكانی قودرەتی دەراسای سەر یەك بە یەكی "پەڕ"ەكانی ئەو تاووسە كرد و، لێرەوە نوقمی عیشق و تاسەمەندی و خۆشەویستیی ئەم باڵندەیە بوو. ئیتر بەكارهێنانی "ژیری" و بیركردنەوەی قووڵی خستە لاوە و، دەستی بە عیشقەوە گرت. بەڵام سەرنجی دا كە: ئەو نەخش و نیگارە خۆشەویستانە وەك خۆیان نامێننەوە، بەڵكو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانیان بەسەردا دێت و، ئەو خۆشەویستانەی كە ئەوین و خۆشەویستیی خۆی ئاراستە كردبوون، هەموو ڕۆژێك دەڕۆن و ئاوا دەبن!

جا لە كاتێكدا كە دەبوو بیوتایە: ئەم نەخشونیگارە وردانە جێ دەستی نیگاركێشێكی ئەوتۆن كە خاوەنی پلەی "بەدیهێنەرێتیی هەمەكی"یە و، دارای "تەنیایی"یە لە زاتی خۆیدا و، لە توێی "وەحدانییەت"ە ڕاستەقینەكەشیدا "پەروەدگارێتی"یەكی ڕەهای هەیە.. كەچی نەیتوانی پەی بەمانە ببات و هەستیان پێ بكات و، دڵی خۆی بەوە دایەوە كە دەیوت:

"ڕۆحی ئەم تاووسە هێندە بەرز و بڵندە كە بەدیهێنەرەكەی لەناو خۆیدایە!.. یان خۆی بووە بە خودی بەدیهێنەرەكەی! هەروەها ئەو ڕۆحە

لەگەڵ جەستەکەیدا بووە بە یەك و، لەبەر ئەوەش کە جەستەکەی لەگەڵ ڕوخسارە ڕواڵەتی‌یەکەیدا یەکیان گرتووە، ئەوا تەنها کەماڵی ئەو ڕۆحە و بەرزیی ئەو جەستەیەن کە بەم شێوە ناوازەیە ئەو درەوشانەوانە دەردەخەن. بە ڕادەیەك کە لە هەموو خولەکێکدا نەخشێکی نوێ و جوانی‌یەکی تازەوەبوو پێش‌چاو دەخەن. کەواتە ئەم بەدیهێنانە نوێیانە بە ئیختیارێکی ڕاستەقینە ڕوو نادەن، بەڵکو دەرکەوتن(جلوة) و خۆدەرخستن(تظاهر)ن.

بەڵام کەسی دووهەم، دەیوت:

(ئەم نەخش و نیگارە هاوسەنگ و ورد و ڕێکە، بە دڵنیایی، داخوازی ئەوەیە کە: ویست و ئیختیار و ئامانجێکی تێدا بێت و، هەرگیز ناگونجێ ئەمانە "دەرکەوتن" و "خۆدەرخستن" بن. چونکە هیچ درەوشانەوە و دەرکەوتنێك بە بێ ویست و ئیختیار پەیدا نابن).

بەڵێ، "ماهییەت"ی ئەو تاووسە گەلێ قەشەنگ و جوانە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ئەو ماهییەتە "بکەر" نی‌یە، بەڵکو "کارتێکراو"ە و، ناگونجێ لەگەڵ بکەرەکەیدا یەك بگرن.. "ڕۆح"ەکەشی گەلێ بەرزە، بەڵام هەرگیز "بەدیهێنەر" و "دەستێوەردەر" نی‌یە، بەڵکو لە "دەرخەر" و "خولگە" بەولاوە هیچی تر نی‌یە. چونکە هێندە وردەکاری لە هەموو "پەڕ"ێکی جەستەیدا هەیە کە تەنها بە "دانست" ئەنجام دراوە و، هێندەش ئارایشتی تێدایە کە بە "توانست"ێکی ڕەها ڕازاوەتەوە. دیارە هەرگیز ناگونجێ کە ئەمانە بە بێ "ویست" و "ئیختیار" ئەنجام بدرێن.

جا ئەم بەدیهاتووە ناوازانەش کە: ئەوپەڕی "دانست" لە ناوەندی کەماڵی "توانست" و.. کەماڵی "میهرەبانی" و "پەروەردگاریتی" لە نێوان کەماڵی "ئیختیار"دا دەردەخەن.. هەرگیز ناکرێ ئەنجامی: دەرکەوتن(جلوة) و هاووێنەی ئەو بن..

چونكه ئه‌و نووسه‌ره‌ی كه ئه‌م تۆماره زێڕینه‌ی نووسیوه، هه‌رگیز ناكرێ خودی تۆماره‌كه بێت! هه‌روه‌ها ناشگونجێ له‌ودا یه‌كیان گرتبێت! ئه‌و تۆماره ته‌نها هێنده په‌یوه‌ندیی به نووسه‌ره‌كه‌یه‌وه هه‌یه كه نووكی قه‌ڵه‌مه‌كه‌ی ئه‌وی به‌ركه‌وتووه!!

له‌به‌ر ئه‌وه، ئارایشتی جوانیی ئه‌و تاووسه - كه مه‌به‌ست پێی بوونه‌وه‌رانه - جگه له‌وه‌ی كه نامه‌یه‌كه و له لایه‌ن قه‌ڵه‌می نووسه‌ره‌كه‌یه‌وه هاتووه، هیچی تر نی‌یه.

وا ئێستا سه‌رنج له تاووسی بوونه‌وه‌ران بده و، ئه‌و نامه‌یه بخوێنه‌ره‌وه و، به نووسه‌ره‌كه‌ی بڵێ:

ماشاءَ اللّٰه.. تبارَكَ اللّٰه.. سبحانَ اللّٰه..

خۆ ئه‌و كه‌سه‌ی له‌و گومانه‌دایه كه: نامه‌كه خودی نووسه‌ره‌كه بێت.. یان به ئه‌ندێشه‌ی خۆی پێی وابێت نووسه‌ره‌كه له‌ناو نامه‌كه‌دایه.. یان له‌و وه‌همه‌دا بێت كه نامه‌كه ئه‌ندێشه‌یه و وجودی نی‌یه.. بێ گومان ئه‌و كه‌سه، به په‌رده‌ی "عیشق" ژیریی خۆی داپۆشیوه و، وێنه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی "حه‌قیقه‌ت"ی نه‌دیوه.

گرنگترینی ڕووه‌كانی ئه‌و جۆرانه‌ی "عیشق" كه ده‌بنه هۆی ئه‌وه‌ی مرۆڤ مه‌شره‌بی "وحدة الوجود" په‌سه‌ند بكات، بریتی‌یه له: "عیشقی دنیا"! چونكه هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی عیشقی دنیا - كه مه‌جازی‌یه - ده‌گۆڕێت به عیشقی حه‌قیقی، یه‌كسه‌ر ده‌بێت به: "وحدة الوجود".

گه‌ر كه‌سێك كه‌سێكی تری به عیشقی مه‌جازی خۆش ویست، هه‌ر هێنده‌ی "نه‌مان"ی خۆشه‌ویسته‌كه‌ی ده‌بینێت، ناتوانێت ئه‌و "نه‌مان"ه له دڵی خۆیدا جێ بكاته‌وه، بۆیه خۆشویستنی حه‌قیقی ئاراسته‌ی خۆشه‌ویسته‌كه‌ی

دەکات و دەست لە داوێنی حەقیقەتێك گیر دەکات تاکو دڵی خۆی پێ بداتەوە و، دەچێ بە عیشقێکی حەقیقی سیفەتی "مانەوە" بە خۆشەویستەکەی دەبەخشێت و، دەڵێت:

خۆشەویستەکەم ئاوێنەی جوانیی "خۆشەویست" و "پەرستراو"ی ڕاستەقینەیە!

ئەو کەسەش کە ئەم دنیا مەزنەی خۆش دەوێت و سەرانسەری گەردوونی کردووە بە مەعشووقی خۆی، بە هەمان جۆرە، چونکە هەرکات قامچیی "نەمان" و شووڵی "جودایی" لە خۆشەویستەکەی دەسرەوێنرێت، یەکسەر خۆشویستنە مەجازی‌یەکەی دەگۆڕێت بە حەقیقی و، ئیتر ئەو شەیدایە - لە ناچاریدا - پەنا دەباتە بەر "وحدة الوجود" تاکو خۆشەویستە مەزنەکەی لە "نەمان" و "جودایی" ڕزگار بکات!

جا ئەگەر ئەو کەسە خاوەنی ئیمانێکی بەرزی ڕەگ داکوتاو بێت، ئەوا ئەم مەشرەبەی بۆ دەبێت بە پلەیەکی بڵندی نوورانی و بەنرخ و مەقبووڵ، وەك ئەوەی "ئیبن عەرەبی" و هاوچەشنی.. دەنا لەوانەیە بکەوێتە نێوان چەندەها گرفتی زۆر و، نوقمی "ماددیات" و "هۆکارەکان" ببێت!

بەڵام "وحدة الشهود" زیانی تێدا نی‌یە و، مەشرەبێکی بەرزی ئەهلی بێداری‌یە.

اللهم أرنا الحق حقا وارزقنا اتباعه.

﴿سُبْحَانَكَ لاَعِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾.

* * *

سەعیدی نوورسی کێیە؟

❁ گەورەترین کەسایەتیی کوردی ئەم سەردەمە و، مەزنترین زانایە کە لە دوای (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لەناو نەتەوەی کورددا هاتووەتە دنیاوە.

❁ لە گوندی (نوورس)ی سەر بە پارێزگای (بەدلیس)ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی لە دایك بووە و، لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە.

❁ تەنها کەسایەتیی ئەو ڕۆژگارە بووە کە هەموو زەبر و زەنگێکی ڕژێمی مستەفا کەمال و، دام و دەزگا چەوسێنەرەکانی و، سی و پێنج ساڵی بەندی و زیندانی تاکە کەسی و نەفی و دەست بەسەری و، دەیان دادگای تۆقێنەر نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن و لە خەباتی ڕەوای خۆی کۆڵی پێ بدەن. تەنانەت ئەو توانیویەتی سەرکەوتنیشیان بە سەردا بە دەست بهێنێت.

❁ زیاتر لە سەد و سی کتێب و پەیامی پێشکەشی هەموو گەلان و نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی کردووە و، بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان - کە یەکێکیان زمانی کوردییە - بڵاو بوونەتەوە.

❁ تا ئێستا زیاتر لە پازدە کۆنگرەی جیهانی و، دەیان سیمینار و کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیریی لە ئاستی جیهاندا بۆ گیراوە و، دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و، چەندین بەڵگەنامەی زانکۆییشی لە خوێندنی باڵادا لەسەر وەرگیراوە.

پێرستی بابەتەکان

بابەت	لاپەڕە

بەرزیی قورئان ٥
یا باقي أنتَ الباقي ١٢
میهرەبانیی پێغەمبەر ﷺ ٢٥
شەفەقەت لە خۆشەویستی بڵندترە ٣٤
مزگێنی‌یەکانی تەوحید ٣٩
ئیمان لە پێشترە ٥٧
نۆ ئاماژەکان ٦٢
نزیکترین ڕێ بۆ لای خوای گەورە ١٠٦
ویلایەتی هاوەڵە بەڕێزەکان ١١٤
(ژیری) و (دڵ) پێکەوەن لە پەیامەکانی نووردا ١٢١
شوێنی کەرامەت لە پەیامەکاندا ١٢٤
کەرامەت و.. ئیکرام و.. ئیستیدراج ١٢٨
ئاراستەکردنی ڕەوتی خووڕەوشتەکان ١٣٢

هێزی كێشكه‌ری دوعا ١٣٧
رێبازه‌كانی ناسینی خوای گه‌وره ١٤٠
ئه‌م به‌ڵگه‌ زۆرانه‌ له‌به‌ر چی؟ ١٥١
ته‌رازوویه‌كی ورد ١٥٦
به‌ (ده‌ست پێوه‌گرتن) و (به‌ره‌كه‌ت) ده‌ژیم ١٦١
كه‌سایه‌تی‌یه‌كانی مرۆڤ ١٦٧
ده‌ستوورێك بۆ سه‌رلێدانی دانه‌ر ١٧٢
مورشید ١٧٦
كلیلی چه‌ند نهێنی‌یه‌ك ١٩١
ناوه‌نده‌ رێباز بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی ئیختیلافی نێوان ئه‌ولیاكان ٢٠٥
جیهانی واقیع و جیهانی میسال ٢١٠
زیانه‌كانی "وحدة الوجود" ٢٢٨
به‌ڵگه‌ی یه‌قینی ٢٣٢
میانه‌ڕه‌وی له‌ باسی "محێدینی عه‌ره‌بی"دا ٢٣٤
چه‌ند ناته‌واوی‌یه‌كی ورد له‌ "وحدة الوجود"دا ٢٣٦
پاشكۆی پرسیارێك ٢٤٣
سه‌عید نوورسی كێ‌یه‌؟ ٢٥٢



خوێنه‌ری به‌ڕێزم !

ئه‌گه‌ر ده‌ته‌وێت چه‌ند ده‌ستوورێك بزانیت سه‌باره‌ت به‌:

- نزیكترین ڕێ بۆ لای خوای گه‌وره‌.
- ویلایه‌تی هاوه‌ڵه‌ به‌ڕێزه‌كان.
- ڕێبازه‌كانی ناسینی خوای گه‌وره‌ و، ڕێگاكانی ویلایه‌ت.
- ناوه‌نده‌ ڕێباز بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی جیاوازیی نێوان ئه‌ولیاكان.
- زیان و ناته‌واوییه‌كانی "وحده‌ الوجود".
- میانه‌ڕه‌وی له‌ باسی ئه‌و پیاوچاكانه‌ی بۆچوونی جیاواز هه‌ڵده‌گرن.
- كلیله‌كانی سه‌یروسلووك و.. گرفته‌كانی ڕێ و.. به‌ربه‌ووه‌مه‌كانی.
- (په‌یامه‌كانی نوور) و ڕۆڵی (مورشید).

ئه‌گه‌ر حه‌زت له‌ زانینی ئه‌م چه‌شنه‌ ده‌ستوورانه‌ هه‌یه‌،
ئه‌وا فه‌رموو به‌ وردی ئه‌م كتێبه‌ بخوێنه‌ره‌وه‌.

نرخی (٣٥٠٠) دیناره‌